# نامۆیی

غياث الدين نقشبندي

# دیاری

- بو وی کەسی ئەوێ ل جڤاتەکا نە یاسا ، هەردەم بەرژەوەندیا کەسایەتیا خو کریە گوری بەرژەوەندیا گشتی و چو جارا ژ جڤاتێ هاڤی نەبوی .
- ئەو کەسێ بمرنا وی سێ کەس ژ من چوین :
- هەڤالەکێ نزیک .
- سەیدایەکی پەروەر .
- بابەک بهەمی گرێداڤیا پەیڤێ ڤە .
- بو گیانێ علي شیخ غیاث الدین نقشبندي .
- دا چەندێ سەر بلند تر بم ئەگەر تە ئەڤ پەرتوکە بەری چونا خو دیتبا .

غیاث الدین علی نقشبندی

ئەدلاید ، ئوستراليا

نەوروزا ٢٠٠٢

Www.Kurdishthinktank.org

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| **پێشەکی** | **٩** |
| **سەرەتایەك** | **٢١** |
| **بەشی یەکەم** | **٢٨** |
| دەروازە | ٢٨ |
| زمانی نامۆ | ٣٤ |
| ناساندنی زاراوەکە | ٤٢ |
| **بەشی دووەم** | **٤٨** |
| مرۆڤی نامۆ | ٤٨ |
| دیرۆکی نامۆیی لە فەلسەفەدا | ٥١ |
| نامۆیی ئایینی | ٥٢ |
| نامۆیی کۆمەلایەتی | ٧٨ |
| **بەشی سێیەم** | **٩٠** |
| نامۆیی بەرهەم هێنەر و نامۆیی تێکدەر | ٩٠ |
| نامۆیی لە سیستمە سۆسیالسیتەکاندا | ١٠٠ |
| نامۆیی لە بەرهەم | ١١١ |
| نامۆیی لە سیستمی سەرمایەداری دا | ١١١ |
| ژیاری هاوچەرخ و خودی نامۆ | ١٢٨ |
| **بەشی چوارەم** | **١٣١** |
| نامۆیی مللەتی کورد | ١٣١ |
| کەسایەتی زاڵ | ١٤٠ |
| شەڕی دەستەلات و شۆڕشی ناو شۆڕش | ١٥١ |
| ژن و نامۆیی لە کۆمەڵگا | ١٦٠ |
| **کۆتایی** | **١٧٠** |
| **فەرهەنگۆك** | **١٧٩** |
| **ژێدەر و سەرچاوەکان** | **١٨١** |

# پێشەکی

## پێشکەشکردن و پێشەکی :

## د . محەمەد کەمال

نووسین لەمەڕ " نامۆیی " کارێکی ئاسان نیە ، چونکە نامۆیی کێشەیەکی بەرفراوانە و ڕەهەندەکانی لایەنەکانی فەلسەفە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئابوریش دەگرنەوە ، لەبەرئەمە لە سەرەتای باسەکەمدا ئەوە دەڵێم : کە کاک غیاس الدین نەقشبەندی بوێرانەخۆی لەقەرەی داوە و ئومێدەوارم نوسینەکەی سوچێکی سەر ڕەفەکانی پەرتوکخانەی کوردی پڕبکاتەوە و بەبێ کارتێکرنیش لەسەر بیرکردنەوەی خوێنەری کورد ڕانەبورێت .

فەلسەفەی ڕۆژئاڤا لە " کانت " ەوە خۆی بە " نامۆی " یەوە خەریك کردووە ، نامۆی ئاگامەندی لە مژاری بیرکردنەوەکەی کە کانت لەنوسراوی یەکەمیدا بەناوی : Critique of Pure Reason وەکو ئاکامێکی نێگەتیڤانە جێگەی کردەوە و ڕێگە چارەیەکیشی بۆ دیاری نەکردین ، تاکو خۆمانی لێ ڕزگار بکەین .

فەیلەسوفەکانی پاش " کانت " هەر لە " یاکۆبی " و " شلایەماخەر " ەوە تاکو " فیختە " و " شۆپنهاوەر " و " هیگل " لەگەڵ ئەو کێشەیەدا کەوتنە مشت و مڕ و هەوڵیاندا " نامۆیی " و ئاکامە نێگەتیڤەکانیشی لە سیستەمە فەلسەفیەکانیاندا بسڕنەوە و دەسەڵاتێکی ڕەهاش بەئاگامەندی بدەن ، تاکو بتوانرێت مژاری دەرەکی بیرکردنەوەی بکات بەموڵکی خۆی و ئیتر هیچ جیاوازییان لەنێواندا نەمێنێت .

فەیلەسوفەکانی پاش " کانت " هەریەکە دید و بۆچوون و ڕێگە چارەی خۆی بۆ کێشەکە هەبوو ، بەلام " هیگڵ " لەگەڵیاندا هاوڕایی خۆی دەرنەبڕی و بەدیدی ئەو ڕێگە چارەیەك پێویست بوو کە هیچ لایەنێك ئاگامەندی و مژاری بیرکردنەوە نەکات بەقوربانی لایەنەکەی تر ، ئەم کارەش لەسەر کاردینالەکانی فەلسەفەی دیالَکتیك بەئەنجامدرا ، کە " هیگڵ " هێنایە کایەوە ، پاش ئەویش " کارل مارکس " و " مارتن هایدگەر " و " ژان پوڵ سارتەر " لەژێر کارتێکردنی فەلسەفەی دیالێکتیکدا زیاتر لەکێشەکە وردبونەتەوە و بەگوێرەی سیستمە فەلسەفیەکەیان لێکیانداوەتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیان داوە .

پێش ئەوەی باسی دید و بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفانە لەمەڕ " نامۆیی " بکەین حەزدەکەم واتایێکی گشتی و فەلسەفیانەی " نامۆیی " ئاماژە بکەم ، تاکو لەبەلا ڕۆشنایی ئەو واتایەدا لە شێوازە جۆراو جۆرەکانیشی تێبگەین .

" نامۆیی " بە واتا گشتیەکەی بارودۆخێکی بەسەراسەپێنراوە لەبوونی مرۆڤدا ، کە مرۆڤ لەبوونی ڕاستەقینەی خۆی دووردەخاتەوە و دەیکات بەبێگانە . مرۆڤ لەم بارودۆخە نالەبارەدا توشی بێگانەیی دەبێت ، کە بوارەکانی خۆناسین و داهێنان و سەربەستیەکەی دەگرێت و ڕێگەی نادات خۆی بکات بەو کەسەی خۆی دەیەوێت . لەئاکامی ئەم بارودۆخەی بووندا مرۆڤ دەبێت بەکەسێکی دیکە و خۆی ون دەکات و ژیانیشی دەبێت بەلاسایی کرنەوە . پێویستە ئەوەش بزانین ، کە بێجگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێکی دیکە توشی نامۆیی نابێت ،

ئێمە ناتوانین بڵێین : شاخ و بەرد و وڵات نامۆن ، چونکە ئەم بوونەوەرانە ئاگامەند نین و هەست بەژانی جودایی و کۆیلایەتی ناکەن ، بۆیە لەشیکرنەوەی واتای زاراوەی " نامۆیی " دا گوتمان : " نامۆیی " بارودۆخێکی بوونی مرۆڤە ، هەروەها ئەم بارودۆخە هەموو کاتیەتی بوون لەخۆیدا کۆناکاتەوە ، مرۆڤ دەتوانێت بیگۆڕێت و بارودۆخی نامۆنەبوون و ئاشنانەبیون لەگەڵ خۆدا هەڵبژێرێت ، چونکی " نامۆیی " دیاردەیێکی دیرۆکە و ڕوداوە ، لێرەدا دەستەیێک زاراوەمان لەگەڵ " نامۆیی " دا هاوتا کردەوە کە یارمەتیمان دەدەن باشتر لەواتای ئەم کێشەیە بگەین ، وەکو : " خۆونکردن ، بێگانەبوون ، خۆنەناس " . لەم بۆچوونەوە دەڵێین : نامۆیی نارەسنیەتی بوون و خۆونکردنە لەژێر زەبری کەسانی دیکەدا کە نوێنەرایەتی هێزێکی دەرەکی ڕامیاری ، کۆمەڵایەتی ، ئابوری دەکەن ، ئەم بارودۆخە نالەبارە لەناو کۆمەڵدا بە دوو شێوە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێن ، یەکەم : لەئەنجامی داگیرکردن و ڕتدانەوەی سەربەستی تاکێک لەلایەن هێزێکی دەرەکیەوە . دووەم : ڕاکردن مرۆڤ لە لێپرسینەوەی خۆی بەرامبەر ڕوداوەکان .

پێشتر باسمانکرد کە ناوەڕۆکی سیستەمی فەلسەفەی " هیگڵ " نامۆییە و هەر ئەم کێشەیەشە بووە بەهاندەر و هێزێکی دیالیکتیکی لەبوونی ئاگامەندیدا ، بۆ " هیگڵ " یەربەخۆیی و جیابونەوەی مژار لەئاگامەندییەوە نامۆییە ، چونکە مژار لە سیستەمی دیالیکتیکی ئەم فەیلەسوفەدا زادەی ئاگامەندیە و لێی جیابۆتەوە ، لەم جیابونەوەیەدا ئاگامەندی هەست بەدووری و جودای بابەتەکەی دەکات و بۆ لەناوبردنی نامۆبوونی مژارەکە ، ئاگامەندی هەوڵدەدات جارێکی تر بیگەڕێنێتەوە بۆ ناو خۆی و لەگەڵیدا یەکبگرێتەوە "[1]" ئەمەش بەدوو شێوە بەئەنجام دەگەنرێت ، یەکەم : بەرێگەی دیالیکتیکی ئاگامەندی ، کە مژاری بیرکردنەوە ، وەکو دژە بابەت بەرامبەر بەئاگامەندی ڕادەوەستێت و ئاگامەندیش بۆ ئەوەی لەگەڵ بابەتەکەیدا یەکبگرێتەوە و خۆی تێکهەڵکێش بکات ، مژارەکە بۆ چەمکەکان ( مفهوم ) Concept دەگەڕێنێتەوە ، چەمکەکانیش ، وەکو دەزانین بوونێکی سەربەخۆ و دەرەکییان نیە و لەناو ئاگامەندیدا و بۆ ئاگامەندی هەن . "[2]" دووەم : بەرێگای دیالێکتیکی کارکردن ، ڕۆڵی پرۆسێسە ئەپستمۆلۆجیەکە " بەچەمکردنی مژار " بەپەراوێز دەکرێت و ئاگامەندی بەم هەوڵدانە دیالێکتیکیە ڕازی نابێت چونکە دەزانێت کە بەچەمکردنی مژارەکە سەربەخۆیی و واقعیەتی مژارەکە بەتەواوەتی ڕەت ناداتەوە و بۆ داگیرکردنی مژارەکە ، ئەمجارە پەنا دەباتە بەر پرۆسێسێکی پراگماتیکی و دەیەوێت بەکردەوە بیسەلمێنێت کە مژارەکە موڵکی خۆیەتی و شتێکی جیاواز و بێگانە نیە .

لەم پرۆسێسەدا " حەزلێکردن " وەکو دەستەڵاتێکی ڕەیدانەوەی دیالێکتیکانە خۆی دەردەخات و دەبێت بەهاندەر بۆ داگیرکردنی مژارەکە . ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەزنی دابێت بەفەلسەفەی هیگڵ ، ڕونکردنەوە و شیکرنەوەی پیوەندیەکانی نێوان دوو جۆر حەزلێکەر یان دوو شێوازی بێهاوتا و نایەکسانی بوونی ئاگامەندیە .

کۆیلە و خاوەن کۆیلە کاریان کردۆتەسەر بزوتنەوە فەلسەفیەکانی پاش هیگڵ ، وەکو فەلسەفەی مارکسی و بوونخوازی ، بەتێکڕایی لە فەلسەفەی هیگڵدا ، نامۆیی جیابوونەوەیە لەسەرچاوە .

بەدیدی من بۆچوونی هیگڵ لەزۆر ڕووەوە لە بۆچوونی سۆفیە موسڵمانەکان دەچێت . بەگوێرەی سۆفیگەری ، مرۆڤ " تاک " چەند لە خواوە دووربکەوێتەوە ئەوەندەش توشی نامۆیی دەبێت ،

---

"[1]" Hegel, the phenomenology of Mind, translated by J. B. Billie, Harper Torch book 1967. p. 149

"[2]" هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ٢٧٥

دوورکەوتنەوەش لەوەدایە ، کە تاک خۆی بەباوان و زمان و خاک و نەتەوەکەیەوە دەبەستێتەوە و ئـەو ڕاسـتیە فەرامۆش دەکرێت ، کە سەرچاوەی ڕەسەن و نەژاد خوایە و هیچی تر . ڕێگە چارەی ئەم نامۆیەش

لەسۆفیگەریدا یان بەدیدی هەندێک لە سۆفیەکان وەکو حـەللاج و بیـستامی و سـوهرەوەردی و ئیبنـی عەرەبی ، گەڕانەوەیە بۆ خوا و توانەوەیە لەناو بوونی ئەودا " فناء فی الله . " "[3]"

جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر دیالیکتیکی کارکردن و هوڵدەدەم ئەوە ڕونبکەمەوە کە چۆن ئاگامەندی لەم قۆناغەدا نامۆیی لەناو دەبات . لە دیالیکتیکی کارکردندا ، زۆرانبازی ئاگامەندی لەگـەڵ مـژاردا ، دوو جـۆر مرۆڤی نایەکسانی هێناوەتە کایەوە ، کۆیلە و خاوەن کۆیلە ، لەئەنجامی بەکۆیلەکردنی بەرامبەرەکەی ، خـاوەن کۆیلە بوە بـە خـاوەنی سروشـت وخـاوەنی کۆیلـەش ، کۆیلـە ناچـار دەکـات بـۆ گـۆڕینی سروشـت بـۆ کـالاَ حەزلێکراوەکان کاربکات و کۆیلە ناچار دەبێت سروشت بگۆڕێت بۆ ئەو جیهانـەی خاوەنەکـەی دەیخوازێـت"[4] " لەم حاڵەتەدا سروشتی گۆڕاو بۆ جیهانی کالاَکان بەرهەمی کۆیلە و زادەی بیری کۆیلەیـە " یـان نـاوەڕۆکێتی " ، بەلاَم کۆیلە خاوەنی ئەو بەرهەمەی نیە و لەلایەن خاوەن کۆیلەوە داگیرکراوە .

لەبەر ئەمە کۆیلە لەبەرهەمەکەی یان لەناوەڕۆکی خۆی نامۆیە ، بـۆ لـەناوبردنی ئـەم نامۆییـە کۆیلـە دەبێت خۆی بخاتە ناو جەنگی مان و نەمانەوە و شۆڕش لەدژی خاوەنەکەی بکات و جیهانە داگیرکراوەکە بۆخۆی بگەڕێنێتەوە . ئەم توێژینەوەیە ، نامۆیی کۆیلە لەبەرهەمەکەی بوە بەزەمینە بۆ بیردۆزی نامۆیی مارکس لەسەر چیەتی بوونی چینی کرێکار لەکۆمەڵی سەرمایەداریدا .

مارکس لەتەمەنی لاوێتیدا خۆی بەیەکێک لە هیگڵیە چەپەکان دادەنا و لەژێر کارتێکردنی هیگڵدا بـیری دەکردەوە ،ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت مـارکس لاری لەبۆچـوونە ئایدیالیـستەکەی هـیگڵ نـەبووە ، هاوڕانـەبونی لەگەڵ هەڵوێستی ئایدیالیستیانەی هیگڵ هانی داوە ڕێبازێکی نوێ بۆ خۆی هەڵبژێرێت و زیـاتر خـۆی لـە ( واقـع ) ەوە نزیک بکاتەوە ، مارکس وەکو هیگڵ نامۆی بـە حاڵـەتێکی میتـافیزیکی و پێویـست دانانێـت و هـەروەها بـۆ هەموو دابڕان و جیابونەوەیەکیش لەناو تۆڕی نامۆبوندا خۆی گیرناکات .

نامۆیی بارودۆخێکی ناو مێژووە ، مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا سەپاندویەتی و لەگەڵ دیـاردەی خاوەنداریـەتی تایبەتیدا پەیدا بووە ، دابڕان و جیابونەوەی بەرهەم لە بەرهەمهێنەرەوە لەو حاڵەتەدا خاوەنەکەی نامۆ دەکات ، کە بەرهەمەکە لەلایەن کەسێکی دیکەوە ، وەکو بەرهەمی کرێکـار لـە کۆمـەڵی سـەرمایەداریدا ، داگیربکرێـت ."[5]"

هـــەروەها مـــارکس ســـێ زاراوەی " Alienation " " Reification " " Commodity Fetishism " لە پەرتوکی Capital بـەکارهێناوە ، کـە هەرسـێکیان هـاو واتـان و مامەڵـە لەگـەڵ کێـشەی نامۆییدا دەکەن .

"[3]" هەندێك لە سۆفیەکان وەکو ئیمامی غەزالی و شێخ ئەحمەدی سەرهەندی ، باوەڕیـان بـە ( فنـاء في الله ) نیـە . شـێخ ئەحمـەدی سەرهەندی ، بۆ نمونە لەو باوەڕەدایە خودی سۆفی بە خودی بەرزی خوا ناگات . چونکە خوا لەژور هەمو بونێکەوەیە ، کاتـێ دەڵێـت : هو وراء الوراء ثم وراء الورا .

"[4]" هیگڵ ، هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ٢٣٩

"[5]" Karl Marx. Economic and Philosophical Manuscripts of 1844 Moscow: Foreign Languages Publishing House, 1956 p. 69

چارەسەرکردنی ناموٚیی چینی کرێکار لەگەڕانەوەی بەرهەمەکەیدا ، کە سیستمێکی ئابووری و ڕامیاری سەر بە دەستەڵاتی چینی کرێکار پەیدابێت و خاوەنداریەتی تایبەتی و دەزگای ڕامیاری سەرمایەداری لەناو بەرێت . هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی لەوێدا بەناموٚنەبوونی چینی کرێکار مسوٚگەر دەکات ، کە کرێکار " بەرهەمهێنەر " ببێت بە خاوەنی بەرهەمەکەی .

ئەمەش مەرجێکی گرنگە لە چارەسەرکردنی کێشەی ناموٚیی لای مارکس و حەز دەکەم خوێنەر ئەو خاڵە ڕەچاو نەکات کە لە سیستەمە یەکیێتی سوٚڤیەتدا ، وەکو ئەزمونێك پاش مردنی لینین و هاتنی ستالین بوٚ سەر حوکم گوٚڕانکارییێکی نامارکسیانە لەوێدا ڕویدا و چینی کرێکاری یەکیێتی سوٚڤیەت جارێکی دیکە بەهوٚی دەوڵەت کردنی بەرهەمهێنان توشی ناموٚیی بووە . بەرهەم لەو سیستەمەدا بو بەموڵکی دەوڵەت نەك موڵکی چینی بەرهەمهێنەر و دەوڵەتیش نوێنەری ڕاستەقینەی دەستە و تاقمێکی ( حزبی ) بوو نەك چینی کرێکار .

لای بوونخوازەکان ، بەتایبەتی لە بوٚچوونەکانی مارتن هایدیگەر و ژان پوٚڵ سارتەردا ، ناموٚیی کێشەییێکی لەپێش و گرنگی فەلسەفەیە ، کە ڕوٚشنبیری سەردەم ناتوانێت پاساوی بکات ، هایدگەر لە پەرتوکەکەیدا Being and Time زاراوەی " نارەسەنی " بوٚ ناموٚیی بەکارهێناوە و لەو باوەڕەدایە ناموٚیی حاڵەتێکی نارەسەنی بوونە ، چونکە مروٚڤ بوونی خوٚی وندەکات و دەبێت بەشتێکی دیکە . لەژێر کارتێکردنی کەسانی دیکەدا بوونی خوٚی دەدوٚڕێنێت و دەبێت بەیەکێك لە ئەوان . وەکو ئەوان بیردەکاتەوە و باسی کێشەکان دەکات ، دەخوات ، دەڕوات ، ڕوٚژنامەکان دەخوێنێتەوە ، حەز لە موٚسیقا و گوٚرانیش دەکات ."[6] "

کەسانی دیکە بڕیار لەسەر پروٚژەکانی دەدەن و سەربەستیەکەی داگیر دەکەن و ئەمیش لەژێر ئەم بارودوٚخەدا ڕەسەنیەتی خوٚی دەدوٚڕێنێت و ناتوانێت پڕوٚژەکانی خوٚی بەئەنجام بگەیەنێت ، گەڕانەوە بوٚ ڕەسەنیەتی بوون و خوٚناسینەوە و بەئاگاهاتنەوە ، بانگەوازێکی ویژدانی ناوەوەی مروٚڤ دەخاتە گەڕ و بەهوٚی ئەمەوە مروٚڤ سنورە دوورەکانی دەرەوەی خودی خوٚی دەبڕێت و جەخت لەسەر خوٚیەتی و سەربەستیەکەی دەکاتەوە ."[7]"سارتەریش لەو باوەڕەدایە ناموٚیی دوٚڕانی سەربەستیە و داگیرکردنی بوونمانە لەلایەن کەسانی دیکەوە ، بەو بوٚچونەی کە سەربەستی ناوەڕوٚکی مروٚڤە ، لەگەڵ داگیرکردنی بوونیدا ، مروٚڤ لە ناوەڕوٚکی خوٚی نامو دەبێت و ناتوانێت وەکو داهێنەر ڕوٚڵی سینترالی خوٚی ببینێت ."[8]" تەنانەت سارتەر خوٚشەویستی نێوان ژن و پیاویش بەناموٚیی دادەنێت ، چونکە هەر یەکێك لەم لایەنانە بەرامبەرەکەی دەماتە بابەت و خسڵەتی " ئاگامەندی " یان خودی لیٚ دادەماڵیٚ و بەرامبەرەکەشی بەو شێوەیە خوٚی دەردەخات کە خوٚشەویستەکەی دەیەوێت و دەیخوازێت و بەم جوٚرە خوٚشەویست هەمیشە لەژێر بارگرانی ئەم بارودوٚخەدا بوٚ ڕازیکردنی بەرامبەرەکەی و هەست وروژاندنی ( اغراء ) دەمێنێتەوە و دەیەوێت ببێت بەبەشێکی حەزلێکراو بوٚ کەسەکەی دیکە . بەدیدی سارتەر خوٚشەویستی ڕاست لەوەدایە ، کە هەریەکێك لەلایەنەکان بڕوا بە کەسایەتی بەرامبەرەکەی بکات و نەیکات بە مژار و خسڵەتی بوون بە ( خود ) ی لیٚ داگیرنەکات ."[9]"

---

"[6]" Martin, Heidegger. Being and Time translated by John Macquarrie and Edward Robinson, London: Blackwell, 1979. p. 164

"[7]" هایدیگەر ، هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە 313

"[8]" Jean – Paul Sartre, Being and Nothingness, translated by Hazel Barnes London: Blackwell, 1996. p. 260

" [9]" Jean - Paul Sartre, Notebooks an Ethics – Chicago University Press, 1984. p. 528

# نامۆیی

پـاش ئـەم کورتـە باسـە لەمـەڕ واتـای نـامۆیی لـە فەلـسەفەدا ، دێمـە سـەر نوسـراروەکەی کـاك ( غیاث الدین ) و حەز دەکەم چەند لایەنێکی هەڵسەنگێنم ، دیارە لەزۆر شوێندا لەگـەڵ بۆچـوونەکانی نوسـەردا هاوڕا نیم ، کە دەشێت وابەستە بێت بەجیاوازی بیرکردنەوەی من لەگەڵ ئەودا ، ئەمەش ئەوە ناگـەیێنێت مـن خۆم ڕاسـت دانـێم و ئـەو بەناڕاسـت ، هەرکەسـە خـاوەنی بیرکردنـەوەی خۆیـەتی ، چـونکە نـامۆیی لـەپێش هەموشتێکا کێشەیێکی فەلسەفیە و هەروەك لەسەرەتای باسەکەمدا ئاماژەم کرد دیـاردەیێکی کۆمەڵایەتیـشە و تووشی مرۆڤ دەبێت ، بارودۆخێکی نالەباری بوونە بەسەرماندا دەسەپێندرێت و ئەو مانایەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە ئەنجامی داگیرکردنی بوونی لەلایەن کەسانی دیکەوە لە خۆی بێگانە دەبێت و ناتوانێت بێت بەو کەسەی خۆی دەیەوێت . بەکورتیەکەی : نامۆیی دۆڕانی سەربەستیە ، ئەگەر مـرۆڤ سەربەسـت نـەبێت ، هەڵبژاردن و داهێنانی ناوەڕۆکی لەلایەن خۆیەوە مەحاڵە . من بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە و دەڵێم : کە بێجگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێکی تر توشی نامۆیی نابێت ، لەکاتێکا کەسێك لەژێر بارودۆخی بەسەراسـەپێنراودا نامۆ دەبێت و بیرکردنەوە و شێوەی دەربڕینی ڕەسەنی خۆی ون دەکات ، مـن لاریـم لـەوەدا نیـە کـە شـێوەی بوونی نامۆ زمانی تایبەتی خۆی هەیە و دەربڕینی کەسێکی سەربەست و کەسـێکی نـامۆ هـەرگیز ڕاسـتی وەکـو یەك ناخەنە ڕوو .

نامۆیی وەکـو نەخۆشـیێکی کوشـندەی بـوون کاردەکاتـە سـەر بیرکردنـەوە و تێگەیـشتن و نوسـین و هەڵسوکەوت لەناو کۆمەڵدا ، چونکە ڕێگە نادرێت مرۆڤی نامۆ ڕەسەنیەتی خۆی دەربخات و بـەداهاتوو بگـات ، لای مرۆڤی نامۆ بەکارهێنانی زمان لە ڕۆڵی گرنگی خـۆی دوور دەکەوێتـەوە و دەبێـت بەجوینـەوەی پەیڤـەکانی خەڵکی ، چونکە وەکو ئەوان بیردەکاتەوە و باوەڕیشی بەو ڕاستیەیە کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی .

کێشەیێکی دیکە کە دەمەوێت باسی بکەم ، نامۆیی ئایینی یە ، یـان نـامۆبوونی مـرۆڤ لـە ئـاین دا کـە فیورباخ ئامـاژەی کـردووە و هەوڵیـداوە لـەوێوە بناغـە میتافیزیکیەکـەی ئاینـەکان هەڵتـەکێنێت و بـوونی خـوا ڕەتبداتـەوە . بەدیـدی فیوربـاخ مـرۆڤ لـە گـەردون دا بوونـەوەرێکی لاواز و کـەم دەسـەڵاتە ، پێویـستی بـە دەستەڵاتێکی ڕەها هەیە بۆ پاراستنی بوونی خۆی ، کە بتوانێت بەهۆیەوە دژی هێـزە هەڕەشـەکەر و ڕوخێنـەرە دەرەکیەکان ڕاوەستێت و ژیان لەسەر ئەم هەسارە بەبەردەوامی بگەشـێنێتەوە . لەهەمانکاتـدا مـرۆڤ دەزانێـت پەیداکردنی دەستەڵاتێکە ڕەهاو بوون بە هەبوویێکە ڕەها و هەمیشەیی مەحاڵەو هەرگیز بەو ئامانجەی ناگـات ، ناچار پەنا دەباتە بەر ئەندێشەو ئافەریدکردنی بوونێك ، بێجگە لەبوونی خۆی کە ئەو خسڵەتەی تێدا نیـە . بـۆ فیورباخ ئەم لێکدانەوەیە بنەڕەتی بیروباوەڕە ئایینیەکەیە ، مرۆڤ خۆی لە خسڵەتی ڕەها دابڕیوە و نـامۆکردوە ، داویەتی بە بوونێکی دەرەکی ، کە خولقێندراوی ئەندێشەی خۆیەتی ، لەبەر ئەمە هەتاکو بیرۆکەی خوا لای مرۆڤ هەبێت ، مرۆڤ نامۆیە چونکە چاوەڕوانی ئەو هیزە دەرەکیە دەکات و داوای لێدەکات بوونی بپارێزێت و خۆشـی بە بێدەستەڵات و لاواز دادەنێت .

هەرچەندە فریدریك نیتشە لەنوسینەکانیدا باسی فیورباخی نەکردووە ، بەڵام ئـەم فەیلەسـوفە تاکـە بیریارێکە هەڵیدابێت چارەسەری کێشەی نامۆبوونی مرۆڤ بەهۆی ئاینەوە بکات و لەگوتە ڕادیکالیەکەیدا " خودا مرد " جارێکی دیکە هێز و دەستەڵاتی ڕەها بۆ خودی نامۆی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە و مرۆڤیش لە هـەبوێکی لاواز و بێدەستەڵاتەوە دەگۆڕێ بۆ سوپەرمان " بەخواکردنی مرۆڤ " .

کاک غیاث الدین بەم شێوەیە باسی نامۆیی ئـاینی ناکـات و پـەنا دەباتـە بـەر ڕێـچکەی سـۆفیگەری و دورکەوتنەوە لە خوا و پچڕانی پەیوەندیەکان لەگەڵیدا بە نامۆیی ئـاینی دەخوێنێتـەوە و بگـرە وەکـو هـاوڕایێکی ئیمامی غەزالی دەیەوێت بۆ لەناوچوونی نامۆیی ئـاینی خـۆی بـەدوای خـودادا بگـەڕێت و بگاتـە بـەر دوورگـەی بڕواکردن " دەبێ بەر لە هـەموو شـتێک خـودا بناسـێ و بـەدوای دا بگـەڕێ ، بـۆ ئـەوەی چـارەی گرفتـەکانی نادروستیی خۆی بکات و ئەکەر خودای لە ئەنجامی بەدواداگەڕانی عەقڵێکی تر دۆزیەوە و بیرۆکەی خوداناسین بە ئامادەیی چو بۆ ناو مێشکی ، لە هەمو کاتێک زیاتر نامۆ دەبێت " .

ئیمامی غەزالیش لە ( المنقذ من الظلال ) دا بـەم شـێوەیە وازی لـە بـیرو بـاوەڕی ئـاینی ئامـادەکراو و چەسپاوی هێناوە و پەنای بردۆتە بەر گەڕانێکی گیانەکی بەدوای خوادا و گەڕانەوە بۆ باوەڕ .

لێکدانەوەی نامۆیی لەسەر تەوەری ئاینی ، هۆبەندە بەبڕوا و بـێ بڕواییـەوە ، ئەگـەر شـوێنکەوتوێکی ئاینی و سۆفییێکی تەریقەتدار یان " گورو "یەکی چیاکانی هەمالایا و کەناری ڕوباری کەنگا ، نامۆیی خودا نەناسی بێت ، ئەوا بۆ بێ بڕوایەک و فیورباخ و نیتشە ، ئەو خودا ناسینە دەبێت بە نامۆبوونی مرۆڤ . لەبـەر ئەمەشـە لەو باوەڕەدام کە کێشەی نامۆیی کێشەیێکی دژوارە و بۆ ئەوەی تووشی دۆگمای بیرکردنەوە نەبین ، دەبێت لـە دوندێکی بیرفراوانەوە بڕوانینە بۆچوونە جیاوازەکان و هەوڵبـدەین بـەبێ سـەپاندنی بیروبـاوەڕی خۆمـان پـەنا بەرینە توێژینەکەمان .

ئاشکرایە " سۆفیگەری " ئەگەر کارتێکردنی ئاینەکانی تریشی بەسـەرەوە بێـت بەشـێکە لـە کـەلتوری ئیسلامی و خۆی لەو ئاینە جیاناکاتـەوە ، کـە سەرچاوەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ حەسـەن ئەلبەسـری و ڕابیعـەی عەدەویە و دلنون ئەلمیسری و بیستامی و حەلاج و سـوهرەوەردی و ( المقتول ) و ئیبنـی عـەرەبی ، ئینجـا پـاش ئەمان سەرهەڵدانی تەریقەتەکان ، وەکو قادری و نەقشبەندی و زۆری تریش ، کە لەهەموو ناوچەکانی جیهـانی ئیسلامیدا لە مەغریبەوە بۆ مالیزیا پەرش و بڵاوبونەتەوە .چۆن دەکرێ تەریقەتی قـادری یـان نەقـشبەندی بـە کوردی بدەینە قەڵەم ؟ کە دەزانین ئەمانە لە کەلتوری ئیسلام جیانابنەوە ، هەرچەندە زۆربەی کورد موسڵمانن و لەسەدەی حەوتەمەوە ئەو ڕێبازەیان پاراستوە . هێـشتان بـا ئـەم خاڵـە فـەرامۆش نەکـەین ، کـە ئیـسلام لـە کوردسـتانەوە سـەریهەڵنەداوە و بەدیـدی مـن بـە کـوردیکردنی تەریقـەتێکی سـۆفیگەریش لەبـەر ئـەوەی دامەزرێنەرەکەی کوردە ، یان یەکێک لە پێشەواکانی کورد بووە ، ڕەوایەتی خۆی وەرناگرێت .

لە کوردستاندا لەگەڵ ئـەم جـۆرە بـیر و بـاوەڕە ئاینیـە ( سـەلەفیەت ) یـش کـە لـەناو مـەلا و پیـاوە ئایینیەکانی مزگەوتی شارەکاندا باوە و پەیڕەو دەکرێت ، ئەمڕۆش چەند دەستە و بزوتنـەوەی ئیـسلامخوازانە سەریانهەڵداوە ، کە لە تەریقەت و سۆفیگەریەوە نـەک هـەر دوورن بـەڵکو لـە گەڵیـشدا نـاکۆکن . هـەروەها سۆفیگەری کە ڕەهەندێکی ( ڕوحانی ) ئیسلامیە ، ڕوداوەکان مێژوو دەخاتـە پـەراوێزەوە و بەرنامـەیێکی ئـابوری لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتوە . لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەم شێوەی بیرکردنەوە لە ژیانی مرۆڤ نابێتە ئایدیۆلۆجیایێکی ڕادیکالانە بۆ خولقاندنی گۆڕانکارییەکان . ئەگەر چەند بزوتنەوەیێکی ڕامیاریش لە کوردستاندا بەدەست شێخی تەریقەتێکەوە سەریهەڵدابێت ، ئەوە ئەو بزوتنەوەیە وەکو دەزانین لە قەوارەیێکی نەتەوەیی دا نەک سوفیگەری خۆی پێشانداوە .

گریمان سۆفیگەری بوو بـە فەلـسەفەی ژیـانی خـەڵکی لادێکـانی کوردسـتان ، بـەڵام ئـەم بزوتنەوەیـە نەیتوانیوە لەشارەکاندا و لە ناو چینی بورژوا و کرێکانی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت و خەڵکی شـوێنی بکەون .

لە کۆتایی دا حەزدەکەم خوێنەر پێشەکیەکەی من نـەکا بـە تاکـە پێـوەرێکی هەڵـسەنگاندن بـۆ کتێبـی " نامۆیی " چونکە هەروەك پێشتر باسمکرد : بۆچون و بیرکردنەوەی من لەگەڵ کـاک غیاث الـدین لەیەکـدی جیاوازن و لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە دەڕوانینە کێشەکە .

د . محەمەد کەمال

زانکۆی میلبۆرن – ٢٠٠١

# سەرەتایەك

ساڵی ٩٣ کاتێ لە ڕۆژنامەی " کوردستانی نوێ " کارم دەکرد ، نیازی ڕێپۆرتاجێکی ڕیفراندۆمیم هەبو . هەوڵدانێك بو بۆ دۆزینـەوەی سـوپەرمانە Superman بزرەکـە لـە دوای دو سـاڵ ئـازادی و ڕوخـانی دەزگـا داپڵۆسێنەرەکانی داگیرکەر . ئایا خەڵکەکە کێیان پێ باشترین مرۆڤی کۆمەڵە ؟ ئەو کەسەی خـەڵك بـە نمونـەی بەرزی دادەنێ و هەوڵدەدا وەکو ئەو بێت . ئایا مەولانا خالید ، جزیری ، ئەحمەدی خـانی ، گـۆران ، مـەحوی ، شێخ عبدالسلام و بارزانی و بەدرخانیەکان و ئارام و شەهابن ؟ یان قادر قەلاب و دێو و حەمە کۆپتەر و شۆڤڵ و ڕێگر و قاچاغچی و کەسانی لەم جۆرەن ، کە بونەتە کەسایەتی دیـار لەبـەر بارودۆخەکـە و هـەوڵی ڕەوایـەتی — شەرعیەت — دان بەکارەکانی خۆیان دەدەن لەژێر باڵی گروپێکی سیاسی ؟ یان کەسایەتییەکی ئەکتڤ و چالاك کـە ڕۆڵی خۆی وەکو مرۆڤێکی سوددەر لەناو کۆمەڵگا دەبینێ و بەشـداری چـالاکیەکانی ژیـان دەکـات و دەسـتی لـە دروستکردنی دوا ڕۆژدا هەیە .

بۆ ئەم مەبەستە سەد فۆڕمی چاپکراوم بەسەر خەڵکی جیاجیا دا دابـەش کـرد ، لـە شـوفێر و دکتـۆر و عارەبانە چیەوە بگرە ، تا دەگاتە خوێندکار و ئولدار و ڕۆشەنبیر و سەیدا ... هتد .

شتێکی سەیرم لە بەرسڤەکانیاندا بەدیکرد : لەسەدا هەشتا و پێنجی خەڵکەکە مرۆڤێکیان پـێ چـاکترین کەس بو کە حەقی بە کەس و هیچەوە نەبێت ، لە ماڵەوە بۆ کار و لە کارەوە بۆ مـاڵ ، هـیچ پەیوەنـدیێکی بـە دونیای دەرەوەی ئەو بازنە تەسکەوە نەبێت . لە سەدان دەی خەڵکەکەش قادر کۆپتەر و جەمال شۆفڵ و قامە و ئەو جۆرە ناوانەیان پێ سوپەرمان بوون ، لەبەر ئـەوەی سـەرکەوتون و دەتـوانن ڕزقـی خۆیـان بـە مـسۆگەری لەڕۆژگارێکی تاڵدا پەیـدا بکـەن و کەسـیش ناتوانـێ دەسـتدرێژییان لێبکـات و کەسـایەتییەکی ڕێزداریـان لـەناو کۆمەڵگادا پەیداکردوە و توانای هەمو شتیان هەیە !! لەسەدان پێنجی خەڵکەکەش ، بارزانی و ئارام و شەهاب و سەیدا ڕەزا و مەحوی و گۆران و ..... هتد .

بەدیدێکی ساکارەوە ، لەوانەیە ئـەو سـەرئەنجامانە بـە ئاسـایی تێپـەڕبن ! جـا لـەوە باشـتر هەیـە ، مرۆڤێکی بێ زیان و بێ پەیوەندی ، حەقی بەسەر هیچەوە نەبێت ، جگە لە ماڵ و منداڵ و بەرژەوەنـدی خـۆی . هەڵبژاردنی کەسایەتییێکی بەم جۆرە ، کە حەقی بەکەس و هیچدا نەبێت نیشانەیێکی نامۆیی یە ، چونکە ئـەوەی حەقی بە کۆمەڵگادا نەبێت وەك ئەوەیە کە بەتـەنیا دەژیێـت و ژیـانی کۆمـەڵگای پەسـەند نیـە و لێـی نامۆیـە Alienated . هەڵبژاردنی دێو و کۆپتەریش هەر نیشانەیێکی تری نامۆیی یە چونکە لەناو کۆمەڵگاییێکی سـاغ و دروستدا جێگای ئەو توخمانە نابێتەوە و کۆمەڵ لەژێر پڕنسیپەکانی یاسای بە هەڤڕاژیان ڕەتیان دەکاتەوە . تاکە هەوڵدانی ئـەو مرۆڤانـەش ئەوەیـە دەسـەڵاتێکی تایبـەت بـەخۆیان دروسـت بکـەن ، چـونکە لـەناو دورهێڵـی کۆمەڵگاییێکی نایەکسان دا جێگایان نابێتەوە و لەترسی ئەوەی نـەوەك لـەبن پێیـان بـزر بـن ، کەسـایەتییێکی زاڵ دەنوێنن و سەر لەنوێ سیستمێکی نوێی تایبەت ، لەسەر کەلاکی سیستمە کۆنەکە دروست دەکەن . هەڵبژاردنی کەسایەتییێك کە ڕەوتێکی ڕۆشنیان لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵدا هەبوبێت و لە دیرۆکی ڕابردووە بێن و بـبن بـە نمونەیێکی بـەرز Superman بـۆ ژیـانی ئـەڤرۆ بـە هـەمو پێـشکەوتنەکانیەوە ، جۆرێکـە لـە ڕەتکردنـەوەی گەڕانکاریە نادادوەرەکانی سیستم و دوڕانی بڕوا بە ڕۆژگار و کرداری ئەو کەسانەی کە سیستمەکە دەبەنـەڕێوە

بە ناموِیی Alienated دەخوێندرێتەوە ،چونکی ڕەتکرنەوەکە ڕەنـگ دەداتـە سـەر بـارودۆخی تـاك و لەبـەر شاردنەوەی ئەم ڕەنگدانەوەیە کەسایەتییەکی تر دەنوێنێ . لەسەر بناغەی ئەو وەلاٌمانـە ڕیفراندۆمەکـەم خـستە نێو مژارە پشتگوێ خراوەکان و باسکم لەو سوپەرمانە ناموِیە هەڵماڵی .

لەسەرەتای دەستپێکردنم زانیارێکی ئەوتۆم لەسەر ناموِیی نەبو ، جگـە لـە ڕوخـسارە فەلـسەفیەکەی و چـەند تێکـستێکی ئـەدەبی کـە پێـشتر خوێندبومنـەوە و حاڵـەتێکی ناموِییـان دەرِازانـدەوە . تـاکو دەسـتم بەکۆکردنەوەی ژێدەر نەکرد ، نەمزانی چەند جەنجاڵ و ئـاڵۆزە . هـەرجارێ کتێبـێکم لەسـەری دەخوێنـدەوە ، دەمگوت : ئەگەر کۆتایم بەو کتێبە هێنا ، دەست بە نوسینی مژارەکە دەکەم ! بەلاٌم لە جیاتی ئـەوەی زانیـاریم لەسەری زیاد بێ ، کۆڵەواری و نەزانینم زیاتر دەبو و ئەوەی پێشتریش دەمزانی لێم دەبو بە گومان .

نزیکەی شەش مانگ خەریکی پرسیار و خوێندنەوە و کۆکردنەوەی سەرچاوە بوم . نەخاسمە کوردستان لەو کاتەدا لەناو گەمارۆیێکی ڕۆشەنبیری دا دەژیا و کتێب و بلاٌوکراوەی دەرەوەی پـێ نەدەگەیـشت ، پـەیقینم لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرد کە پێموابو شتێکی لێدەزانن . بۆم دەرکەوت : بەشێکی زۆریـان نـاموِیی بـە غـەریبی دەروەی وەلاٌت تێدەگەن . بەشێکی تریش دەزانێ ناموِیی چیە و دەتوانێ وەکو زاراوەیێکی ئەدەبی بەکاری بێنـێ یان بەکاری هێناوە ، بەلاٌم ناتوانێ شرۆڤەی بکات و خۆم ئاسا فرِی بە مەودای فراوانی خودی پەیڤەکـەوە نیـە . چەند کەسێکی ژمێردراوی لێدەرچێت کە بەئەکادیمی خوێندویانە و لێی دەزانن . لە ڕاستیش دا ڤەهێلی خۆیـان نەبوە بەڵکو جەنجاڵی و ئاڵۆزی مژارەکە بۆتە مایەی هۆمۆنەیمی Homonymy و بەهەڵە بەکاربردنی زاراوەکە . زۆر جاریش لە فەرهەنگە جیاوازەکانی فەلسەفەدا و لەبەر لاوازی زمانەکان و نەگایاندنی مەبەست و فراوانـی بەرەی بەکارهێنانی زاراوەکە و بۆچونە جیاوازەکانی فەیلەسوف و خوێندنگا جیاوازەکان ، پەیڤەکە بـە جێگۆڕکـێ بەکاربراوە و لە ئەنجام دا شرۆڤەکەی لەلایـەن ڕۆشـنبیرەوە ڤـاری کـراوە و دواتـر لای خوێنـەر بوەتـە مایـەی تێگەیشتنێکی چەوت ، هەروەها ئەو جـۆرە گۆڕانکاریانـەی لـەڕوی هـزرەوە بەسـەر تێگەیـشتن و شـیکردنەوەی زاراوەکەدا هاتون ، هەمویان بونەتە مایەی پەیدابونی تەمێکی خەست بەسەر زاراوەی ناموِییدا کەن گرفتی هەر سەردەمێکە و ڕێچاری تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە . زۆر جار لەکاتی ئامادەکردنی مژارەکە بۆ " کوردستانی نـوێ " توشی ڕێکورک ( ڕێگای داخراو ) دەبوم و بریارم دەدا وازی لێ بێنم ! چـونکی مژارەکـە زیـاتری لـە پێویـست هەڵگرت و منی لە کار و کاسبی خست ، لەبەر ناموِیی نەمدەتوانی خۆم خەریکی هیچ کارێکی قورس بکەم ، جگە لە ڕیپۆرت و چیرۆکە هەواڵ و کاری ڕۆژانە هیچترم بۆ نەدەنوسرا ، هاوکارانیشم ڕۆژانە دەیانگوت : ئەرێ ئـەو ناموِیی یە بو بەچی هەر تەواو نەبو ؟ هەندێکیشیان بەیانیان لەجیاتی بەیانی باش ، سەریان بەژوری ڕیپۆرتـاج دا هەڵدەکێشا و دەیانگوت : کاك ناموٌ چۆنی ؟!

منـیش هـەر کوردانـە بـۆی دەچـوم : " سـواری عەیبێکـە و دابـەزین دو " لەگـەڵ هانـدان و ورە بەرزکرنەوەی چەند برادەرێك مژارەکەم تەواو کرد و لـە ژمـارە ٢٥٨ ی ڕۆژی پێنجـشەمبەی ٨ / ٤ / ١٩٩٣ ی " کوردستانی نوێ " دا بلاٌوبۆوە . هەرچەندە هاوکارانم لە " کوردستانی نوێ " تکۆلیان لە پویتە بەمژارەکە نەکرد و وەك مەردان دو لاپەڕەی ناوەندی ڕۆژنامەکەیان بۆی تەرخان کرد ، ئەوەنەی ئاگاشم لێی بو گلەیێکی زۆر کرا چونکی هەردو لاپەڕەی ناوەڕاستی ڕۆژنامە گیرابو و ئەو ڕۆژەش جگە لە چـەند هـەواڵێکی کـورت هیـچە تـر لـە لاپەڕەی ناوخۆ و ڕیپۆرتاج بلاٌو نەبۆوە ،پـستە پـستێکی زۆرم گـوێ لاٌ بـو : ئـەی کـوا هـەواڵی نـاوخۆ و هـەواڵی چـالاکیەکانی ... و ئـەوە ئینـساف نیـە دو لاپـەڕەی ڕۆژنامـە دەدەن بـە کەسـێك ... و هتـد ! خۆشـم دوای

بڵاوبونەوەی مژارەکە زانیم کە غەدرێکی مەزنمان لە نامۆیی کرد ، چونکی مژاری وا غەدرە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا بڵاو ببێتەوە ، تەنانەت ئەگەر " کوردستانی نوێ " ش بێت . بەهەر حاڵ بڵاوبونەوەی مژارەکە لە " کورستانی نوێ " لەجیاتی ئەوەی کۆتایی بە بیرۆکەکە بێنێت ، بو بەخاڵی دەست پێکردنم ، دواتر چەند گوتارێکی نامۆم لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا بڵاو کردەوە و هەروەهاش دوای ئەوەی وەڵاتم جێهێشت و چومە شام ، لەوێ زنجیرە گوتارێکم لە ڕۆژنامەی ( الوفاق ) ی لەندەنی دا بە عەرەبی بڵاوکردەوە . زیاتر لەسەر نامۆیی لە گوتاری کۆمەڵایەتی دا بو ، هەروەها کۆمەڵەی کوردی – باشوری ئوستڕالیا – لە مانگی دوی ٢٠٠١ لە هۆڵی ( Community Center ) لە ئەدیلاید کۆڕێکی فیکری فەلسەفی بۆ ساز کردم ، تیایدا مژاری نامۆییم وەکو کۆڕ خوێندەوە .

هەرچەندە ئەو پڕۆژەیە لای من هەر جێگای ئومێد بو کە ببێ بە کتێبێك و جێگای خۆی لەناو کتێبخانەی کوردیدا بکاتەوە ، بەڵام ئەو کارانەی پێیەوە بەستراون ، بوون بە ئاستەنگ لە ڕێگای نوسینێکی بەردەوام دا ، لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە بە پچڕاوی وەك کتێب خەریکی پڕۆژەکەم .

کاتێ مژارەکە لە " کوردستانی نوێ " بڵاوبۆوە لەچەند کەسێکی ئەکادیمی توشی ڕەخنە بوم ، گوایە نابێ فەلسەفە بەزمانی خەڵك بنوسرێ ئەگینا بەهاکەی لە دەست دەدا ، بەڵام من هەمیشە پێم وابوە کە فەلسەفە دەبێ بەزمانی خەڵك بنوسرێ ئەگینا پەیامەکەی خۆی ناگەیێنێ . هەر بۆیە ڕیپۆرتاجەکەشم بەزمانێکی ساکار نوسیبو بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی بازاڕیش بەشی خۆیان لێی تێبگەن ، چونکی نامۆیی گرفتی چینێکی دیاریکراوی خەڵك نیە ، بەڵکو گرفتی هەمو مرۆڤایەتیە و دەبێ زۆرترین ژمارەی خەڵك لێی تێبگەن ، تەنانەت لەو کتێبەشدا بەپێی توانا هەوڵمداوە خۆم لە زمانێکی جەنجاڵ و داڕژتنێکی ئاڵۆز دوربکەمەوە ، بۆیەش نامەوێ کتێبەکە بە کتێبێکی ئەکادیمی ناو بەرم و نامەوێ تۆش وەك کتێبێکی ئەکادیمی پێشوازی لێ بکەیت ، چونکی من لە فەلسەفەدا ئەکادیمی نیم .

هەروەها بەپێی توانا هەوڵمداوە بەزمان و ڕێزمانێك بنوسم لە کرمانجی سەر و کرمانجی خوار و نزیك بێت ، بۆیەش پەیڤی کرمانجیم خستۆتە شوێن پەیڤە بیانیەکانی ناو ڕێنوسی سۆرانی و هەروەها بە پێی توانا هەوڵمداوە دژمنی مەزنم : دوو واو سێ واو لەناو یەك پەیڤدا لەدوای یەك نەهێڵم . ئەوەی توانیبێتم بە " ڤ " گەڕاندومەتەوە ڕەسەنەکەی و چارەم کردوە ، ئەوەی تریشم هەموی کردوە بە یەك واو ، جگە لە شوێنی وا کە هیچ چارەی نیە و دەبێ دوو واو بێت ئەگینا لەگەڵ پەیڤی تر تێکەڵدەبێت ، وەکو ( قوڵ ) و ( قووڵ ) ... هتد .

لەوانەیە هەست بکەیت کتێبەکە لەهەندێك بەشیدا مافی تەواوی خۆی پێنەدراوە و دەبوا زیاتری لەسەر بنوسرێ ، یانیش هەندێك حاڵەتی تری نامۆیی هەن باسیان لێ نەکراوە . ئەوەندەش لەبەر جەنجاڵی بابەتەکە و فراوانی بەرەی کارتێکردنی نامۆیی یە ، کە لەناو هەمو بنج و بنارەکانی فەلسەفەدا کارتێکردنی خۆی هەیە و هیچ مژارێکی نەهێشتوە بەبێ ئەوەی شوێن پەنجەکانی خۆی لەسەری مۆر نەکات . نوسینی کتێبێکی بەم جۆرەش دەبێ هەمو ژیانی بۆ تەرخان بکرێ و لەهەزاران بەرگ پێکبێ . بۆیەش کتێبی نامۆییم کردۆتە شتێکی گشتی ، نیازم هەیە دواتر لەسەر هەر مژارێك لەوانە بەجیا کتێبێکی تایبەت بنوسم ، نەخاسمە کتێبی " نامۆیی" م یێکەمین کتێبە بەکوردی لەسەر ئەو بابەتە دەنوسرێ .

مەبەستم لە نوسینی ئەو کتێبە ناساندنی نامۆییە و شیکردنەوەی چەند دیاردەیێکی پەیوەست لەبەر ڕۆشنایی چەند بۆچونێکی فەلسەفی دا ، هەروەها ڕازاندنی چەند بۆچون و هزرێکی تایبەتی خۆم کە هەمیشە

ویستومە خوێنەواری وەک خۆت بیانخوێنێتەوە و لە ئەنجام دا شتێک لای دروست ببێ . مـەرجیش نیـە شـتەکە وابێ کە من هەوڵم داوە بیڕازێنم ، یانیش بەوە بگەی کە من پێیگەیشتوم ،ئەگەر باری هزریت پـێش خوێنـدنی کتێبەکە و دوای خوێندنی وەکو یەک نەبێ ، من ئامانجی نوسینی کتێبەکەم هێناوەتە دی . بەهـەر حـاڵ نامـەوێ هزرت بگۆڕم یان داوات لێ بکەم هزری خۆت بگۆڕی و بێیتە سەر شێوەی هزرەکانم ! من دەمەوێ چەند نـەلقێک کە بەزۆری خراونەتە مێشک بجولێنم و ئەگەر لێیان کەوتیە گومان ، ئەوە مەبەستی نوسینی کتێبەکەم هاتە دی ، چونکی تەنها گومان بەڕاستیمان دەگەیێنێ و هەتا لە شتێک نەکەویتە گومان ، ناتوانی بەدوایدا بگـەڕێی و بگـەی بەڕاستی .

# بەشى يەكەم

## دەروازە

زمان شێوەيێكى دواكەوتوى پەيوەنديية بۆ مرۆڤايەتى – هەمو زمانەكان – نەخاسمە كاتێ دێتە سەر پەسەنى ( وصف ) دۆخێكى دەرونى ، يان پەسەنى هەڵچونێكى ناخ و ئاڵۆزيێكى هزر . هەمو زمانەكان ناتوانن نزگرييێك بنوسن و لەڕوى پەسەندكردن و گەياندنى بيرۆكە و هزرەكان كەموكوڕييان هەيە ، بڕوانە سيمانتيكى لۆجيكى Logical Semantics "[10]" هەمو زمانەكان نەيانتوانيوە ناو بۆ بۆنەكان بدۆزنەوە ، ئێستاش بۆن بەو شتەوە بەستراوە كە لێيوە دێ : بۆنى نێرگز ، بۆنى پياز بۆنى خۆش و بۆنى ناخۆش ... هتد .

هەرچەندە زمان زۆر كۆنە و بۆ سەرەتاكانى ژيار و خۆرسكى مرۆڤ دەگەڕێتەوە ، كە تەنها زيندەوەرە توانى بەكار هێنانى لۆجيكى زمانى هەيە . ئەويش بێگومان لەدواى وەرار و گەشەكردنێكى بنەڕەتى Evolution ڕويداوە .ئەگەر چى زمان لەوساوە زۆر پێشكەوتوە ، بەڵام بەرامبەر بەو هەمو پێشكەوتنە تەكنەلۆجى و كۆمپۆلۆجيانە و بەبەراورد لەگەڵ زانستەكانى تريش زۆر لە دواوە ماوەتەوە . ئەوە مليۆنەها ساڵە مرۆڤ بەهەمان شێوە لاساكەريە كۆنەوە زمانى خۆى دەجوڵێنێ و لێوى خۆى هەوراز و نشێو دەهێنێ و دەبا و دەنگ دروست دەكات و ناوى دەنێ زمان Language ئەو هەمو پەيوەنديە Communication مەزن و فراوانانەى مرۆڤايەتى كە جيهانيان كردوە بە گەرەكێكى بچوك و مەودايان نەهێشتوە ، تەنها لەسەر بناغەى چەند پيتێكى ژمێردراو دامەزراون .ئەگەر بەكارهێنانى ژمارە نەبا بە ئەڵتەرناتيف كە زۆر لە پەيڤ وردترە و بۆ كارى كۆمپيوتەر بوە بە جێگۆڕى ئەلفە بيت و هەر پيت و پەيڤێك دروشمێكى لە ژمارە پێكهاتوى هەيە ، ئەگەر بەتەماى زمانەوە بەجێمابا ژيار بەو مەودايەى پێشكەوتنە نەدەگەيشت كە كۆمپيوتەر خستويەتيە ناو هەمو زانستەكان . ئەو پيتە لەگەڵ ئەوە بلكێنە شتێك دەردەچێ و ئەوەى تريان لەگەڵ ئەوە بلكێنە شتێكى تر دەردەچێ !! ئەو گەردونە بەهەمو وردەواڵەوە چۆن بە ٢٨ و ٢٩ و ٣٠ و ٣٠٠ و ٣٠٠٠ پيتى ڕوت دەبڕدرێ ؟ تەنانەت زمانێكى وەكو زمانى چينى كە لەجياتى پيت دروشم Character بەكاردێنن و زياتر لە هەزار دروشمى جياوازيان هەيە ، ئينجا لەزۆر تێرم و مژاردا دەربڕين دەبێتە كۆسپ لە ڕێگاى گەياندنى هزرە ڕاستەقينەكە و تێگەيشتنێكى پێرفێكت .

من لێرەدا زمانى كوردى تاوانبار ناكەم ، چونكى لەڕوى سيمەنتيكا Semantics هيچ كەم و كوڕيێكى لەچاو زمانەكانى تر نيە ، بەڵام هەمو زمانەكان بەگشتى تاوانى نەگەياندنى مەبەست دەگرنە ئەستۆ . زۆربەى داهێنەرەكانى دونيا ئەوانەى هەست و هزرى خۆيان بەباشترين شێوە دەربڕيوە و كارەكانيان بونەتە مايەى گۆڕانكارى ديرۆكى ، گلەييان لە زمان هەبوە و ئەگەر ڕێگايێكى چاكتريان بۆ دەربڕين هەبوايە ، بێگومان داهێنانى مەزنتريان پێشكەش دەكرد . من پێموايە ديكارت و كانت و هيگڵ هەر ئەوەندەيان پێبوە كە پێشكەشى مرۆڤايەتيان كردوە ، تەنانەت ئەريستۆ و پلۆتۆ يان هۆميرۆس ... هتد ! هەڵبەتە ئەو داهێنەرانە زۆرتريان پێ بوە ، بەڵام هەر ئەوەندەيان پێگەيێندراوە ، يان هەر ئەوەندەيان پێڕێكخراوەتەوە بۆ ئەوەى ببێتە كەرەستەيێكى

---

"[10]" بەشێكى پارالوجيكى زمانەوانيە و كارى شيكردنەوەى واتا و دواى واتايە .

تێگەیراو . هەر لەئەنجامی ئەوەوە زۆر جار مرۆڤی ئاسایی هەوڵدەدات بۆ ئەوەی ئاخڤتنی تێبگەیرێ " تێگەیراوبێت " لە هزرە سەرەکیەکە ، کە لەسەرەتاوە مەبەستی بو بیلێ لادەدات ، لە ئەنجام دا شتێك دەردەچێت نزیك لەو هزرەی لە بنەڕەتەوە مەبەستی بو دەربیرێ ، کەواتە: ئاخڤتنەکانمان تەنها هەوڵدانێکن بۆ گەیاندنی هزر و هەست و بۆچونەکان ، نەك گەیێندرواى خودی هزرەکانن ، چونکی بێگومان هەوڵدانی گەیاندنی هزرەکان جیاوازە لە گەیاندنی خودی هزرەکان . زۆر جاریس لە ئەنجامی ئەو هەوڵدانانەدا ڕەنگدانەوەیێکی جێگۆڕ و پێچەوانە لای گوێگر جێ دەمێنێ ، کە مەبەست لە ئاخڤتنەکە ئەوە نەبوە وەك چۆن بەرامبەر لێی تێیگەیشت ، ئەوە نمونەیێکی بچوکە بەلاّم بۆی هەیە کار بکاتە سەر ئاستی بەرزتر ، وەکو پەیوەندیەکانی جیهانی و دیبلۆماسی و لەوانەیە دواڕۆژی نەتەوەکان کە زۆر جار لەبەر لەیەك نەگەیشتنێکی پێرفێکت بڕیاری سیاسی زۆر مەزن بدرێ و ببنە مایەی زیانی مەزن ، بۆیەش ئەگەر زمان تاکە ڕێگای لە هەڤگەیشتن بێت ، بێگومان باشترین ڕێگای لەیەك گەیشتن نیە .

بێتاوانی زمانی کوردی لێرەدا زو دەسەلمێ ، چونکی ئەگەر سەیری زمانەکانی دەوروبەری کورد بکەین و لەگەڵ زمانی کوردی بەراوردیان بکەین و بەوردی لە ناویاندا هێڤ کەینە شێوەی پەیڤگەری و ڕستەبەندی و جۆری دەربڕین و سیمانتیکای زمانە ، شتی سەیرمان بۆ دەردەکەوێ : سەرەڕای ئەو هەمو تراژیدیانەی بەسەر کورد دا هاتون کە هەمویان بەڕاستەوخۆ مەبەستی لەناوبردنی زمان و کەلتوری کوردیان هەبوە ، هەرچەندە هەندێکیان بونەتە مایەی نەبونی زاراوەی ئەکادیمی و زانستی و شێوە ئاخڤتنێکی یەکگرتو ، سەرەڕای هەوڵە هەمیشەیەکانی دوژمن بۆ لەناو بردنی بوونی کورد ، کەچی ئێتاش زمانی کوردی بە هەمو زاراوەکانیەوە لە زمانەکانیان پاراو ترەو شێوەی دەربڕین و پەیڤگەری و ڕستەبەندی لە زمانەکانی دەوروبەر زەنگین ترە . بۆ نمونە زمانی فارسی : بۆ یەك جار شڵەژانێکی پێکەوت ، لەوانەی کە ڕۆژانە لەلایەن چوار دوژمنەوە بە کورد دەکەوێ . لە ئەنجامدا فارسی بە زمان نەما ، ئەگەر چی جاران زمانیش بوبێت . ئێستاش ئەگەر کوردی و عەرەبی لەناو فارسی هەڵبگیرێ ئوەندەی تێدا نامێنێ خەڵك ڕۆژانە پێی لەیەك بگەن . هەروەها زمانی تورکی کە چەند سەدەیێك زمانی ڕەسمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوە و بە زەبری هێزی داگیر کەرانە ، بەشێکی زۆری ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاڤایان کۆلۆنیال کرد و یاسەتی " بەتورك کردنیان " ستراتیج بو ، نەك هەر نەیانتوانی خەڵك بەزۆر بکەن بە تورك بەڵکو زمانەکەی خۆشیان پێ نەپارێزرا . هەروەها زمانی عەرەبی : گومانم لەوەدا نیە ئەگەر قورئان بە عەرەبی نەبوایە و ئەو هەمو ناعەرەبە بێوچان کاریان لەناو زمانی عەرەبی نەکردایە ، کە بوّتە مایەی پاراستنی زمانەکە ، ئەوا بێگومان خەڵکی شارەکانی یەك وەلاّتی عەرەبی لەیەك نەدەگەیشتن ، کە ئێستاش دانیشتوانی دو وەلاّتی عەرەبی زۆر بەتاڵی لەیەك دەگەن . بۆیە بە هەڵە ناچم ئەگەر بڵێم : تەنانەت مانەوەی زمانی کوردی بەو پاك و زەنگینی یەوە ، لەدوای ئەو هەمو کارکنیانە ( کارەسات ) ، لەخۆیدا سەرکەوتنێکی مەزنەو بۆمان دەسەلمێنێ کە کەلتوری زاڵ هەرگیز جێگەی کەلتور و زمانی دایك ناگرێتەوە و ناتوانێ ببێ بە کەکلتورێکی جێگۆڕ ، ئەگەر چی بەزۆر داریش بێت ، بۆ نمونە : زیاتر لە نیوەی ژیانم لەناو عەرەب بردۆتە سەر ، بەلاّم قەت پەیڤی ( خبز ) نانی بیرنەهێناومەتەوە ( ڕەنگی دەرگا و ڕوی فرنەکەم بیر دێ و دەسماڵی سەری فرنچیەکە و ڕوخسارە بەخەندەکەی ( أم عباس ) ی دراوسێمان کە نانی بە تەنور دەکرد ، بەلاّم قەت نانم بیرنایێنێتەوە ، لە کاتێکدا کە پەیڤی نان دەبیسم جەمکێکی تری هەیە و تەنها نانم دێتە بەرچاو لە دەنگی یەکسوانیەوە تاکو مزەی نان و بۆنەکەی . هەر بۆیەش هەمو کەلتورە زاڵەکان نشوستی لە بەرامبەر

زمانی دایک و پارالۆجیکی بەکارهێنان و نۆشن Notion "[11]" ( تصور ) وێنـەی هـزر دێـنن و نـابن بـە کـەلتوری جێگۆڕ . چونکی خەون بەزمانی دایک دەبیندرێ و لەگەڵ خۆ ئاخاڤتن و هزرکردن وژماردن و پرۆسێسی ماتماتیک ، بۆ نمونە هەرچەندە ژمارەکانم بە عەرەبی خوێندوە ، بەڵام ئێتاش دو جاران شەش بە کوردی دەکـا دوازدە ، بەڵام بەعەرەبی ، نە شەشەکان شەشن و نە ئەنجامەکەی دوازدەیە ، زمانی دایک هەمیشە واتاییکی تری هەیـە و بەسەر زمانی فێرکراو دا زاڵە . بۆیەش کاتێ هزرێکی تایبەت دەکەین و دێینە سەر وێنەی شت و دیاردەکان ، بە هزر و بیرەوەری و زانینی خۆمان لێکی دەدەینەوە ، پێقاژ لەگەڵ ناخی مرۆڤ دەکات و ئەو پێقاژە دەبێتە هـۆی ئەوەی دو جاران شەش دوازدە بێت یان نا ، بۆ نمونە : ناوی مرۆڤ بە گوێرەی کۆمەڵێک بیرەوەریەوە لە مێشک و هۆشیاری و ناهۆشیاری دا پەیوەندییان هەیە ، وەک ناوی موراد وێنەی ترارێکـی ( جـام ) ی ئـاو خواردنـەوەی مس لە حاڵەتی سوڕان دا دەبینم و ناوی خالید بە گوێزانێک لەسەر ڕدیـچنێکی وشـک دێتـە هـزرم و ئـازاد بـە زنجیری سەعاتە کۆنەکانی باغەڵ و کاوە بە میوەییێکی زۆر پێگەیـشتو و هیڤـی بـە کـەوێکی نوسـتو و هـەژار بـە تەقینەوەی گەنمەشامی و ... هتد !!!

وێنەییێکی هەستیاری گشتی بۆ شت و دیاردەکانی دورهێل کە لەناو هۆشیاریدا دوبارە دەبنەوە ، بـەبێ کارتێکردنێکی ڕاستەوخۆ لە خودی شت و دیاردەکـان و بـەپێی بـەکارهێنان شـێوازێکی دیـاریکراو لـەناو مێـشک دروست دەکات و وەک نۆشن ، یان هزرێکی تایبەت بە مرۆڤێکەوە خـۆی دەچەسـپێنێ ، هەرچـەندە نۆشـنیش بەشێکە لە شێوەکانی ڕەنگدانەوەی هەست کە بە ئاکـارە باوەکانـەوە پەیوەسـتەو خـۆی بـەزمان نیـشاندەدا و پەیوەندی بە واتای شتەکە و جۆری دەربڕینی لای کۆمەڵ هەیە . سەرەڕای ئەوەش لەوانەیە ئەگەر ئەم کتێبـەم بەزمانی عەرەبی بنوسیبایە کەمتر تاڵی گرفتم توش دەبون ، لەبـەر ئـەوەی خوێنـدنم عـەرەبی بـوە و زۆربـەی ژێدەرەکانی سود لێوەرگرتنم عەرەبی بوون . جگە لەمەش و هەروەک پێشتر باسم کرد : عەرەبی زیاتر کـاری تێدا کراوە ، کە لە ئەنجامدا بۆتە مایەی هەبونی زاراوەی زیاتر ، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیێنێ کە فەلسەفە بـە کوردی نانوسرێ ، بۆیەش بڕیارەکەم بۆ نوسینی ئەم کتێبە بە کوردی نەک تەنها " نا " یێکی مەزنە ، بـە ڵکـو بەڵگەیێکی ئاشکرایە کە تەنانەت نامۆییش بە کوردی دەنوسـرێ ، بۆیـەش دەڵـێم : کـاتی ئـەوە هـاتوە واز لـە تەنگبینی و ناوچەگەری بێنین و بیرلەوە بکەینەوە بەلایەنی کەمەوە زاراوەیێکـی تـەڤگرمان هـەبێت ، بـۆ ئـەوەی نوسین و ڕەنگدانەوەی ببێتە پرۆسێسێکی تەواو و ئاسانتر و یەکی وەکو من بیر لەوە نەکاتەوە ئەم کتێبە دو جـار بنوسێتەوە ، جارێک بە کرمانجی سەرو جارێک بە کرمانجی خوارو ، بۆ ئەوەی زیاترین ژمارەی خـەڵک تێبگـات . زۆرمان لە دەست داوە و کاتی ئەوە هاتوە زاراوەیێکـی تـەڤگر و یـەکگرتومان هـەبێت ، چـونکی زمـانی تـەڤگر یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی بونی هەر نەتەوەیێک .

لەوانەیە لەزۆر شوێنی ئەو کتێبەدا دارژتنی پەیڤگەری گرفتی گەیاندنی مەبەست بگرێتـە ئـامێز ، یـان نەتوانێ مەبەست بە تەواوەتی بگەیێنێ ، بە تایبەت کۆپلە و گێڕدراوەکان ، ئەوەندەش گرفتـی زمـانی کـوردی نیە کە فەلسەفەی بە ڕادەی بڵاوبونەوەی زاراوەی پێ نەنوسراوە ، چونکی زۆرجـار لـە زمانـەکانی تـریش وەک ئینگلیزی یان فرەنسی کاتی تێکستێک وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر ، هەندێک کۆپلە هەن وەکو خۆیان بەجێ دەمێنن ، چونکی جگە لە زمانە زگماکیەکەیان وەرناگێڕدرێنە سەر هیچ زمانێکی تر .

"[11]" ( تصور ) وێنەییێکی هەستیاری دیاردەکانی بویەرە ، لە هۆشیـاریدا دەمێنێ و لەبەر دەکرێ بەبێ ئـەوەی دیاردەکـە کـارتێکردنێکی ڕاستەوخۆی بمێنێ .

# زمانی نامۆ
# ئاڤاهی و تەڤنی زمان

زمان بەهەرحاڵ تاکە ڕێگای لەیەک گەیشتنی مرۆڤایەتی یە ئەگەر چی زمانی لەش Body language و زمانی ئاماژە Sign language و شێوەی گۆڕینی ڕوخسار و کارتێکردنیان لەسەر تێگەیشتنی بەرامبەر ، پەیوەندیان بە زمان تێگەیشتنەوە هەیە ، هەمیشە ویستێکە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لەیەک بگەن و باری ژیان و پرۆسەکانی ئاسانتر بکەن . " زمان Language و ئاخافتن Speech پەیوەندیێکی دیالیکتیکی و دیرۆکیان لەناودا هەیە و دەکرێ جۆرەها زمان لەناو یەک زماندا بەکاربێن ، وەک زمانی ڕۆمان و زمانی سیاسەت و زمانی داهێنان و جۆری دەربڕین لە چینێک بۆ چینێکی تر ، بەگوێرەی جیاوازی مژارەکان و هزرە مەزیخراوەکانی ئەو مژارە . زمان لە دێر زەمانەوە جێگای سەرەنجی فەیلەسوف و زاناکان بوە ، چونکی " زمان بیرکردنەوە و ئەندێشەیە ، یاخود هەر خودی زانستە ، مرۆڤ ناتوانێ لەدەرەوەی ئاڤاهی زمان بیربکاتەوە ، لەبەر ئەوەشە مرۆڤ بەتەنها لەناو مەودای ئاڤاهی زمان شت بەیەکەوە دەلکێنێ ، مرۆڤ بەبێ زمان دەبێتە نازیندەوەر ، یان دەبێت بەهیچ . " ١ ئەگەر زمان بۆ دەربڕین نەبوایە ، زمانی تێگەیشتنی شت و مژارەکانیش نەدەبو .

" زمان لای " سوسێر " کۆمەڵێک یاسایە کە پێشتر خەڵک لەسەری پێک هاتون ، کۆنترۆڵی بەکارهێنانەکەی دەکەن ، لەکاتێکدا ئاخاڤتن " Speech " ڕشازاندنەوەی ئەو یاسایانەیە لە مژارێکی دیاریکراو دا ، واتە زمان ئەو سیستمە هەمەگەریەیە کە دەستەڵاتی پەیوەندیەکان لە نێوان ئاڤاهی " بونیادی " بچوک لەبەکارهێنانە ئاسایەکاندا . "٢ زمان گۆڕانکاری بەردەوامی بەسەردا دێ . " زمان وەکو جاران نەماوە ، لە پێکهاتەکانی دروشم و کارێکتەری چاولێکەر کە چالاکیەکانی ئامێرگەریێتی لۆجیکی ئەرستۆیی بەکاربهێنێ بۆ واتادانی بویەر لە ڕێگای کەناڵەکانی هەستکردنەوە ، لەگەڵ پێشکەوتنە ئەپستمۆلۆجیە نویچیەکە ، لە چەمکی ئەوە نزیک دەبینەوە کە زمان سیستمێکی تایبەتە و یەکێتی و تەڤگەری تایبەتی خۆی هەیە و زمان بەو شێوە نەماوە کە تەنها نوێنەرایەتی دەنگ و واتاگەری بکات ، بەڵام نوێنەرایەتی ئاڤاهی واتایەکە دەکات . " ٣ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر زمان هاتون بەگوێرەی ئەپستمۆلۆجی و باری ژیار زۆرن ، بەڵام هەمیشە لۆجیکێک لەمەودای ناونانی شت و مژارەکاندا هەیە کە هۆشیاری و ناهۆشیاری بەیەکەوە گرێدەدات ، لەژێر یەکێتی مژارگەریەکە و Element ئەلیمێنتی تێگەیراوەکان ، بەگوێرەی لۆجیکی مرۆڤ .

ناونانی شت و دیاردەکان لۆجیکێکی هەیە " لە خۆڕا نیە " و بەبێ ئەو لۆجیکە پرۆسەکە مەودایێکی هەستکردن و هۆشیاری نابێت ، چونکی دەبێ بەشتێکی بەدەر لە هەستکردن . دەبێ لۆجیک و پارالۆجیک لەو پرۆسەدا جۆرە پەیوەندیێکیان بە پەسەن و پەرچەم و کاری ناوبراوەوە هەبێت ، ئەگینا دەبێتە ئەلیمێنتێکی نەناسراو . " پۆل ریکۆر لە دوپاتکردنی بۆچونی مارتن هایدیگەرەوە دەستپێدەکات کە " ( وەرگیردراو لەناو جەرگەی میتافیزیک دایە ) وەرگیردراویش Metaphor ( الأستعارة ) یە لە زمانە ئەوروپیەکاندا . گوتنەکەی هایدیگەر ئەوە دەگەیێنێ کە دوای واتا ، لەناو دوای میتافیزیکدایە و گوێزرانیش ( الأحالة ) Reference

واتایێکی تایبەتی بەنیوان ناوەوەی زمان و دەرەوەی زماندا هەیە یاخود دوای واتای زمانە . "٤ بۆ نمونە ئێمە ناتوانین ئاسن بەگوڵ ناوبەرین و ناوی قۆپچە لە هەیڤ بنێین و بە هەڤیر بڵێن گوێزان و بەئاو بڵێین مێخەک ! ئەگەرچی بۆچونێکیش هەبێت بڕوای بەوە بێت کە : ئەگەر لەسەرەتاوە ناوی هەیڤ قۆپچە بوایە ، ئێستاش هەر بە قۆپچەییمان دەناسی و ئەگەر هەڤیر گوێزان بوایە هەروامان دەناسی . بەڵام بەگوێرەی ڕوداو و پاش ڕوداو و وێنەیی و دەنگ و ڕەنگ و کات و شوێن کە لۆجیکەکەی دروست کردوە و ناتوانین ناوی گوێزان لە هەڤیر بنێن ، چونکی بە ئاسایی لەگەڵیدا ناگونجێ .ناوەکان جۆرە لۆجیکێکی وێنەیی گشتی دەگرنە باوەش کە بریتین لە ڕەنگ و دەنگ و جۆری بەکارهێنان و بویەر و دورهێل ، کات و شوێن و هەمو وردەواڵەکانی تر ، کەواتە دەتوانین لۆجیکی بەکارهێنان بکەین بە دو بەشی لە هەڤ جیاواز و بەیەکەوە بەستراو ، بەشێکی مەتریالی کە بریتیە لە پێکهاتە هەستپێکراو و سەلمێندراوەکان و بەشێکی میتافیزیک و نەسەلمێندراو ، هەرچەندە ئەوەش ئەوە ناگەیێنێ : ئەگەر ئێمە شتێک نەبینین ، کەواتە شتەکە بوونی نیە . بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە بڵێین : ئێمە لەبەر لاوازی هەستەکانمان نایبینین . ئەگەر هەستەکانمان هەرەکی و پێرفێکت بونایە ئەو کاتە بە سانایی بۆمان دەسەلما ، تەنها شتی بیندراو و هەستپێکراو بوونی هەیە و لەدەرەوەی هەست و ئاگا شتەکان وەک ئەوەیە کە نەبن . " ڕەنگ و شێوە و جولە و درێژە پێدان ، وەک هەستەکان لە عەقڵدا دەناسرێن و هیچ شتێک لە ناویاندا نیە کە خویا نەکرێ ، بەڵام ئەگەر وەک تێبینی سەیر بکرێن ، کە ئاماژە بۆ شتەکان و شێوازە سەرەکیەکان کە لە عەقڵەوە جیاواز و سەربەخۆن ، گومان لە هەمو لایێکەوە دەمانگرێ ، چونکی ئێمە تەنها دیاردەی ڕوکەشی شتەکان دەبینین . "٥ زمانەکان ویستێکن ۆ ئەوەی مرۆڤ ژیانی بهەڤرا ئاسانتر بکات ، چونکی ناتوانێ بە تەنیا بژی ، لەبەر ئەوەی تەواو نیە و تەواویش نیە چونکە ویستی هەیە ، تەنها ئەوەی ویستی نیە دەتوانێ بە تەنیا بژی و تەواوە " پێرفێکتە " کە پێویستی بەکەس و هیچ نیە ، مرۆڤ هەمیشە بەرەو ئەو تەواوەتیە تێدەکۆشێ و خەباتەکەشی دەبێتە ویستی ژیان و پێشکەوتن . ئەگەر مرۆڤ وەک زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی ناسراو بێت ، ئەو بە کۆمەڵایەتی بوونەی مرۆڤ بەشێکی زۆری لە پێداویستەوە هاتوە کە ناتوانێ تەیا بژی ، چونکی بەهەمو ویستەکانی خۆی ڕاناگات ، پێویستی بەکەسانی تر هەیە بۆ ئەوەی سەختی و کۆسپی بەردەم پێشەوەچونی ئاسان بکەن ، بیرۆکەی ژیانی بەکۆمەڵ لێرەوە دەستی پێکردوە ، ئەگەر بڵێین : لەسەرەتای چاخەکانی مرۆڤایەتیەوە ، لەبەر ترس و خۆ پاراستن لە هۆڤ بهەڤرا ژیاوە . ئێستاش هەر هەمان وێنە هەیە ، بەڵام بە شێوەیێکی تر کە مرۆڤ ناتوانێ جوتیار بێ و پیشەساز و دارتاش و پینەدۆز بێت و لەهەمان کات دا کۆمپیوتەر دروست بکات و کشتوکاڵی بکات و نەفت لەژێر خاک دەربێنێ و ئەدەب بنوسێ و ئاسنگەریش بێت .

هەتا مرۆڤایەتی بەرەو پێش بڕوات پەیوەندیەمان ئاڵۆز تر دەبن و هەتا بەرەو پێرفێکتی بڕوات پێداویستەکانی کاڵ دەبنەوە و پێویستی بە خەڵکی تر کەمتر دەبێتەوە و لە کۆمەڵ تازی دەبێ و دواتر نامۆ دەبێ . لەوەش گرنگتر پێداویستی مرۆڤ بۆ بهەڤرا ژیان لەمەسەلەی سەلماندنی خودەوە هاتوە . مرۆڤێک بەبێ مرۆڤێکی تر ناتوانێ هەبوونی خۆی بسەلمێنێ ، لە حاڵەتی دو مرۆڤی بەرامبەر هەڤ ، یەکەم چۆن هەبوونی خۆی بەبێ هەستەکانی دوەم بسەلمێنێ ؟ چۆن بۆ ئەوەی تر دەسەلمێنیت کەوا تۆ هەیت ؟ ئەگەر لەڕێگای هەستەکانی ئەوەوە نەبێت ؟ کەواتە دوپات کردنی خۆمان لەڕێگای هەستەکانی بەرامبەرەوە دەسەلمێن ، ئەو کەمایەتیەش لە خۆماندا وامان لێدەکات بە ناچاری لەگەڵ کەسانی تر بژین . بۆیەش سەرەڕای ئەو هەمو پێشکەوتنانە زمان بە پرۆسێکی نامۆ دەمێنێتەوە ، چونکی هەرگیز نەیتوانیوە نوێنەرایەتی خود بە پێرفێکتی بکات

لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر ئاماژەم بۆیان کرد ، ئەگەر زمان ویستێک بێت مرۆڤ بە ناچاری بەکاری بێنێ بۆ ئەوەی لە مرۆڤەکانی تر بگات و ژیان و پەیوەندیەکانی خۆی پێ ڕێک بخات و ئاستەنگەکانی ژیان ئاسانتر بکات ، ئەوڵیش دەدا بۆ ئەوەی لای کەسانی تر تێگەیراو بێت ، بۆ ئەم مەبەستەش — گەیاندنی هزرێک — هەوڵ دەدا جۆرەها پەیف و زاراوە بەکاربێنێ لە پێناو گەیاندنی هزرەکە بە بەرامبەر ، بۆیەش نۆر جار پەیڤی تر دەدۆزێتەوە ، چونکی پەیڤە ڕاستە پێرفێکتەکە نایێتە هزری ، یان لەبیری دەچێ ، یانیش لەبەر کەم و کوڕی زمان و ئەزمانەکە پەیڤەکە هەر نیە ، یانیش لەبەر کەم زانینی خۆی پەیڤەکە نازانێ ، ئەو کات ناچار دەبێ پەیڤێکی جێگۆڕی بۆ بدۆزێتەوە و بەیەکەوەیان بلکێنێ ، لەئەنجامی ئەو بەیەکەوە لکاندنە هزرێکی تر دەردەبڕێ کە هزری خۆی نیە . ئەگەر مرۆڤ هزرێک دەربخات کە هزری خۆی نەبێ ، ئەوە بێگومان خودێکی تر دەنوێنێ کە خودی خۆی نیە ، چونکە شتێکی لەخۆی نامۆ دەڵێ ، ئەوەش جگە لە نامۆیی هیچی تری پێ ناگوترێ ، کە شتێک بڵێیت خۆت مەبەستت نەبێت و کەسێک نیشان بدەیت کە خۆت نیت ، واتا نامۆیت . زۆر جاریش بەسەر هەمومناندا هاتوە کە لەشوێنێک شتێکمان گوتوە و دواتر بیرمان لێی کردۆتەوە کە ئێمە نەماندەویست ئەو شتە بڵێین و ئەوەی بەرامبەر بەڤاری لێی تێگەیشت ، وای تێگەیشتوە وەک چۆن ئێمە دەرمان بڕیوە " لە زارمان دەرهاتوە " نەک وەک چۆن ئێمە بیرمان لێ کردۆتەوە و ویستومانە دەریببڕین .

کەواتە زۆر لەو کەسانەی ناو کۆمەڵگا کە لە ئەنجامی ئاخاڤتنەکانی خۆیان و نیشاندان و پەسەنی کەسایەتییێک کە نواندویانە ، حوکمی خراپمان لەسەریان داوە ، یاخود بە پێچەوانە زۆر لەو کەسانەی بە چاوێکی بەرز سەیریان دەکەین و لەبەر ئاخڤتنەکانیان بە مەزن و سەروەریان دەزانین ، کەسایەتییێکی تر پێشکەش دەکەن ، کە مەرج نیە خۆیان بن یاخود ئەو کەسایەتیەی ئێمە لێی تێگەشتوین .ئاخڤتنزانێک ئەگەر چی پیاو خراپیش بێت ، بۆ جاری یەکەم دەتوانێ زیاتر قەناعەتمان پێ بێنێ کە پیاوێکی چاکە ، زۆر زیاتر لە پیاو چاکێک کە نەتوانێ دەریبڕێ . زۆرجار زمان لوسێک کەسایەتییێک لەناو کۆمەڵگا دەرازێنێتەوە ، دەکرێ هەمو شتێک بێت ، تەنها خودی خۆی نیە . زۆربەی جاریش بڕوای پێ دەکەین و لەوانەیە دوارۆژی خۆشمان بدەینە دەستی تا شتێک دەکات و خۆی ئاشکرا دەکات ، ئینجا خودە ڕاستەقینەکەی دەناشین و بەقەد بڕوا پێکردنمان لێی پەشیمان دەبینەوە . ئەوەندەش ئاڵۆزی پەیوەندیەکانی مرۆڤایەتیمان بۆ دەردەخات ، کە چۆن لەو تاکە ڕێگایەی لە هەڤگەیشتن توشی ئەو هەمو گیروگرفتانە دەبین . مەبەست لێرەدا ناساندنی جۆرێکی تری نامۆییە ، کە نامۆیی مرۆڤ لە زمان یان خۆ بەغەریب زانین ، دەبێتە مایەی نامۆبونی تر . چونکە نامۆیی بە خودی مرۆڤ و ڕاددەی هۆشیاریەوە بەستراوە و نەک بە شتەکەوە و گرفت دەخاتە ناو پرۆسێسی لە هەڤگەیشتن و دواتر کاردەکاتە سەر هەستی تەڤلیبون چونکی زمان بەپێی پێویست پێش نەکەوتوە ، ئەگەرچی گۆڕانی مەزنی بەسەردا هاتبێت .

من لەو زمانە نامۆم ، ناشتوانم ئەوەی دەمەوێ وەکو خۆی بیڵێم ، پێشم وایە ئەگەر زانست توانیبێتی ئەلیکتریک لە جیاتی چرا بدۆزێتەوە و تەلەفۆن و فاکس و ئینتەرنێت و لەجیاتی سواری چوار پێ بدۆزێتەوە و پیاسە لەسەر هەیف بکات لەباتی تەنەکە لێدان — نەهەنگ هەیڤی قوت داوە — زۆر شەرمە تاکو ئێستا مرۆڤ بەهەمان شێوەی هەزاران ساڵ لەمەوبەر ، زمانی خۆی بجولێنێ و پرتەپرتێ دروست بکات و ناوی لێ بنێ زمان و بیەوێ بەو پرتە پرتە لە لۆجیکی هیگڵ و حیکمەتی شیشرۆن و سپینوزاو نامۆیی پلۆتۆ و هەبونی سارتەر و سوتانی مەولانا خالد و غاندی و حەللاج و خەیام و مەلای جزیری و شێرکۆ بێکەس بگات !!

دەبێ بەرامبەر بەو مژارانە و زۆری تر ، شێوازی پەیوەندیەکانی مرۆڤ بگۆڕدرێ و بەلایەنی کەمەوە گۆڕانکاریەکە بەقەد بالای پێشکەوتنەکانی تری مرۆڤایەتی بێت ! ئەو ئاستەش تەنها بە Telepathy دێتە ئارا ، کە پەیوەندی نێوان دو مێشك و خوێندنەوەی هزرەکانە ، ئەوسا نامۆیی لە زمان نەدەما چونکی هەر کەسێ ئەوەی دەگوت کە مەبەستێتی و ئەوەی نیشان دەدا کە لە ناخییێتی ، درۆ و دوڕویی تۆڕی هەڵدەدا و لەوانەشە دەویش شێوازێکی تری وەردەگرت و مەسەلەی دوپاتکردنی هەبونیش ئاسانتر دەبو چونکی لە ڕێگای هەستەکانی بەرامبەرەوە نەدەکرا . دەبێ مرۆڤ هەوڵ بدات هێزە شاردراوەکانی مێشك بخاتە کار و بەکاریان بێنێ و وەك هەمو پێداویستەکانی تری ژیان بەدوایاندا بگەڕێ و هەوڵیان بۆ بدات ، چونکی زمان بەرامبەر پێشکەوتنەکانی تر ، باوی نەماوە و کارەکان بە ڕێکوپێکی ئەنجام نادات ، دەبێ بەر لە هەمو شتێك لە زمانەکەوە بکەوینە گومان و بیری چاکی بۆ بکەین کە دەبێ جێگۆڕێکی هەژیی بۆ پەیدا ببێت ، ئەگەر چی زۆر سەختیش بێت ، بەلام بۆ عەقڵی مرۆڤ مەحاڵ نیە و هەر شتێك بۆی هەبێ بە گۆڕانکاری بگۆڕێ ، جێگای گۆڕانکاری تریش دەبێتەوە ، بۆیە دەڵێم : هەر شتێکی ویستت لێی بگەی بە ڕاستی و قەناعەت ، دەبێ بە سەیری ببینی و لە ئاشنایەتی ( مألوف ) دەرچی وەك وەك چۆن مارکس دەڵێ : گومان یەقین دروست دەکات .

یاخود دەبێ خۆتی لێ نامۆ بکەیت ، چونکی هەتا خۆت لە گرفتێك نامۆ نەکەیت ناتوانی هەمو کوژیەکانی ببینی ، هەر بۆیەش ئێمە دەتوانین گرفتی خەڵکی تر کە گرفتی خۆمان نین و هزرمان لێیان نامۆیە بەباشتر چارە بکەین لەوانەی خۆمان ، چونکی مەرج نیە هەر شتێکی ئاشنا ناسراو بێت . ئەگەر مەرج نەبێت هەرشتێکی ئاشنا ناسراو بێت ، کەواتە مەرج نیە هەر شتێکی ناسراویش ئاشنا بێت . بۆیەش زۆرجار لە هونەریش هەوڵی نامۆکردنی بینەر و گوێڕایەڵ دەدرێت بۆ ئەوەی زیاتر لە بنجەکانی دەق بکۆڵێتەوە و دواتر گومانەکەی ، بە خاڵێکی دیاریکراوی بگەیێنێ " دارژتنی بریخت بۆ کارە شیعریەکان دژ بە پەیڕەوی ئەرستۆیی باسی کاریگەری نامۆ کردن لە شانۆگەریێك دا : دەبێ نوسەری دراما جەماوەر لە دەق نامۆ بکات بۆ ئەوەی بە بیری بێت کەوا لەناو شانۆ دانیشتوە . "٦ خۆ نامۆ کردن لە شتێك کوژی جیاوازی نوێمان بۆ ئاشکرا دەکات و تەنها باو و نەلف سەرەنجمان ڕاناکێشێ ، کەسمان پەنجەکانی خۆی لە پێشەوە نەدیتوە ، بەهەمان گۆشە کە خەڵکی تر دەیانبینن . ئێمە هەر لەسەرەوە دەیانبینین و هەر لە شەرەوە خویایان دەکەین بەلام ئەگەر دەستەکە ڕوبەڕوی خۆمان بکەین و ڕوی پەنجەکان بخەینە ڕوی خۆمان و لە پێشەوە ببینین ، ئەوسا بە نامۆیی سەیریان دەکەین و بەو شێوەیە دەیانبینین کە خەڵکی تر هەمیشە پێیان ئاشنایە . کەسمان سەیری چراکەی ماڵەوە ناکات و پویتەی پێناکەین ، لەبەر ئەوەی کارکردن کارە باوەکەیێتی و دەبێ کار بکات ، تەنها کاتێ دەسوتێ و کارمان ڕادەوەستێنێ ، لە باو دەردەچێ و سەرەنجمان ڕادەکێشێ ، ئینجا پاکی دەکەینەوە و پویتەی پێ دەدەین و دەیگۆڕین . هەر شتێك ئەگەر بە ناباو سەیری بکەین و خۆمانی لێ نامۆ بکەین ، لێی دەگەین بە ئەنجامێکی نوێ کە پێشتر لەبەر باویەتی و ئاشنایەتی نەماندەدیت .

# ناساندنی زاراوەکە

زارەوەی نامۆیی واتای خۆی بەتەواوەتی ناگەیەنێ ئەگـەر پێـشتر حاڵەتەکـە نـەزانین ، چـونکی نـامۆیی پەسەن نیـە ، بـەڵکو دەشـێ بێـژین کـردارە و وەك هـەر کرداریێکـی تـر دژ کـرداری هەیـە . بـۆ ئـەوەی بـە تێگەیشتنێکی باشتر بگەین ، دەبێ پێشتر بزانین کێ لەچی نـامۆ بـوەو هەرچـەندە ئـەوەش بـەس نیـە ، دەبـێ هێڤکەینە هۆکارەکان و کارتێکردنیان لەسەر مرۆڤ و دەوروبەر و مژاری پابەند ، ئـەگینا توشـی هـەمان گرفـت دەبین کە زۆربەی نوسەران توشی بون لەمەڕ تێگەیشتنی زاراوەی نامۆیی و دواتر بۆتە مایەی تێگەیشتنێکی ڤاری لەلایەن خوێنەرەوە ، لەبەر ئاڵۆزی و هۆمۆنەیمی Homonymy "[١٢]" زاراوەکە .

دەتوانم بڵێم : نەك هەر بەکوردی شت لەسەر نامۆیی نەنوسراوە ، بەڵکو بە زمانەکانی تـریش شـتی کەم لەسەر نوسراوە و جگە لـە چـەند کتێبێکـی ژمێـردراو هیـچی تـر لەسـەر ئـەم مـژارە گـرنگ و ئـاڵۆزە لـە کتێبخانەکاندا نادۆزرێتەوە ، هەرچەندە نامۆیی گرفتی هەر سەردەمێکە و لە قۆناغـە پێـشکەوتوەکانی دا دەبـێ بەهۆی سەرەکی زۆربەی نەخۆشیە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکان .

کتێبی ( الأغـتراب ) ی ڕیچارد شاخت یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی لەسەر جۆرەکانی بـەکارهێنانی زاراوەی نامۆیی نوسراوە و تێدا بە تێروتەسەلی شێوە جیاوازەکـانی بـەکارهێنان و گرێیـە ئاڵۆزەکـانی زاراوەکـە شـرۆڤە دەکات ، زۆر جار فەیلەسوفی وەك ئێریك فرۆم و سارتەر و کارین هـورنی و پـۆل تیلـیش ، تەنانـەت هـیگڵ و مارکسیش زاراوەکەیان بۆ دیاردەی جیاواز لە شوێن و حاڵەتی جیاوازدا بەکارهێناوە .

گۆڕانکاری و پێڤارەکان گەیشتونەتە ڕادەی ئوەی خوێنەر لە زۆر جێگا هەست دەکات کە ئەوانـە باسـی زاراوەیێکی جیاواز دەکەن یاخود مەبەستیان حاڵـەتێکی تـرە . ئەگـەر چـی ڕیـچارد شـاخت زۆری لـەو ئاڵۆزیـەی کردۆتەوە و کاری خوێنەری ئاسانتر کردوە ، بەڵام هەر گرێی جیاوازی بەکارهێنان ماوەتەوە و لە ئەنجامدا هـەر کەسێك بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی بە شێوەیێك بەکاری هێناوە .

جیاوازی شێوەی بەکارهێنانیان تەمومـژێکی زۆری خـستۆتە سـەر زاراوەکـە و ئـەو بەکارهێنانـە وای لـە نوسەر و فەیلەسوفی تریش کردوە کە هەمان بەکارهێنان بکەن بە بناغەی بەکارهێنانیان بەرەو بۆچـونی نـوێ ، تەنانەت ئەگەر بە هەڵەش بەکارهاتبوبێت ، زۆربـەی جۆرەکـانی بەکارهێنانـەکان و پـشك کردنـی مژارگـەری لەسەر ڕۆڵی پەیڤەکە لەڕوی داپچڕان لە بەها و ئاکاری کۆمەڵ نیشاندەدەن . ئەوەندەش هەمو مژارەکـە نیـە ، بەڵکو بەشێکی گرنگێتی ، بەڵام لەبەر ئەوەی حاڵەتەکە ستانداردێکی نیە و هیچ مەودای بۆ دانەندراوە ، تەنانەت لەڕوی بەکارهێنانیشەوە .

بۆ نمونە ئەگەر بێژین : مرۆڤێکی ڕاستی خاوەن ئاکـار و هەسـتی هەڤوەڵاتیـەتی ، لـەناو کۆمـەڵگایێکی هەڵوەشاودا نامۆ دەبێ . بۆمان هەیە بەهەمان شێوە بێژین : مرۆڤی بێ بەهاو ئاکار لەناو کۆمـەڵگایێکی سـاغ و دروستدا ناتەڤلیە ( لا منتمي ) نامۆیە . کەواتە نامۆیی مرۆڤی ڕاست و مرۆڤی خـواریش دەگـرێ و هـەردوکیان هەمان هەستیان دەبێت لە چەمکی جیاوازەوە ، بۆیەش زۆر گرنگە بەرلەوەی نامۆیی بـاس بکـرێ دەبـێ پێـشتر

---

[12] " هەڵەییێکی لۆجیکی ، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی پەیڤێك بە شێوازی جیاوە و بەکارهێنانی شتی جیاواز بۆ هەمان چەمك .

باری سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا شی بکرێتەوە و ژینگەکە بناسرێ و مەرجەکانی بەهەڤگرێدان خویابکرێن ، ئەگینا ئێمەش توشی هەمان هەڵەی بەکارهێنان دێین .

ئەگەر لە دەرەوەی وەڵات بەیانییێک لەخەو هەڵسای و غەریبیماڵەوە و وەڵاتت کردبێ و لەگەڵ دۆخی ژیانی مشەختیدا نەگونجێیت ! ئەوە ناگەیێنێ کە نامۆی ، ئەگەر کەسێک نەناسی و پەیوەندی پێشترت پێوە نەبوبێ ، یاخود ڕەفتاری لەگەڵت نەگونجێ ، یانیش لە وەڵاتێکی تر بیت ، ئەوە ناگەیێنێ کە لێی نامۆی و هەروەک چونی مرۆڤ بۆ سەر هەیڤ بۆ جاری یەکەم ، ئوە ناگەیێنێ کە مرۆڤەکە لە هەیڤ نامۆیە .

وا دەردەکەوێ : " ئەو کارانەی بە ڕاستەوخۆ باس لە زاراوەی نامۆیی ناکەن ، بەباشتر هزری نامۆیی بە خوێنەر دەگەیێنن لەوانەی کە بەڕاستەوخۆ باسی لێوە دەکەن . "٧

ئەو گوتنە زۆر بە ئاسانی دەسەلمێ کاتێ مرۆڤ کارێکی ئەدەبی وەکو ( المتمرد ) ی ئەلبێرتۆ مۆراڤیا و ( المنمي و اللآمنتمي ) ی کۆلن ویلسن و ( المسخ ) ی کافکا و مرۆڤی یاخی و ئەفسانەی سیزیفی ئەلبێر کامۆ و پاڵتۆی گۆگۆڵ و سەدئارتای هێرمان هیس و زۆری تر دەخوێنێتەوە ، هەمویان بە شێوە داڕژتنێکی ئەدەبی یەک حاڵەت دەڕازێننەوە : حاڵەتی سوتانی ڕوح بە کڵپەی نامۆیی ، کەسیشیان ڕاستەوخۆ ئەرکی ناساندنی نامۆیی ناگرێتە ئەستۆ و نامۆی ڕاستەوخۆ بەئاشکرایی ناناسێنێتەوە ، بەڵام خوێنەر بە تەواوەتی دەچێتە نێو دونیای نامۆیی و لێی تێدەگات .لەم جۆرە مژارانە مرۆڤ بەباشتر لە نامۆیی دەگات لەوانەی کە بەڕاستەوخۆ ئەرکی ناساندنی نامۆیی ئەکادیمیانە دەگرنە ئەستۆ ، وەکو : دەسنوسەکانی مارکس یان The Phenomenology of Mind ی هیگڵ یان کۆمەڵگای یەکسانی ئەریک فرۆم و دەستنوسەکانی مارکس و نوسینەکانی نیتشە و سارتەر و ... هتد ! .

لەبەرئەوەی نوسینە ئەکادیمیەکان وشکن و بۆ توێژێکی کۆمەڵ دەنوسرێن و وەرگێڕان هێندەی تر وشکیان دەکات ، دوبێتە مەحاڵ مرۆڤ لێیان تێبگات .

لەناو زمانی کوردی پەیڤی نامۆیی / نامۆبون وەکو زاراوەیێکی داتاشراو بۆ فۆرمی Alienation کە بەرامبەر بە پەیڤی ( الأغتراب ) ە بە عەرەبی و Entfremdung نامۆیی و Entausserung بە واتای تازیبون ( الإنسلاخ ) بە ئەڵمانی ، پەیڤە کوردیەکە " نامۆیی " پێچەوانەی دەستەمۆیە ، هەر کەسێ بەرامبەر بە دەستەمۆکردن یاخی ببێت نادەستەمۆیە واتە نامۆ ، هەروەها دەکرێ پەیڤی هاڤیبون لەجیاتی نامۆیی بەکابێ چونکی هاڤی : واتە جێمانەوە ڤەمان : ماهین ژ ڕەڤینێ هاڤی بو ، کەو ژ ڕەڤێ هاڤی بو ، واتا جێمانەوە و گیرۆبونی یان تێکەڵ نەبونی لەگەڵ کۆمەڵەکەی . من هاڤیبونم پێ ڕاستترە چونکی هاڤی واتای تێکەڵ نەبون و نەگونجان دەگەیێنێ ، لە کاتێکدا نامۆ پێچەوانەی مەویکردنە و واتای کیوی دەدا ، بۆ فۆرمی نامۆیی مەرج نیە یاخیەکە نامۆ بێت ، دەکرێ دەستەمۆیەکە نامۆ بێت .

پەیڤی نامۆیی لە فەرهەنگی زمانی تریش بە جۆراوجۆر باس کراوە . لە فەرهەنگی زاراوە فەلسەفیەکان دانانی یۆدین و ڕۆزینتاڵ ، نامۆیی وەک زاراوەیێکی فەلسەفی دەناسێنێ : " تێگەیشتنێکە لە لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی بەرهەمی چالاکیەکانی مرۆڤایەتی / کۆمەڵایەتی لەبارودۆخێکی تایبەتدا ، هەروەها گۆڕینی پەسەن و توانای مرۆڤ بۆ شتێکی تری جیاوازی بەسەردا زاڵ بو " .

هەڵبەتە ئەو بۆچونە شرۆڤەییێکی پەتی و تایبەتە بە فەرهەنگی مارکسیزمەوە و دیدی مارکسیزم بۆ نامۆیی دەکا بە سەرچاوەی هەمو شرۆڤەیێک ، کە دیدێکی پەیوەستە بە پەیوەندیەکانی بەرهەم و نامۆیی

کرێکار و لە ئەنجامدا دەیگەڕێنێتەوە سەر ئەگەرەکانی سیستمی سەرمایەداری و ڕسوابونی کرێکار لەناو ئەو سیستمانەدا .

لە فەرهەنگی ئینگلیزی کۆن دا ۱۸۹۰ نامۆیی Alienation بەنامۆکردنی عەقار و خاوەنداریەتی لە خاوەنی خۆیان دەناسێنێ ، واتا گۆڕینی خاوەنداریەتی عەقار و خانو لە خاوەنەکەی خۆیان بۆ کەسێکی تر . دواتر لە فەرهەنگی ئۆکفۆردی ۱۹۸۹ چاپی دووەمدا نامۆیی بە ناسازییێکی مێشک دەناسێنێ کە بۆی هەیە هەستی نامۆ بەکەسێک ببەخشێ لەناو کۆمەڵگاییێکی دروست دا ، هەروەها هونەرمەند هەست بە نامۆیی لە کۆمەڵگا دەکات ، چونکی بەها و بەها و ئاکارەکانی پەسەند نیە ، بۆیە کۆمەڵگا ڕەت دەکاتەوە ، بۆ نمونە : سیاسەتە نوێیەکەی سەرەک وەزیران جەماوەری خۆی لەخۆ نامۆکرد .

" هیگڵ لەسەرەتاکانی ۱۸۰۷ لە کتێبی " دیاردەیی هزری هەمەگەر " ( ظاهرات العقل الكلي ) The Phenomenology of Mind پەیڤی Entfremdug بە واتای نامۆبون و Entausserung بە واتای تازیبونی ( الإنسلاخ ) بەکار هێناوە ، دوای ئەو بەکارهێنانەی هیگڵ بۆ زاراوەکە کەسی تر بەو جۆرە بەکاری نەهێناوە و بڵاو نەبۆتەوە " هرمان کلۆکنێر هەر دو پەیڤی لە کتێبەکەی خۆیدا " فەرهەنگی هیگڵی " – چوار بەرگ – بەکارنەبردوە کە لە ساڵانی ۱۹۳۵ – ۱۹۳۹ چاپکراوە ، هەروەها جۆهان هۆفمایستێر لە " دیاردەکان " و " فەرهەنگی تێگەیراوە فەلسەفیەکان " یش ساڵی ۱۹۵۲ – ۱۹۵۵ بەکار نەهێناوە "۸ " بێگومان ئێمە لەبەردەم حاڵەتێکی هزرین ، جارێ کاتەکەی بەسەر دونیادا نەهاتوە "۹ ئەگەر چی زۆرجار مارکس بە باوکی ڕوحی نامۆیی دەناسرێ ، بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە ، چونکی " کاتێ هیگڵ مرد تەمەنی مارکس ۱۳ ساڵ بو . "۱۰ دوای دوازدە ساڵ دەستی بە نوسینی ئەم جۆرە فەلسەفەی کرد و زۆربەی ئەو کەرەستەیە تا ساڵی ۱۹۳۲ بڵاو نەراوە هەروەها مارکس لە مانیفیستی کۆمۆنیستیش ساڵی ۱۸٤۸ نامۆیی بە ورێنەی فەلسەفی ناو دەبات . بۆیەش سەرەڕای بەکارهێنانی زاراوەکە لەلایەن زۆر لە فەیلەسوفەکان ، بەڵام هەمیشە ناوی هیگڵ وەکو ئەستێرەییێکی گەش بەو زاراوە پەیوەستە و وەک باوکێکی ڕەوای نامۆیی دەناسرێ .

## بەشی دووەم

# مرۆڤی نامۆ

نامۆیی پەیوەندی بە ڕادەی هۆشیاری یەوە هەیە و مرۆڤ بە گوێرەی ڕادەی هۆشیاری نامۆ دەبێت ، زۆرجاریش دەبیستین ، باس لەوە دەکرێ کە تەنها مرۆڤی ڕۆشەنبیر هەست بە نامۆیی دەکات . من پێم وانیە ، چونکی هەمو مرۆڤێکی هوشیاری خاوەن خودێکی ئازاد ، دەکرێ نامۆ بێت مەرج نیە ڕۆشەنبیر بێت ، یان لە نامۆیی بگات ، بەڵ:و زۆر جاریش مرۆڤێک ئەگەر ڕۆشەنبیریش نەبێت هەستی نامۆیی قوڵتر بێت لە ڕۆشەنبیرێک ، چونکی ڕادەی نامۆیی و فاکتەرە جیاوازیەکانی لە جۆری دەربڕینەکەوە دیاردەبن . بەڵام ئەوەی توانای دەربڕینی نەبێ ، یاخود شێوەیێکی دەربڕین نەزانێ ، بە ڕق و کینی ڕاستەوخۆ دەریدەبڕێ . مرۆڤی بەهرەمەند دژایەتی کۆمەڵ و دابونەریتە زۆردارەکانی کۆمەڵ بە داهێنانی خۆی دەکات ، یان دەقێکی بەهرەمەند دەخولقێنێ ، یان تابلۆیێکی هونەری و پارچەیێکی مۆسیقا ، لەجیاتی ئەوەی دژایەتی کۆمەڵ بە شێوەی تر بکات . بەڵام هاندەری هەردو کردارەکە هەر یەکە .

مرۆڤی نامۆ ئەو کەسەیە کە لەگەڵ سیستمێک دا ناگونجێ و لەبەر ئەوەی پابەندی ئەو سیستمەیە و بەبێ ئەو ناتوانێ بژێ ، دەبێ بەخشینی هەبێ و قوربانی لە پێناو ئەو بەهەڤڕا ژیانەی کە ناوی کۆمەڵە بدات ، لە ئەنجامدا نەک هەر هیچی پێ نابڕێ بەڵکو زیانیشی پێ دەکەوێ ، یەکەمین جار هەست بە جیاوازیێک لە نێوان خۆی کۆمەڵ دەکات و دواتر هەستی بەتەڤلیبون ( أنتماء ) نامێنێ و تازی ( أنسلاخ ) دەبێ . ئەو تازی بوونەشی دەبێتە مایەی گۆشەگیری و ئیتر کەس بەکەسی خۆی نازانێ و هەداری لە هیچ شوێنێک نایێت . زۆر جار لەناو خزم و کەس و برادەرە نزیکەکانی خۆی دادەنیشێ و لە ناکاوەوە کاتێ لە کەنگای خۆشی دا دەژین ، پەنجەکانی نامۆیی قورگی دەگرن ، ناچار دەبێ بگەڕێتەوە ناو قەپێلکە گەرمەکەی خۆە و وەک منداڵ لە زگی دایکی خۆی — لەمنداڵدان دا — خۆی کۆدەکاتەوە سەریەک ، چونکی هەر لەوێ هەست بە گەرمایێکی هەمیشەیی دەکات .

ئەوانە قۆناغی سەرەکی نامۆبونن ، بەڵام دواتر ئەگەر حاڵەتەکە قوڵ بۆوە و بەرەو پێشەوە ڕۆیشت ، ئیتر تەنها کاروباری خۆی دەکاتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، کە خۆی سەرۆکێتی و خۆی یاسا و دابونەریتی تایبەتی بۆ دادەنێ و تەنها بای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی پەیوەندی بە دەرەوەی دەوڵەتە دەستکردەکەی دەمێنێ و ئەگەر ئاگریش لە ماڵی هاوسێکەی بەربێ ، ڕو لەلایەکی تر دەکات چونکی پێی وایە شایەنی ئەو زیانەیە ، ئەگەر چی پەیوەندی لە نێوانیاندا ناخۆشیش نەبێت و ڕقی ڕاستەوخۆی لە کابرا نەبێت . ئەگەر شوشەیێکی شکاوی لەبەر دەرگای ماڵی خۆی بینی ، چاوەڕێی تاریکی دەکات و شوشەکە فڕێدەداتە بەر دەرگای ماڵی دراوسێ ، ئەگەر چی دڵنیاشە کە دراوسێیەکەی پەیوەندی بە شکانی شوشەکەوە نیە و پیاوی چاکیشە . بەڵام لەبەر ئەوەی ڕقی لە سیستمە و ناتوانێ تۆڵچە لە تێکڕای سیستمەکە بکاتەوە ، چونکی دەستی پێ ناگات ، تۆڵەی سیستمەکە لە تاک وەردەگرێ کە بەشێکی ئەو سیستمەیە . ئەگەر شارەکە بە خەڵکەوە بسوتێ ، تەققەی سەری دێ ، تەنها خۆی و ماڵ و منداڵی خۆی سەلامەت بن .

ئەو جۆرە مرۆڤانە زو زەنگین دەبن و دەبن بە خاوەنی کاری مەزن ، وەک کڕینەوەی بەشێک لە شارە لەناوچوەکە ، بۆ ئەوەی خودی خۆیان بسەلمێنن و شارەکە بکەن بەبەشێک لە دەوڵەتە دروستکراوەکەی خۆیان ،

کە دەستەڵاتی باڵایان بەسەری دا هەیە و تەنها لەناو سنورەکانی ئەو دەوڵەتە هەست بە تەقلیبون و خاوەنداریەتی و کەسایەتی خۆیان دەکەن و بەهی خۆیانی دەزانن .

# دیرۆکی نامۆی لە فەلسەفەدا

بۆچونەکان لەسەر دیرۆکی نامۆیی جیاوازن ، هەندێکیان دەیگەڕێننەوە سەردەمی فەلسەفەی کۆن و کلاسیك و هەندێکی تریشیان بەشەپۆلە نوێیەکانی فەلسەفەوە دەیبەستنەوە ، گوایە ئەوەی جاران باسی لێکراوە هەر ئەو نامۆییەی ئێستا نیە .

وەك ئاشکرایە : فەلسەفە بۆ ماوەی سەد و پەنجا سەدەیێك لەناو دیرۆك دا خۆیا نیە ، جا چ لەبەر بزربون بێت ، یاخود چاخی فەلسەفەکان ڕوخاو کەس باوەڕی پێ نەما ، یانیش هەڵچونی فیکر گەیشتە لوتکە و کۆتایی بەهزری مرۆڤ هێنا و وەك ئەلتەرناتیف خۆی بە ئاین نیشاندا ، یان هزری مرۆڤ ڕۆلی دوبارەبونی لێداوە و مەتریالیزمی سەرەتایی فەلسەفە کۆنەکانی کرد بە گوری لە پێناو نمونەیێکی بناغەیی ، کە دواتر بو بە مایەی دامەزراندنی ئۆنتۆلۆجی Ontology و فەیلەسوفە کاتۆلیکەکان هزری ئەریستۆییان لەباری میتافیزیك Metaphysics بەکارهێنا لەپێناو پەیدابونی تیۆری هەبون وەك سەلمێندراو و میتۆدێکی فەلسەفی بۆ ئاین ، کە بو بە جێگای ڕەخنەی سپینوزا و هۆبز و مەتریالیستەکانی چاخی هەژدەم و بو بەلەناوبردنێکی مژارگەری بۆ شرۆڤەی هەبون " ئۆنتۆلۆجی " ، کە دواتر ئایدیالیستە کلاسیکیەکانی وەك هیگڵ و کانت کۆتاییان پێ هێنا و شرۆڤەیێکی هەبونی نوێ سەریهەڵدا وەك ئەلتەرناتیف و مژارگەرییێکی تەواوتر ، بەرەو ئایدیالیزم ، کە دواتر بو بە بناغەی فەلسەفەی هەبون وەك هۆشیارییێکی خام و بەرسڤێکی بەرزی ناساندنی زانین .

فەیلەسوفە کۆنەکان توانییان شیکردنەوەیێکی ڕاشکاو بۆ دیاردەکانی سروشت بدۆزنەوە کە پێشتر بە مستری ( معجزات ) و سەروی دەستەڵاتی مرۆڤ ناسراوبون و فەلسەفە شێوەیێکی تری هەبو " دیمۆکریتس ی ئەبدیری ٣٧٠ – ٤٦٠ پ . ز شاگردی لیۆسیبۆس بوو وەك فەیلەسوفێکی مەتریالی گریکی کۆن ناسراوە ، مارکس بەیەکەمین عەقڵی ئینسایکلۆپیدی یۆنانی دەیناسێنێ . "١١

دیموکریتیس ، خاوەنی تیۆری بەشی بەشنەکراوی ئەتۆم و بۆشایی ، بڕوای بەوە هەبو کە مەتریال بەپێی پێداویست و بەبێ دەستکاری خودا پەیدا دەبێ و لەناو دەچێ ، بەم بۆچونەشی گرفتی نێوان هەست و عەقڵی هێنایەکایەوە . مەبەست لێرەدا پەیدابونی بیرۆکە فەلسەفیەکانە بەر لە زایین و کاتی هزری گریکی بەسەر مەیدانی بەرهەمهێنانی هزردا زاڵبو ، بۆیەش زۆربەی هزرەکانی فەلسەفەی کلاسیك و شەپۆلە نوێیەکان بناغەیێکی کۆنیان هەبوە و بەگوێرەی پێشکەوتنی هزر و ژیانی مرۆڤ و بەپێی پێداوسیتەکانی هەر چاخێك و بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە نەمرەکانی مێشکی مرۆڤ بە شێوەیێکی نوێ تر سەریان هەڵداوەتەوە .

" ئیپیکیۆر Epicurus لە ٢٧٠ – ٣٤١ پ . ز فەیلەسوفێکی مەتریالی بێ بڕوا بوە . "١٢ هزری مەتریالی هەرەکی و بڕوای بە هێزی جولەی ناوخۆی مەتریالی ڕازاندەوە و بو بە مایەی شرۆڤەکردنێکی قووڵتر و بەردەوامی بە زنجیرەی هزرەکان داو ، دواتر " ئەو هزرانە لەسەر دەستی سەفستاییەکان ( مامۆستا و حەکیمە گەڕۆکەکان ) کۆتاییان پێ هات . "١٣ هێزی هزری خۆیان بەسەر هێزی دیاردە سروشتیەکان خست و وەك چەند دیاردەیێکی سروشت ڕەفتاریان لەگەڵدا کرد ، لەوێوە فەلسەفە واتایێکی تری وەرگرت و مەتریالیزمی سروشتی دەستی پێکرد و بو بە بناغەی فەلسەفەکانی تر .

لەو بەرهەمە کەمانەی لە فەلسەفەی کۆنەوە بۆمان ماونەتەوە ، کتێبی " کۆمـار " ە کـە ناسـراوە بـە کۆماری پلۆتۆ لە ٤٩٩ پ . ز نوسیویەتی و وەک سامانێکی فیکری فەلسەفی زەنگین ماوەتـەوە . " پلۆتـۆ کـوڕی بنەماڵەیێکی لێهاتو بوە و لە پلەیێکی بەرزی کۆمەڵی ئەوسـادا ژیـاوە ، لاوێکـی جـوان و دڕ و سـەربازێکی دیـاری ئەوسا بوە ، چەندین خەلاتی پـاڵوانییتی و زیرەکـی وەرگرتبـو ، هـەروەها خوێنـدکارێکی زیـرەک و بـە توانـای سوکرات بو ، هەمیشە دەیگوت : سوپاس بۆ ئەوەی من بە گریک خولقاوم نەک بەربەری ، ئازاد نەک بەنـد ، پیاو و نەک ژن ، سوپاسی مەزنیش بۆ ئەوەی لە چاخی سوکرات دا ژیاوم . "١٤

ئەو کورتەیە گۆشەیێکی گرنگی ژیانی پلۆتۆ ئاشکرا دەکات ، کە چەند شانازی بە ژیانی خـۆی هـەبوە و باوەڕی بە کەسایەتی خۆی بوە ، هەروەها زۆر دژی دیموکراسی بوە کە پێی وا بـوە حـوکمی نوێنـەری زۆربـە ، باشترین جۆری حوکم نیە . ئـەو ڕق لا بوونەوەشـی لـەوەوە هـاتوە کـە کـوڕی بنـەماڵێکی ئوروسـتکرات بـوە و دیموکراسیەت دژی بەرژەوەندی و دیدی چینەکەی بوە و هەر ئەو دیموکراسیەتە بو بوبە هۆی ئیعـدام کردنـی سوکرات مامۆستا خۆشەویستەکەی لەژێر فـشاری هیتـاف و دروشمـی جـەماوەرە تورشـەکە ، کاتـێ زەهیریـان دەرخواردی سوکرات دا . جەماوەر چەپڵەی لێدەدا بۆ ئەوەی سوکرات زوتر بمرێ ، چونکی فەلـسەفەکەی دژی بەها و ئاکار و ئاینیان بو .

دوای ئەوە پلۆتۆ ڕقێکی زۆری لەسەر جەماوەر هەڵگرت و دوانزدە ساڵ مشەخت بـو . کاتـێ گەڕایـەوە ئەسینا کتێبی کۆماری نوسی . سەرەڕای ئەوەی جۆری ژیانی پلۆتۆ ژیانێکی بەرز بو و خۆشی لە توێژێکی بـەرزی دەستەلاتدار بو ، بەلام نامۆیێکی زۆر بە کتێبەکەی و ئاخڤتنەکانیـەوە دیـارە . ئـەو کۆمـارە ئەندێـشەیەی ئـەو داواکاری بو ، ڕاکردنێک بو لە بویەرە تاڵەکەی ئەوسای کە وا دیاردەکەوێ هیچی لـە بەرامبـەریان پێنـەدەکرا ، بۆیەش ئەگەر توانای گۆڕینی بە ڕاستی هەبوایە پەنای نەدەبدە بەر ئەندێشە بۆ چارەسەرکردنی هاڤیبونەکـەی لە سیستمی ئەوسا . کۆمارەکەی ئەوەش ئاشکرا دەکات کە لەوساوە نامۆیی بەهەمان شێوەی کە ئێستا دەیبینین هەبوە ، لەگەڵ چەند جیاوازیێک لە دێمی بارودۆخ و لەوانەیە لە شێوەی دابەشـکردن و ئـاڵۆزی مژارگەریەکـەی نامۆیی ، وەک نامۆیی خود و گۆڕانکاریە مەزنەکانی نامۆیی لە بەرهـەم ، لـە ئاکـامی پێـشکەوتنی تـەکنۆلۆجیا و بچوکبوونی مرۆڤ لەبەردەم ئامێرگەرییتی کە لە دەستکردی خۆیەتی و جۆرەها شێوازی تـری نـامۆیی کـە دواتـر ناسێندراون و لەسەریان نوسرا . نامۆیی ناهێڵێ جۆرە فەلسەفەیەک دەرباز بێ بەبێ شێوەیێکی نامۆیی ، مەگەر یۆتۆپیا و دامەزراندنی سیستمی ئەندێشەیی ، کە تەنها لە ئەندێشە دێتە کایەوە و بویەر و لۆجیک ئەرێی ناکەن . لە بۆچونە نۆیەکانی ڕوگەی تری وەکو پراگماتیزم Pragmatism ، کـە چـاکە و خراپـەی هـەر کارێـک بـە مەودای سودەکەیەوە دەپیڤێ ، پرنسیپی پیرس Pierce ( ١٨٣٩ – ١٩١٤ ) ئایدیالیزمی بابەتگەری لە پێشکەوتن . هزرێک یان چەمکێک تەنها وەکو پایەیێک دادەنێ بۆ گەیشتن بە شتی تر ، ڕاستی بە ڕاستی دەناسـرێ بـە پێـی مەودای سودەکەی و سوددەریش Utilitarianism ، کە مەودای چاکە و خراپە بە گوێرەی سود گەیاندنی بە مرۆڤ دەپیڤێ و ئاکار لەسەر بناغەی سودەکەی بۆ مرۆڤ دەناسێنێ ، تەنانەت لەوەشـدا نـامۆیی جێگـای خـۆی دەکاتەوە و ئەو کاتەی ڕادەی ماف دەکەوێتە ژێر پێوەری سود ، مەوداکەی لەسەر سیستمێک تەسک دەبێتـەوە و هەرچی لە دەرەوەی ئەو سیـستمەدایە بـە شـتێکی نـامۆ ڕەفتـاری لەگەڵـدا دەکـرێ ، خـود پەرسـتی دەبێتـە ئەلیمێنتێکی دامەزراندنی ئەو بناغانە و نامۆیی دەبێتە ڕەنگدانەوەی چەمکە مرۆڤایەتیەکان کە لەناو مژاری ئاوادا جێگەیێکیان نیە . چونکی مرۆڤ بە مرۆڤێکی کۆمەلایەتی نامێنێ و دەبێتـە خودپەرسـتێک ، کـە بەرژەوەندیەکـەی لەسـەروی هـەمو شـتێکە و هەرشـتێکی بـەدەر لـە بەرژەوەندیەکـەی بەشـتێکی بێکـەڵک دایـدەنێ و ئامانجـە

سەروەرەکان ڕۆڵێکیان لە ژیانیدا نامێنێ . ئەو کاتە یاسێکی توندی دەوێ بۆ ئەوەی مرۆڤ لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی بەرژەوەندی خەڵکی تر تێکنەدات . ڕاست ڕۆیشتن و نەکردنی خراپە و هەڵەش ، دەکەوێتە ناو مژاری ترس لە پۆلیس ، نەک نەکردنی خراپە لەبەر بەهایێکی سەروەر .

هزرە یۆتۆپیەکان ، تەنانەت یۆتۆپیای زانستیش هەر لە جۆرێکی نامۆیی یەوە دێن کە خاوەنی بیرۆکەکە لەناو بارێکی ناگونجاودا دەیەوێ گۆڕانکاری دروستبکات ، چونکی سیستمەکە بە دواکەوتو دەزانێ و ناتوانێ لەگەڵیدا بگونجێ ، لەبەر جیاوازی هزر و بیر . وەک کۆمەڵگا زانستیەکەی فرەنسیس بەیکون کە بە یۆتۆپیایێکی زانستی دەناسرێت هەروەک لە " New Atlantis "١٥ باسی کۆمەڵگاییکی ئەندێشەیی لە بویەرێکی لۆجیک دەکات و خانوی سولەیمان لە دورگەی ئەتلانتیس هەروەکو هەڵبژاردنی پلۆتۆ بوە بۆ فەیلەسوفەکان بۆ ئەوەی دەستەڵات بگرنە دەست ، بەیکون داوای زانا دەکات دابی دەستەڵات بگرێتە دەست . تەنها جیاوازی لە نێوان ئەو و کۆماری پلۆتۆ ئەوەیە : فرەنسیس بەیکون توانی بە هێزی هزر ، گۆڕانکاری فیزیک دروستبکات یاخود نامۆیی خۆی و هزرە یۆتۆپیایەکەی بە شێوەیێکی زانستی و لۆجیک دەربڕی و دەوروبەری لە لاهوت و سکولای Scholasticism ڕزگار بکات ، هەرچەندە بەیکونیش لە سیستمی کۆمەڵایەتی نامۆ نەبو و کوڕی بنەماڵەیەکی دەستەڵاتدار بو و خۆشی لە حوکم دا گەیشتە پلەی بەرز ، بەڵام توانی خاکەکە ئامادە بکات بۆ ئەوەی شۆڕشە ڕزگارکەرەکەی زانست بە سەرانسەری هزری مرۆڤایەتی بگۆڕێ . دواتر ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ و مۆنتیسکیۆ کە بە سێ کوچکەی بناغەیی ئامادەکردنی شۆڕشی ڕوناکبیری فرەنسا ناسراون ، تەواوکەری هزری بەیکون بون و بارەکەیان ئامادەکرد بۆ هەبونی " تەواوبونی " قۆناغێکی نامۆیی تەمەن دوهەزار ساڵ و دەستپێکردنی قۆناغێکی تر .

" لە فەلسەفەی هەبوندا مارتن هایدیگەر لە کتێبی هەبون و کاتدا ( الوجود والزمن ) و سارتەریش لە کتێبی هەبون و نەبوندا ( الوجود والعدم ) کە بناغەی فەلسەفەی هەبونن ، بەشێوەیێکی فراوان باسیان لە نامۆیی نەکردوە و ئەگەریش کرابێت ، ئەوە بەو شێوە باوە نەبوە کە زاراوەی نامۆیی پێ ناسێندراوە ، بەڵام لە کتێبی ڕەخنەی عەقلی دیالیکتیکیدا ( نقد العقل الجدلی ) بەکارهێنانی سارتەر ڕوێکی هەبونی نەبوە بەقەد ئەوەی ڕوێکی هیگڵی و مارکسی هەبوە . "١٦ هەروەک پێشتر گوتمان زاراوەی نامۆیی لە فەلسەفەی جیاوازدا ، بە شێوازی جیاواز بەکار هاتوە و تەنانەت بۆچونەکانی هەر فەلسەفەیێک لەسەری جیاوازن . پۆڵ تیلیش وەک فەیلەسوفێکی لاهوتی زاراوەکەی بەکارهێناوە بۆ چەمکی بیانی بون Estrangement واتا " غەریب " بوون ، بیانیەتی . هایدیگەر باری چەوتی هەبونی مرۆڤ دەکاتە هۆی سەرەکی نامۆیی کە دەڵێ : " باری هەبونی مرۆڤ لە خۆیدا نامۆییە ، چونکی بونی مرۆڤ لە ڕوی گەوهەرەوە بەو شێوەیە نیە کە پێویستە ، بۆیەش لە هەبونی خۆی نامۆیە . "١٧

# نامۆیی ئایینی

مرۆڤێکی ڕوت و قوت لە ناکاوەوە خۆی لەسەر هەسارێکی مەزن و فراوان و سارد و سڕ دەبینێ ! کە دواتر ناوی بە زەوی براوە ، لەو کاتەوە دەپرسێ :

من بۆ لێرەم ؟

بۆ تەنیام ؟

بۆ بەندکراوم و بەرەو کوێ دەڕۆم ؟

ویستی ژیانم هەیە بۆیە هەوڵدەدەم و تێدەکۆشم ، هەستی جوانی دەکەم و لۆجیکم هەیە ، زاوزێ دەکەم بۆ پاراستنی ڕەگەزم کە دەبێ بیپارێزم ، ژونکی مانەوەم مەرجێکی سەرەکی پەیدابونمە ، ترس و ژانم هەن بۆ ئەوەی لە لەناوچون دورم بخەن و هەبونی لەشم و مانەوەی گیانم بپارێزن ، چونکی ئەگەر نەیانپارێزم ، گیانم بەرەو ناکوێ دەردەچێ ، گیان تەنها لە لەشی ساغ دا دەمێنێ . لەشی ناساغ ڕەت دەکاتەوە و جێی دەهێڵێ . دەبێ هەبونەکەم کە بریتیە لە گیان و لەش و هەست و ویست ، بپارێزم چونکی من هاتومەتە ئێرە بۆ ئەوەی بمێنم لە پێناو ئەوەدا ، ئاوەدانی دەکەم و بەرەوپێش دەڕۆم ئەگەر چی دواڕۆژم نازانم ، بەڵام هەوڵی باشتر دەدەم بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیانێکی باشتر بدەم بۆ نەوەکانم ، ئەوەندەش هەر بەشێکە لە مەرجەکانی بوونم ، هەوڵی هەمو شتێک دەدەم کە هزرم پێی بشکێ ، چونکی ئەوەی مرۆڤایەتی پێی گەیشتوە هەر بە هەوڵدان و بیرکردنەوە بوە . دواتر ! لەکت و پڕ و زۆر لە ناکاوەوە، هەمو پرۆسێسەکانی لەشم دەوەستن و شتێکم بەسەر دێ پێی دەڵێن : مردن !! هەمو شتێک دەسڕێتەوە هەروەک نەبونم ، هەمو کارەکان بەباش و خراپەوە نقوم دەبن ، نازانم من ڕادەوەستم ! یاخود کات ڕادەوەستێ و من لێی تازی دەبم و بەبەشێک لەو پرۆسێسانە نامێنم .

مردن ؟ بۆ !!

ئەوە چی بو وا لە کتوپڕ ، کۆتایی بەهەمو شتێک هێنا ؟ جا کۆتایی بو یان دەستپێکردنێکی ترە ؟ ئەوەیان ئەو پرسیارە نەمرەیە مرۆڤایەتی لە هەرەکیەوە دەیکات و هەمو ئاین و فەلسەفەکان تەنها هەوڵدانێکن بۆ بەرسڤدانی ئەو پرسیارە .

پەیامبەرەکان بە درێژایی دیرۆک ، نامۆییێکی زۆریان لە ناخدا هەبوە و هەر ئەو نامۆییەش بوە بۆتە ئەگەری تازی بونیان لە کۆمەڵگا ، لەبەر هەستکردنیان بە شتێکی جیاواز کە خەڵکی ئاسایی هەستیان پێ نەکردوە ، چونکی هەڵگری پەیامێکی چاککردنەوە Reform بوونە و وەکو هانا بۆ مللەتەکانیان هاتون ، وەک هاتنی موسا و ڕزگارکردنی جووەکان لە دەست میسریەکان و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خودا کە ئاخافتنی لەگەڵدا کردوە . "١٨

پەیامبەرەکان هەمیشە بۆ بیرکردنەوە و دابەزینی وەحی ، دورەپەرێزییان هەڵبژاردوە و خۆیان لە هەبونی ئەوسا نامۆکردوە بۆ ئەوەی ڕێچکەیێک بۆ خەڵک بدۆزنەوە و لە ڤاری بون و ستەم ڕزگاریان بکەن .ئاخفتن لەگەڵ خودادا بە ڕاستەوخۆ و بە ناڕاستەوخۆ و لەڕێگای وەحیەوە کراوە و شۆڕشی ڕاستکردنەوەیان هەڵگرساندوە ، بەڵام بەسایەی ئەو ڕێچکە نوێیانەوە خەڵکیشیان توشی نامۆیێکی قووڵ کردوە ، ئەو نامۆیە

پێویستەیە کە لە شوێنێکی تر بە تێر و تەسەلی باسی دەکەم . کاتێ مرۆڤ لە نزیکەوە دەڕوانێتە نوسراوەکانیان ، هەست دەکات ئەوانە لەناو چ جۆرە نامۆیێدابون و چ جۆرە تازیبونێکیان پێویست بوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بخەنە ناو سیستمێکی باو .وەکو " جاء الإسلام غريبا وسيعود غريبا كما بدأ ، فطوبى للغرباء . "١٩ هزرە نوێیەکان پەسەنێکی نامۆیی دەگرنە ئامێز و نەگونجانیان لەگەڵ دەوروبەر ، ئەو پەسەنە لایان قووڵ دەکاتەوە . ئەو کەسانەی بەپێی ئەو هزرە خۆیان لە دەوروبەر دوردەکەنەوە ، نامۆیی دەبێتە پەسەنێکی ڕەسەنی پەیوەست بە هزرە نوێیەکانەوە و وەک پەسەنێکی بنەڕەتی لە مژاری ئایندا خۆی دەسەلمێنێ . چونکی هەمیشە دەبێ کەس بە هۆی پەیامەکەیەوە لە دەوروبەر نامۆ ببێت . هەردو لای هاوکێشەکەش هەر ڕاستە : نەدەوروبەر دەتوانێ کەسەکە بەیەکێک لە خۆی بزانێت و نە خۆشی – کەسەکە – لەبەر جیاوازی هزر و بیرە نوێیەکە هەست بە تەقلیبون دەکات .

گوتنەکانی خودا بۆ موسا و بۆ پەیامبەرەکانی تر زۆر ئارامدەرن و تەنایێکی قووڵ بە مرۆڤ دەبەخشن ، جا ئەگەر ڕاست بێ و ئاخڤتنی خودا بن ، ئەوا نامۆیی شتێکی هەرەکیە و بە هەبونی مرۆڤەوە پەیوەندی هەیە چارەی نامۆیی بە ناسینی خوداوە دەبەستێ و ئەگەر دەستکردی پەیامبەرەکان یان شاگردەکانیان بن ، ئەوە بە گوێرەی پێوەرەکانی لۆجیکی فەلسەفەی ئاین دەسەلمێ کە : بیرۆکەی دۆزینەوەی ژیانێکی تری هەمیشەیی ، ڕەڤینێکە لە ژڤانی مردن و تەواو بوونی ژیانی ئێستامان بەم جۆرە تراجیدیە ترسناکە و هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی واتایێکی قووڵتر بە ژیانی خۆمان بدەین و لە هیڤی مردنی خۆمان دانەنیشن .

ئەگەر بە چاوێکی نامۆ سەیری بکەین ، چیرۆکی مرۆڤ چیرۆکێکی زۆر سەیرە : گوکێک لەسەر لەشێکی چوار پەلە ، لەسەر دویان وەستاوە و بەڕێوە دەچێ و بەدوانی تر هەمو کارە فیزیکەکانی خۆی دەکات ، گوکەکە دو کونی تێدایە شتی پێ دەبینێ و دو کونی تری تێدایە بۆنی شتەکانی پێ دەکات و دو کونی تریش دەنگ دەبیسن و درزێکی پێوەیە دەکرێتەوە و دادەخرێ پرتەپرتێک دروست دەکات پێی دگوترێ ئاخڤتن ، پێیانوایە لە یەکدەگەن .

شەڕ دەکەن و کۆتایی بە ژیانی هەڤد و دێنن ، وەک سزایێک بۆ دەرکرنی یەکتری لە ژیانی نوکەدا " مرۆڤ مرۆڤ دەکوژێ ، چونکی ویستی ژیانی لاهەیە و ژیان بە خەلاتێک دەزانێ و دەکردن لەو ژیانەش بە سزا " واتە : کوشتن بێ بڕوایێکی ئاشکرایە بە دوا ڕۆژ و ژیانێکی تر ، چونکی ئەگەر ( قاتل ) دڵنیا بای کە ژیانێکی خۆشتر هەیە ، کوشتنی بە سزادان نەدەزانی و کەس کەسی نەدەکوشت بۆ ئەوەی سزای بدات ، بەڵکە لەو جیهانەدا بەجێی دەهێشت بۆ ئازارکێشان .

هەر یەکە خەریکی شتێکە ، کات دەڕوا و پڕۆسێسەکانی تری دونیا چاوەڕێی هیچ و کەس ناکەن مرۆڤیش بە کاتە ناسراوەکەی خۆی ڕۆڵی خۆی بەجێ دێنێ و لە ناکاوەوە دەوەستێ و کۆتایی پێدێ ، دەشکرێ ئەو کۆتاییە سەرەتای دەستپێکردنێکی دیکەبێت ، بەلام ئێمەمانان تا کۆتاییە مێشکمان دەیبڕێ و بەس .

مرۆڤ لەسەر ئەو هەسارە بەندکراوە و بەندیخانەکەشی سنوری نیە – بەلای کەمەوە بە گوێرەی هەستە سنورکراوەکانی یەوە – سنورەکان لەناو هەستەکانی مرۆڤن ، هەر گاڤێک نیشانی دەدەن و بە بیری دێننەوە کە سنورکراوە و بۆی نیە لەمەودای هەستەکانی خۆی دەربچێ ، لەچەند مەترێک زیاتر نابینێ ، لەچەند مەترێک زیاتر ناتوانێت بۆنی شت بکات و شتەکان ناناسێتەوە تاوەک دەستیان لێ نەدات ، میکرۆبێکی بچوک لەیەک شانەیەکان کە ناتوانێ بەچاوە کورتبینەکانی ببینێ ، دەتوانێ نەک تەنها ژیانی بخاتە مەترسی ، بەڵکو

دەتوانێ هەمو مرۆڤایەتی لەناو ببات . شتی زۆر مەزن نابینێ و قەوارەی شتەکانیش نازانێ ، ئەگەر لەگەڵ شتێکی پێشتر ناسراو بەراوردیان نەکات ، هەروەک ناتوانێ بیر لە شتێک بکاتەوە کە هەرگیز نەیدیبێ و هیچی لەسەر نەبیستبێ و هیچی لەسەر نەزانی بوبێت ، بۆیەش هەر لە مەودای ئەو چەمکانەوە ئەندێشەی مرۆڤ نۆشنێکی پەیوەست بۆ دابەری دادەنێ : دەبێ بە گوێرەی زانینە سنورکراوەکەی مرۆڤ ، خودا گوێی و چاوی هەبێ و بئاخڤێ و کرِبێ و ئەرێ و نا ئەرێ بێ ، تورە بێ و تۆڵە وەرگرێ و مرۆڤ خەڵات و پاداشت و ئازار و سزا بدات . ئەو جۆرە هزرانە بت پەرستیان پێوە دیارە و مرۆڤ دەیەوێ بە گوێرەی هەستەکانی خۆی ئەندێشەیێک بۆ خودا دابنێ ، " ئەگەر سێگۆشە ژیان و توانای ئاخافتنی پێدرابا ، دەیگوت : خودا سێگۆشەیە و ئەگەر ئەو توانایە بە خرِۆکە درابا ، دەیگوت خودا خرِە و هەروەها هەر بوونەوەرێک هەوڵدەدا پەسەنی خودا بە گوێرە و شێوەی خۆی بکات و هەمو شێوەکانی تری پێ کرێتن و راست نین . "٢٠ خودا بەم شێوەیە نیە کە مرۆڤ لەخۆیەوە هەدام و پەسەنی بۆ دروست کردوە و دەیەوێ بە گوێرەی زانینە کورتبینەکانی ئەندێشەی بکات و وێنەی بۆ دروست بکات لەکاتێکدا کە خودا وێنە و قەوارەی نیە چونکی خۆی قەوارەیی هەمو قەوارەیێکە و وێنەی هەمو وێنەیێکە . خودا پەسەنی نیە ، چونکی خۆی گەوهەری پەسەنەکانە و چاو و گوێ و سەر و دەستی نیە ، چونکی پێویستی پێیان نیە ، خودا بەردەوامیە هەرەکیەکەی پرۆسێسەکانی گەردونە و هەست و تورەبون و رِەزامەندی کاری بەندەی بێدەستەڵاتە ، دەتوانین بڵێین خودا زەنگین نیە ، چونکی خۆی خودی زەنگینیە ، تورِەنابێت و دڵشا نابێت چونکی خۆی خودی تورەیی و شادی هەرەکیە .

جگە لەمە هەمو بۆچونەکانی تر لەسەر چۆنیەتی خودا ، دروستکراو و ڤەهاندنی مێشکی مرۆڤن ، کە هیچی لەوە زیاتر نەزانیوە و هیچی باشتری نەدۆزیوەتەوە بۆ پەسەنەکانی هەرەکی و هەمەکی و کۆتایی هاتنی پرۆسێسەکانی گەردون و گەوهەری هەمو کات و شوێن و دیاردەکان . مرۆڤ چۆن دەتوانێ تەنانەت هزریشی تێدا بکات ، بەدەر لە هەست و ناسین و زانینە سنورکراوەکانی خۆی .

ئەو دونیایەی دەوروبەری هەموی بە خاک و بەرد و دیاردە و هەسارەوە ، بەسەدان ژیاری تا رادەیەک پێشکەوتویان بە خۆوە بینیوە و لە شکاندنی سنورەکانی ئەو بەندانە بونەتەوە ، دواتر بەچاونوقانێک لەناوچون و بون بە تۆز هەورەک هەرگیز نەبوبن .

برِوام بە سەلمێندراوی دژەکان مسۆگەرتر دەبێت کاتێک هەمو شتێک و دیاردەیێک دەپیڤم ، تا وەک دەگەمە دەرەوەی مەودای کات و شوێن و پیڤان ، ئەو دونیایە لەسەر بناغەی دژەکان پێکهاتوە و مرۆڤ ناتوانێ دژێک خۆیا بکات ئەگەر قەوارەی دژەکەی تر نەزانێ ، یاخود بەراوردی لەگەڵ نەکات : ئەگەر مرۆڤ پێشتر رِەشی نەبینیبوبێت ، ناتوانێ بزانێ سپی چۆنە ، ئەگەر لە بنەرِەتەوە رِەش و سپی دژی یەکبن و ئەگەر مرۆڤ ئارامی نەتبێت ناتوانێ بزانێ نائارامی چۆنە و ئەگەر خەم نەبوایە چێژمان لە شادی وەرنەدەگرت ، یاخود هەر نەماندەزانی چیە و چۆنە و ئەگەر مێ نەبوایە ، نێر نەیدەتوانی نێرایەتی خۆی بسەلمێنێ و پێچەوانەکەشی هەر وایە ، پەسەنێک بەبێ دژەکەی دەبێتە پەسەنێکی پەککەوتە و خرش ، ئەگەر خراپ نەبوایە ئێمە نەماندەزانی چاک چۆنە و هەروەتر تاوەکو دەگاتە ئەو جێگایە بێ جێگایەی کە کۆتایی پێ نایێ و کات و شوێن واتاێکیان لەوێ نیە .هەمو شتەکان جوتەن ، بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەوەی ئێمە خویایان بکەین و هەستیان پێ بکەین . تەنها خودا دەبێت تاک بێت ، چونکی دەبێ سەروی دژەکان بێت و ناکرێ هیچ شتێک بەو بەراوردبکرێ ، تەنها ئەو شایەنی بەراوردکردن نیە ، چونکی هیچی وەکو ئەو نیە بەراوردی پێ بکرێ و خۆی گەوهەری شت و دیاردە و

بەراوردکردەکانە ، بۆیەش زۆر سەیر نیە ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ خودا بناسێتەوە چونکی سەروی مەودای تێگەیشتن و هەستەسنورکراوەکانی عەقڵی مرۆڤە .

من بەو جۆرە خودام ناسیوە و ئاوا بۆم سەلماوە ، بۆیەش دەڵێم : خودا مرۆڤی نەدۆزیوەتەوە ئەگەر خولقیشی کردبێ ، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە ئەگەر بڵێم : مرۆڤ خودای لە ئەنجامی کەمایەتی هەست و شیانی خۆی دۆزیوەتەوە ، ئەگەر خولقیشی نەکردبێ ، چونکی خودا کۆتایەتی و بەردەوامیەتیە ، کەس خودای نەبینیوە بەڵام لە ئەنجامی مشەختی عەقڵی مرۆڤایەتی و ون بون لەناو گەردی پرسیارە نەمرەکانی عەقڵی مرۆڤ دۆزراوەتەوە ، بۆیەش لەهەر چاخێکدا – لە پێش یەکتایی و تاکو ئیسلام – مرۆڤ جۆرە خودایێکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە ، ماوەیێک کارەکانی خۆی پێ ئەنجام داوە و ئومێد و هیڤی خۆی پێی بەستوە ، ئەو هیڤی و ئومێدەی کە مرۆڤ لە ئەنجامی نەزانینەوە بە هێزێکی نادیارەوە دەبەستێ ، دواتر مێشکی پێش کەوتوە و چیتر عەقڵی پێ نەشکاوە .

هەندێک بۆچون هەن هەمو شێوەکانی نامۆیی بەنامۆیی ئاینی یەوە دەبەستن ، چونکی نامۆیی ئاینی لە هەمو جۆرەکانی تری نامۆیی ساکار و ئاشکراترە و لە هەموشیان کەڤنار ترە . بگرە لە پەرستنی دیاردە سروشتیەکان فیتچزم Fetishism و تەوتەمیزم Totemism ، کە کۆنترین جۆری پەرستنن ، دواتر پەیکەری پەرست و بیرۆکەی پەرستنی کۆمەڵە خودایێک وەکو میتۆلۆژیای گریک کە خودایێکی تایبەت بۆ هەر دیاردەیێک هەبوە وەک بەرسف دانێک بۆ هۆیەکانی دیاردەکە و هەروەها تەوتەمیەت Totemic کە پەرستنی هۆڤێک یان دروشمی هۆڤێک بە هیوای هێنانی چانسی باش ، بۆ ئەوەی هۆڤەکە نەتەوە و وەڵات لە کارکنی ڕزگار بکات ، وەکو پڵنگ و شێر و هەڵۆی سەر ئاڵای زۆر لە نەتەوەکان ، یاخود جۆری پەرستنی شتە باشەکان ، ئەو شتانەی چاکە دەهێننە کایەوە Idolatry Worshipping Statues یاخود پەرستنی باری فڕۆکە لای خێڵە ئەرجناڵەکانی ئوستراليا و پاپوانیوگینی / پاپوا گینیای نوێ Cargo Cults of Papua New Guinea ، کاتێ یەکەمجار ئەوروپیەکان خاکەکەیان داگیرکرد ، ئەو خێڵە دورانەیان بە فڕۆکە بەسەرکرد و باری شتی باش و ئازوقە و خواردنیان لەگەڵ خۆیان برد . جاری دوەم کە ئەوروپیەکان خێڵەکانیان بەسەرکردەوە ، خێڵەکان پەیکەرێکی وەک فڕۆکەکەیان دروستکردبو بە شێوەی خۆیان دەیانپەرست ، بە هیوای ئەوەی لێیان ڕازی بێت و بەبەردەوامی ئەو شتە چاکانە و ئەو خواردنانە بێنێت .

هەڵبەتە چاخی یەکانەبون یان یەکتایی و دۆزینەوەی خودایێک بەهەمو قۆناغەکانی تردا ڕۆشتوە . ئەو مشەختیەی عەقڵیش هەڵقولاوی دەرون و ژیاری میللەتانی ئەوسابوە . ئەوەش دەسەلمێنێ کە مرۆڤ بە گوێرەی کەمایەتی و بێچارەی خۆی هەمیشە پێویستی بە خودایێک هەیە و بە گوێرەی پلەی نەزانینی خۆی هەوڵ دەدا هۆ بۆ شتەکان دابنێ . ئەگینا ژیان لەسەر ئەو هەسارە دەبێتە شتێکی مەحاڵ ، خودایێکی دەوێ ئومێدەکانی خۆی بەتەما بکات و چونکە نازانێ چ دەقەومێ و دوارۆژ و چرکە چی بۆ شاردۆتەوە لە کاتی ترس و تەنگانە و نەزانین پەنای بۆ ببات و لە کاتی خۆشی و بەختیاری دا سوپاسی بکات و ڕوداوی باش بە نیعمەت و خەڵاتی چاکە و قوربانیەکانی خۆی لێکبداتەوە .

نامۆیی پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی بە هەبونی مرۆڤەوە هەیە ، چیەتی و چۆنایەتی دویڤ ی ئەون ، ئەگەر مرۆڤ هەبونی خۆی لەگەڵ خودا بە پەیوەندیێکی سەروەر بزانێ ، ئەوە هەرکاتێ لە خودا دورکەوتەوە ، هەست بە نامۆیێکی قوڵ دەکات و ناتوانێ دور لە هەبونەکەی خۆی بژێ . بەڵام ئەگەر هەبونێکی مەتریال و فیزیکی ڕووتی ئەرێ بێت ، ئەوە بێگومان نزیکبونەوەی لە خودا دەبێتە نامۆیی ، هەروەک دوبارە دێتەوە سەر

مژاری خاوەنداریێتی و چۆن مرۆڤ بە نامۆکردنی لە خاوەندارێتیەکەی ، توشی نامۆیی دەبێت . چونکی ئەو مژارە بە گیانیەوە پەیوەستە و مرۆڤ بە یەکبون لە گەڵیدا هەست بە ئازادی دەکات ، هەر کاتێ ئەو ئازادیە بە هۆیێک یان بە هۆییێکی تر نەما ، ئەوە مرۆڤ دەکەوێتە ناو داوە جەنجاڵەکانی نامۆیی .

ئەگەر مرۆڤ لەبەر تەنیای و کەم هەستی خۆی لەسەر ئەو دونیایە هەست بە نامۆیی بکات ، دەبێ بەر لە هەمو شتێک خودا بناسێ و بەدوایدا بگەڕێ ، بۆ ئەوەی چارەی گرفتەکانی نادروستی خۆی بکات و ئەگەر خودای لە ئەنجامی بەدوا گەڕانی عەقڵێکی تر دۆزیەوە و بیرۆکەی خودا ناسین بە ئامادەیی چو بۆ ناو مێشکی ، لە هەمو کاتێک زیاتر نامۆ دەبێ ، چونکی خودا دۆزینەوەیێکی ئامادە کە خۆی پێوە ماندو نەکردبێ ، خۆی لە ئایدۆلۆجیایێک دا دەبینێتەوە و ئایدۆلۆجیاکەش کۆمەڵێک ئامۆژگاری بەرژەوەندی گشتی دەگرێتە باوەش بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی دەوروبەر وەرگرێ ، زۆربەی ئەو ئامۆژگاریانەش خودی مرۆڤ لە پێناو ڕاستکردنەوەی مرۆڤایەتیدا دوا دەخەن . دەبێ مرۆڤ لە خۆشی دوربکەوێتەوە بۆ ئەوەی خودا لێی ڕازی بێت ، دەبێ ئەو شتانە بکات کە خودا دەیەوێ ئەگینا خودا لێی دەتۆرێ و ئەگەر خودا لێی تۆرا سزای دەدات ! مەزنترین سزا کە عەقڵی مرۆڤ بتوانێ بیری لێ بکاتەوە .

ئاینەکان هەمیشە ڕێیان لەوە گرتوە مرۆڤ خودای خۆی بە خۆی بدۆزێتەوە و بەو شێوەیە بیناسێ کە خۆی دەیەوێ ، هەمیشە هەوڵیان داوە خودایێکی ئامادە بۆ هزری مرۆڤ بدۆزنەوە و ڕێگا لە مشەختی عەقڵی مرۆڤ بگرن .

ئاینەکان ویستویانە — بەناوی ویستی خودا — مرۆڤ لە خۆشی دوربکەنەوە ، ئەوەندەش مەحاڵە ، لەبەر ئەوەی چێژی خۆشی بەشێکە لە پرۆسێسەکانی لەش و عەقڵی مرۆڤ و دژ بە ژان و ناخۆشی یە هەروەک پێشتر هەوڵم دا بیسەلمێنم : تەنها خودا سەروی دژەکانە و هیچ شتێک بۆی نیە لەگەڵ ئەو بەراورد بکرێ .گریمان ئەگەر گوتمان خۆشی لە خوداوە دێ ، کەواتە ئازاریش لەوەوە دێ بۆ هاوسەنگی بیردۆزی بەردەوام بوونی ژیانمان و سەلماندنی هەبون ، بەڵام چۆن و بۆ خودا مرۆڤ دێشێنێ و چۆن ئازار لە خودای سۆز و ئەڤین و لێبوردنەوە دێ ؟

لەلایێکی ترەوە ئاینەکان ویستویانە مرۆڤ بە کەسێکی تر بژین و بە شێوەیەکی تری دور لە شێوە سەرەتای یەکەی کە خودا لە بنەڕەتەوە پێی خولقکردبو بێت ، ئەگەر مرۆڤ بە بریتیە ڕەسەنەکانیەوە بناسرێت ، کە لە ژان و خۆشی و خەم و شادی و ویست و تێربون و بوون و مردن بۆ هاوسەنگی هاوکێشەکە پێکهاتبێت ، ئەگەر یەک لەو شتانە لابرا ، هاوکێشەکە لار دەبێ و مرۆڤ دەبێتە مرۆڤێکی کەم ئەو شتەی کە لابراوە ، بۆ نمونە ئەگەر بڵێین مرۆڤ وەک چۆن خودا خولقی کردوە ، بە هەمو بریتیەکانیەوە مرۆڤ = ١٠ و ڤین و ویست ، یان هەر ئەلیمێنتێکی دیکەی پێکهاتەکانی ١ لەو ١٠ یە ، کەواتە لابردنی ویست و حەز لابردنی ئەلیمێنتێکی ئەو ١٠ یەیە ، کە جێ هێڵدراوەکەی دەکاتە ٩ و نۆ ناکاتە دە ، یاخود نۆ و دە دو نمرەی جیاوازن ئەگەر چی پەیوەندیێکی لۆجیکی و پایەیی لە نێوانیاندا هەبێت ، بەڵام بێگومان نۆ ، دە نیە ، ٩ نۆیە و ١٠ دەیە ، بۆیەش من بە گوناهی دەزانم کەسێک دەستکاری کاری سروشت و خودا بەو شێوەیە بکات . چەمکی گوناهیش تەنها چەوتیە و نەک بیرۆکەی سزادان ، چەوتییێکە کە لۆجیک ئەرێی نیە لەبەر ئەوەی بە نالۆجیک خۆی دەنوێنێ و دژی زنجیرەی پرۆسە گەردونیەکانە .

ئەگەر مرۆڤ لە دایک نەبێ نامرێ ، خـودا نـەبوە بۆیـە نـامرێ " لم یلد ولم یولد ولم یکن لـه کفوا أحد . "٢١
ئەگەر گریمان توانیمان مرۆڤ لە خۆشی دوربخەینەوە ! ئەوە بێگومان ئەو مرۆڤـە چیتر نازانـێ ناخۆشـی چـیە ، ئەوەش بە گوێرەی گریمانە پێشوەکە ناکرێ ، کە مرۆڤ تەنها بە تەواوەتی ئەو هەسـت و ویـستانەوە مرۆڤێکـی تەواوە ، کەواتە ئاینەکان مرۆڤیـان بـە شـێوەیێکی تـر دەوێ کـە خـۆی نیـە و کەسـایەتییێک نیـشان بـدات کـە ڕەنگدانەوەی خودەکەی نیە ، ئەوەش خودی نـامۆیی یـە . چـونکی قوتـدانی هەسـت و شـاردنەوەی ویـستێکی ڕەسەن ئەوە ناگەیێنێ کە هەستەکە نەماوە یان بیرۆکەکە لەناو چوە . بەڵکو ئەوە دەگەیێنێ کە شاردراوەتەوە و لەبەر چەند بەندێکی ئایدیۆلۆجی دەرنابڕدرێ و هێدی هێدی یان مەزن دەبێ یانیش دەبێ بە گرێ و لە شوێنی ترەوە هەڵدەدا . هەمو شتێکی ناخۆش و کەم و پیس و هەروەها نائومێدی و بەکەم زانـین بـە ژیـانی ئێـستاوە لکاوە و هەمو شتە چاکەکان تەنانەت ویستە بەندکراوەکانی مرۆڤیش کە لەو دونیا " زائیلەدا " بەناوی خـوداوە قەدەغەکراون و لە ژیانی نەدیتراودا ئازادن !

خودی مرۆڤ بە تەواوەتی هزر و بیر و هەست و ویست و چاکە و خراپە " بە پێوەرە ئاینیەکان " خـودە ، ئەگەر هەندێکی لێ لابرا ، بەو خودە نامێنێ و دەبێ بە خودێکی تر ، چـونکی دژ بـە ویـستەکانی خـۆی ڕەفتـار دەکات و لەبەر ئەوەی ویست و ئارەزو لـە بریتیـەکانی خـودی مـرۆڤن و ئـەلیمێنتی سـەرەکین ، خـودا لەگـەڵ هەبونی مرۆڤدا دروستی کردون ، پێم وا نیە کەس دەستەڵاتی گۆڕینی شتێکی هەبێت کە خودا بە ڕەسـەنی لـە مرۆڤدا خولقی کردبێ ، بۆ نمونە : ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە خودا هەمو شتی خولقکردوە . هیچ کەسـێک بۆی نیە داوای گۆڕینی ڕەنگی دار بکات لـە کەسـکەوە بـۆ پەمبـە ، لەبـەر چـەند هۆیـەکی نەسـەلمێندراو کـە کۆمەڵێک بەرژەوەندی دەگرێتە ئامێز ، خۆ ئەگەر خودا بیویستبا لە بنەڕەتەوە بە پەمبە خولقی دەکرد . بـۆ بـە سەوزی خولقیکرد و دوای چەند ملیۆن ساڵێک لـە ڕێگـای پەیامبەرەکانـەوە داوای لـە ئاینـەکان دەکـرد کـە بـە زۆرداری بیکەن بە پەمبە ؟ هەر بۆیەش من پێم وا نیە خودا مرۆڤی بە شێوەیێکی تری جیاواز بوێ ، لەوەی خـۆی لە بنەڕەتەوە دایناوە ، یان داوای لێبکات بە شێوەیەکی جیاواز لە داهێنانی خۆی بژیێ و ڕەفتار بکات ! نـەک بـەو شێوەیەی خودا لە سەرەتاوە دایهێناوە ، کە بریتیە لەو هەست و ویست و ئارەزو و چێژ وەرگرتن لە خۆشی ، خۆ ئەگەر خودا مرۆڤی بەو شێوەیە بویستبا ئەوەی ئاینەکان داواکارین ، پێموانیە هیچ کۆسپێک لە ڕێگای هەبوبایە و هەروەک خۆی دەیەویست خولقی دەکرد ، چۆن خودا مرۆڤێـک خولـق دەکـا و داوای لێ دەکـات کەسـایەتییێکی پێڤاژی تری دور لە داهێنانە بنەڕەتیەکەی بنوێنێ ؟! چونکی ئەوەی مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی ئـاین بـە سەریدا هێناویێتی ، نیشانی دەدا ، خودە ڕاستەقینەکەی نیە کە خودا لە سەرەتاوە دایهێناوە .

پێویستە مرۆڤ خۆی لە دەوروبەریش نامۆ بکات بۆ ئەوەی داهێنەرەکەی لێی ڕازی ببێت و ئەگـەر ڕازی بو ئەوا گفتی ژیانێکی باشتری پـێ دەدەن ، " باشـتر " بـە فاکتـەری ئـازادکردنی شـتە قەدەغـەکان لـە ژیـانی ئێستایدا ، ژیانێک کە ئازار و ژواری نەبێ . گوایە مرۆڤ لەوێ چاوەڕوانی هەلامەتی مردن ناکات ، چـونکی ژیـانی هەمیشەیی یە ! لەبەر ئەوەی لەو دونیایەدا هەمو شت " زائلە " و تەنها تاقیکردنەوەیە !!

ئینجا ئەزمون دەبێتە لەوانەیێکی ڕەتکراو ئەگەر بە سەلمێندراوی ( پێرفێکتی خودا ) ڕازی ببین ، چـونکی ئەگەر خودا پێرفێکت بێت — کە هەرواشە — نابێـت تاقیکردنـەوە بکـات ، تاقیکردنـەوە کـارێکی نـا پێرفێکتـەو ئەوەی تاقیکردنەوە دەکات ، دەبێ ئەنجامی نـەزانێت بۆیـە تاقیکردنـەوە دەکـات و ئـەوەی ئـەنجام نـەزانێت

پێرفێکت نیە ، کەواتە لەگەڵ پەسەنەکانی خودا ناگونجێت ، بۆ ئەوەی داهێنەری گەردون و هەبون بێت کە بێگومان دەبێ پێرفێکت بێت .

ئەگەر هەر بەو سەلمێندراوەی پێرفێکتی خودا ڕازی ببین ، دەبێ بڕوا بەوەش بکەین کە خودا گەوهەر و مایە و هۆی هەمو شتەکانەو کۆتایی پێهاتنی هەمو پرۆسە گەردونیەکانە و مرۆڤ تەنها دەورێک لەو ژیانە " زائیلەدا " دەبینێت و ئەگەر گریمانی : خودا مرۆڤی دروست کردوە بۆ ئەوەی نەوەی لە دونیادا هەبێت بگرینە بەر ، هەروەک بۆچونەکانی ئاینی مەسیحی دەیڵێن ، ئەوە بۆ کەس ناسەلمێ ، چونکی تەنها ئەوەی مەترسی لە ناوچون و ئۆجاخکوێری هەیە ، لە پێناو مانەوە بیر لە دروستکردنی نەوە دەکات ، بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیانێکی " زائیل " بدات و لەبەر ئەوەی ئێمە سەلمێندراوی ( لم یلد ولم یولد ولم یکن لە کفوا أحد ) دەگرینە بەر و دەیکەین بە پێوەری پێوانەکانی ترمان ، بۆیە ناشێ بە هیچ جۆرێک بڕوا بەوە بکەین کە تاقیکردنەوە هۆی سەرەکی داهێنانی مرۆڤە ، خودا مرۆڤی دا نەهێناوەبۆ ئەوەی بەئەزمونی ڕاست و ڤاریدا بیبات و بیەوێ بزانێ مرۆڤ کام ڕێگا دەگرێتە بەر ، چونکی ئەوەی کامل بێت دوا ڕۆژیش دەزانێ و تەنها ئەوەی نا کاملە تاقیکردنەوە دەکات ، چونکی لە ئەنجامەکەی دڵنیا نیە .

قەشە پۆڵس لە گوتەیێکدا بۆ خەڵکی رۆما دەڵێ : بە ڕاستی من نازانم چی دەکەم ، ئەوەی من دەمەوێ نایکەم و ئەوەی من نامەوێ دەیکەم . مەبەستیشی : ئەوەی ئەو دەیەوێ وەکو مرۆڤ ، لێی قەدەغە کراوە و ناتوانێ بیکات و ئەوەی نایەوێ بیکات ناچارە لە ژێر ڕکێفی ئایندا بیکات ، چونکی پابەندی ئامۆژگاریەکانییتی و ئاین کەسایەتییێکی تری لەسەر دەسپێنی کە خۆی نیە .

ئاین لەناو کورددا لەسەر چەمکی ڕێزلێگرتن لە سروشت و بوونەوەرەکانی تر بنەجێ بوە ، بگرە لە زەرادەشتەوە ، تاوەک دەگاتە ئێزدیەت و دواتر ئیسلام ، تەنانەت ئیسلامیش نەیتوانیوە ئەو ڤیانەی نێوان کورد و ئێلمێنتە سروشتیەکان بگۆڕێ . شرۆڤەی هەبونی مرۆڤ بە سروشت و میتافیزیکەوە بەستراوە و Revelation "[13]" نێردراوی خودا بە پەیوەندییێکی پێشمەرج لەگەڵ سروشت دا پەیوەستە ، کە هەبونی هەمو هەبونێکە و دایکی هەمو زانینێکە ، تەنانەت زانینە سەروەرەکانیش بە چەمکی تێگەیشتنی سەرەکی مرۆڤ لەسەر ئەو بنەمایە ڕەفتار لەگەڵ دەوروبەر دەکەن و چەندایەتی و چۆنایەتی دیاردە و پرۆسەکانی ناو مێشک دروست دەکەن ، بۆ ئەوەی دواتر بیێنە چەمکێکی هەمەگر و لایەنەکانی تریش بگرێتەوە و ئەگەر پەرستن بازنەیەکی داخراو بێت ، ئەوە تێوگویشتن پرۆسێسێکی کراوەیە و لە پێناو گەشەکردنی تێگەیشتنەکە بۆ مێشک و ڕەنگدانەوەی دیاردە دەرەکیەکانە لە هۆشیاریدا .

پێش هاتنی سۆفیزم Sufism بۆ ناو کورد ، لەسەدەی هشتەوە کارتێکردنی ئاینە کۆنەکان و مانەوەی چەمکە نەگۆڕەکان ، خودی مرۆڤیان لە هەبون و ئایدیۆلۆجیا نوێیەکان نامۆ کردبو ، بەڵکو بەسەرداگرتنی ئیسلام بەسەر ئاینە کۆنەکانیش نەیتوانی ئەو بڕوایانە لای مرۆڤ بەتەواوەتی لابەرێت ، سۆفیزم وەک وەحی و ڕوگەیێکی بەرز لە بنەڕەتەوە وەکو Mysticism لەناو هەبونی میللەتی کورددا هەبوە و گەیشتنی بۆ ناو کورد تەنها لە ڕێگای ئیسلامەوە نەبوە کە خودا بە تەنها ڕوداوی گەردون دادەنێن و ئامانجی سەرەکی ژیان یەکبونە لەگەڵ خودە هەرەکیەکە . بەڵکو نیشانەییێکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی ، ئیسلام بە شێوەییێکی ڕەوا لە ژێر چەتری ئیسلامدا ، ڕەتکراوەتەوە و هەمیشە لایەنە یاخیەکە بەبەر کورد کەوتوە ، لەبەر ئەوەی توانای شەڕیتریان نەبوە

[13] ( وحی ) چەمکێکی ئایدیالیستیە و ڕاستەوخۆیە بۆ ڕاستیەکان و لەسەروی تێگەیشتنە هەستپێکراوەکانە .

و نەیانویستوە زیاتر خوێن برێژرێ ، بۆیەش لە ژێر هەمان چەمکدا یاخیبونێکی ڕەوایان هەڵبژاردوە و سۆفیزمیان کردۆتە پەناگەیێکی ڕەوا ، بۆ بویەرە سەختەکە ، ئەگەرچی لەناو ئیسلامیشدا هەمیشە ئەو ڕێچکانە جێگای دژایەتیکردن بونە و سۆفیەکانیش بە گوێرەی بەرژەوەندی سیاسی ئەشکەنجەدراون و بە جۆرەها ڕێگە لەناو براون ، لەبەر ئەوەی دەوروبەر بە چاکی لە هزرو بیریان نەدەکەیشت و تەڤنی تریان بۆ هەڵدەڕست و بە گوێرەی بەرژەوەندی هەر گروپێک هزرە سۆفیەکان لەقەڵەم دراون : شێخ سەعیدی نەورەسی " بدیع الزمان " ٢٢ کە هزرڤانێکی کوردی خەڵکی هیزان ی دەڤەری بەدلیس بوە ، هەمو جۆرە ئەشکەنجەیێک دراوە و تورک چەندین جار بڕیاری لە سێدارەدانیان دا ، بەڵام ڕزگاری بو گەڕایەوە کوردستان ، نزیکەی ١٣٠ کتێبی چاپکراوی هەبوە . دوای مردنی لە شاری ئورفە ، بەشەو تاریک و بودزی گۆڕەکەیان هەڵکەند و لە شوێنێکی نهێنیان شاردەوە بۆ ئەوەی کەس نەزانێ لە کوێیەو دواتر نەبێتە شوێنێکی پیرۆز بۆ مریدەکانی .

ابن تەیمیە ، کە لەسەر دیدەنە نوێیەکەی بۆ ئاین زیندانکراو دواتر لە زیندانی قەڵای دمشق مرد . " ٢٣ دو النون المسری لەگەڵ المتوکل خەلیفەی عەباسی ، حەللاج لەگەڵ خەلیفەی موقتەدر ، کە بەدوایەوەبو تاوەک لەسەر دەستی موقتەدر کوژرا و سەری بە پردی بەغداوە هەڵواسراو لاشەکەی پارچە پارچە کراو دواتر سوتێنراو خولیەکەی بەباکرا ڕوباری دیجلە . " ابن العربی . "٢٤ و سەهرەوەردی — سەدەی دوازدە — شێخ الأشراق و حەلاج و فەیلەسوفی ئاسیەوی سۆفی ئایار کە لە ساڵی ١٧٢٠ کۆچی کردوە . "٢٥ هەمیشە جێگای گومانی کاربەدەستان بونە و هەمیشە ئەشکەنجە دراون و کوژراون و ژیانیان لێ تاڵکراوە ، لەبەر ترسی کاربەدەستان لەسەر دەستەڵاتی خۆیان و لەبەر تێنەگەیشتنی دەوروبەر ، هەروەک لە کوردستانیش بەسەر مەولانا خالد و میرەکانی بابان هات ، کە ناچاریانکرد خاکی کوردستان بە جێبێڵێ و دەربەدەر بێ . ڕێگای سۆفیەکان لوتکەی خۆیان لەناو کورد وەرگرتوە و کارتێکردنێکی زۆریان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد هەبوە .

هەروەک زۆربەی هیند و ئەوروپیەکان بە تایبەت ئاریایەکان ، پرنسیپی چاکە و خراپە ئوهرامزدا و ئەهریمان ( خێر و شەڕ ) ، چەمکی بناغەیی ئاینەکانیان بوە . هەر لە زەردەشتەوە ٦٦٠ پ.ز بە خاک و پاکایەتی سروشتی هەمیشەیی بەستراونەتەوە و ، تاوەکو ئاینی ئێزدیەکان و پشتبەستن بە هێزە شاردراوەکانی پەیوەندی نێوان خۆیان و ئیلیمەێنتەکانی دروستبون ، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج ، پەیوەندیەکەیان بە ئاینەکانەوە زۆر لەو هزرەوە نزیکە ، پشوی درێژ و بەسەروەرکردنی بدەرەکانی خاک و هەڤگرتن لەگەڵ هێزی بەرز . هەروەها ڕۆڵی سەختی ژیانی دەوروبەریان کردوە بە ڕەڤینێک لە دورهێل و چارەیێکی ناهۆشیار بۆ بارێکی ناهەموار . هەمیشە ئەو جۆرە پەیوەندیەیان هەڵبژاردوە . تەنانەت سۆفیزمیش جۆرە پەیوەندیێکی وای پێوە دیارە وەک ڕەڤینێکی ڕەواو نا ئەرێی بۆ بویەر . کورد هەمیشە بەو پەیوەندیە هرەکیەی نێوان خۆی و سروشت نامۆیی خۆی چارەکردوە و کردویەتی بە شتێکی تایبەت بە بارودۆخەکەوە و وەکو پەناگایێک لە زڤرایەتی دەوروبەر بەرەو باوەشە گەرمەکەی ڕەڤیوە . لەوێوە سۆفیزم گەشەی کردوە و لەناو کوردا بلاوبۆتەوە . لەبەر ئەوەی هیچ ( بدعة ) یێک لەناو ئیسلامدا ڕێگەی پێنەدراوە و کارەکەش بە کۆمەڵێک سودی کەسایەتی و شەڕ لەسەر پایە بوە ، کەس نەیویستوە لێیان تێبگات . لەبەر ئەوەی مەیدانی فۆرمی هزر زۆر فراوانە و دەکرێ بە شێوەیێکی جیاواز لێکبدرێتەوە ، بۆیەش لەناو تۆتالیتاریزمێکی ئایدیۆلۆجی دا زۆر بە ساناهی ئاخافتنی ناحەزێک دەبێتە مایەی لەناو چونی هزرڤانەکە ( کل محدثة بدعة وکل بدعة ضلالة وکل ضلالة فی النار ) . ٢٦

زۆر لە ڕێگا سۆفیەکان بە ناوی کزردەوە ناسراون ، یاخود سۆفی کورد لە ناویاندا گەش و دیارن ئەگەر چی دامەزرێنەر و بنەڕەتیان کوردی نەبوبێت وەك : نەقشبەندی ، کە لەسەر دەستی فەیلەسوف و بلیمەتی کورد مەولانا خالد نەقشبەندی وەراری کردوە و دەنگی داوەتەوە . هەروەها قادری ، کە زۆربەی مریدانی نەقشبەندی بەر لە گەڕانەوەی مەولانا خالد لە هیند مریدی قادریبون و دەستەلاتێکی کۆمەلایەتی و سیاسیان لەدەست بو ، ئەو دو ڕێچکەیە بە تایبەت توانیان بە هێزی شاردراوەی دۆگما Dogma "[14]" ڕێچکەکە بکەن بە سەکۆیێکە ڕوناك بۆ تەڤگەری هزر . بەلام دەوروبەر و باری ئایدیولوجی دەڤەر لە خزمەتی گەشەکردنی ئەو نەوزادە دا نەبون تاکو ببێت بە بناغەی هزری فەلسەفی و قۆناغەکانی تری هزر بە وایدا بێت ، ئەگەر چی هاندەرێکی مەزنی پاسدانی فیودالی بونە ، بەرەو بۆرژوا ، کوردیش بە ئالۆزی و نا ئاسایی قۆناغە فیکریەکانیان بڕی ، یاخود پێیان وایە کە بڕیویانە .

لە بویەریشدا مللەتی کورد فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی نەبوە ، کە وەك نەتەوەیێك خزمەتی بون و ئامانجە نیشتمانیەکانی بکات . ئەگەر نەختێك وردبین بین و لە دیرۆکی کورد بنێرین : ئەو دو ڕێگایە ڕۆلێکی مەزن و کاریگەریان لە خەباتی ڕزگاریخوازی مللەتی کورددا هەبوە ، زۆربەی شۆڕشە نەتەوەییەکانی کورد لەسەر بنەمایێکی ئاینی لە خزمەت خەباتەکەدا بون و باری ئایدیولۆجی و گیانیان کردوە بە بنەمای شۆڕشە نەتەوەییەکان و بۆ پاراستنی مانەوەی نەژادی کورد بەکارهاتون ، بەلام سەرکەوتو بونە یان نا ؟ ئەوە شتێکی ترە و لێرە دەرفەتی گوتنی نیە .

مللەتی کورد لەو قۆناغەدا ماوەتەوە و قەیرانی هزر بوە بە کۆسپ لە ڕێگای پێشکەوتنی شەپۆلە فەلسەفیەکان و یەکگرتنی هزرێکی بەرز لە پێناو بەرژەوەندیێکی بەرز و دامەزراندنی کەسایەتی تایبەت بە مرۆڤی کورد . ئێمە هەرگیز لە بناغەوە دەستمان پێنەکردوە ، بۆ ئەوەی هزر بە قۆناغە سروشتیەکانیدا بڕوات ، بۆیەش هزرە پێشکەوتنخوازەکانیش لە ناوماندا جێگەی خۆیان بە تەواوەتی ناکەنەوە ، چونکی لە ئەنجامی بیرکردنەوەیێکی نا کوردین و بە قۆناغە پێویستەکاندا تێنەپەڕیون . هزرە نوێیەکان وەکو زارۆیەکی نەوزاد لەبەر دەچن . بۆ نمونە : ئەگەر بمانەوێ تەمەنمان ببێتە ١٠ سال ، دەبێ لە سەرەتاوە بزانین ئێستا تەمەنمان چەندە ، ئەگەر زانیمان کە تەمەنمان ٥ سالە ، ناتوانین یەکسەر ببین بە ١٠ سال ، دەبێ جاری یەکەم یارمەتی خۆمان بدەین و لە پێنج دەربچین بەرەو ٦ دواتر ٧ و ٨ و ٩ ئینجا ١٠ ، ئێمە ناتوانین بە تاقیکردنەوەی ١٠ دا بڕۆین لە کاتێك دا کە جارێ قۆناغەکانی ترمان نەبڕیبێ . ئەوەندەش لە خۆیدا هۆیێکی نامۆیی یە ، چونکی ئەگەر خۆت لە قۆناغی ٥ بیت و خۆت بە ٩ نیشان بدەیت نامۆیت ، لەبەر ئەوەی بە قۆناغەکانی تردا نەڕۆیشتویت و تاقیکردنەوەت بە تەواوەتی نە بوهژاندوە .

دەبێ بزانین ڕەفتار لەگەل دراوی بویەردا بکەین ، ئەگینا هەمو تاقیکردنەوەکانمان بە نەوزادی و پێش پێگەیین دەزێن و لەوانەی مانەوەیان زۆر کەم دەبێت . من دژی بە ڕامیاری کردنی ئاینم و دژی ڕادیکالیەت و فەندەمینتالیزمم ، بەلام ئاینێك کە خزمەتی ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانم بکات و دەستی کورد بەرەو ڕزگار بون ببات و کەیانێکی سیاسی بۆ دروست بکات ، ئەوەم پێ چاکترە لە بزوتنەوەیێکی پێشکەوتنخواز ، کە مللەتەکەم نەتوانێ تێبگات و بیبوهژێنێ ! من چی لە پێشکەوتن بکەم ، لە کاتێك دا خۆم جارێ بە پلەی بەندە نەگەیشتبوبم ، لە نۆکەر کەمتر بم ، دەبێ جاری یەکەم ڕزگار بم ، چونکە پێشکەوتن تەنها بۆ مرۆڤی ئازادە ،

---

"[14]" عەقیدە ، پرەنسیپ ، فێرکردن ، بیروباوەڕ .

ئەگەر ڕزگار بوم ئینجا پێشکەوتن خوازی دەبێتە ئامانجی دوەمم چونکی بوون بەر لە هەمو شتێکە ، دەبێ جاری یەکەم هەبیت ، دواتر سیستمێکی جۆری ژیان بۆ خۆت هەڵبژێری و بڕیار بدەیت کە ئایا پێشکەوتویت یان نا ! کە هەبون مسۆگەر بو پێشکەوتن دەبێتە شتێکی پێویست بۆ ئەوەی فێرببم و جارێکی تر نەبم بە بەندە .

گومانم لەوەدا نیە کە خەباتی ڕزگاری و ئازادبون ، لەپێش خەباتی چینایەتییەوە دێ و ناتوانی خەباتی چینایەتی بکەیت کاتێک لە قۆناغی بەندایەتی دا دەژی ، چونکی خەباتی ڕزگاری خوازی کێشەی مان و نەمانی نەژادێکە ، بەڵام خەباتی چینایەتی لە پێناو سیستمێکی باشتری ژیانە . ئەگەر ژیانت نەبێ ناتوانیت ژیان خۆشبکەیت ، چونکی لە بنەڕەتەوە ژیانت نیە . وەک ئەوەی قاپ و بەڕ و مۆبڵ بکڕیت بەر لەوەی خانو و خاکت هەبێ ، تەنانەت ژیانیشت لە مەترسی دا بێت . بۆیەش دەڵێم : خەباتی ڕزگاربون دەبێ بەر لە هەمو جۆرێکی تری خەبات کاری بۆ بکرێ ، هزر بە قۆناغە حەتمیەکانی دا بڕوات و جارێ بزانین لە کوێ ماینەتەوە ، دەبێ لە وێیەوە دەست پێبکەینەوە .

دیرۆک و بویەر بۆمان ئاشکرا دەکات کە جارێ لە قۆناغەکانی دەرەبەگایەتی و خێڵەکی دا ماینەتەوە ، دەبێ سیستمێک یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی زوتر ئەوە قۆناغە ببڕین ، هەر بۆیەش بەردەوام بزوتنەوە خێڵەکی یەکان زیاتر باویان لەناو ملەتی کورد دا هەیە .

ئێستاش لای من جێگای ئومێدە ، فەلسەفەیێکی مۆدرنی تایبەت بە کورد لەسەر بنەمای سۆفیزم دابمەزرێ ، چونکی پەیوەندیێکی توندی بە گیانی کوردەوە هەیە و باری خێڵەکی و ئایدیولوجیش دەگرێتە ئامێز و تەنها لەناو کورد باوی ماوە ، با ئەوەندە ز ڤرو دڕ نەبین بەرامبەر بە ڕابرد و بویەری خۆمان ، ئەگەرچی ئێستا بە هەڵەی دادەنێین یان عەقڵمان پێی ناشکێ و پێمان وایە هزرمان لەوە پێشکەوتوترە .

بزوتنەوەی چەپ لە کوردستان لەبەر شەپۆلەکانی شۆرشی سور بۆ ماوەیێک زۆر گەشەیان کرد ، بەڵام هەرگیز بۆ ملەتی کورد کەرەستەیێکی تێگەیراو نەبون ، لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆجیایێکی بیانی بوو لە ئەنجامی وەدەردانی عەقڵێکی تر و بویەرێکی تر بون کە عەقڵی کورد نیە و لە کەرەستەیێکی جیاواز و بنەمایێکی جیاواز پێک هاتوە و بەبارودۆخێکی جیاوازدا قۆناغەکانی بڕیوە ، تا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە . کورد بە هەمان سۆفیگەریێتی خۆی ڕەفتاری لەگەڵ بیردۆزەکە دەکرد ، ئێستاش و دوای ئەو هەمو گۆڕانکاریە مەزنانە و ڕوخانی بلۆکی کۆمۆنیست ، مرۆڤی وا هەن ئەگەر کەسێک باسی مارکس یان لینین بکات ، وا دەزانێ باسی شێخەکەی کراوە و وەک سۆفییێک بەرگری لە داب و نەریتی ڕێچکەکەی دەکات .

ئولدارەکانمان ، سەرخۆشەکانمان ، بێ بڕواکانمان ، حزبەکانمان ، سیاسی و سەرکردەکانمان ، چەپ و ڕاست و هەمو چینەکانمان ، لە حوجرەی سۆفییێکەوە سەیری دونیا دەکەن ، کەواتە دەبێ بزانین کە گیانی سۆفییێکمان تێدایە و جارێ نەمانتوانیوە لێی دەربازبین و قۆناغەکە ببڕین . کە مەرج نیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسەرچاوە ئاینیەکەوە هەبێت ، بەڵام هەمو شەپۆلەکانی هزر و هەمو چینەکانمان بە پێڤاژەوە بگرێتە ئامێز ، لە پێناو بەرژەوەندیێکی بەرز کە هەمومان لەسەری پێکبێین ، بە ڕاست و چەپ و ڕادیکال و پێشکەوتنخواز و خواناس و خوانەناس ، ئەویش ڕزگاری یەکجارەکی کوردە .

با بەڕوحی سۆفییێک بەرژەوەندی نیشتیمانی خۆمان بپارێزین و بە ڕوحی سۆفییێک خەباتی خۆمان بکەین و سەرلەنوێ بەها و ئاکاری نوێی گونجاو لەگەڵ باری پێشکەوتوی جیهان و پێشکەوتنە لەزەکانی دابمەزرێنین ، کوردستان بکەین بە حوجرەکە و ڕزگاری ملەتی کورد بکەین بە تاکە یەقین و باوەش بۆ هەمو هزرێکی

پێشکەوتو بکەینەوە ، دور لە دۆگماتیزم و دڕایەتی و تۆتالیتاریزم و گرێدانی دواڕۆژی کورد بە بزوتنەوەیێکی ئاینی کە پرۆژەیەکی بۆ ڕزگاری نەتەوەیی نیە ، تەنانەت مەبەستیان ئەوەیە ببن بە دارو دەستی دوژمن و بە فیتی چەند لایەنێکی گومانلێکراو نەهێڵن کورد ڕزگاری بێ .

دیرۆکی کورد نیشانماندەدا کە کورد تەنها لە شۆرشە سۆفیەکاندا یەکتری گرتوە و لاشەی سیاسی و سەربەخۆی دروست کردوە . هەر بۆیەش هەمیشە شەپۆلە ئاینیەکانی داگیرکەرانی کورد دژایەتی سۆفیزم دەکەن ، چونکە دەزانن تەنها ڕێگاییێکە کورد دەکا بەیەک و ئەوان ناتوانن دەستە چەپەڵەکانیان بۆ تێکدان بخەنە ناوی . ئەوان توانیویانە ئیسلام بکەن بە ئایدۆلۆجیایێک لە خزمەتی ئامانجە نەتەوەیەکانیان دا و کورد نەیتوانیوە بە ئیسلام و بەبێ ئیسلامیش ڕزگاری بێ .

پێویستە یارمەتی میللەتی کورد بدرێ بۆ ئەوەی بە زوترین کات قۆناغی ئاین ببڕێ و لە قەوارەی خێڵەکەی دەربچێ و ئەوەندەش بە دژایەتی ڕاستەوخۆی ئاین و خێڵەکی ناکرێ . دەبێ پێیدا بڕوات و زو کۆتایی پێ بێنێ . بۆیەش دەڵێم با مستیسزم ببێتە خاڵی دەستپێکردنێکی مۆدرن و قۆناغەکانی دواتر بە زانستیانە بخرێنە ژێر کۆنترۆلی دەستەڵاتێکی نیشتیمانی . و هەوڵبدرێت کورد بە قۆناغە هزریەکانڕا بگات و ململانێ لەسەر کۆتایی هاتنی ژیار بکات . ئەگەر ڕاسل جاکوبی یۆتۆبیاییێکی نوێ بۆ کۆتایی پێهاتنی دیرۆک ڕابگەیێنێ و فۆکۆیاما یۆتۆپیای لیبرال بکاتە خاڵی کۆتایی ، من پێشبینی مستیسیزم دەکەم کە دەبێتە کۆتایی هاتنی چەرخی دیرۆک و مرۆڤ کۆتایی بە ژیارە پێشکەوتوەکە دێنێ و دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەسارە سارد و سڕەی جاری یەکەم و بە ڕوتی پرسیارە نەمرەکان دەکاتەوە : بۆ لێرەم و بۆ بەندکراوم و بەرەو کوێ دەڕۆم ؟ .

بە هەڵە ناچم ئەگەر مستیسزم بە جۆرەها چارەیێکی نامۆیی بزانم ، لە کاتێکدا هیچ دەرگاییێک نامێنێ مرۆڤ ڕوی تێبکات و بە هیچ جۆرێک نەتوانێ لەگەڵ دەوروبەر و دونیای پڕ ئێش و ژواردا بگونجێ ، ڕوی لە دەرگای خودیەتی خۆی دەکاتەوە وەک سەرهەڵدانێک دژ بەو هەمو شتانەی مرۆڤایەتی کە ئەزەکەی بچوک دەکەنەوە .

لەبەر ئەوەی ژیان پڕە لە ژوار و ئازار ، مرۆڤ بە مردن نەبێ لەو ژان و ژوارانە ڕزگاری نابێ . بیرکردنەوەی سۆفی بۆ ڕزگاربون لەو ئازارانە لە بیرۆکەی مردن پێشکەوتو ترە . کاتێ سۆفی خەڵوەت هەڵدەبژێرێ و چاولێکەری لە پەسەنەکانی خودا دەکات — چونکی تەنیایی پەسەنێکی خودای یە — هەر خودا دەتوانێ تەنیا بێ و پێویستی بەکەس نەبێ و لەسەر هەمو شتێک بەرز ببێتەوە .

جودایی نامۆیەکەی سۆفی لەوەدایە کە خۆی جێگا و ڕێگا و کاتی دەستەمۆیی ( نانامۆیی ) خۆی هەڵدەبژێرێ و هەوڵدەدا یەکبون لەگەڵ ڕوناکی هەرەکیدا بکات ، ئەو بارەش هێزێکی شاراوەی قوڵی پێ دەبەخشێ و ئەو هێزەش ڕوحێکی بە هێزی دەوێ بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگا چارەیێک بۆ ئێش و ئازارە هەمیشەییەکانی مرۆڤ . مرۆڤ بەرز دەبێتەوە و دەگاتە پلەی نەمانی ئێش و ژوار ، کاتێ ئێش و ژوار کارتێکردنێکی لەسەر مرۆڤ نامێنێ .

ئەو پلەیەش تەنها بە مردنی ناکا و بەدەستەوە دێ ، بەڵام سۆفی بەویستی خۆی دەگاتە ئەو پلەیە و خۆی لە گرێداڤی ژیان ڕزگار دەکات و دەگاتە چرکەی یەقینی ڕۆژی کۆتایی ، بەرلەوەی سەردەمی ڕزگاربونی یەکجارەکی بێت .

# نامۆیی کۆمەڵایەتی

لە ئەنجامی شەڕی درێژخایەن و کارکنی مەزن ، یان لەبەر ڕوخانی بڕوای مرۆڤێک یان میللەتێک بە ئایدۆلۆجیایێک و نشوستی هێنان و خرشبونی پەیکەرە مەعنەویەکان و بە ئەنجام نەگەیشتنیان بە ئامانجە سەروەرەکان کە لە کاتێکدا بە هیوا و بڕوا و عەقیدەیێکی سەروەری خۆی دەیزانین و هەمو توانا و بەهادارێکی خۆی لە پێناویاندا دەمەزاخت . دواتر پوچەڵ بون و وا دەرنەکەوت کە خۆی بە تەمای بو . خود توشی نامۆیێکی گشتی دەکات و بەها ناهێڵێ ، تەنانەت ئەگەر ئەو بۆچونانەش بگرینە بەرچاو کە هەمو جۆرە نەخۆشییێکی کۆمەلایەتی دەخەنە ژێر ڕکێفی باری ئابوری و هۆکارەکانییەوە .

ئەوساش بۆمان دەسەلمێ کە باری ئابوری تەنها هۆکاری پەیدابون و تەشەنەکردنی نەخۆشیە کۆمەلایەتیەکان نیە ، بەڵکو دەکرێ بێژین : باری ئابوری هۆکارێکی سەرەکی پەیدابونی نەخۆشیە کۆمەلایەتیەکانە . بەلام بارێکی ئابوری نەگونجاو بەڕاستەوخۆ کارناکاتە سەر بەها و ئاکارە چەسپاوەکان لای مرۆڤێکی ساغ و دروست و هەڤگر ، ئەگەر لە بنەڕەتەوە ئەو مرۆڤە یان ئەو کۆمەڵگایە بڕوای بەو چەمکانە هەبێت و بە زۆری بەسەریدا نەسەپابن و خۆی لە ناخەوە وەک سەروەرێک ئەریێان بکات . بەلام ئەگەر ئایدیۆلۆجیاکە یان بەهاو ئاکارەکانی کە لێیوەهاتون بەسەریدا سەپابن و خۆی لە ناخەوە بڕوای پێیان نەبێت و تەنها وەک یاسایێکی کۆمەلایەتی زۆردار بیانبینێ ، دەکەوێتە ناو پێقاژ و هەمیشە هۆشیاریەکەی Conscious کە نوێنەرایەتی کەسایەتیە ڕۆژانەکەی دەکات و Subconscious ژێر هۆشیاریەکەی کە نوێنەرایەتی خودەکەی دەکات ، دەکەونە ناو جەنگێکی درندە بەرامبەر هەڤ و بە ئەنجامی سەرکەوتنی هەر کامیان ڕەفتارەکانی خۆی دەگۆڕێ .

ئەگەر توانای ڕزگاربونی لە جەنجاڵی دەوروبەر هەبو و بەرەو باوەشی ناخەکەی خۆی گەڕایەوە و خۆی بە هەمو شێوەیێکەوە نواند وەک نوێنەرێکی ڕاستەقینەی ناخی خۆی دور لە پێقاژەکان ، لە کۆمەڵ دور دەکەوێتەوە و تەنها خودە ڕاستەقینەکەی خۆی دەنوێنێ . بەلام ئەگەر هۆشیاریەکەی لە لە شەڕەکەدا زاڵبو ، چەمکەکانی دەگۆڕێن و کەسایەتییێکی تر دەنوێنێ کە خۆی نیە ، بۆ ئوەی بتوانێ لەگەڵ گشتدا بگونجێ . ئینجا هەمیشە هزری ناهۆشیاری Subconscious دەکەوێتە ئازار و ناو جەنجاڵی پڕۆسێسی ڕەتکردنەوەیێکی شاردراوە ، کە بەزۆر شێوە دەردەبڕدرێ . یاساکانی کۆمەڵ بەبەندێکی زاڵ و خنکێنەر دەبینێت و هیچ بڕوایێکی تەنانەت بە لایەنە باشەکانیشی نامێنێت ، تەنها لایەنە زۆردارەکەی پەیڕەو دەکات . مەبەستیش لە زۆرداری ئەوەیە کە لەبەر شەرم و کەمکردنەوەی کۆمەڵ دەیانکات و دواتر دەبن بە شێوە زۆرداریێک لە ژێر بەندەکانی کۆمەڵ . ئەگەر بە زەبری کۆمەڵ بن یاخود ژێدەری ئایدۆلۆجیایێک کە دواتر بونەتە داب و نەریت و بە مێشکییەوە لکابن ، زۆرجار بەرگریشیان لێدەکات – لەوانەشە زۆر جار شەڕیشیان لە پێناودا بکات – چونکی هیچی لەو باشتر نازانێ وەک ئەلتەرناتیف . زۆر جاریش مرۆڤ ئەو هزرانە ڕەت دەکاتەوە کە هیچیان لێ نازانێ ، چونکی بڕواکردن بە ئایدۆلۆجیایێک پلەی کۆمەلایەتی بە کەس دەدات – بەلایەنی کەمەوە لەناو هاوبیرەکانی – جگە لە لێڕاهاتن و ڕەفتارکردن لەگەڵ بیرۆکەکەدا وەک کەلتورێکی تایبەت کە پەیوەستە بە کۆمەڵێک بیرەوەری و ئاشنایەتی منداڵیەوە .

ئەگەر باری ئابوری ناهەموار بو ، ئوە بێگومـان پەیوەنـدی مـرۆڤ بـە سیـستمەوە سـست دەبـێ و لـە ئەنجامدا نێوانی لەگەڵ بەها و ئاکارە چەسپاوەکانی ئەو کۆمەڵەش لاواز دەبێ ، یاخود هەر بەندێکی کۆمەڵایەتی و پرۆتۆکۆلێکی نامۆر کراو کە کۆمەڵگا بە سەریدا چەسپاندوە نامێنێ . بارە ئابوریەکەش دەبێ بە لەبـەرێک بـۆ ئەوەی ئەو تاکە خۆی بخاتە ناو هەر شتێکی ناباو لە کۆمەڵ و هەر شتێکی دژ بە ڕەوشتە باوەکانی کۆمـەڵیش بـە تۆڵەسەندنێک دەزانێ و بەبەردەوامی ئەنجامیان دەدات ، بۆ ئەوەی ڕەتکردنەوەکـە بـسەلمێنێ و بـاری گرانـی دەرونی خۆی پێ سوک بکات .

بەڵام ئەگەر : نەخۆشی کۆمەڵایەتی لەبەر هۆکـاری ئـابوری ناهـەموار لـە شـوێنێکدا نیـشتەجێ بـون و تەشەنەیان کرد ، دواتر بە لاچونی هۆکارە ئابوریەکە نەخۆشیەکان لاناچن ، چونکی گرفتـی ئـابوری بـە بڕیـاری سیاسی ئابوریەوە بەستراون و دەکرێ بە بڕیارێکی تر بارەکە چاک بکرێتەوە و گرفتـەکان نـەمێنن ، بـەڵام ئـەو نەخۆشیانەی لە ئونجامییەوە هاتونەتە ئارا لەناو ناچن ، چونکی باری ناهەموار دۆخی ناهەموار دروست دەکات و بارودۆخی ناهەموار بـەها و ئاکـاری نـوێ دروسـت دەکـەن ، هـەروەک بـەها و ئاکـاری نـوێ دەبنـە هـەوێنی دروستبونی داب و نەریتی نوێ و ئەو پەیوەندیانەی لە نێزان مرۆڤ و کۆمەڵ دا بـە گـوێرەی هەنـدێک پـەیمانی نوێ دەبەسترێن و لە ئەنجام دا هێزی بەهڤگرێدان دەگۆڕدرێ و ئەگەر نەخۆشییێکی کۆمەڵایەتی نەوەی بەسەردا هات دەبێتە داب و نەریت ، پێشم وانیە هێزێک هەبێت توانای لەناوبردنی دابونەریتی هەبێت .

کۆمەڵ لە کەسانێک پێـک دێ کـە پـەیمانێکی نامۆرکراویـان ئـەرێ بێـت بـۆ دواخـستنی چاوچـنۆکی و بەرژەوەندی کەسایەتی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و مافی کەسانی تر وەک گـشتێکی لێکدانـەبڕاو بـۆ ئـەوەی لەسەر بەرژەوەندی گشتی و کار ئاسانکردنی یەکتری لـەژێر یاسـا و پـەیمان کـە پێـشتر لـە پێنـاو بهـەڤڕاژیان لەسەری پێک هاتون . مرۆڤ چاوی لەسەر ئەو پەیمانانە دەکاتەوە و خۆیایان دەکات ( دەیانناسێتەوە ) ، هەڵبەتـە پەیمانەکان هەبون بەر لەوەی مرۆڤ لە پێکهاتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا بگات ، لە منداڵیەوە ئەو پەیمانانە دەبینـێ و هەستیان پێدەکات و وەک بەشێک لە دابی ڕۆژانەی ژیان ڕەفتاریـان لـە گەڵـدا دەکـات ، هەڵبەتـە لـە پێنـاو بەرژەوەندیێکی گشتی و پاراستنی چەند مافێکی کەسایەتی لە ژێر سایەی ئەو پەیمانە نامۆرکراوەیەدا ، مرۆڤ بە دڵخۆشیەوە ئەرێ دەبێ خاوەنداریەتی خـودی خـۆی بگوازێتـەوە و بیداتـە دەسـت کۆمـەڵێکی دادوەر و یاسـا و هاوسنگ ، لە کاتێکتدا پێی گران دەبێت خاوەنداریەتی خودی خۆی بداتە دەست تاقـە کەسـێک ، لەبەرئـەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە و بەندایەتی بارێکی بەسەردا سەپێندراوە .

وەک پێشمەرجێکی پێکهاتنی کۆمەڵ کە پێشتر تاک بە پەیمانەکانی ئەرێ بوە ، مرۆڤ ویستەکانی خۆی و ئەزینی ( ئەنانیەت ) و خودیەتی و بەرژەوەندی تەسک لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵ دوا دەخات ، ئەرێیە یانیش بەبێ بیرکردنەوە وا دەزانێ پێی ئەرێیە . بۆ ئەوەی کەسانی تریش بەرژەوەنـدی خۆیـان بەرامبـەر بـە بەرژەوەندی گشتی دوا بخەن ، ئەو کاتە خۆشی وەک بەشێکی ئەو سیستمە سـود لـە دواخـستنی بەرژەوەنـدی کەسانی ترەوە وەردەگرێ . مرۆڤ باج دەدا و لەشکری لە کاتی پێویستدا بۆ وەڵات دەکا و کۆمەڵێک لـە ئـازادی کەسایەتی خۆی لە پێناو ئارامی و ڕێزلێگرتنی کەسانی تری نـاو کۆمـەڵگا دوا دەخـات ، یـاخود قوتیـان دەدات و دەریان نابڕێ ، لە هەمانکاتدا بە حوکمی ڕەوایەتی سیستم " یاسا " ئەرێ دەبێ و بـە دڵخۆشـیەوە ملکەچـی لـە بڕیارەکانی دەکات ، ئەگەر زیندان و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و سامان ، تەنانەت ئەگەر لـە سـێدارەدانیش بێت ، دژایەتی سیـستم ناکـات چـونکی حـوکمی زۆرینەیـە و بـە دادوەری و ڕەوایەتیەکـەی ئـەرێ و ملکەچـە .

بەرامبەر بەو هەموە کۆمەڵیش ، دەبێ کەسایەتی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئاسایشی ئابوری بۆ کەس دابین بکات و چاودێری بەرژەوەندیەکانی بکات وەك بەرژەوەندی کەسێکی خۆی ناو کۆمەڵ و تاکەکە بەیەك لە خۆی بزانێ و جۆرە یەکسانییێك لە دابەشکردنی سامانی گشتی و هەلی فێربون و دراوەکانی تری گشتی وەك ( خزمەتگوزاری ) و بۆ خود دابین بکات و لە ژێر دادوەری یاسای کۆمەڵایەتی ، کەسایەتی یاسایی و ئابوری بۆ دروستبکات ، کە لە سەرەتاوە وەك سیستمێکی ئاکار ، خود پێی ئەرێ بوە ( لێی ڕازی بوە ) و لەژێر سایەی پەیمانە مۆرنەکراوەکەدا دەژێ .

ئەگەر ئەوە بکەین بە هاوکێشێکی دادوەر و هاوسەنگ ، دەبێ هەردو لایەن ( کۆمەڵگا / تاك ) ئەرك و مافەکانی خۆیان بە ئەنجام بدەن ، هەرکاتێ لایەنێك مافەکانی خۆی وەرگرت و نکۆڵی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی بەرامبەری کرد ، ئوە لایەنی دوەم نامۆ دەبێت و هاوکێشەکە لار دەبێ ، لاربونیشی نا دادوەری دروست دەکات ، چونکە کەس ناتوانێ بە ڕاستەوخۆ تۆڵە لە سیستم وەرگرێ ، وەك چۆن سیستم بە ڕاستەوخۆ تۆڵەی لێ وەردەگرێ و لە کاتی پێویستیش سزایدەدات ئەگەر نکۆڵی لە ئەرکەکانی خۆی کرد . کاتی کەس هەمو ئەرکەکانی خۆی بەجێ دێنێ ، دەبێ مافەکانی خۆشە وەرگرێ ئەگینا لە سیستم زویر دەبێ و توشی ناتەڤلیبون و گۆشەگیری دەبێت و دواتر نامۆ دەبێ . سیستمیش ڕاوایەتی خۆی تەنها بە دادوەری وەردەگرێ ، بۆیەش هەر سیستمێك دادوەری تێدا نەبێت ، ئەوە ڕەوایەتی حوکمڕانی نابێت . ئەوە لە بنەماکانی نامۆیی کۆمەڵایەتییە ، لەسەر ئەو بناغەیەش زۆرجار لەو وەڵاتانەی کە یەکسانی کۆمەڵایەتی تیایاندا چەنگ ناکەوێ ، توێژی نامۆ بە شێوازی جیا جیا پەیدا دەبن ، لەبەر پیشەی خۆیان هەمیشە دورخراو و سوك کراون "[15]" بە کابرای زێراب پاککەر یان مەی فرۆش ، یان فەڕاشی دائیرێك یان سستەرێك یان زوڕناژەن و چاوەشێك ، کۆمەڵ لە گەڵیان دەستپێ دەکات و مافی ڕەوای هەڤوەڵاتییێکی یەکسانیان لێ دەستێنێتەوە و ڕوخساری کەسایەتی کۆمەڵایەتیان دەشێوێنێ . لە دانیشتنی پلە بەرز و شەرەف دوریان دەخاتەوە ، بۆ ژنخوازتن و پێکهاتنی خێڵەکی و کاری مەزن نایانبەن و بە ڕیش سپی ناناسرێن ئەگەرچی پیاو چاکیش بن ، بەڵکو تا کۆمەڵ پێی بکرێ دوریاندەخاتەوە گوایە سەنگیان نیە !! بەزۆری دەیانکەن بە چینێکی جیاوازی سوك کراو و دورخراو لە لەناو کۆمەڵ دا ، ئەوەندەش بێگومان دەبێتە مایەی نامۆ بوونیان و دروستکردنی قەپێلێکی دروزن لە دەوری خۆیان ، تەنانەت ئەگەر هزر و نیازی باشیشیان بۆ کۆمەڵ هەبێت ، هەر بەو چاوە سوکەوە سەیر دەکرێن ! ئەوانیش لەبەر ڕق و کینی خۆیان لەسەر کۆمەڵ ، کینەکە دەرنابڕن / نایڵێن و دەبن بە کەسی تێکدەر و لە هەلێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی کینی خۆیان بڕێژن . کۆمەڵگایێکی تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن ئەگەر چی لەسەر حیسابی تێکچونی کۆمەڵیش بێت .

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەڕازێنێتەوە :ئایا کۆمەڵ لەبەر کەمایەتی و بێنرخی پیشەیێك ، مرۆڤ کەم دەکاتەوە ، یاخود ناڕەوایەتی پیشەکە — بە دیدی کۆمەڵ — کەسێك نامۆ دەکات و کەسەکە لەبەر جیاوازی ڕوخساری پیشەکەی و ئەو جیاوازیانەی بە حوکمی پیشەکەوە لەسەری چەسپاون ، خۆی لە کۆمەڵگا دوردەکاتەوە ؟

"[15]" ئەو پیشەو کارانەم تەنها بۆ نمونە هێناوە و پەیوەندی بە هیچ کلاسگەرییێکەوە نیە داوای لێبوردنیان لێ دەکەم و لای من جێگای ڕێزن .

بۆ ئەوەی بەرسڤەکە هەمەگەربێت ، دەبێ بخرێتە ژێر سەلمێندراوی یاسای خـوار و سـەر و سـود لـە چەند جۆرە دیتنێکی تریش وەرگرین ، وەکو پراگماتیزم Pragmatism یان هەر بۆچونێکی تـری کـە باشـی و خێری هەر کارێك بە مەودای دراو و سودی بە مرۆڤ هەڵدەسـەنگێنێ ، لەگـەڵ ڕەچـاوکردنی پرنـسیپی باشـەی گشتی ، نەك باشە بۆ چینێك . کارەکان بە پێی پێوەری ئەو یاسایانە بکـەین بـە دو بـەش ، یەکـەم : کـرداری زیاندەر ، وەکو کوشتن و دزی و قۆلبڕین و دامێن پیسی و ... هتد ! کە زیانی ڕاستەوخۆیان بۆ کۆمەڵ هەیە .

دوەم : کارە سوددەرەکان ، کە کۆمەڵ بـە ڕاسـتەوخۆ سـودیان لێ وەردەگـرێ و لەهـەمان کـات دا بـە چـاوی کەمیش سەیریان دەکات ، وەکو کاری دراوی و پاککردنەوە و هونەرمەندانی ناو شایی و زوڕناژەن ( چـاوەش ) و کاری تری وەك فەڕاش و سستەر و پۆلیس ... هتد !

هەرچەندە من هیچ کەمایەتییێك لەو کارانەدا نابینم ! بەڵام بـە گـوێرەی نـەریتی کۆمـەڵ – بەتایبـەتی کۆمەڵگاکانمان – جیاوازیان لەگەڵ کاری تر هەیە ، یاخود کاری خۆشەویست نین .

لقی یەکەم کە زیانی ڕاستەوخۆیان بۆ کۆمەڵ هەیە بە گوێرەی هەمو بەها و ئاکارەکانی سەر و خواروی مرۆڤایەتی نا پەسەندن کەچی زۆر جار دەبینین دزێك ، یان درۆزن و قۆلبڕ و چەتەیێك لە فەڕاشی بەر دەرگـای نەخۆشخانە لای کۆمەڵ بە بەهاترە ، یاخود درۆزنێکی بە توانا و زمان لـوس ، لـە پاککـەرێکی شـارەوانی یـا لـە مامۆستایێکی هێژا لەناو کۆمەڵ بەنرخ ترە .

کاتێ کۆمەڵ بە چاوێکی کەم سەیری ئەو پیشە خزمەتگوزاریانە دەکات و جێگا ڕاستەقینەکەی خۆیان پـێ نادات ، وەك نمونەکانی پێشو ، هەمان پلەی دکتۆر و ئەندازیار و پارێزەریان پێ نـادات ، ئەوانـە هەسـتی پـێ دەکەن و دواتر کینی خۆیان لە شوێنێکی ترەوە دەڕێژن . ئەگەر سستەرێك لەبـەر ڕەفتـارە خـراپ و زڤرەکـانی دکتۆرەکان و غەدری کۆمەڵ ، پڕ بو لو کین ! چۆن کینەکەی خۆی بڕێژێ ، ئەگەر لەسەر نەخۆش هەوار نـەکات و نەخۆش ڕسوا نەکات ، نەخۆشەکەش لەوانەیە پارێزەر و ئەندازیار یان هەر کەسێکی دیکە بێت .

ئەو جۆرە ڕەفتارانەش لـەناو پیـشەکە تەشـەنە دەکـەن ، چـونکی کەسـانی تـر هـەن لەهـەمان پیـشە چاولێکەری لێ دەکەن و دواتر هەمان ڕەفتاریان دەبێت ، ئەگەر چی بە پلەی ئەویش نـامۆ نـەبن ، بـەڵام جـۆرە خۆشییێکی هەر لێ دەبینن . دواتر ئەو ڕەفتارە ڤارییە ( منحرف ) دەبێ بە دابو نەریتی تایبەت بە پیشەکەو ئیتر لەناو ناچێ .

ئەو جۆرە کارانە دەبن بـە مایـەی فـراوان بـونی درزی نێـوان کۆمـەڵ و کەسـەکەو دواتـر پیـشەکە و ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر گشت دەبێت ، چونکی ئەوانە لە پیشەکەی خۆیان نامۆ دەبن و خودیان تاڵان دەکرێ و لە جیاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ، دەبن بە " ئامێری " تێکدەر لەناو کۆمەڵگادا .

من نازانم بۆچی جیاوازی هەڤوەلاتیەتی لە نێوان دکتۆرێك و سـستەرێك بکـرێ ؟ یـاخود پارێزەرێـك و هونەرمەندێکی شایی ، کە بە چـاوەش دەناسـرێ ؟ یـاخود زێـراب پاککـەر و دانـساز و ئەنـدازیارێك ، یـاخود مەسئولێکی حزبی ( ئاغای مۆدێرن ) و کارەباچییێك و دارتاشێك .

ئەوە هەڵەیێکی کۆمەلایەتییە و هیچ بنەمایێکی ڕاستی نیە ، چونکی لە ڕوی پیشەییەوە هیچ جیاوازیێکیان لەگەڵ دکتۆر و ئەندازیاردا نیە . گریمان ئەگەر بڵێین هەیە ، لەبەر ئەوەی زوڕناژەن ناتوانێ نەخۆش تیمار بکات ، یان لە دادگا بەرگری مافێکی خورا و بکات ! ئەوە بێگومان دکتۆر و پارێزەریش ناتوانن لە شایی و سەما زوڕنـا لێبدەن و لەبەر ئەوەی نەخۆشی و دادگاو سەماکردن و پاك و خاوێنی هەمویان حاڵەتی گرنگن بەسـەر مـرۆڤ دا

دێن ، یاخود زێراب پاککەر و بەڕێوەبەری دارایی ، نابێ هیچ جیاوازییەکیان لە ڕوی هەقوەڵایەتی و ماف و ئەرک دا هەبێ ، چونکی ئەگەر هیچ دائیرەیێک بەبێ بەڕێوەبەری دارایی نەچێتە ڕێوە ، ئەوە بێگومان هیچ ماڵێک و ئاقاهییێک و دائیرەیێک و کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی بەبێ زێراب پاککردن ناچێتە ڕێوە و کەسێکی دەوێ ناوە ناوە ڤالای بکات ، بۆیە دەڵێم : ئەو کلاسگەریە دروستکراوە درۆزنە و هیچ بنەماییەکی زانستی یان لۆجیکی نیە و من نەمدیوە کەسێک شایی هەبێ ئەندازیارێک یان دکتۆرێک بێنێ بۆ ئەوەی زوڕنای بۆ بژەنێ و ئەگەر زوڕناژەن پێویستی بە خزمەتگوزاری دکتۆر هەبێت ، چونکی هەمو کەس نەخۆش دەبێ ، ئەوە بێگومان دکتۆریش لە ڕۆژی ژن هێنانی خۆی پێویستی بە زوڕناژەنێک دەبێ و هەروەک پێویستی بە فەڕاش هەیە بۆ ئەوەی شوێنەکەی بە پاکی ڕابگیرێ و کارەکانی ئاسانتر بکات .

زۆربەی چینەکان یاخود کەسە چەوساوەکانی ناو کۆمەڵ هەست بەو کلاسگەریە دەکەن ئەگەر نەشیزانن ، ئەوانە هەقوەڵاتین و دەبێ مافەکانی خۆیان بە تەواوەتی وەرگرن چونکە هەموچینەکان دەبێ مافەکانی خۆیان بە تەواوەتی وەرگرن چونکە هەموچینەکان دەبێ بەرامبەر ئەرکەکانی سیستم ملکەچ بن ، بێگومان سیستم بە ئەرکیان دادەنێ ، بەڵام کەسەکە بە قوربانی و باج دانیان دەزانێ و ئەگەر نکۆڵی لێی کرد بە سزای گەل و نیشتمان دەگات و لەوانەیە سامانی لێ بستێندرێتەوە یاخود لە سێدارە بدرێ ، چونکی لەشکریی نەکردوە و باجی نەداوە و پەیڕەوی یاسای نەکردوە . بەڵام کاتێ دێتە سەر مافەکە کەسایەتیەکانی خۆی ، سیستم توشی نشوستی دەکات و بۆی دابین ناکات ، کەسیش ناتوانێ ڕەوایەتی سزابدات ، یان ناڕازیبونی خۆی لە بەرامبەری دەربڕێ ، وەک چۆن سیستم کەسێک لە کاتی نکۆڵی کردن لەبەرپاکردنی مەرجەکانی کۆمەڵ سزا دەدات . بۆیە کەسەکە لە سیستم دەڕەقێ و توشی گۆشەگیری و پویتە پێنەکردن دەبێ و هەوڵدەدا بە پێی توانا زیان بە سیستمەکە بگەیێنێ ، بۆ ئەوەی نەختێک لە بارە قورسەکەی ناو ناخی خۆی لە ڕق و کین سوک بکات .

ئەگەر مرۆڤ بە تەواوەتی نامۆ بو ، ڕق و کینی خۆی لە کۆمەڵ بەفڕ دەردەبڕێ ، بۆ ئەوەی پێی نەزاندرێ و سزا نەدرێ ، جا ئەگەر فەرمانبەرێت ، لە خۆیەوە بە خەڵک دەڵێ : کاکە معامەلەکەت تەواو نەبوە ، بڕۆ بەیانی وەرەوە .. یانیش بزری دەکات و هەوڵدەدا زیانی مەتریالی و واتەیی بە دەزگاکەی بگەیێنێ ، ئەگەر سستەر بێت هاوار لەسەر نەخۆش دەکات و ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ دەکات ، چونکی لە هەمو لاییەکەوە خراپە دەبینێ ، لە دکتۆرەکانەوە بگرە تاوەکو دەگاتە سەر هەڵسوڕێنەری خەستەخانە و کۆمەڵی دەرەوە ، هەرچەندە پیشەکەی یەکێکە لە پیشە مرۆڤایەتیە گرنگەکان .

ئەگەر مرۆڤە نامۆیەکە لە ڕیستورانت کار بکات ، گلاس و قاپ دەشکێنێ و ئەگەر کەسی لێ دیار نەبو تف لەناو خواردن دەکات ، بۆ ئەوەی نەختێک لە کینەکە ڤالا بکات ، ئەو ڕوداوەی ڕیستورانت لە ئەندێشەمەوە نەهاتوە ، کاتێ ڕیپۆرتاجەکەم بۆ " کوردستانی نوێ " ئامادە دەکرد ، یەکێک لە کرێکارانی ڕیستورانتێکی بەرز و گران دوای ئەوەی بڕوای بە من کرد ، پێی گوتم :

کەسی وا هەیە تف لەناو خواردن دەکات ( نەیگوت خۆم وا دەکەم ) .

لێم پرسی : پێت وایە بۆ وا دەکات ؟

گوتی : ئەی بۆ وا نەکات ؟ ئەو کۆمەڵگایە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە و کەس بە کەس نیە ! هەموی بو بە پیاو ، بە دزو جەردە و پیاو کوژ و نامەردەوە ، هەر ئێمە مانان لەژێر پێ ڕۆشتوین ، ئەو خواردنە چاکە ،

بەوانین و لێهاتوی ئێمە دروست دەبێ ئێمە دەیکەین ، کەچی ئەو خوڵکە سەگ و سەگبابە دێتــە ئێــرە و نانەکــە دەخوا و ناوداریەکەش بۆ خاوەن ڕیستورانت دەمێنێ ، جگە لەوەش ئەوانەی دێنە ئێرە نان دەخۆن کەسـیان لــە ئێمە پیاوتر و چاکتر نین ، ئەی بۆ من کە هەمو کارەکە دەکەم ژەمێک نان لەو ڕیستورانتە نــەخۆم ! ڕۆژانەکــەم بەشی یەک ژەم خواردنی ئێرە ناکات .

ئەی بە تف کردنەکە ڕۆژانەکەی زیاد دەبێ ؟ لێم پرسی :

ڕۆژانە زیاد نابێ بەڵام وا نەکات دەتەقێ ، ئەوە کەمترین شتە بە خەڵک بڵێی ئێوە سـەگو سـەگبابن ، ئــەوەش شتێکە دڵی خۆتی پێ دابگەسێنی ، ئەگەر هیچی ترت لەدەست نەیێت .

من ڕقم لەو کابرایە نەبۆوە ، چونکی تێی گەیشتم بۆ وا دەکات ، بۆیەش وەکو ئامۆژگاری پێت دەڵـێم : ئەگەر لە وەڵاتێکدا یەکسانی و مافی کۆمەڵایەتیت بەدی نەکرد ، ئاگادارت دەکەمەوە ، لە ڕیـستورانتی بــەرز و گران نان مەخۆ !!!

جبران خلیل جبران لە کتێبی ( الأعمال الكاملة ) دا ڕوداوێک دەگێڕێتەوە ، گوایە : پیرهەڤییێک بە شـارێک دا تێپەڕ دەبێ و دەرمانێک دەخاتە ناو بیری ئاو خواردنەوەیان ، کە تاکــە بـیری ئــاو خواردنــەوەی شـارەکەیە ، تەنها شاهەکە بیرێکی تایبەتی هەیە . شەوێک بەسەر دەرمان تێکردنەکــە تێپــەڕبو ، ڕۆژی دوەم هــەر کەسـێک ئاوی بیرەکەی خواردەوە شێت بو . جاری یەکەم چەند کەسێک بون ، منداڵ بەبەرد بەدوایان دەکەوتن ، دواتر خوڵک ناچار بو ، دەبوایە ئاو هەر بخۆنــەوە ، وردە وردە زۆربــەیان شـێت بــون ، چــەند کەسـێک نــەبێت کــە دەیانزانی خەتای ئاوەکەیە و نەیاندەخواردەوە ، ماوەیێک خۆیان بە ساغی ڕاگرت و خۆیان لەبەر بــەردی منــاڵان دەشاردەوە ، دەیانزانی هەر ئەوان بە ساغی ماونەتەوە و خەڵکەکە شێت بوە ، بەڵام خەڵکەکە ئــەوانی بــە شـێا دادەنا ، ناچار بون ئاو بخۆنەوە بۆ ئەوەی بە نامۆ نەمێنێن . چەند ڕۆژێکی پێچو ، خەڵک لەبەر دەرگــای تــەلاری پاشا کۆبونەوە و هەمویان دروشمی ( پاشاکەمان شێت بوە ) دەبێ بیگۆڕین ! هەڵگرتبو .

کاتێ پاشا ئەو خەڵکەی بە دروشمەوە بینی پێی سەیر بو ، بانگی ڕاوێژکارێکی کرد و لێـی پرسـی : چـی بکەین باشە ؟ ڕاوێژکارەکە بە پاشای گوت : لە ئاوی بیرەکەیان ڤەخو .

پاشا ناردی ئاوی بیری گشتی بۆ بێ و یەک گۆزەی لێ ڤەخوارد ، دواتـر هاتــە سـەر سـەکۆیەکە و بـۆ مللەتەکەی ئاخڤت ! یەکسەر خەڵک دروشمەکانیان دابەزاند و گوتیان : سوپاس بـۆ خـودا پاشا لــە شـێتایەتی چاکبۆوە .

ئەوەندەش دەردی غوربەت و نەگونجانی تاک لەگەڵ کۆمەڵ نیشان دەدا ، کوردیش لە دێر زەمانــەوە گوتویەتی : " لە وەڵاتی کوێران چاو بنوقێنە " بۆ ئــەوەی لــە دەردی نـامۆ بــون ڕزگـاری بیێـت و هەسـت بــە یەکسانی و تەڤلیبون لەگەڵ خەڵکی تـر بکـات . ئەگـەر هــەمو کۆمــەڵگا شـێت بێـت ، مرۆڤـی ئاسا شـێتایەتی هەڵبژێرێ باشترە لەوەی وەکو خۆی بمێنێ و لەناو نامۆیی دا بسوتێ و خوڵک ئەویان پێ شێت بێت .

# بەشی سێیەم

## نامۆیی بەرهەم هێنەر و نامۆیی تێکدەر

بۆ تێگەیشتنی نامۆیی بەهەمهێنەر و تێکدەر ، دەبێ پێشتر لە واتای داهێنان بگەین ، تێگەیشتنی ئەو فۆرمەش پەیوەندیێکی ڕاستەوخۆی بە تێگەیشتنی هونەرەوە هەیە ، کە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکیەکانی بوون بە مرۆڤ ، هەروەها پێویستە لە تاوانا و پەسەنە کەسایەتیەکانی کەس بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی وێنەیێکی تەواومان لەسەر توانای مرۆڤ و جۆری بەرهەمهێنان و چێژوەرگرتنی لە هونەر هەبێت .

هونەر جۆرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتیە و بەشێکە لە بنکە و سەرخان ، چالاکیەکانی هەستی مرۆڤ ڕێکدەخات لە پێناو دروستکردنی ئاڤاهی بەها و ئاکاری بەرز و گەیاندنی پەیامی مرۆڤایەتی و بەرزکردنەوەی سەروەری Sublime و بینرخکردن و دانواندنی نزمایەتی و سوکایەتی و بێ ئاکاری . هونەر لە پێناو چێژوەرگرتن و دڵشادی مرۆڤ و مانەوە و بەردەوامی نەژاد ئەنجامدەدرێ ، هەر بۆ ئەم مەبەستانەش مرۆڤ شێوەی جۆراوجۆری داهێنانی هێناوەتەکایەوە ، چونکی یەک جۆر دەربڕین بۆ ئەو هەمو هەست و هەڵچونانە بەس نیە . ئەو جۆرانەی دواتر بونەتە پەسەنی تایبەت بە مرۆڤ و دیرۆکەکەی و لە بونەوەرەکانی تر جیای کردۆیەوە .

هونەر بەرهەمی دەربڕینی گیانی هەرەکیە و ڕەنگدانەوەی بەهرە و ئینتویشن Intuition "[١٦]" ی بەرزە ، کە پەیوەندیێکی ڕاستەوخۆی بە توانا سەروەکانی مرۆڤەوە هەیە ، ئەو توانایەی کە پەسەنە کەسایەتیەکان و ژینگە و باری کۆمەڵایەتی و باری سایکۆلۆجی هەر هەمویان کارتێکردنی ڕاستەوخۆیان بەسەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ و توانای دا هەیە . تواناش بە ناڕاستەوخۆ وەک کەرەستەیێکی پێویست و یەکێک لە پێکهاتە سەرەکیەکانی داهێنان خۆی دەنوێنێ و داهێنانیش پرۆسەیەکی چالاکی مرۆڤە و ئاکاری گیانەکی و مەتریالی نوێ هاندەدات .

تەنها مرۆڤ توانای هەستکردن و داهێنانی هەیە و ئەو داهێنانە دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی چەمک لە هۆشیاری و لە ناهۆشیاری مرۆڤدا کە لۆجیکی چێژ وەرگرتنەکەی هەیە . لە کاتێکدا توانای ئاژەڵ و بونەوەرەکانی تر بریتیە لە تاقیکردنەوەیێکی تاکرەوی و میکانیزمی خۆڕسکی و بایۆلۆجی . بەڵام توانای مرۆڤ پەیوەندیێکی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیەوە هەیە و لەگەڵ وەرگرتنی جۆرەها شێوازی چالاکی کە ڕەگەزی مرۆڤایەتی بە ئەزمون پێی گەیشتوە خۆی نیشاندەدا . هەروەک ئەو توانایانەی مرۆڤ پەیوەندیان بە پێشکەوتنی دیرۆکەوە هەیە و تەنها پشت بە خودیەتی نابەستێ ، بەڵکو پەیوەندی بە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی و شێوازی فێرکردن و ئاڤاهی باڵای هزر و جۆری ژیانەوە هەیە .

---

"[16]" تێگەیشتنی ڕاستیێک ، بەبێ سەلماندنی لۆجیکی ، وەک بەڵگە نەویستەکانی دیکارت ، کە پێی وایە بەڵگەنەویست بەڵگەیێکی ناوێ و لە ڕێگای ئنتویشنەوە دەسەلمێ ( الموسوعە الفلسفیة ).

سیستمێکی مەرجی و پێشمەرجی ئـەو هـەمو کارانـە ڕێـدەخات و دەیانخاتـە نێـو قـاڵبی پرۆسـەیەکی تێگەیراو و لۆجیك ، لە ژێر ڕێپێکی چـەند مـەرجێکی دیـاریکراو و پەیوەنـدار بـەباری سـایکۆلۆجی و میکـانیزمی لەشەوە ، بە تێکهەڵکێشراو لەگەڵ بیرۆکەی باش و خراپ و جوان و کرێت ( ناشرین ) ، ئەو توانایانە بە گوێرەی دروستبون و پێشکەوتنی نەژادی مرۆڤ خول دەخۆنەوە و پەسەنە دەرونیەکانی خود بـەرە و شـێوازێکی دیرۆکیـی پێشکەوتو و چالاکییێکی مژارگەر دەبەن .

وەدەرنانی پێکهاتنەکانی ناخ و کاری هونەری کە بە جۆرەها شێوازی داهێنـان دەردەبـڕێ و دەبـێ بـە ڕێگاییێك بۆ ئاشکراکردنی وێنەی شێواز و ناوەڕۆکی خودیـەتی بـە مژارگـەرییێکی دەرەکـی و کـارێکی لـۆجیکی ی تێکەڵکراو لەگەڵ هەڵچونی داهێنەر و چەندییێتی و چـۆنیەتی کـارتێکردنی دیاردەکـان لەسـەر ناخەکـەی و هەیـە کاریگەرەکانی ئەو هاندانە ، هەروەها خاڵە دەستنیشان کراوەکانی ئەو هەودانە و کارتێکردنی ئەو هەمو مـژار و هزرانە لەسەر ناخ و ویژدانی داهێنەر بە وەرگێڕانێکی بـەرز دەردەبـڕێ ، ئـەو وەرگێڕانـە بـەرزە بـە زمـانێکی سەروەر و بەرزتر لە زمانی باوی دەوروبەر دەهونرێـت و دەبێـت بـە کـارێکی هانـدەر بـۆ پێـشکەوتنی ژیـار . هەروەها تێرکردنی پێداویستی چێژوەرگرتن و " پلێژەر " خۆشنودی لای کەسانی تر دابین دەکـات ، مـەرجیش نیە ئەو زمانە زمانێکی باو بێت بۆ ئەوەی هونەر پەیامەکەی خۆی بگەیێنێ ، بەڵکو هـزر و کارتێکردنیـان لەسـەر بنەمای نمونـەیێکی بـالا خۆیـان دەڕازێـنن و لـە ڕەنـگ و دەنـگ و ڕیـتم و قافیـە و پیڤـان و قـەوارە .... هتـد نیشاندەدەن .

هونەر ڕاستییێکی جۆراو جۆرە لە بریتیەکانی جوانی و دەربڕینی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆی ژیان و ژینگە . لە چەند دیاردەییێکی هەستپێکراودا خۆی دەنوێنێ و دەبێ بە یەکێك لە گرنگترین شێوازەکانی لە هەڤگەیـشتن و ڕەنگدانەوەی دورهێلی جوانی لە دونیادا ، دەرەنجامیەتیی گیـانی هـەرەکی و ویـستی هەمەگـەری ، هـەروەها ئیلهامێکی سـەرەکیە لای مـرۆڤ و هـەروەك وێنەگـەرییێکی ڕاسـتگۆی هەڵـچونە ناهۆشـیارەکانی داهێنـەرە ، بـە پـشتبەستن بـە کەرەسـتەی سروشـتی و لەسـەر بنـەمای هێـزی زانینـی یاسـا و لۆجیـك و دەوروبـەر . بناغـە سـەرەکیەکانی ئیـستاتیکا " یاسـای زانـستی جـوانیی " Aesthetics ، دروسـتدەبن ، لـە کاتێکـدا بـە دیـدی بوونخوازەکان هونەر پەیوەندی تەنها بە ڕەنگدانەوەی بویـەر و دورهێلـی دەوروبـەرە مەتریالیەکـەوە هەیـە و ڕەنگدانەوەییێکی زوها ( وشك ) ی باری دەوروبەرە و هیچ پەیوەندییێکی ئیلهامی و بالای پێوە نیە .

مرۆڤ لە سەرەتاکانی هەبونەوە دەستی بە هونەر کردوە بۆ دروستکردن و پێشکەوتنی ئامێرەکانی کار و گەیشتنی بۆ قۆناغی دۆزینەوەی ئامێرگەری و خەملاندنی ئەو ئامێرانـە بـە هەسـتێکی هونـەری و هانـدان بـۆ خۆشەویستکردنیان ، وەك ڕەنگکردن و نیگارکردنیـان ، یـانیش وێنـەکردنی مـامز لەسـەر دیـواری شـکەفت و بەسەرەوەرکردنی کاری نێچیر و پاڵەوانیەتی سەرکەوتن بەسەر هۆڤ و زاڵبون بەسەر دەوروبەردا .

لێرەدا دەبێ ئەو دو مژارە لە هەڤ جیابکرێنەوە : هونەری کار و کاری هونەر . بوەش ، بەوە دەگـەین کە هونەر لە هونەری کار جیاوازە و کاری هونەری وەك بەخشینێکی سەرویی بەکاربراوە و بۆ گەیاندنی پـەیامی بەرز و بەرزکردنەوەی سەروەری Sublime و بێنرخ کردنی پوچپایەتی و سوکایەتی . بـەڵام هونـەری کـار بـۆ ڕەواجی کاری مەتریالی و کارکردنی ڕۆژانە ، کە بێ ئەو جوانکاریە لەوانەیە ئامێرگەرییێتی کار ببێتە مایەی بێزاری و هان نەدان . گریمان ئەگەر بڵێین : جوانی تەنها ژێدەری پرۆسێسی بەرهەمهێنانە ، دەبێ هەمان چێژ لە دیتنی کاری بلدۆزەر و وێنەی کارخانەیێك و سەیرکردنی تابلۆیێکی مایکل ئەنجلۆ ، یان گوێگرتن لە پارچەیێکی میوزیك

وەردەگرین ، ئەگەر وێنەکە ڕەنگی زەردی تێدا بێت ، ئەوە بلدۆزەریش ڕەنگی زەردە و هەرهەمان ڕەنگ لەسەر باڵی پەپولە و پەڕی گوڵێك دەبینین ، هەروەها کۆمەڵێك دەنگی سەیر دەردەکات کاتێ کارەکەی خۆی دەکات ، ئەگەر لەبەر کارە سەروەرەکەش بێت ئەوە بلدۆزەر کارێکی زۆر گرنگ دەکات کاتێ کاری چەندین نەفەر لە ڕۆژێکدا ئەنجامدەدات . بەڵام لە بویەردا وا نیە ، چونکی کەسم نەبینیوە هەمان چێژ لە هەمان دیمەن وەرگرێ ، بۆیەش بە ئاسانی هونەری کار و کاری هونەر لەیەك جیادەکرێنەوە . مرۆڤی ئەوسا ، دەبوا جاری یەکەم ویستە سەرەکی و گرنگەکانی خۆپاراستن و بەردەوامی ژیان دابین بکات ، ئینجا بیر لە شتی ناسەرەکی بکاتەوە بۆ تەواوگەری و مسۆگەرکردنی پرۆسێسی دابینکردنی شتە سەرەکیەکانی ژیان ، وەك : باو و ئاو و خواردن و دواتر پەناگا و حەسانەوە و دواتر تەقلیبون ( أنتماء ) Affiliation سەر بە کۆمەڵایەتی بوون ... هتد .

بەبەرزبونەوەی مرۆڤ لە قۆناغی خۆپاراستن و دابینکردنی ئاو باو و خواردن و پەناگا بۆ قۆناغی گەڕان بەدوای ویستی تەواوگەری و پشودان ، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەوروبەر ئاڵۆزتری لێهات و جۆری پەیوەندیەکە شێوازێکی تری وەرگرت ، هەڵبەتەبڕینی ئەو قۆناغانە ماوە و وەستیانێکی زۆری ویستوە و بە گوێرەی ئاڵۆزی ئەو پەیوەندیانە گۆڕانکاری بەسەر هونەر و چێژ وەرگرتنەکەشدا هاتوە .

ڕەنگ و شێوەی ساکاری هونەری خێڵێك یان کۆمەڵە مرۆڤێك وەکو ئارم و نیشانی ئەو خێڵە بەکارهاتوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خێڵی تر جیا بکرێنەوە ، چونکی مللەت وهونەر وەکو دیاردە ، تەواوکەری هەڤن و بێگومان ئەو جۆرە پەیوەندیە هەدامی مللەتێك خویا دەکات و دواتر هەدامی نەتەوەیێك و لە نەتەوەکانی تر جیایان دەکاتەوە .

هونەر دەبێ لە خزمەت ئەو لۆجیکەدا بێت کە ئەرکی سەرەکی بەختەوەری و دڵشادی مرۆڤایەتیە ، بۆ نمونە لە هونەری شێوەکاری : وێنەکردنی خوێن بۆ نیشاندانی بارێکی دزێو یان تراجیدیاییێك ، وەکو لەناو بردنی مللەتێك و جینۆسایدی مللەتێکی وەکو کورد یان هەڵواسینی عیسا ، یان سەرژێکردنی میدۆسا کارێکی قەبوڵکراوە و پەیامە تراجیدیە هانەرەکە دەگەیێنێ و بۆ نەوەی داهاتو دەبێتە بەڵگەی ڕوداوەکە ، بەڵام وێنەی کابراییێك کە کوپێکی خوێن بۆ خۆشی خۆی دەخواتەوە ، یان خوێن لەسەر و ڕومەتی خۆی دەدات ، یان وێنەی هەناوی دەرهاتوی مرۆڤێك ، یان تابلۆی ڕشانەوەی سەرخۆشێك ... هتد . هەمان خۆشنودی " خۆشی وەرگرتن لە دیتنی " لای هونەر بین دروست ناکات و دەبێتە مایەی بێزلێبونەوە ، چونکی لۆجیکی تێدا نیە و پەیامە سەروەرەکە ناگەیێنێت ، ئەو لۆجیکەی کە دەبێ هەمو داهێنانێك بە جۆرێك ڕەچاوی بکات ، تەنانەت ئەو ڕێچکە هونەریانەی ڕاستی بە شێوەیێکی تر دەبینن و وەکو هێماگەری Symbolism ( الرزمیة ) و دادایزم Dadaism ، تەنانەت هونەری تەجریدیش Abstract Art کە وێنە ڕاستیەکانی دورهێڵ بە شێوەیێکی جیاواز نیشاندەدات ، یانیش هەستە ئاشنایەکان بە شێوەیێکی نا ئاشنا دەردەبڕێ و دیدە دوبارە بوە ڕۆتینیەکە ڕەت دەکاتەوە و بە شێوەی تێگەیشتن و هەست ، خۆی دەریدەبڕێ ، نەك وەك چۆن خەڵك دەیبینێ .

دەبێ ڕیتمی مۆسیقا جۆرە لۆجیك و مەرجایەتیێکی تێدا بێت بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی بێزاری و ڕەڤینی گوێگر ، ئەو دەنگە تیژ و نائارامەدرانە نابێ وەك داهێنانی مۆسیقا بناسرێن ، چونکی لۆجیکی گشتی ئارامەدری و پشودانی هزر و گیان لەسەر مۆسیقا دەسەپێنێ ، ئەگەر هەمومان بزانین کە مرۆڤ چێژ لە تۆنی مۆسیقا وەردەگرێ ، ئەوە بێگومان کەس نازانێ بۆ ئەو چێژ و خۆشنودیە وەردەگیرێ ، یان هۆیەکەی چیە . بیری لێ

بکەرەوە ، تیپێکی مۆسیقا بەهەمان ڕیتم دەنگی فیتەی ئاگاداری ( صافرة انذار ) لێبدا و دوبارەی بکاتەوە ، یانیش دەنگی لێکخشانی نینۆک و ئاسن ، چ جۆرە دەمارگیرییێک بە مێشک دەدا ؟ سەرەڕای ئەوەندەش پێوەرێکی نەلف بۆ چێژ وەرگرتن لە مۆسیقادا نیە جگە لە پەیامە سەرەکیەکە و ژێکهاتن ( نسق ) و ڕیتم ، مەرج نیە سیمفونیای چوار وەرزەکان ، یان بەبەری ئیشبیلیا ، هەمان کارتێکردنی لەسەر هەمو مرۆڤێک هەبێت ، لەوانەیە لای گۆران شمشاڵەکەی دەروێش عبدالله لە بیتهۆڤن خۆشتربێت و منگە منگەکەی سۆفییێک لە پەرستگاییێکی بودی لای کەسێکی لەهەمان کەلتور لە هەمو سیمفۆنیەکان بە چێژ تر بێت ، چونکی هونەر ئلیدێنتیتی نیە ، بۆیەش دەتوانم بڵێم : هەر کارێکی جوانکار ، کە ئامانجە سەروەرەکان بگەیێنێ و مرۆڤایەتی چێژی لێوەرگرێ و ژێکهاتنێکی بە گوێرەی لۆجیکی هونەر و زانستی جوانی تێدا بێت و کەسانی تر نەتوانن ئەنجامی بدەن ، بێگومان داهێنانە و ئەو داهێنانەش دەبێتەپێناسێکی جیهانی بۆ هونەر و ناسنامەیێکی بۆ ناهێڵێ .

پرنسیپی زانستی جوانیی ئایدیالیست دژەبەرەکی لەگەڵ ویستی بویەر دەکات لە پێناو ناوەڕۆکێکی پەیوەست بە هزری باڵاوە ، بۆیەش من ناتوانم هونەری جوانی و داهێنان تەنها بە دیدێکی ئلیدیالیستی ببینم و بەبەخشینێکی بەرزەوە ببەستمەوە ، هەروەک ناتوانم دیدێکی زوها و هەبونییێکی مەتریاڵی بکەم بە تاکە هۆ بۆ دادکردنی پرۆسێسی داهێنان .

داهێنان بریتیە لە تێکهەڵکێشراوێکی ڕێکخراو لە نێوان هۆشیاری و ناهۆشیاری داهێنەر و ڕەنگدانەوەی هزری ئایدیالیست و دورهێلی مەتریالی لەسەر داهێنەر ، داهێنەریش لە ئەنجامدا توانا میتافیزیک ومەتریالی و فیزیکەکانی خۆی دەخاتە گەڕ و بۆ هونەر بیندەیانگوازێتەوە . هونەر بینیش بە هەمان شێوە وەریاندەگرێ و دەبێتە مایەی ژەنینی هەردو لایەنی هزرەکە ، هزری نهێنی بە شێوەیێکی نا ڕاستەوخۆ ، لەگەڵ وتوێژێکی هەمیشەیی لەگەڵ ناخی کە بە گوێرەی شێوازی ژیانی تایبەتی خۆی و کارتێکردنی دەوروبەر و هزری هۆشیار و ناهۆشیاری بە پرۆسەیەکی تەڤگەر خوێندنەوە و تێکەڵبونەکە دەکات . بۆیەش هەر کەسێک بە شێوەیێکی جیاواز لە هونەر دەگات و بە جیاوازی شی دەکرێتەوە و چێژی لێ وەردەگیرێ ئەگەرچی کۆمەڵێک نەلڤیش هەبن کە گشت لە سەری پێکهاتبێ . بۆیەش من داهێنان بە پرۆسەیەکی پێرفێکت دادەنێم کە دەبێ لە هەمو بریتیەکان و ئەلیمێنتەکانی پێکبێ ، بەهرە و توانا و هەستو گواستنەوەی هەڵچونەکانی گیان ، بە میکانیزمێکی ژێکهاتی دەربڕێ ، واتا بە ڕێکخستنێکی لۆجیکی دەکرێن بە ڕەنگ و پەیڤ و دەنگ .

بۆ لە دایکبونی داهێنان دەبێ فاکتەرەکان وەک جمکێک بە یەکەوە بزێن بۆ ئەوەی پرۆسێسەکە پێرفێکت بێ و پەیامەکەی خۆی ، کە لە کۆمەڵێک لۆشن و چەمک و باری کاریگەر پێکدێ ، بە باشترین شێوە بگەیێنێ .

لەبەر ئەوەی من خودا بە نمونەیی خۆیا دەکەم و بە ئایدیالیزم و ئنتویشن هەستی پێدەکەم ناتوانم بە دیاردەیێکی فیزیک هەستی ڕاستەوخۆی پێ بکەم . بۆیەش بڕوام بەوە هەیە کە خودا مەزنترین داهێنەرە ، یاخود گەوهەری داهێنانە و ئەو مرۆڤانەی بەهرەی داهێنانیان هەیە ژمێردراون و ئەگەر بەدیدێکی بونەوەری ، یان مەتریالی زوها سەیری ئەو کێشەیە بکەین ، دەبوا هەمو مرۆڤێک داهێنەر بێت و هەمو مرۆڤێک بتوانێ " ئەلیادە " بنوسێ و هەمو مرۆڤێک بتوانێ " مۆنالیزا " دروستبکات و سیمفۆنیای " گۆمی قولینگەکان " لێبدات و هەمو کەسێک بتوانێ کاری داهێنان بکات ، کەچی بۆمان دەسەلمێ کە مرۆڤ هەیە و مرۆڤی داهێنەریش هەیە ،

تەنها چەند کەسێك دەتوانن چاولێکەری پەسەنەکانی داهێنەرەکەیان بکەن و شتێك داهێنن " بخولقێنن " کە کەسانی تر ئەو توانایەیان نیە ، ئەگەرچی بەهەمان بارودۆخدا تێپەڕ بوبن و لەهەمان ژینگەشدا ژیابن .

مرۆڤ بەو پەسەنە بەرزانەوە لەناو کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا توشی نەگونجان دەبێ و هەستێکی قوڵی لا دروست دەبێ کە جودایێکی لەگەڵ خەڵکی دەوروبەر هەیە و خەڵکی دەوروبەر لێیان تێناگەن و لە ئاستی ئەوەدا نین کە بەهرەیان هەڵسەنگێنن ، یاخود دەوروبەر شایەنی ئەوە نیە داهێنانیان پێ ببەخشێ ، ئەو مرۆڤانە نامۆن لەبەر ئەوەی لە ڕیالیتی دا مرۆڤن و لە ناخدا نیمچە خودایێکن .

جا ئەگەر هونەرمەندی شێوەکاری یان مۆسیقا و نوسین بێت ، یان هەر شێوەیێکی تری داهێنان . کاتێ پارچەیێکی هونەری شێوەکاری دروست دەکات ، کە هەڵقوڵاوی دەرون و هەڵچونەکانیەتی ، کەچی ناچاریشە بە پارە بیفرۆشێ ، پارەش هەرچەند بێت ، هەمیشە بەرامبەری داهێنان شتێکی کەمە . داهێنەر داهێنانەکەی خۆی لە ڕیزی گیان دادەنێ ، کەچی کارایەکی بۆش دێ و تابلۆکەی وەکو پارچەیێکی مۆبڵ بە گوێرەی ڕەنگەکانی پەردە و دیوار و مۆبڵەکان هەڵدەبژێرێ .

بەهاکان لای داهێنەرەکە دەشێوێندرێن و خۆی بە بیانی ( بێگانە ) دادەنێ و لە کۆمەڵگایەکە تازی دەبێ و ئیتر ناتوانێ پابەندی هیچ جۆرێك دابونەریت و بەها و ئاکاری کۆمەڵ بێت و لێیان یاخی دەبێت و تا پێی بکرێ دژایەتیان دەکات و وەك ڕەڤینێك لە ژاوەژاوی خەڵك دەچێتەوە ناو قەپێلکی خۆی .

ئەگەر سەیری دیرۆکی هونەر بکەین ، زۆربەی داهێنەرەکان لە زەمان و کۆمەڵگای خۆیان نامۆبونە ، سلڤادۆر دالی و دیك ئەلجن و ڤانکوخ و رامبرانت و داڤنشی ، یان مۆسیقا ژەنی وەکو : مۆزارت و باخ و بیتهۆڤن ، کە مۆسیقا نەمرەکانیان لە کەنگای نامۆیی و ڕەت کردنەوەی کۆمەڵدا داناوە ، بەڵام ئەوان لەبەر بەهرە بەرزەکە نامۆیی خۆیان لە کۆمەڵ بە شێوەیێك دەردەبڕن کە کەسانی ئاسایی لەهەمان بارودۆخدا ناتوانن بەو شێوەیە دەری ببڕن . لەبەر ئەوەی نامۆیی پەیوەندی بە پیشەیێکی تایبەتەوە نیە و دەکرێ هەمو کەسێك نامۆ ببێت ، بۆیەش بە ئاسانی نامۆیە هاوبەشەکەی نێوان بیتهۆڤن و شۆپنهاوەر و دیستۆیڤسکی و سپینۆزا و پیکاسۆ و برنادشۆ و هەر شێتێکی سەر شەقام خویا دەکرێت ، هەر هەمان نامۆییە هاوبەشەکەیە ، بەڵام شێوەی دەربڕینی جیاوازە .

ئەگەر نامۆیی هاندەرێکی سەرەکی داهێنان بێت ، هەر هەمان نامۆییە کە دەبێتە نامۆییکی تێکدەر و ڕوخێنەر ، کاتێ مرۆڤێك لەبەر پیشەکەی لە کۆمەڵگا دور دەخرێتەوە و پاڵی پێوە دەنرێ و بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی پچڕاو و تازی و لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤە توانای ڕەتدانەوەی کۆمەڵی بە شێوەیێکی بەهرەدار نیە ، هەوڵدەدا بە شێوازی تر تۆڵە لە کۆمەڵ وەرگرێ ، جا ئەگەر بە تفکردن لەناو خواردنی خەڵك و گلاس شکاندن کاتێ خاوەن ڕیستۆرانت لێی دیار نەبێ و ئەگەر بە پیسکردن و زیان لێدانی شەقام و بە ڕاگرتنی معامەلە و بە ئێشاندنی خەڵك لە بازگە و بە خواردنی سامانی گشتی و دروستکردنی ئیمپەراتۆریەتی دۆلار و ئەشکەنجە و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵك ، یان بەهەر شتێکی تر بێت . دەبێ ئەو کینە هەر برێژێ و نەختێك لە بارە سەنگینەکەی خۆی بە شێوەیێك لە شێوەکان ڤالا بکات .

# نامۆیی له سیستمه سۆسیالیستەکاندا

ئەگەر پەیکەری مارکس لە وەڵاتەکانی بلۆکی سۆسیالیست شکێندرا ، من پێم وایە دەبێ : لە هەمو دەوڵەتێکی سەرمایەداری پەیکەرێك بۆ دروست بکرێ . ئەوەندەی مارکس بە ڕەخنە خزمەتی سەرمایەداری کرد هیچ هزرڤانێکی سەرمایەداری نەیتوانی بیکات ، لەبەر ئەوەی ئامانجی ڕاستەوخۆی ڕەخنەکانی مارکس سەرمایەداری بوە و سەرمایەداریش بە هەنگاوی فراوانەوە گەیشتە لیبرالیەت و توانی خۆی نوێ بکاتەوە . بەپێی گۆڕانکاریەکانی سەردەم و لەبەر ڕۆشنایی ڕەخنەی مارکس ژیانێکی باشتر بۆ زۆربە هەڵبژێرێ و ئەو بارە مرۆڤانەیە بەرەو پێش ببات و خۆی بگۆڕێ ، کە لە زوەوە خۆی بۆ ئەو جۆرە گۆڕانکاریانە ئامادەکردبو و ئاین و ڕێبەری و دارایی و زانستی بەر لە شۆڕشی ڕێنایسانس لە سەدەکانی پێش سەدەی هەڤدەوە ئامادەبوو لە کۆتایەکانی سەدەی پازدەوە فرەنسیس بەیکون ١٥٦١- ١٦٢٦ شۆڕشی زانستی هێنایە ئارا و بو بە مایەی لەناوبردنی سکولایی Scholasticism و ڕوخاندنی پرنسیپی ئەریستۆیی کە نزیکەی دو هەزار ساڵ باوی هەبو و وەکو پەیرەو خۆی چەسپاندبو ، لە کاتێکدا سۆسیالیزم هیچ خۆ ئامادەکردنێکی نەبو بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بخاتە ناو تیۆرێك کە پێیوا بو دەبێتە دوا سیستمی دونیاو دیرۆك لەوێ کۆتایی پێدێ ، بۆیەش بیرکردنەوە لە گۆڕانکاریێکی ئەوتۆ بە لادان و هەڵگەڕانەوە تاوانبار دەکرا و تەنانەت بە پێویستیشیان نەزانی لە ڕەخنەکانی مارکس بگەن و سیستمەکانی خۆشیان بدەنە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕەخنە مەزنانەی کە لە سیستمە ڕۆژئاوایەکان بون بە مایەی سود لێ وەرگرتن . لە ڕۆژەکانی کۆتایی پێش ڕوخانی بلۆکی کۆمۆنیست ، ئەو سیستمە ببو بە لیبرالیەتێکی ئیفلیج کە تەنها بڕینی دەنگ و ئازادی سیاسی مسۆگەر دەکرد ، لەکاتێکدا مارکسیزم لە پەیڕەوێکی زانستی دیالیکتیکەوە ببو بە یۆتۆپیاییێکی ئەندێشەیی و جێگای هیچ ڕەخنەیێك نەدەبوۆە . بۆیەش ئاشکرا دەبێ کە ئەو کارتێکردنەی ڕەخنە دەیکات لە پێناو خۆ گۆڕین و پێشڤەچون و دواتر بەردەوامی ، هیچ شتێکی تر نایکات ، بۆیەش پێم وایە : بە مەبەستی مانەوە و خۆ گۆڕین ، ڕەخنە لە پێهەڵگوتن باشترە ، پێهەڵگوتن هۆشبەرێکی خەست دەداتە پرۆسێسی بە خۆداچونەوە و تەمێك دەخاتە سەر دیتن و کۆنسێپتەکان و ڕێڤاری بونی هەر سیستمێك .

والتەر کۆفمان لە پێشەکی کتێبی نامۆیی ڕیتشارد شاخت دا ڕەخنەیەك لە گوتنەکەی مارکس دەگرێ ، کە دەڵێ : " باری کرێکار لە سەرمایەداریدا زۆر حراپ دەبێ و ڕاددەی مرۆڤایەتی کەم دەبێتەوە ، بێگومان شۆڕشێکی دڕندەی گشتی دەستپێ دەکات و کۆتایی بەم حالە دێنێ " .

" کۆفمان دەڵێت : مارکس لێرەدا بە هەڵە دەچێت ، هەروەك لە ئەمریکا و ئەوروپا و دەوڵەتە پیشەسازەکاندا ڕویدا ، دەکرێ بە ئاخڤتنی کارکس ڕازی بین ، بەڵام ئەو هزرانەی مارکس لە مێشکی خۆیدا دروستی کردبون ، زۆر ترسناکن ، وەك : هەژاری و چەوسانەوە و لەناوچونی مرۆڤایەتی و گۆڕان بەرە و هەمەجیەت ، ئەو شتانە لە سەگێك ناقەومێن ، بۆ ناویان لێبنێین نامۆیی ؟

لێرەدا و سەرەڕای ئاخڤتنەکانی والتەر کۆفمان ، پێشبینیەکەی مارکس بە جۆرێك ڕاستگۆیی خۆی دەسەلمێنێ ، ئەگەر سەرمایەداری فریای خۆی نەکەوتایە و بە گوێرەی ئەو ڕەخنە و تێبینیانە خۆی نوێ نەکردایە ، ئەوە بێگومان ئەو شۆڕشە سەرانسەری و هەمەگەریە دەبو بە شتێکی سوڕ و ڕویدەدا . توانای

سەرمایەداری بۆ خۆگۆڕین لەو قۆناغە سەختە دەربازیکردن هەروەك تاقیکردنەوەی پێشو شۆڕشی ڕێنایسانس Renaissance و هەر لە سەدەی پازدەوە تا وەك هەڤدە کاتی ڕوخانی دەرەبەگایەتی و لەناوبردنی لاهوت و سکولایی و لەیەك جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت . فرانسیس بەیکون دانەری مەتریالیزمی نوێ و ڕوگەی خوێنگەری زانستی ، ئەگەرچی وەك مارکس بۆی دەچێ " بەیکون مەتریالییکی خۆگر نەبو ، ئاخاڤتنەکانی پڕن لە زاراوەی لاهوتی . "٢٧

وەك بۆمان دەرکەوت ، سۆسیالیزم نەیتوانی حاڵی خۆی بگۆڕێ ، یانیش بەو هەنگاوە گرنگانەدا نەڕۆیشت کە پێویست نەبون . ۆ ئەوەی هەوێنی نوێخوازی لەناو هزری سەردەمدا دروست نەبێت و نەبێتە بنەمای بیرکردنەوەیێکی جێگۆڕ ، چونکی هزرەکەیان لەڕوی بەرپاکردنەوە بە ڕادیکاڵانە کۆتایی پێدێت و جێگای وتو و یژی تێدا نیە ، هەروەك جێگای هزری نوێ نوێش نابێتەوە و وەك ئاینی ئیسلام لە دەست چەند هزرێکی کەللەڕەق توش هاتوە و بە هیچ گۆڕانکارییێکی نوێخواز ئەری نابن . تەنانەت ئەگەر لەسەر مەسەلەیەکی نوێش بێت و جاران خەبەریان لێ نەبوبێ . هیچ بڕگەیێك لەناو بەندەکانی جێگای ڕەخنە و گۆڕین نیە ، ئەوەی خودا دایناوە مرۆڤ ناتوانێ بیگۆڕێ ، چونکی مرۆڤ دەستەڵاتی دەستکاری یاسای ئاسمانیی نیە ، بۆیەش فەندەمێنتالیزم هەرچۆنێك بێت دژی مژارگەری و پێشکەوتن ڕادەوەستێ . مارکسیزمیش دوای شۆڕشی پرۆلیتاری و دامەزراندنی قەرقودی دەوڵەتی کۆمۆنیست دوچاری هەمان جۆری بیرکردنەوە بو و دیالیکتیك و ئەپستمۆلۆجیایان بە گوهدارییێکی کوێر گۆڕیەوە و دۆگمای بیر لەسەر هەمو شتێك زاڵبو و بو بە پێوەر بۆ بیر و بۆچونەکانی مارکس ، کە قابیلی گۆڕین و وتوویژ نین ، بۆیە هەر لە جێگای خۆی مایەوە و نەیتوانی بە گوێرەی پێشکەوتنەکانی دونیا خۆی بگۆڕێ و دواتر هەرەسی هێنا ، چونکی هەر ئاوێك لەبەری نەچێ و نەبێتە سەری دەگەنێ . کۆمۆنیستەکان هەر زو بەرسڤی پرسیارەکەیان دایەوە ، ئەگەر کرێکار بێتە سەر دەستەڵاتی حوکم ، لەچی نامۆ دەبێ و کێ دەیچەوسێنێتەوە ؟! بەڵام وەك بۆمان شاکرا بو ، لە نێوان تیۆر و ئەنجامدانی دا مەودایێکی زۆر سەخت هەیە ، ئەگەر چی گریمانێکی سەلمێندراویش بێت . " ئەز " ی مرۆڤ هەمیشە لەبەردەم ئەم ئەنجامدانە پراکتیکەدا دەبێتە کۆسپ . " ئامانجی ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستەکان ، ئامانجی هەمو پارتە پرۆلیتاریەکانە . ئەویش ڕێکخستنی پرۆلیتاریا لەناو چینێکدا و ڕوخاندنی سەروەری بورژوا و دەست بەسەردا گرتنی پرۆلیتاریا بەسەر دەستەڵاتی سیاسی " ٢٨ بەڵام وەك بۆمان دەرکەوت ، هاتنی کرێکار بۆ سەر حوکم ، لەهەمو کاتێك زیاتر نامۆی کرد ، چونکی ئەو هاتنە بو گۆڕانکارییێکی مەزنی دیرۆکی و کرێکار بە کرێکاری نامێنێ و لە چینەکەی خۆی تازی دەبێ و دێتە ناو چینی فەرمانبەری مەزن و ماقوڵان و مەزن ئەفسەران کە حوکم بەڕێوە دەبەن ، ئەوسا دابو نەریتی لە ژینگە نوێیەکە نامۆ دەبن .

چینێکی نوێی ئۆروستوکراتی نارەسەن لەسەر بنەماکانی ئوروستوکراتی کۆن و بە جلوبەر و ناوێکی نوێ دروست دەکەن ، لەگەڵ ئەوەشدا کرێکار ناتوانێ لەگەڵیاندا بگونجێ و لێیان نامۆ دەبێ و هەست بە کەمایەتی دەکات ، ئینجا پرۆسێسی لەناوبردنی چینە کۆنەکەی خۆی ، دەبێتە پرۆسێسێکی ناهۆشیار و زاڵ بەسەر کەسایەتیەکەیدا و دەست بە لەناوبردنی دەکات ، یانیش خۆی لێ دوردەکاتەوە چونکی هەر ئەو چینەیە ڕابردوە تاڵەکەی بە بیر دەخاتەوە ، کە بە دیدی ئوروستوکراتیەت ڕابردوێکی کەمە و ڕەفتارەکانی نا ژیار و دواکەوتەن . هەروەها هەستە قوڵەکانی ناو ناخی ناهۆشیاری گوناهی نەبون و لەبەرپێچون و چەوسانەوەی لەگەڵ ئەو چینە گرێدەدات ، چونکی هەمو بیرەوەریەکانی لەگەڵ ئەو چینە ڕابردوە تاڵەکەی بیر دێننەوە .

لەدوای شۆڕشی بەلشیفیك و كاتێ لینین دەستەڵاتی لەدەستدا بو ، لە ڕوی وەرگەڕانی بەها و ئاكارەكان هیچ بەدیار نەكەوت و لەبەر ئەوەی گۆڕانكارییێكی مەزنی دیرۆكی بو و مللەت لـەناو نەشـئەی شـۆڕش دا بـو و لینین خۆشی هزرڤانێكی مەزن بو ، هەرچەندە ئەو سەركەوتنەش لەسەر حیسابی كۆمـەڵێك لـە چـینەكانی تـری كۆمەڵ بو ، كە بە گوێرەی دابەشكردنی ماركس بـە چـین لەقەڵـەم نـەدرابون ، بـەناوی دادوەری كۆمەڵایـەتی ستەمیان لێ دەكرا ، بەناوی یەكسانی هەل ، لەخۆیان زیاتر هەلیان بەكەس نەدا .

" گوتارە نهێنیەكەی خرۆتچۆڤ ، باس لەپەسەنەكانی ستالین دەكات : كە مرۆڤێكی كوچـەك و درۆزن و نەساغی شێتایەتی دەستەڵاتی هەبوە و هەروەها ڕایگەیاند كە لە ١٣٩ ئەندامی دەستەی ناوەندی پێـشوی حزبـی كۆمۆنیست ٧٠٪ یان گیراون و لـە سـێدارەدراون "٢٩ دواتـر ترۆتـسكی كـە زبرایـەتی شۆڕشـگێڕی دەنگەكـەی بنبڕكرد و هەركەسێكی خاوەن هزری جیاواز بەرە و شوێنێك مشەخت بـو ، بـەڵام كەسـایەتی زاڵ و دیكتـاتۆری ستالین لەگەڵ بارودۆخی ئەوسا دەگونجا ، نەخاسمە بەرامبەر بە زلهێزێكی وەكو ئەلمان .

ستالین هێزی خۆی لە ڕەوایەتی شۆڕش وەرگرت و بەناوی ئەو ڕەوایەتیە زیندانەكانی سیبیریای پڕ كرد و چەندین نەتەوەی لەناوبرد ، دوای سەركەوتنی لە شەڕی نازیـەكان و لـەناو بردنـی هیتلـەر ، تاقیكردنەوەكـە توشی لەخۆ بایبون بو و ئەو جارە خۆ ئامادەكردن بۆ شەڕی سارد دەستی پێكـرد و ڕێگـای بـە هـیچ پاكـسازی و مافدان نەدرا ، بە بیانوی پەدابونی دوژمنی گەل و شۆڕش و بیانوی هاتنە ئارای هزری كودەتایی . هەمو جـۆرە مافخواردن و زاڵیێك كە لە بارودۆخی ئاسایی نەیاندەتوانی بیكەن ، بو بـە شـتێكی ڕەوا و مایـەیێكی خۆپاراسـتن لەژێر چەتری پاراستنی دەستكەوتەكانی مللەت و شۆڕشەكەی ، دڕایەتی شۆڕشگێڕی بو بـە ڕێـچكەیێك كـە لـە بنەڕەتەوە تۆڤەكەی ( تۆوەكەی ) هەبو ، هەر ئەوەندە بەس بو هەڤڕكانێ یێك ( منافسة ) هەبێت بۆ ئەوەی لـە ژێر چەترەكەی دا سامان و داهاتی مللەت بكەن بە سوتەمەنی و درێـژە بـەو هەڤڕكیـە بـدەن . دیكتاتۆریـەتی ڕاستەقینەی كرێكار بەرپا بو و نەختێك زیاتریش چونكی ئەوانە بە كرێكار نامۆبون ، بۆیە زاڵبونی چینی كرێكار و سڕینەوەی دژ و دواتر دیكتاتۆریەتی خود بون بەئاكاری گـشتی و مایـەی نـامۆیێكی قـوڵ . پێڤـاژێكی ( تناقض ) نەتەوایەتی و چینایەتی لەسەر ئاستێكی فراوان دەستی پێكرد و دواتر بو بەمایەی لەق بونی بناغەكان ، ئەگەر چی باری دەستەڵاتی شۆڕش دوای مردنی سـتالین گۆڕانكـاری بەسـەردا هـاتبو " سـاڵی ١٩٥٣ كاتـێ سـتالین مـرد ، سیستمی تیرۆر شێوازێكی تری وەرگرت و دوای خوتبە نهێنیەكەی خرۆتچۆڤ و داخستنی زیندانی جۆلاگ زۆرداری بەتاكە شێوازی حوكم نەما ، چونكی لەكاتی ستالین تەنانەت مرۆڤی سەركردە و دەستەڵاتداری حوكمیش ژیـانی لە مەترسیدا بو "٣٠ كاتی دڕایەتی شۆڕش هاتە كایەوە ، كارەكە لێك ترازابـو و بـەناوی لـەناوبردنی بـورژوا ، خۆیان بون بە سەرمایەدار ، بەناوی پاراستنی شـۆڕش و دەسـكەوتەكانی دەنگـی هـەمو جـۆرە ئۆپۆزسـیۆنێكیان بنبڕكرد و هەمو هزرێكی نوێخواز و گۆڕانكارییێك ، بەناوی دژی شۆڕش و بەرژەوەندیەكانی گەل لەقەڵەم دەدرا ، لە ڕاستیشدا بەرژەوەندی چینی دەستەڵاتدار بو نەك بەرژەوەندی گەل ، هەروەها بەرژەوەندیەكانی گـەڵ و شۆڕش لەناو هەمان سەنگەردا نەمابون ، ئەو هەموەش بو بە مایەی چەسپانی ئەو دڕایەتیە و كاریزمـای لـەناو سیستمی حوكمڕان پەیداكرد ، لە كاتێك دا نە فەلسەفەی ماركس و نە بۆچون و ئامۆژگاریـەكانی لیـنین وایـان دەگوت . لە ئەنجامدا كرێكـار نـامۆ بـو و خـۆی بـو بەمایـەی ڕوخـانی سیـستمێك كـە تـەنها بـەناو سیـستمی بەرژەوەندیەكانی ئەو بو ، چونكی ئەو چینەی بە ناوی ئەو لەسەر كورسی دەستەڵات بو ، نوێنەرایەتی كرێكاریان نەدەكرد ، بەڵكو نوێنەرایەتی پاراستنی بەرژەوەندی چەند كەسێكی پێڤـار و نامۆیـان دەكـرد ، بۆیـەش دواتـر كرێكارە بەڕاستیەكان بون بە مۆرانە و پەیكەر و بناغەی ئەو شۆڕشە مەزنەیان خرش كرد ، لە كاتێكـدا شـۆڕش

شۆڕشی کرێکار بو و چاوەڕوان دەکرا کرێکار سیستمە نوێیەکە بباتە ڕێوە و پێشکەوتن بە دەست بێنێ ، یـانیش بە لایەنی کەمەوە دەسکەوتەکان بپارێزێ .

ڕاستە یەکسانی و دادوەری و ژیـانێکی خـۆش بـەبێ ئـەوەی کـەس ڕەنجـی کـەس بخـوات ، ئامـانجی سەرەکی هەمو ئاین و فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیەکانە ، مانیفیستی کۆمۆنیـستیش لەسـەر ئـەو بناغەیـە دەرچـو . بەڵام تەنانەت ئەوەنـدەش دەبـێ لـەژێر پرۆسـەکانی گۆڕانکـاری و پێـشکەوتن دابێـت و دەسـتەڵاتێکی وەکـو دیکتاتۆریەت و ڕەوایەتی چەوسانەوەی کەسانی تری ماف خورا و دەسەلمێنێ ، لەوانەیە بەخشینی دەسـتەڵاتی وا مەزن ببێتە مایەیێکی خراپ و دواتر لە دژی خودی مللەت بەکاربێ ، کاتێ دەستەڵات جێی پێی خۆی دەکاتـەوە و بناغەکانی توند دەکات . وەک گفتوگۆیـە بەناوبانگەکـەی لیـنین لەگـەڵ یـەکێک لـە کرێکـارانی دوای شۆڕشـی بەلشیفی ، کاتێ لیـنین بـە جلێکـی پۆشـت و پـاڵتۆیێکی درێـژەوە ، سـەردانی کارخانـەیێکی کـرد ، یـەکێک لـە کرێکارەکان بەرەوپیریەوە هات و پێی گوت : تۆی لیـنین ؟ ئـەو کەسـەی شۆڕشـی کرێکـار و چـینی چەوسـاوەی داگیرساند ، ئێستاش بە جلی پۆشت و پاڵتۆی نوێوە سەردانی کرێکار دەکەیت ، ئێمەش لەناو چلك و پیـسی دا ڕزاوین !!

لینین وەڵامی دایەوە : بەڵێ من لینینم ، من شۆڕشەکەم کرد بۆ ئەوەی تۆ وەکو منت لێ بێ ، نەک من وەکو تۆم لێ بێ .

لینین بەو دیدەوە بۆی دەچو و دواتر کرێکاری ڕوسی وەک پەند ، دەیانگوت " ئەوان وا نیشان دەدەن کە نرخی کارەکەمان پێ دەدەن و ئێمەش وا نیشان دەدەین کە کاردەکەین . "٣١

مارکس کارکردن بە پەسەنێکی مرۆڤانە دەناسێنێ ، کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە " مرۆڤ بەبێ هێزی عەقڵ و بازوی خۆی ناتوانێ کار بکاتە سەر سروشت . "٣٢ گریمان ، ئەگەر لـە بـارودۆخێکی ئاسـایی دا مرۆڤێـک هەشت سەعات کار بکات . دەبێ داهاتەکەی خێزانێکی چوار نەفەری بژێنێ ، خۆی و سێ نەفەری تـر ، ئەگـەر هەر چواریان کار بکەن ؟ هەر یەکیان سێ نەفەری تر بـەخێودەکات ، واتـا ١٢ نەفـەر بـە کـارکردن و سـەرکۆی بەهاکانی چوار نەفەردەژێێن ، ئەی ئەگەر لە وەڵاتێکی سەد ملیۆنی دا ، پەنجا ملیۆن کاربکەن ، دەبێ سـەرکۆی بەهاکانی بەشی ١٥٠ ملیۆن بکات ، واتا بەهای سەرمایە بایی سەد و پەنجا ملیۆن زیاد دەبێ و بەشی سەد ملیـۆن مرۆڤی تر دەبێ بە سەرمایە ، ئینجا نەک تەنها دەبێ هەژاری نەمێنێ ، بەڵکو دەبێ ئەو وەڵاتە بەخۆشی بژێ و هەمیشە بەرە و پێش بڕوات ، نەک هەڤوەڵاتی بە حەسرەتی ژەمێک خواردنی خۆش یان دەستێک جلی پۆشـت بێت !

تیۆری مارکس بە ساکاری وا دەڵێ ، ئەگەر لە وەڵاتێکی وەکو یەکێتی سۆڤیەت ، مرۆڤ بە سەعات ڕێـز بگرێت بۆ ئەوەی چەند نانێک وەرگرێ ، وا دەگەیێنێ کە تیـۆری مـارکس بـەرپا نـەکراوە و سـەرکۆی بـەهای پارەکە لە شوێنێکەوە لوش دەدرێ و ئەو لوشدانەش لە سەرمایەی گشتی ، لەخۆیدا نامۆیێکی قوڵ نیشاندەدات ، کە ئەزی خۆی لە هەمو شۆڕش و سیستمێک لە پێشترە و ڕێگا نادات هیچ کەسێک یان دەستەڵاتێک ئەزەکـەی لەناو ببات ، یان هەندێک لە ئیلیمێنتەکانی دەستگیر بکات ، بۆیە ڕوخانی سیستمێکی ئاوا دەبێتە شتێکی سوڕ .

" کاتێ هیگل لەدوای شەڕی ( جینا ) ساڵی ١٨٠٦ پێشبینی کۆتایی دیرۆکی کرد نەیگوت دەوڵەتی ئازاد لە هـەمو شـوێنێکی دونیـادا سـەرکەوت بـەڵکو پرنـسیپەکانی ئـازادی و یەکـسانی کـە بناغـەکانی دەوڵـەتی نـوێ دادەمەزرێنن دۆزرانەوە و لە دەوڵەتە پێشکەوتوەکان دا کامڵ بون . "٣٣ مارکسیش لەسەر مەسـەلەی کۆتـایی

هاتنی دیرۆك لەگەڵ هیگڵدا هاوڕابو و ئەویش پێشبینی کۆتایی کۆمەڵگاکانی کرد ، بەڵام جیاوازیەکەی لەگەڵدا لەوەدا بو کە لە کام جۆری کۆمەڵگا ئەو کۆتاییە ڕو دەدات ، نشوستی هێنانی سیستمی سۆسیالیست و بلۆکی کۆمۆنیست تیۆرەکە دەخاتە ژێر پرسیار و پرسیاری نوێ پەیدا دەبێ ، ئایا کام جۆری کۆمەڵگا کۆتایی بە دیرۆك دێنێ ، زۆر لە بۆچونە نوێەکانی وەکو فۆکۆیاما و هانتنگتن ، کۆتایی هاتنی دیرۆك بە لیبرالیەتی ڕۆژئاڤا پێشبین دەکەن ، بەڵام ئەو بۆچونانە دەبن بە بۆچونی لاواز کاتێ مرۆڤ جۆری ژیانی کۆمەڵە لیبرالیە ڕۆژئاڤاکان دەخوێنێتەوە و لە نزیکەوە سەیری گرفتە ناوخۆیە خنکێنەرەکان دەکات و چۆن مرۆڤ لەژێر باری تەکنەلۆجیا و جیهانگەریدا خەریکە وەکو بەندەکانی بەر لە سیستمی فیودالی لێدێت ، بەڵام بە شێوە و جۆری جیاواز .

لەوانەیە کۆمەڵگاییکی دیموکراتی و ئازاد و سۆسیالیست مرۆڤایەتی بۆ ماوەیێك تەنا دەکات و دەبێتە ڕێگا چارەیێکی سینترال بۆ پێشکەوتنی هزری مرۆڤایەتی ، بەڵام هەرگیز نابێتە کۆمەڵگای کۆتایی ، چونکی دوای مۆدرنیزم ، پۆستمۆدرنیزم هەیە و دوای لیبرالیەتو دیموکراتیەت و مژاری فرەڕەوشنبیری و فرەکەلتوری ، کە ئێستا ڕوداوی ڕۆژن ، ئایا تا چ ڕادەیێك لیبرالیەت دەتوانێ باوەشی پێوە بگرێ ؟ چونکی فرەکەلتوری ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆی لەسەر کەلتور و کۆمەڵگا لیبرالیەکان هەیە ، بۆ نمونە ئەمریکیە ڕەشەکان دوای چەند نەوەیێکیش ، تەنانەت دوای دابڕانی تەواویان لە وەڵاتە ڕەسەنەکانیان ، هێشتان هەر جۆرە کەلتورێکی جیاوازیان لەگەڵ ئەمریکیە سپیەکان هەیە و بە شێوەیێکی ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر کەلتورە گشتیەکە ، ئەگەرچی بە ئەفریقی نەمابن ، بەڵام وەکو ئەمریکیە ئینگلیزەکانیش نین ، یاخود ئیتالی و گریکە ئوسترالیەکان کە جۆری تایبەتی کەلتوری خۆیان خستۆتە ناو کەلتوری گشتی ئوسترالی لە ئەنجامی تێکەڵبون و ئاڵوگۆڕیان لە بواری ڕەوشەنبیرگەری دروستکردوە .

ئەگەر لیبرالیەت توانیبێتی ئەو هەمو میللەتانە لەناو گەردی پێشکەوتن بتاوێنێتەوە و ئاکاری لیبرالی بکات بە ئاکارێکی باو ، ئەوە بێگومان تەنها ئاکارە ئیگلیزیەکەی جاران نیە ، بەڵکو ئارێکی نوێیە و لە ئەنجامی فرەکەلتوری و ڕەوشەنبیرگەری تێکەڵاو لەو هەمو نەتەوە و میللەتانەوەیە . دوای ماوەیێکی نادیار ئوسترالیە ئینگلیز و ئەمێریکیەکانیش وەکو خۆیان نامێنن و بەقەد مەودای توانەی میللەتەکانی تر گۆڕانکاریان بەسەردا دێ ، تەنانەت لەڕوی زمانیش ، کە ئێستا ئینگلیزیەکەی ئوسترالیا و ئوەی ئەمریکا ، هەریەکە بەرەو ڕێڤارێکی جیاواز دەڕوات و لەوانیە چەند سەدەیێکی تر ئینگلیزی بریتانی ، بەسەختی لەوانەی تر بگەن ، چونکی بە ئینگلیزی جاران نەماون و دابو نەریتیان لەهەڤ ناچێ .

هەڤڕکانێی چینایەتی لە هەمو کۆمەڵگاییك ، ڕەوایەتی خۆی لە گۆڕینی بارێکی خراپ بەرەو بارێکی چاك وەردەگرێ  و هەر ئەو هەڤڕکانێیە دەبێتەمایەی هەر پێشکەوتنێك تاوەك کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕۆڵی تەواوی خۆی وەردەگرێ و جارێکی تر بە نامۆیەیە سەرەکیەکە دەستپێ دەکاتەوە و شۆڕشی کۆیلایەتی دەبێتە شتێکی سوڕ ، ئەگەرچی شێوازی تریشی وەرگرتبێ ، چونکی نە هەمو کۆیلەیێك مام تۆمایە و نەهەمو زاڵێك مام سامە . تەنانەت ئازادیش شێوازی تر وەردەگرێ ، چونکی ڕەوشی مرۆڤایەتی ڕێڤارێکی تری پەیداکردوە بەرەو ژیانی ئازادی و ساکاری ، ئەو جۆرە ژیانەش جارێکی تر مرۆڤ بەهەمان خولەوە دەسوڕێنێ ، چونکی هیچ بیرۆکەیێکی خود لەناوبەر ناتوانێ ببێتە کۆسپ لەبەردەمی ویستی مرۆڤ و سەرفرازیەکەی .

مرۆڤ بە خۆڕسك ویستی خاوەنداریەتی تێدا هەیە ، بۆ ئەوەی خودی خۆی بسەلمێنێ و ئەو ویستەش لە ئەزینیەوە هاتوە و پەسنێکی ڕەسەنی مرۆڤایەتیە ، بۆ بەرگریکردن لە مان ، وەك : ژان و ترس ، ئەگەر ئەو

ویستە نەختێک توندتری لێهات ، لەبەرئەوەی خاوەنەکەی زیاتر بیر لە دوارۆژی خۆی دەکات . ویستەکە کاروانی خۆی دەگۆڕێ و کۆنسێپتی تر وەردەگرێ و دەبێتە چاوچنۆکی و قەلسی ، کە ئەویش لە ویستی خاوەنداریەتی و دابینکردنی پاشەڕۆژەوە دێ . ئەزی نزم و ئەزی باڵا بەیەکەوە گرێ دەدرێ و خود بە جۆرە ئەنجامێک دەگات ، لەبەرئەوەی ئەو ئەزە لای مرۆڤ زۆر بەهێزە ، بۆیەش هەمو ئاین و ئایدیۆلۆجیەکان هەوڵی لەناوبردن یاخود بەلای کەمەوە ، دواخستنی ئەو ئەزەیان داوە ، هەموشیان نشوستیان هێناوە و هەروەک دیرۆکی مرۆڤایەتی سەلماندویەتی ، ئەز لە هەمو هەوڵدانەکان بەهێزتر دەرچوە . بۆیەش مەرج ( قومار ) کردن لەسەر لابردن و دواخستنی خود کارێکی دۆڕاوە و هەر ئایدیۆلۆجیاییێک لەناوبردنی خود و لادانی ئەز بکات بە دروشم ، مەرجەکانی تێکچونی خۆی لەناو مەرجەکانی هەبونیدا بەدی دەکرێن ، هەروەک دیرۆکە نوسراوەکەی مرۆڤایەتی نیشانمان دەدات . هەر ئایدیۆلۆجیاییێک لە ڕێگای ئەزی مرۆڤ و بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ وەستابێت نشوستی هێناوە ، یاخود مرۆڤ بە دوڕویی ڕەفتاری لەگەڵدا کردوە و لەژێرەوە بەرژەوەندیەکانی خۆی پێ بەڕێوە بردوە و ئایدیۆلۆجیاکەی کردوە بە چەتر بۆ ئەوەی ئەزی خۆی پێ بپارێزێ ، چونکی پێویستە کەسایەتییێکی تر بنوێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ سیستمەکە بڕواتە ڕێوە . پێشاندانی کەسایەتییێکی تر تەنها نامۆیی دوپاتدەکات ، بگرە لە کۆماری پلۆتۆوە و ئاینەکان و دواتر مارکسیزم ، هەمویان ئەو ڕاستیەیان سەلماندوە کە : ئەگەر لغاو کردنی ئەز شتێکی پێویست بێت وەک پێشمەرجێکی بەهەڤرا ژیان ، ئەوە لەناوبردنی ئەز شتێکی مەحاڵە .

# نامۆیی له‌ به‌رهه‌م

به‌هه‌ڵه‌ ناچین ئه‌گه‌ر بێژین : نامۆیی له‌ به‌رهه‌م ، له‌کاتی ئاڵوگۆڕه‌وه‌ ده‌ستی پێکردوه‌ ، چونکی له‌سه‌ره‌تای ژیاره‌وه‌ مرۆڤ بۆ به‌کارهێنانی رۆژانه‌ی خۆی ده‌ستی به‌ ئامێر دروستکردن کردوه‌ وه‌ک شمشێر و داس و شالوک ... هتد . ئه‌وسا لێی نامۆ نه‌بو ، به‌ڵام دواتر کاتێ ده‌ستکرده‌که‌ی بو به‌ که‌ره‌سته‌ی ئاڵوگۆڕ ، نامۆیی له‌ به‌رهه‌م ده‌ستی پێکرد . که‌ مرۆڤ شتێک به‌ ده‌ستی خۆی و به‌ توانا و به‌هره‌ی خۆی دروست ده‌کات ، به‌ دڵی خۆی بۆ خۆی دروستی ده‌کات ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر شته‌که‌ی کرد به‌ که‌ره‌سته‌ی بازرگانی و بۆ خه‌ڵکی دروستکرد ، وه‌ک ئه‌وه‌ی خۆی دروستی ناکات ، " دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی دروستکات " ؟ چونکی خۆی به‌ که‌سێکی جیاواز له‌وان داده‌نێ و ئه‌و خۆ به‌جودا دیتنه‌ که‌ مایه‌یێکی مانه‌وه‌یه‌ گیانی نامۆیی که‌س ده‌به‌خشێ .

بۆیه‌ش من پێم ڕاست نیه‌ نامۆیی بخرێته‌ ژێر ڕکێفی مه‌تریالیزم و به‌ دیدێکی مه‌تریالی ڕوت شی بکرێته‌وه‌ هه‌روه‌ک چۆن ناکرێ ته‌نها به‌ ئایدیالیزم ناوببرێ ، نامۆیی حاڵه‌تێکی په‌یوه‌ندداره‌ به‌ هه‌بون و هۆشیاری مرۆڤه‌وه‌ و مرۆڤه‌کانیش خودی جیاوازن و چاویان له‌ به‌رژه‌وه‌ندی جیاوازه‌ به‌ گوێره‌ی هه‌ڵکه‌وتنی که‌سایه‌تیه‌که‌ و بارودۆخی ده‌وروبه‌ر له‌ژێر پرنسیپه‌کانی مانه‌وه‌ و سه‌ڵماندنی خود .

زۆر گرنکه‌ مرۆڤ بۆچونی مارکس بگرێته‌ به‌رچاو به‌ر له‌وه‌ی بیر له‌ باسکردنی نامۆیی کار بکات ، چونکی مارکس زۆر به‌ تێرو ته‌سه‌لی و له‌ ڕوانگه‌یێکی ڕوناکه‌وه‌ هزره‌کانی خۆی ڕازاندۆته‌وه‌ و شرۆڤه‌ی کردون ، هه‌رچه‌نده‌ به‌و بۆچونه‌ گرنگه‌ی هه‌مو جۆره‌کانی نامۆیی به‌ نامۆیی کرێکاره‌وه‌ ده‌به‌ستێ ، مارکس پێیوایه‌ " نامۆیی له‌کار بناغه‌ی هه‌مو جۆره‌کانی تری نامۆییه‌ . "٣٤ ته‌نانه‌ت نامۆیی ئایدیۆلۆجیش ، به‌ هه‌ڤڕکانێی ئه‌و چینانه‌ له‌سه‌ر بناغه‌یێکی به‌رژه‌وه‌ندی داده‌نێ . به‌ڵام نامۆیی وه‌ک بۆمان ده‌رده‌که‌وێ سه‌رچاوه‌ و هۆی تری هه‌یه‌ . نامۆیی کرێکار له‌به‌ر ئه‌وه‌ نیه‌ که‌ سه‌عاتی کاری زۆرن و که‌سێکی تر به‌ناوی سه‌رمایه‌دار ڕه‌نجی سه‌عاته‌ زیاده‌کانی لوشده‌دا ، به‌ڵکو له‌وه‌ گرینگتر ئه‌وه‌یه‌ : مرۆڤ له‌بنه‌ڕه‌ته‌وه‌ به‌ کرێگیراوی ئه‌رێ نه‌بوه‌ به‌ به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌ی هه‌میشه‌ کار له‌ناو خاوه‌ندارێتی خۆی به‌ باشتر ده‌کات له‌وه‌ی له‌ناو خاوه‌ندارێتی گشتی یان که‌سێکی تر .

سه‌ره‌تای ده‌سپێکردنی ژیانی مرۆڤ به‌ ویست ده‌ستی پێکردوه‌ وه‌ک به‌شێکی گرنگی مانه‌وه‌ ، هه‌روه‌ک له‌ پێشتردا گوتم : له‌ سه‌ره‌تاوه‌ ویست له‌ پێناو مانه‌وه‌ دواتر هاندان و هونه‌ر و داهێنان و دواتر ئاڵوگۆڕ و دروستکردنی ئامێر به‌مه‌به‌ستی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی . بۆ نمونه‌ تیر دروستکردن به‌ مه‌به‌ستی ئاڵوگۆڕی به‌ به‌رهه‌می نێچیر ، به‌بێ ئه‌وه‌ی تیر دروستکه‌ر بۆ ڕاوکردن بچێ ، ئه‌گه‌ر مرۆڤێکی ئه‌وسا له‌ ڕۆژێکدا توانای دروستکردنی پێنج تیری چاکی هه‌بوبێت ، ته‌نها بۆ به‌کارهێنانی خۆی ، ئه‌وه‌ کاری یه‌ک ڕۆژی تریشی ده‌وێ بۆ ئه‌وه‌ی پێنج تیری تر بدات به‌ ڕاوچی ، بۆ ئه‌وه‌ی خواردنی ئه‌و دو ڕۆژه‌ی که‌ خه‌ریکی تیر دروستکردنه‌ دابین بکات و کاری ڕۆژێکی تریش ، که‌ بریتیه‌ له‌ پێنج تیر ، به‌ دارڤان بدات بۆ ئه‌وه‌ی داری په‌ناگه‌ی بۆ دابین بکات ، ئینجا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی تیر بۆخۆی دروست ناکات و کاره‌که‌ له‌ده‌ستی ده‌رچو ، واته‌ تیر ته‌نها بۆ به‌کارهێنانی خۆی دروست ناکات و به‌ ناچاری به‌رهه‌می کاری چه‌ند ڕۆژێک به‌ خه‌ڵکی تر ده‌دات بۆ ئه‌وه‌ی ژیانی ئاسانتر بکه‌ن ، ئه‌وسا له‌ تیر دروستکردن نامۆ ده‌بێ و چونکی به‌ ناچاری به‌رهه‌مه‌که‌ی خۆی ده‌دا به‌ خه‌ڵکی تر ، بۆیه‌ نامۆیی خۆی له‌ به‌رهه‌م به‌وه‌ نیشان ده‌دات : ئه‌و تیرانه‌ی خۆی بۆ خۆی دروستی ده‌کات له‌ هه‌مویان باشتر دروست

دەکات ، ئەگەرچی بۆ کاری ڕاویش بەکاریان نەهێنێت و ئەوانەی خەڵك بە شێوەیێکی بازرگانی و ساکار دروست دەکات .

بەڵام نامۆیی لە قەڵتر ئەوەیە کاتێ تیر دروستکەر شاگردێك بۆ خۆی دێنێ و بەڕۆژانە کاری پێ دەکات بۆ ئەوەی بە کاتێکی کەمتر زیاتر تیر دروستبکات . چونکی پێشکەوتن پەیوەندیەکانی ئاڵۆزتر لێ دەکات و پەیوەندی بەرهەم دروستدەبێ و پێداویستەکانی زۆرتریان لێدێ چونکی بە هەمو شت ڕاناگات . دۆزینەوەی گەنم و خۆراکی تر و ئاگر و پێستی هوۆ و ئاژەڵی باشتر لەلایەن خەڵکی ترەوە ، کابرای تیر دروستکەر هاندەدا لەزتری لێبێ و لە جیاتی پێنج تیرەکە بیکات بە بیست تیر ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ خەڵکی تر یارمەتی بدەن و ببن بە شاگردی بەرامبەر بە مستێك گەنم ، یاخود نان و زگو شوێنی خەوتن ، ئەوسا شاگردەکە لە پێناو نان و زگ هەمو کاتی خۆی بە تیر دروستکردن دەمەزێخێ ، کە هیچ لەو تیرانە بۆ خۆی نابن و ناتوانێ بەکاریان بێنێ و هەست دەکات کە خاوەن کار بەرهەمەکەی دەخوات و هیچی لەبەرامبەر پێ نادات ، بۆیە شاگردەکە هەست بە تەڤلێبون ناکات و هەستی نزمبون و خۆبەهیچ زانین بەسەریدا دەگرێ و نامۆ دەبێ چونکی هەست بە خاوەنداریەتی ناکات ، یاخود هەست بە خودەکەی خۆی وەکو خودێکی بایەخدار ناکات . هەڵبەتە ئەوەش نمونەیێکی ساکارە ئەگەر هەمان حاڵەت بگوازینەوە جیهانێکی پێشکەوتوتر کە پەیوەندیەکانی بەرهەم ئاڵۆزترن و هێڤکەینە مژاری وەکو ئەو ، هەر هەمان ئەنجامامان بۆ دەردەکەوێ : کرێکارێك لە کارخانەی تەلەڤزیۆن کار دەکات و هەمو توانا و زانینی خۆی لە دروستکردنی باشترین تەلەڤزیۆن دەمەزێخێ ، بەڵام ناتوانێ ببێتە خاوەنی یەکێك لەو تەلەڤزیۆنانە ، چونکی نرخی تەلەفزیۆنێك دە قات بەرامبەر بە موچەکەیێتی و لەخەونیشدا نابینێ یەکێك لەو تەلەڤزیۆنانە لە ماڵی خۆی بێت . یانیش لە جیاتی دو پێچ یەك پێچی لێ دەبەستێ و لە جیاتی دروستکردنی پێنج تەلەڤزیۆن لە ڕۆژێکدا ، بیکات بە دو ، یاخود لە جیاتی کارێکی تۆکمە ، کارەکە بە باهێڵەی بکات ، چونکی بە سوخرەی دەزانێ و دەبێ تۆڵەیێکی ناڕاستەوخۆی لێ وەرگرێ ، بەڵام تۆڵەی ڕاتەوخۆ لەوانەیە ببێتە مایەی دەرکردنی لەکار ، یاخود سزادانی بە تۆمەتی زیان پێگەیاندنی بەرهەم و دواتر لەدەستدانی کارو سزای تر . ئەو زیان پێگەیاندنەی بەرهەم بێگومان زیان لەسەر کۆی بەرهەمی نەتەوەکە دەدات و هەمیشە بەرەو کورتی و کەموکوڕی دەبات وەك ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت ڕویدا ، لەکاتێکدا کە مەزنترین بەرهەمهێنەری گەنم بو — لە ئەنجامی ئەو جۆرە نامۆییە — بو بە مەزنترین گەنمخواز ، لە جیاتی ئەوەی سود لە خاکە مەزنەکەی خۆی وەرگرێ بۆ بەرهەمهێنان ، گەنمی لەدەرەوەی وەڵات دەکڕی .

ئەگەر دو زەوی لە تەنیشت یەکتری بن و هەردوکیان هەمان خاك و ڕپن و کەشیان هەبێت ، یەکیان خاوەندارییێتی گشتیی دەوڵەت بێت و ئەوەی تریان خاوەندارییێتی تایبەت بێت . بێگومان زەویە تایبەتەکە زیاتر بەرهەم دێنێ ، لەبەرئەوەی خاوەن زەوی هەست بە خاوەندارییێتی دەکات و بە هی خۆی دەزانێ و هەست بە بەستنەوەیێکی تایبەت بەرامبەر بەو خاکە دەکات ،وەك بەشێك لە هەبونی خۆی . جوتیارەکە بە گیان کاری لەناودا دەکات ، ئەگەر دوای نیوەشەویش دەنگێکی لەناو زەویەکە بیست ، ئامادەیە لەخەو هەڵسێ و سەری بدات ، نەوەك زیانێکی پێکەوتبێت .

زەویەکەی تر جوتیار کاری لێ ناکەن ، بەڵکو کرێکاری کشتوکاڵن و بەکاتی کارەوە بەستراونەتەوە نەك بە زەویەکەوە ، کەواتە بە سەعاتی کارەوە پەیوەستن و کاردەکەن ، نەك بۆ بەرهەمهێنانی زەویەکە . تەنها پارەی سەعاتەکانی خۆیان پێ بدرێ ! خودا دەیکرد زەویەکە قەت بەرهەمی نەدەبو . چونکی بەرهەمەکە بۆ

خۆی نیە و هیچ سودێك بەو ناگەیێنێ ، بۆیە کەس خۆی بە خاوەنی نازانێ ، ئەگەر دوای سەعاتی کار ئاگریشی تێبەر بێ کەس ئاوڕی لێناداتەوە و هەرکەسێ بۆ ماڵی خۆی دەچێ ، بۆیەش دڵنیام زەوی خاوەنداریەتی تایبەت زیاتر بەرهەم دێنێ ، چونکی نامۆیی لەناو پڕۆسێسی بەرهەمهێنانی دا نیە .

بێگومان ئەو هۆیانە و زۆری تر بون بە مایەی ڕوخانی تاقیکردنەوەی بلۆکی سۆسیال ، چونکی پڕۆسەکە کەرەستەیێکی تێنەگەیراو بو ، خەڵك بە نامۆکردنی خۆیان لە خاوەنداریەتی تایبەت بە غەدر دەزانن چونکی خاوەنداریێتی مەرجێکی گرنگی سەلماندنی خودە و ( ئەز ) هەمیشە لە هەمو شتێك زاڵترە .

مارکس دژی کاری چاوچنۆکە کە مەبەستی کارکردن لە پێناو کۆکردنی سەرمایەیە و لەگەڵ کارکردنی بەرهەمهێنەر و داهێنەرە کە مرۆڤ بە زینەوەرێکی داهێنەر دادەنێ پێی وایە " تەنها بەرهەمی مرۆڤایەتی بەرهەمێکی ئازادە لە کاتێکدا هۆڤ بەرهەم لە ژێر ناچاری سروشت دەهێنێ ، تەنها مرۆڤ بەرهەم دەهێنێ لە کاتێکدا کە ناچار نیە و کار لە پێناو داهێنان دا دەکات . " ٣٥ بەڵام ئەوەی باوە لە مارکسیزمدا ، مارکس خاوەنداریەتی تایبەت ڕەت دەکاتەوە ، لەڕاستیشدا " مارکس بە گوێرەی دەستنوسەکان ، پەسەنی کۆمونیستیێك کە پێشنیاری ئەوە بکات ، کۆمونیستێکی خرشە و لەگەڵی دا نیە کاتێ دەڵێ : کەسایەتی مرۆڤ لە هەمو بوارێك دا دەسرێتەوە و بەهەمان ئەنجامی کە هیگڵ پێی گەیشتبو ڕازی دەبێ ، کە خاوەنداریەتی تایبەت شتێکی گرنگە بۆ سەلماندنی کەسایەتی مرۆڤ . " ٣٦ هەروەها بە گوێرەی بۆچونی مارکس : " مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو لەهەمانکاتدا بونەوەرێکی تاکڕەوە ، ژیان تەنها بە چالاکی بەرهەم نابێتە ژیانێکی مرۆڤانە ، بەڵام ژیان دەبێتە ژیانێکی مرۆڤانە بە هاوڕێیاتی کەسانی تر . " ٣٧

مەیتەرەێك لەدوای شۆڕشی بەلشیفیك ، لە جیاتی یەك مست کا دو مستی دەدا بە هەسپەکەی خۆی ، بۆ ئەوەی زیان بەو سیستمە بگەیێنێ ، کە هەسپەکەی لێ داگیرکرد ، کاتێ پێیان گوت : هەسپەکەت بو بەماڵی شۆڕش و تۆش بە کرێکاری گوڤ . دوبێ ئەو کابرایە بە جۆرێك زیان لەو گۆڕانکاریە بدات کە کابرای لە خاوەنداریەتی باشترین و خۆشەویستترین شتی خۆی بێبەشکرد .

نازانم چەندی وەکو ئەو کابرایە بەسن بۆ ئەوەی بەو مستە کایە زیان لە سیستم بدەن و دەوڵەتێکی زلهێز بڕوخێنن ، چونکی ئەو مستە جۆیە لەسامانی گشتی دەڕوا و لە ئەنجامدا زیان بە سیستمەکە دەکەوێ و کەس خۆی بە خاوەنی نازانێ و سیستمیش دەبێتەسیستمێکی تەنیای بێ خاوەن . لەبەرئەوە هەر سیستەمێك لەسەر بناغەی بەرژەوەندی گشتی و ڕێکخستنی ژیانی کەس ، بە پەیمانێکی نامۆرکراو لە نێوان تاکە مرۆڤەکان و سیستم دادەمەزرێ و بە خۆ بەخاوەن زانین و هەست بە تەڤلیبون لەگەڵیدا لەلایەن کەسەکان گەشە دەکات ، بۆیە هەر سیستمێك ئەگەر کەسەکان پشتیان تێکرد و خۆیان بە خاوەنی دڵسۆزی نەزانی ، دواڕۆژی هەر ڕوخانە ، چونکی هەر پێکهاتنێك لە نێوان چەند کەسێك یان چەند لایەنێك ، بە کشانەوەی لایەنێکی بەشدار هەڵدەوەشێ .

کارکردن لە خۆیدا نامۆییکە ئەگەر بە ویشتی مرۆڤ نەبێت ، هەمیشە کەسێکی دەوێ سەرپەرشتی کارەکە بکات ، چونکی دەبێتە (سوخرە ) هەموشمان بینیومانە کار چۆن دەکرێ ئەگەر کرێکار بە ناحەزی کارەکە بکات .

دەبێ تاك لە ژێر دادوەرێکی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە خاوەنداری و ویستی ئاڤەدانی کۆمەڵگا ڕابهێندرێ و کار ببێتە پڕۆسێکی داهێنەر کە مرۆڤ بە ویست و حەزی خۆی داهێنانەکە ئەنجام بدت و مەبەست

لە کار کردن نەک تەنها پەیداکردنی پارووە نانێک بێت لە ژێر زەبری ناچاری و ویست ، ئەگینا ناشێ بەکار ناوی بەرین ، دەبێ پێی بگوترێ کاری نامۆ . تەنها ئەوەی بە ویست و مەبەستی داهێنان دەکرێ و مرۆڤ بە ویستی خۆی لە پێناو داهێنان دەیکات ، دەشێ پێی بگوترێ کار .

ئەگەر بمانەوێ بەباشتر لەو پرۆسەیە بگەین دەبێ بزانین ئامێر چیە و بۆچی بەکاردێ و پەیوەندیە گرنگەکەی نێوان کار و ئامێر بزانین . کە ئامێر دەزگایێکی دروستکراوە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ ئاسان کردنی ژیانی رۆژانە ، هەر وەک زمان و پەیوەندی بۆ ئاسانکردنی ژیانی رۆژانەن ، کاتێک بیرۆکەی ئامێر دروستکردن هاتۆتە کایەوە کە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ نەیانتوانیوە سروشت بە پێی پێویست ژێر دەست بکەن ، یاخود بە واتایێکی تر مێشکی مرۆڤ لەگەڵ ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بە یەکەوە وەکهەڤی پێشنەکەوتون ، ڕاستەمێشک تەواوەتی کارەکانی خۆی بەلاشە دەکات و هەردوکیان پابەندی یەکن ، بەڵام مێشک زۆر زوتر پێشکەوتوە و پێشکەوتنەکەی بوەتە کۆسپ لە ڕێگای پێشکەوتنی تەواوی ئەندامەکانی لەش لە پرۆسێسی پێشکەوتن ، بۆیەش مرۆڤ پێمەرەی بەکارهێناوە چونکی دەستی هێزەی ئەوەی نەبوە زەڤی بکوڵێ و تەڤری بەکار هێناوە چونکی نەیتوانیوە دار بە فیزیکی ئەندامەکانی لەشی خۆی ببرێو نەیتوانیوە خۆی بە ڕەوتێکی میتابۆلیزمانە Metabolism گەرم بکاتەوە بۆیەش مێشک کاری خۆی کردوە و ئاگری دۆزیوەتەوە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە لەناو چون و هەروەهاش تاوەک چاخی ئەورۆمان کە مایکرۆفۆن بەکاردێ ، نیشانەی ئەوەیە گوێی مرۆڤ نەیتوانیوە بە گوێرەی پێشکەوتنی مێشک پێشبکەوێ و لەبەر ئەوەی چاوی لەچەند مەترێک زیاتری نەیبینیوە ، بۆیە بیرۆکەی دوربینی دۆزیوەتەوە و نەیتوانیوە بە سەدان کیلۆمەتر بە ڕۆژێک ببرێ ، بۆیە بیرۆکەی ئۆتۆمۆبیلی دۆزیوەتەوە ، هەمیشە مێشک بوەتە کۆسپ لە ڕێگای پێشکەوتنی ئەندامەکانی تری لەشی مرۆڤ و هەروەها تاوەک دەگاتە بەکارهێنانی ئۆتۆمات ، مرۆڤ نەیتوانیوە لە ڕۆژێکدا هەزاران دۆنەمی گەنم بدورێت ، بۆیە دەرِاسەی دۆزیوەتەوە . دوای ئۆتۆماتیش تەکنۆلۆجیا دێ ، کە بە هاتنی کۆمپیوتەر و ئەندازیاری جینیتیک و دۆزینەوەی هەساری تر نەوەیێکی تری ئەزمون دێتە کایەوە ، ئەگەرچی ئەزمونی کۆپیکردنی مرۆڤ شۆڕشێکی مەزن دەبێت و لەوانەیە نەساخی و مردن نەهێڵێ و لەوانەشە مرۆڤایەتی لەناو ببات ، چونکی پێکهاتەکانی کۆپی کردن مژاری گەنگەشە و دیالیکتیکێکی نوێ دەکاتەوە و هەڤرکانێی ئایدیالیزم و مەتریالیزم نوژەن دەکات ، کاتێ زاناکان مەرج لەسەر کۆپی کردنی کەسێک دەکەن ، کە بە پێی بۆچونی ئایدیالیزم هەمان مرۆڤ دروستنابێتەوە ، چونکی بریتیەکانی مرۆڤ هەموی لەناو جینەکانیدا نین ، لەوانەیە لە ڕوی شێواز و هەدام کۆپیەکەی دروستکەن ، بەڵام ناتوانن وەکو مردوەکە وای لێبکەن بۆ نمونە بتوانێ مەلەوانی بکات یان وەکو ئەو حەزی لە ڕەنگی ڕەش بێت ، یان مرۆڤێکی گەشبین بێت ، یان حەزی لە شوێنی شاخاوی بێت ، ... هتد . چونکی باری سایکۆلۆجی و مژارەکانی دەوروبەر و دەوری ژینگە چەمکی تایبەت لە کەسێکدا دروست دەکەن و لەبەرئەوەی کەسێک ناتوانێ کۆپیەکە بە هەمان سەردەمدا بباتەوە و لەهەمان ژینگەی بیژیێنێ ، بۆیە هەروەک پێشتر باسمکرد : ئەگەر مرۆڤ بە هەمو ئەلیمێنتەکانیەوە ١٠ بێت ، بە لابردنی یەک لەو ئەلیمێنتانە دەبێتە ٩ و بێ گومان نۆ دە نیە .

لێرەدا دەتوانین بڵێین : مێشک هاریکاری کەموکوڕی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤە ، بۆ ئەوەی پرۆسێسی ژیان بە ئاسان تر بڕواتە پێشەوە ، بەڵام ئەگەر مێشک پێشکەوتوتر نەبوایە چی ڕویدەدا ؟ ئەگەر پرنسیپی هەبونی مرۆڤ لەبەر چاو دانێین و هاتنمان بۆ ئەو گوکە کە پێی دەڵێین زەوی بە مەبەستی مانەوە ، نەک بە مەبەستی لەناوچون ، ئەوا هەمو ئەندامێک بۆی هەیە و توانای هەیە لە پێناو مانەوەی نەژاد خۆی بگۆڕێ و پێشبکەوێ . بۆ نمونە شەڤرەڤینک ( شەمشەمە کوێرە ) کە بە شەپۆلی دەنگ هاتوچۆ دەکات ، ئەندامی دیتنی

هەیە و تەواوە ن بەڵام پێی نابینێ ! لێرەدا بۆچونەکان دەبن بەدو بەش ، یەکەمیان دەڵێ : شەڤرەڤینک هەر خۆی وابوە و دروستبونی ئەندامگەریەکەی وا ڕێککەوتوە . دوەمیشیان دەڵێ : جاران چاوی هەبوە ، بەڵام دواتر لەبەر چەند هۆیێکی وەکو دوژمنێکی ڕۆژانە کە هەبونی خستۆتە مەترسی و هەرگیز نەیتوانیوە بە ڕۆژ بێتە دەرەوە ، چاوی لەبەر بەکارنەهێنان لاواز بوە و دواتر بوە بە هۆی گۆڕانکارێکی جینیتیک ، شەڤرەڤینک لەدایک دەبێ بە خۆڕسک دیدی نیە و گوێی زۆر بە هێزە . هەروەها ڕیخەڵۆکە کوێرە کە جاران درێژ ترو ئەکتیف بوە چونکی مرۆڤ گیاخۆر بوە ، دواتر کە جۆری خواردنی مرۆڤ گۆڕا ، ڕیخەڵۆکەکە باوی نەماوە و بوەتە ئەندامێکی زیاد و پەککەوتە . کەواتە ئەندامەکانی لەشمان بە گوێرەی پێداویستەکانی مانەوە پێشدەکەون و دەگۆڕێن ، بەڵام مێشکمان بۆتە کۆسپێکی ناڕاستەوخۆ بەرامبەر پێشکەوتنی ئەندامەکانی تری لەشمان و هەرچەندی مێشک پێشبکەوێ ئەندامەکانی لەش لاوازتر دەبن . بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە مێشکیش ئەندامێکی لەشە و پابەندی فەسلەجەی ئەندامەکانی ترە ، بۆ نمونە ئەگەر سیەکانمان باش نەبن و هەوا بە تەواوەتی هەڵنەمژن ، ئەوە بێگومان خوێن بە تێری ئۆکسیجین هەڵنامژێو خوێن بە باشی ناچێتە ئەو مێشکەی کە ئەندامێکی ئۆرگانەکانە و دواتر مێشکیش بە باشی کار ناکات . ئەگەر مێشکەکەمان ئەوەندە پێشنەکەوتایە ، بێگومان لەشمان ئەوەندە خۆی لەگەڵ سروشت دەگونجاند بۆ ئەوەی پارێزگاری مانەوە و پێشکەوتنی خۆمان بکەین ، وەك کونەکانی لوت ، کە ئو شێوەیان وەرگرتوە ، بۆ ئەوەی با بەڕاستەوخۆ نەچێتە ناو سیەکان و ئەبرۆ بەو شێوەیە لەوێ شینبوە بۆ ئەوەی خوھـ ( ئارەقە ) نەچێتە ناو چاومان .

لە ئەنجامی کەم وکوڕی لەش گۆڕانکاری دروست دەبێت ، بۆ نمونە : لەوەتی مرۆڤ ئوتومبێل بەکاردێنێ بۆ هاتوچۆ ، بێگومان پێیەکانی لاوازتریان لێهاتوە و لەوەتی بیرۆکەی تەلەفۆن بەکاردێنێ توانای لەبەرکردنی ژمارەی کەم بۆتەوە و ژمێریاری ئەلیکترۆنیش توانای ماتماتێکی لاواز کردوین . بۆیەش پێم وایە تا ڕادەی پێشکەوتن زیاددەبێ جولی مرۆڤ بەکارهێنانی ئۆرگانەکانی کەمتر دەبێتەوە و لە ئەنجامدا و لەبەر بەکارنەهێنان بەرەو پەککەوتن دەڕۆن و مرۆڤ بەو شێوە مرۆڤایەتیە نامێنێ و لە ئامێرگەری نامۆ دەبێت و ڕادەی نامۆییش بە گوێرەی گرێداڤی ئامێرەکە زیاد دەبێ . بۆ نمونە نامۆیی مرۆڤ لە تەشی زۆر کەمترە لە نامۆیەکەی بەرامبەر کارخانەی چنین ، کەواتە بە گوێرەی ئەو بۆچونە مرۆڤ هەمیشە بەرامبەر بە ئامێرگەرییێتی خۆی بە بچوك دەبینێ و هەمیشەش لێی نامۆ دەبێت ، ئەگەرچی لە دەستکردنی خۆشی بێت و بە مەبەستی بەرژەوەندی و تەنایی خۆی بەکار بێت .

# خەونی مارکس :
## نامۆیی لە سیستمی سەرمایەداری دا

لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی باری ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدە زاراوەی نامۆیی وەک زۆربەی زاراوە فەلسەفیەکانی تر گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات ، نەخاسمە ئەو سەدەیە سەدەییکی زەنگین و پڕ بەرهەمی هزر بوە . دواتر دروست بونی جەمسەری سۆسیال و پەیدابونی نازیەت و هەڤڕکانێی بەردەوامی بۆچونی ئایدیالیزم و مەتریالی و کەوتنە گەڕی بوونخوازی و ئایدیالیست ، همویان بون بە هۆکاری دامەزراندنی سەرخانی ئاڤاهی بالا ( Basis and Superstructure ) لەسەر بنەماییکی نوێ ، نەخاسمە ئەو جۆرە مژارە بە جۆرێک یان بە جۆرێکی تر پەیوەست و بەستراوی ئاڤاهی ژێرخانە . ئەو جۆرە پەیوەندیانە لە بنەڕەتەوە لە ژێر کارتێکردنی ئەنتۆلۆجی – تیۆری هەبوون Ontology – دان کە ئەنتۆلۆجیش بە شوێن میتافیزیکەوە هات وەک ئەلتەرناتیڤێکی پێشکەوتو هەمەگرتر و ئایدیالیزمێکی مژارگەرە بە شرۆڤەی فینۆمینۆلۆجیەوە Phenomenology " ڕوگەی دیاردەیی " ( قصدية الوعي ) مەبەستگەری لە هۆشیاریدا پەیوەستە و بۆچونی دیاردەیی بناغەی فەلسەفەی هەبونە .

نامۆیی وەک زاراوە بەشی خۆی لەو هەمو گۆڕانکاری و هەڵچونی هزرەوە وەرگرتوە . هزری ئەز لای دیکارت پرنسیپ و بڕوای هەستکردنە بۆ بیرکردنەوەی مێشک و هیوم یش هزری گەوهەری مەتریالی ڕەت دەکاتەوە و ەموی دەگەڕێنێتەوە سەر گورزەکانی هەستەگەری و فیختە ئەزی کردوە بە پرنسیپی داهێنەر ، کە خۆی لە هەبوندا دەرازێنێتەوە ، هیگڵ یش وەک ئایدیالیستێکی مژارکەر ، ئەو هەوڵانە ڕەت دەکاتەوە ، کە ئەز دەکەن بە دەستپێک و هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی ئەز وەکو یونتێکی جیاواز ، بخریتە ژێر کارتێکردنی هۆشیاری و مژارگەری . فرۆیدیش دیدێکی بایۆلۆجی دەخاتە سەر هەبونی مەتریالی و دابەشی دابەشی دەکات بە دو بەش : ( ئەز ) و ( ئەزی بالا ) و بە هزرێکی مەتریالی بۆچونی مارکس ڕەتدەکاتەوە .

لەبەر ئەوەی نامۆیی پەیوەندییکی ڕاستەوخۆی بە خودەوە هەیە و تەنها خودی هۆشیار نامۆ دەبێت بۆیەش ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر دیتنی خودەوە هاتون ، کاریان کردۆتە سەر جۆری نامۆیی و جۆری بەکارهێنانی زاراوەکە و بارودۆخی دەوروبەریشی . هەڵبەتە پەیڤێک بەم هەمو ئاڵۆزی و بارودۆخەوە و بەو هەمو شیکردنەوە جیاوازانەوە چۆن دەتوانین حوکمی ئاسایی لەسەر بدەین و بیخەینە ژێر ڕکێفی ڕوگەییێک یان بۆچونێک لە کاتێدا ئەو هەمو بۆژونانەی لەسەر هەبێ و بەو هەمو گۆڕانکاریانەدا دەرباز بوبێ .

نامۆیی بە ئەزەوە گرێدراوە یان نا ؟ مژارێکی مەتریالیە یان میتافیزیکە ؟ هەرچەندە دروستبونی جەمسەرەکان و شەڕی سارد پویتەییکی چاکی بە زاراوەی نامۆیی دا ، بەڵام هاتنی نازیەکان بۆ سەر حوکم لە ئەڵمانیا ، کۆتایی بەم دەمەتەقێیە هێنا و هەر کەسێ بۆچونێکی دژ بە نازیەتی هەبو ، مەتریال و تەنانەت نمونەیی و ئایدیالیستیش ، بەرەو ئەمێریکا و سۆڤیەت ڕاوینانا .

جۆرج لۆکاتچ بۆ ناساندنی زاراوەکە " هزرە مارکسیەکانی بە ئایدیالیستی هیگڵ تێکهەڵکیش کرد ئەریک فرۆم کە بە مەبەستی ناساندنی فەلسەفەی مارکس بە ملەتانی ئەمریکا ، کاتێ کتێبی مارکس لە ژێر

ناوی خۆی لە ئەمریکا بلاوکردەوە ( ئەریک فرۆم – تێگەیشتنی مارکس بۆ مرۆڤ ) ئەوە و چەند هۆیێکی تری ئاوها بون بە بنەمای تێگەیشتنی ڕۆژئاڤا بۆ ئەو پەیڤانەی کە کێشەی فیکریان لەسەر بو ، بەتایبەت ئەمێریکا کە جیاوازیێکی زۆری لەگەڵ ئەوروپادا هەبو . " ٣٨ تاوەك کۆتایی سەدەی نۆزدە ئەمێریکا پەیوەندیێکی کەمی لەگەڵ ژیارە نا ڕۆژئاڤایەکانی هەبو ، بەلام کاتێ ئەمێریکا بەرە و دیدی جیهانی دەرچو ، ئینجا هەستی بە لەهەڤچونی لەگەڵ ئەوروپا کرد . " ٣٩

شەڕی سارد دەستی پێکرد و بە ڕوخانی تاقیکردنەوەی بلۆکی سۆسیال کۆتایی پێهات و ئەو کۆتایی پێهاتنەی شەڕی سارد بێگومان زیانی بە ئەمێریکاش گەیاند بە قەد ئەوەی زیانی بە بلۆکی سۆسیال خستبێت ، چونکی ئەگەر شەڕی سارد بۆ سۆڤیەت مان و نەمان بوبێت ، ئەوا بۆ ئەمێریکا بناغەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی بو ، جگە لەوەی کە بەردەوامی هەبون " ڕێڤار " . شەڕی سارد بۆ ئەمێریکا پێداویستێك بو بۆ لە مەترسی کۆتایی پێهاتنی ژیار و هزر ، چونکی لاوازبونی دژ ، لاوازی دژەکەی تر دەگەیێنێ و نەمانی دژ نزیکبونی نەمانی دژەکەی تر دەسەلمێنێ ، چونکی دونیا لەسەر سیستمی دچەکان پێکهاتوە و هەر بوونەوەرێك دەبێ دژێکی هەبێت بۆ ئەوەی هەڤڕکانێی لەگەڵدا بکات و هەبونی خۆی بسەلمێنێ ، بۆیەش لە کاتی شەڕی سارد و بەهۆی چەند فاکتەرێکی دی سیستمی سۆسیال دیموکرات وەك ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیزم پەیدا بو و دوای ڕوخانی تاقیکردنەوەی سۆسیالیزم سیستەمی جیهانگەری بو بە پرنسیپی یەکەمی ڕۆژئاڤا و جێگۆڕ بۆ هەمو هزرەکانی تر ، بەلام ئەو سیستمانەش دوای جێگیریان و پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆجی ، مرۆڤیان بە شێوازێکی تر نامۆ کرد ، ئەگەرچی بەختیاری و یەکسانیان هێنابێت کایەوە . شێوازی بەندایەتی مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ گۆڕاو بە شێوەیێکی تر کرا بە بەندە ، ئەگەرچی لە ڕوخسارەوە جۆری ئازادی بە دەستهێنابێت ، مرۆڤ بو بە بەندەی ئامێرگەرایەتی و لەبەردەم ئەو ئامیچرەی کە دەستکردی خۆیەتی بچوك بۆوە ، مرۆڤیەتی خۆی لەدەستدا ولە جیاتی مرۆڤێکی ئازادی خاوەن هەست و هەڵچون و مرۆڤایەتی ، بو بە پێچکێکی گوهداری بێ هەست لەناو مەشینی تەکنۆلۆجیادا ، بەهاو ئاکارە مرۆڤایەتیەکاتی خرش بون و هیچ نرخێك بۆ هەڵچون و هەستەکانی نەما . ماشینگەرایەتی و لوزی وەرچەرخان کاتی ئەوەی پێنادات تەنانەت نەخۆشیش بکەوێ ، یان بیر لەوە بکاتەوە ڕۆژێك بە هەمو شتێك بلێ ناو شۆڕشی ئازادی خود بوروژێنێتەوە .

پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لاواز بۆوە و بەقەد ئەوەی کاریان بە یەکتری هەیە ئاخافتن دەکەن ، ئەو گرفتە بچوکانەی کە بە گوێڕایەڵی و تێکەڵبون چارە دەکرێن ، بون بە قەیرانی مەزنی خنکێنەر ، لەبەر ئەوەی کەس کاتی نیە گوێ ڕایەڵی بکات . مرۆڤ بوە بە ڕۆبۆتێکی گوهدار بۆ سیستەمەکە و وەکو پێچ ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ و هەرکاتێ پێچەکە سوا ، زۆر بە ئاسانی تێی هەڵدەدەن بۆ ناو گلێش ( زبل ) و پێچێکینوێ دەخەنە جێگای .

ئەگەر سەرمایەداری وەکو جۆرە سیستمێك بکەین بە گریمان ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەك ئەو سیستمە توانای خۆگۆڕینی هەبوە ، هەروەك پێشتر باسمانکرد ، مارکس بە ڕەخنە بەرزەکانی خزمەتێکی نۆری سەرمایەداری کرد و توانی تیۆری ئابوری خۆی بکا بە پرۆژەیێکی شایانی لێکۆڵینەوە ، لە ئەنجامدا و دواتر هێنانە کایەی تیرەکە لە کات و شوێنێکی تر بەبێ شۆڕشی پرۆلیتاریا و خوێن ڕشتن و لەناوبردنی مافی چینێکی دیکە ، لە ژێر سایەی دروشمی وە دەستهێنانی مافەکانیچینی کرێکار . ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن Criticism and Self – Criticism پەیڕەوی دۆزینەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵە لە ڕێکخراوە مارکسیەکاندا ، کە

بەدیدی مارکس پەسەنێکی جیاوازکەری شۆڕشی پرۆلیتاریایە و بۆ بەرژەوەندی وەرار و گەشەپێکردنی شـۆڕش سودی لێوەردەگیرێ . بەڵام سەرمایەداری توانی خۆی بە گوێرە باری تازە بگۆڕێ و وەکو جاران نەما ، ئەگەرچی گۆڕانکاریەکە بنەڕەتیش نەبوبێت ، بەڵام مافی چینی کرێکار لـەو وەڵاتانـەی کـە کـەنگای چاوچـنۆکی و قەڵـسی سەرمایە بون جارێکی دیکە ناخورێت و باری کرێکار زۆر باشترە لەوەی مارکس لەناو چوارچێوەیێکی کۆمۆنیستیدا پێشبینی بۆ کردبو . ڕوگەی وەرچەرخانی سورِی دیرۆکی وا نـەهات وەك چـۆن مـارکس پێـشبینی کردبـو . لـە شوێن و کاتێکی تر هاتە کایەوە و ژیان گەیشتە کەنگای وەدەستهێنانی پێداویـستەکان ، ئـەو سیـستەمە سۆسـیال دیموکراتانە لە ئەنجامی خەباتێکی هزری درێژخایەن هاتنە کایەوە و بون بە سیستمێکی نمونەیی و وەك جێگۆڕی هەرد و جەمسەر و خۆیان لە ئورت چەسپاند .

ئەو سیستمە نوێیانە وەدەستهێنانێکی مەزنی مرۆڤایەتین و زۆریـان لـە گرفتـە دێرینـەکانی مرۆڤایـەتی نەهێشتوە ، کەچی هێشتان مرۆڤ هەست بە بزربون و بێهودەیی دەکات ، چونکی تاڵی لـەناو ژیانـدا ناچـێژرێ و مرۆڤ گرفتی جارانی نەماوە و هەروەك کرێکار بە زۆرینەی کۆمەڵگاکان نەماوە . کاری مرۆڤ کەوتوتە ژێر کەڵبـە ترسناکەکانی کۆمپیوتەر و ئێستا کاری چەندین کرێکار بە فشاری پەبجەیێك ئـەنجام دەدرێ و شـێوازی کرێکـار بەرەو گۆڕین دەڕوا . بە گوێرەی بۆچونە پێشوەکە کە بنەمایەی هەڤڕکانێی دژەکانە بەوە دەگەینەوە : خۆشـی بەردەوام لە ژیاندا ، چێژ و واتاییێکی بۆ ناهێڵێ . واتا ئەگەر ناخۆشی نەما ، ئێمە ناتوانین چێژ لە خۆشی وەرگرین . بۆیەش ژیان بە تەنگ و چەڵەمە و کۆسپەکانیەوە خۆشە و بەردەوامبونی خۆشی مرۆڤ توشی بێزاری دەکـات و ژیان واتاییێکی نامێنێ . بۆیەش گەنجەکانی ئەم وەڵاتە هەست بە بزربون و سەرگەردانی دەکەن .

هەستکردن بە نابەرهەمی و کەمایەسی ڕۆتین و بیرۆکراسیەت ، دەبن بە ئاکـامی نـامۆییێکی ئـاڵۆزتر . ئەوەندەش دەکەوێتە ناو مژاری نامۆیی خود ، کە مرۆڤ خۆی نامۆ دەکـات بـۆ ئـەوەی ببێتـە کەسـێکی گونجـاو لەگەڵ ئەو بارە نامرۆڤانەیە کە پێی دەڵێن سیستم . لە ئەنجامدا کەسـەکان نـازانن چـۆن ڕۆژ و شـەوی خۆیـان لەگەڵ خودێکی نامۆ بورنەسەر ، کە لە بنەڕەتەوە خود ئازادەو وهیچ بەندکردنێکی ئەرێ نیە . بۆیەش هەمیشە بە هۆشبەر و خۆکوشتن و ڤاریبون ، لە خودە نامۆیەکە دەرەڤن ، چونکی پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی بەرهـەم و کـار جۆرە سیستمێك و پیوەندیێکی تایبەتیان لەسەر دەسەپێنێ . لە لاییێکی تـرەوە بـە ەبەسـتی بەسـتنەوەی مـرۆڤ / کەس بە سیستمەکەوە ، پابەندی ڤیانی خاوەنـداریێتی و مـەزاختن دەکـەن . وەك بۆچـونەکەی هـیگڵ : تـەنها مرۆڤی خاوەن موڵك خودی خۆی پێدەسەلمێندرێ . هەرچەندی خاوەنداریەتی مرۆڤ فـراوان ببێـت ، مرۆڤەکـە ترسنۆکتر دەبێت . چونکی تەنها ئەوەی هیچی نیە ، لە هیچ و لەسەر هیچ ناترسێ ، کاتێ مرۆڤ دەبێتە خاوەندار و دواتر ڤیانی مەزاختنی شتومەك دەبێ بە خوییێکی ڕێپێك و مـرۆڤ دەبێـت بـە بەنـدە و لـەپێناو ئـەو ویـستەی مەزاختن ، ئامادەیە هەموشتێك بکات بۆ ئـەوەی ڕێگـای پێبـدرێ مـەزاختنی خـۆی بـە ڕێپێکـی بکـات ، بـۆ ئـەو مەبەستەش دەبێتە بەندەی سیستم کە ڕێگای ئەوەی پێدەدات و ئەو کارەی بۆ ئاساندەکات .

پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مەزێخراو شێوازێکی دیکە وەردەگرێ و مرۆڤ مەزێخراو دەکا بە سەروەری خۆی و خۆی بە هەمو توانییێکەوە بەڵێنی بەندایەتی بۆ دەدات چونکی پێی فێر بوە و ناتوانێ بە پێـی مـەزاختن بـژێ . مارکس بە شێوەیێکی تر دەڵێ : " مرۆڤ لە ئـەنجامی ئـاڵوگۆڕی بەرهـەم و مامـەڵی بـازاڕ توشـی پەیکەرگـەری شتومەك Festishism of Commodities دەبێـت ، زانـستی ئـابوری بـورژوا ، پەیکەرگـەری شـتومەك بەکاردێنێ بۆ ئەوەی ڕوە ڕاستەقینەکەی سـەرمایەداری بـشارێتەوە . " ٤٠ واتـا مـرۆڤ شـێوازی پەیوەندیـەمانی

شتومەك وردەگرێ و وەك رنسیپێك ڕەفتاری لەگەڵدا دەكات ، بۆیەش مرۆڤ ئەگەر لەدوای نامۆیێك ڕزگـاری بو ، دەكەوێتە دوای نامۆییێكی دیكە " دەبێ چینی كرێكار ئەو هەستە بێنرخە لە ناخی خۆی دەركات و چیدی مافی كاركردن و مافی مرۆڤ نەكات . چونكی ئەوە داواكردنی نابەختەوەریە . دەبێ یاساییێك بهوندرێتەوە ، تیایدا هیچ مرۆڤێك ڕۆژانە لـە سـێ سـەعات زیـاتر كـار نـەكات . ئـەو كاتـە زەمینـە كۆنـە بەختەوەرەكـەی جـاران ، بـە بەختەوەرییێكی نوێ دەخەملێ . " ٤١ كار دەبێتە مایەی نامۆیی ئەگەر چاوچنۆكی كەوتە ناو پرۆسێسەكەی و مرۆڤ لە ژێر سایەی و لە پێناویدا چەوسێندرایەوە ، ئیتر گرنگ نیە لە كوێ بێت و چۆن بێت . دەبێ مرۆڤ بە ئارەزوی خۆی لە ژێر پرنسیپێكی بەهرەمەند كار بكات ، ئەگینا هەر نامۆ دەبێت .

# سەرێك لەناو مێگەلێكی پێشكەوتودا

## ژیاری هاوچەرخ و خودی نامۆ

" شتێك بزره و ڕوناكییێك خۆی كشاندۆتەوه ، جیهانێـك بـەبێ ئنتویـشن و هیڤـی ، جیهـانێكی سـارد و دڵتەنگە . " ٤٢

ئێ ؟

دواتر چی ؟

ئەو پرسیاره هەرەكیانە هزری مرۆڤ دەهەژێنن و توشی خاكە لەرزەی دەكەن ... دواتر چی دەبێ ؟

دونیا پێویستی بە ژیارێكی تر هەیە ، چونكی ژیارەكان و توانای بەرسف دانی ئەو پرسیاره نەمرانـەیان نەماوە و هزر لە لوتكەیەوە بەره و نشێڤ دەچێ ، ئەگەر ژیار ئەوە بێـت وەك ئـەوەی دۆركـایم دەیناسـێنێ " جۆرێكە لە ژینگەی ئاكاری چەند مللەت و ڕەگەزی جیا جیا لە ئامێزەوە دەگرێ وەك ڕۆشەنبیریێكی نیـشتیمانی و هەر ڕۆشەنبیریێكی نیشتیمانی ، بەشێكی تایبەت لە گشت ، واتە ژیار " ٤٣

یاخود بە دیدی شلینگەر : " ژیار دوارۆژێكی سورە بۆ هەمو ڕۆشەنبیریەكان " ٤٤ بەلام ژیاری سەردەم ، ژیارێكە ڕۆشەنبیری تیایدا دەورێكی نەماوە ، تەنانـەت زمانحـاڵی سـەردەمیش نیـە و مـرۆڤ چـیتر بایـەخ بـە ڕۆشەنبیری و داهێنان نادات ، ئەو داهێنانەی كە لەگەڵ مرۆڤ وەكو پەسەنێكی خۆڕسـك لـە نەبونـەوە هـاتوە ، چونكی پێشكەوتنی تەكنۆلۆجیا ، فاكتەرەكانی چێژ وەرگرتن و داهێنانی ڤاژی كردوە و دوای كۆلۆنیالزمی فراوانـی دێوێكی مەزنی وەكو كۆمپوتەر كـە دەسـتی بەسـەر هـەمو بوارەكـانی ژیـانی دا گرتـوە ، مـرۆڤ ڕۆژ دوای ڕۆژ دەبەنگ تری لێدێ ، لەو فۆرمەشدا ژماردن بە ڤاژی دەڕوا ، ئەو كاتەی مرۆڤـی سـەردەم پێیوایـە لـە كـەنگای پێشكەوتن دایە لەباری تەكنۆلۆجی و پەیوەندیـەكان ، ئەوسـا لـە كـەنگای دەبـەنگی خۆیـەتی بـە پـەیوەرەكانی مرۆڤایەتی و ئازادی خود ، خودەكەی خۆی وەك مرۆڤێك لەدەستداوه .

بێگوانیش گرنگترین پەسەنی خـود ، ئـەو گیانـە مرۆڤانەیـە ، كـە لەناهۆشـیاری دا هـەر وەكـو خـۆی ماوەتەوە و ئەو كۆمپیوتەر هەڵگەره خاپێنەره تەنها تیڤلی گۆڕاوە ، ناخەكەشی هەر ناخی ئەو مرۆڤە ڕوتەی سەر هەسارەكە كو لە ناكاوەوە تەنیا و ڕوت خۆی لەوێ بینیوە و نازانێ بۆ لەوێ فرێدراوە .

لەسەر ئەو مرۆڤانەی خودی خۆیـان دۆڕانـدوه ئێریـك فـرۆم دەڵـێ : " پێیـان وایـە ئـەو هزرانـە لـە مێشكیاندایە ، ئەوەیە كە خۆیان دەیانەوێ " ٤٥ ئەو مرۆڤانە لە ئەنجامی دوركەوتنەوەی خۆیان لـە ناخیـان لێـی نامۆ بون و خودێكی تر كە خۆیان نین دەنوێنن . بۆیەش تەنانەت ویستەكانیشیان هەر لەو بنكەیەوە سوڕ دەخۆن و لە ڕاستیدا ئەو شتانەی كە دەیانخوازن و دەیانەوێ ، ئەو شتانە نین كە خۆیان دەیانەوێ ، بۆیـەش زۆربـەیان پشتگیری بە دەزگای گشتی و باوەڕپێكراو دەكەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەكەیان بۆ بكات ، ئەو جلانە هەڵدەبـژێرن كە دەزگایەكی جلكەری جیهانی دروستی كردون ، گوێ ناداتە ڕەنگ و برین و شێوەكەی بە قەد ئەوەی ماركـەی جلەكەی لا گرنگە ، جۆره كاسـایەتییێكی بـاو دەنـوێنن و ئوتومبیـل بـە گـوێرەی فاشـیون Fashion دەكـڕن و

تەنانەت هەڵبژاردنی شتی کەسایەتیش لەسەر بنەمایێکی گشتی و باو دەکەن ، چونکی خۆی بە بچوکتر لە کۆمپانیەکە دادەنێ و هەمیشە پێی وایە کۆمپانیەکە بە باشتر شت هەڵدەبژێرێ ، جگە لەمەش خۆی لە بناغەوە لەبیری چۆتەوە چی پێ جوانە و خۆی چی دەوێ .

لە ئەنجامی ئەو هەمو تێکەڵبونانە لەبەریان بزر دەبێ کە خۆیان لە بنەڕەتەوە چیان دەویست ، بۆیەش ڕەفتاری ڕۆژانەشیان وەکو ڕەفتاری سەرێك دەبێت لەناو مێگەلێکی پێشکەوتو ، وەکو ڕەڤی قاز کە بەهەڤڕا دەقیژێنن و بەهەڤڕا ڕەفتار دەکەن ، خودەکەش دەبێتە ژمارەیێکی گوهدار و کۆیلەی ئەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤ بە دەستی خۆی دایهێناوە و لەناو ژاوە ژاوی ژیار بۆتە ماشینێکی مەزنی بریتی لە دو چاڤ و دەڤێکی مەزن ، توانای قوت دانی هەمو شتێکی هەیە ، لاڤەلاڤ دەکات بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی هەمو شتەکانی ناو بازاڕ بکڕێت ، ئارامی نیە ، هەمیشە لە بەزین و ڕەڤینە ، چاوچنۆکیەکەی وای لێ دەکات هەمیشە هەر برسی بێت ، دەیەوێ هەمو شەقامەکان و هەمو ئاڤاهیەکان قوت بدات ، تەنایی نیە و هەرگیز کاتی ئەوە بە خۆی نادات بیر لە خۆی بکاتەوە ، هەروەك ئەو ( خۆ ) یەی دوژمنییێتی و لێی دەرەڤێ ، ناتوانێ بە ئارامی لەگەڵ خودی خۆی دانیشێ ئەگەر بۆ چەند چرکەیێکیش بێت ، دانیشتنێکی ئارام بۆ ئەوەی ژاوە ژاوی ژیان کپ بکات و گوێ لە دەنگی دڵی خۆی بێت ، چونکی خودەکەی خودێکی بیانیە و دژی ڕەفتارە ڕۆژانەکانییێتی و شتێکی تری پێ دەڵێ ، کەواتە لەو خودەی نامۆیە و هەرگیز نایەوێ ڕوبەڕوی ببێتەوە چونکی لە ڕەفتارە مرۆڤایەتیەکانی خۆی تازی بوە و لێیان نامۆیە .

# بەشی چوارەم

## نامۆیی میللەتی کورد

بەپێی ئەو پێوەر و بۆچونانەی پێشتر باسمان لێوەکردن و لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد جیۆگرافیایێکی سەخت و بارێکی جیۆپۆلۆتیکی ئاڵۆزە ، جۆرەها نامۆیی لە ناوی دا بەدی دەکرێ ، لەبەر ئەوەی کوردستان لە دێرەوە کۆلونیالی نێو دەوڵەتی بوە و هەمیشە هێزی دەرەوە و هێزە داگیرکەرەکان ، هەمو جۆرە چەك و جبەخانە و سامانی ملەتانی خۆیان بەکارهێناوە ، بۆ لەناوبردنی کورد ، لە ئەنجامدا ، کورد زیاتر بە کوردایەتی خۆیەوە نوساوە و زیاتر دابونەریت و کەلتوری خۆی پاراستوە ، ئەگەرچی هەندێك لە پلانەکانیان بونەتە مایەی مانەوەی کورد لە قۆناغی دەرەبەگایەتی و نەیانهێشتوە کورد بە تەندروستی سروشتی قۆناغە سورەکانی خولی ژیار ببڕێ .

کۆمەڵی کوردەواری بوەتە تاقیگەی پلانەکانیان و نەوە دوای نەوە ، بەرامبەر بەو سیاسەتە پیسانە ، تەنها پەیڤی ( نا ) ی بەکارهێناوە ، پەیڤی ( نا ) ش تروسکەی هەڵگیرسانی هەر شۆڕشێکە ، چونکی لەهەر جێگایێك باری ستەم قورس بو ، لەوێوە ( نا ) یێکی مەزن ، قەوارەی شۆڕش بە خۆیەوە دەبینێ و دەتەقێتەوە ، ئەو تەقینەوەیەش زمانحاڵی ڕەتکردنەوەی ستەملێکراوە کاتێ پەیڤی ( نا ) بەکاردێنێ بۆ ئەوەی کۆتایی بەبارێك بێنێت ، هەر ئەو تروسکەیەشە شۆڕش دروستدەکات و لە ئەنجامدا مللەت ڕزگار دەکات . بەڵام ئەگەر شۆڕشەکان درێژیان خایاند و بون بە کار و کاسبی بۆ کۆمەڵێك خەڵك و پیشەی سەرەکییان بو تفەنگچی . ئاکاری نوێ پەیدا دەبێت و دەبێت بە دابونەریت ، چونکی دەستەڵاتی شۆڕش دەبێتە دەستەڵاتی ئەلتەرناتیف و کار دەکاتە سەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵك و دەبێتە جێگری سیستمی ئیداری و دەزگایی . هەمیشەش ئەو جۆرە سیستمانە نشوستی لەبەر قەراربونی یەکسانی کۆمەڵایەتی دێنن و ژیانیان کورتە ، چونکی هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای بەهرە و داهێنان و زانین نیە ، بەڵکو لەسەر بنەمای ساڵانی خەباتی چەکداری و زیرەکی و نزیك بون لە سەرکردەیە . سەرکردە ڕۆڵی سەرۆکی خێڵەکە دەبینێ و ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی دەبن بە کوێخا و کەتکەنە ، ئەگەرچی ناوێکی مۆدرنیان هەڵبژاردبێ و هەوڵیشبدەن بە ڕوکەش سیستمێکی پێشکەوتو نیشانبدەن ، بۆ زیادکردنی ڕەوایەتی و گونجان لەگەڵ دەوروبەر . بەڵام ناخەکەی هەر ناخی ئاغا و خێڵەکەیە . باشترین دکتۆر دەبێتە دکتۆری سەرکردە و باشترین گۆرانیبێژ دەبێتە ئەو دەنگبێژەی ستران بە سەرکردە و حزب دەڵێ و باشترین دەرهێنەر دەبێتە ئەو دەرهێنەرەی ژیانی سەرۆك و خەباتی حزب دەکا بە فلم و باشترین ڕەخنەگر ئەوەی بەرسڤی نوسینەکانی دژ بە سیاسەتی حزب دەداتەوە و باشترین هەڤوەڵاتی ئەوەیە کە خودا و سەرکردە و مەکتەبی سیاسی لێی ڕازیبن ... هتد .

پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی لەناو کورد دا لەسەر بنەمای سیستمێکی خێڵەکی پێکهاتوە و زۆربەی کورد ئەو سیستمەیان پێ پەسەندترە لە سیستمێکی مەدەنی و لە ژێر چەند ئاکامێکی بێگانە لە خود و ناسینی خۆیان ، لەبەر نەبونی سیستمێکی باشتر بە هەمو توانای خۆی دەچێتە ناو سیستمە خێڵەکیەکە و بە سەروەری خۆی دەزانێ و ئامادەیە هەمو جۆرە گوریکردنێکی لە پێناودا ببەخشێ ، چونکی جۆرێك لە یەکسانی کۆمەڵایەتی و

ئاسایشی کەسایەتی و ئابوری و جۆرە کەسایەتییێکی بۆ دابین دەکات و لە ژێر سایەی ئەو سیستمە کەس دەستدرێژی لێ ناکات و کەس ناتوانێ زیانی پێبگەیێنێ ، بۆیەش خودی خۆی زیاتر لەناو ئەو جۆرە سیستمانەدا دەبینێ .

لەناوچونی ئەو جۆرە سیستمانە کارێی سورِ و حەتمیە و بە گوێرەی کۆمەڵێک پەیوەندی ئابوریەوە هەڵدەسورێ ، بەڵام دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆی ئەو سیستمانە ئەنجامێکی باشی نابێ و مێشکە نەلڤەکان زیاتر پێوە دەنوسێن و بەرگری لێدەکەن . گۆڕانکاری تەنها بە یارمەتیدانی چەرخی دیرۆک دەکرێ بۆ ئەوەی بە خێراتر بسورێ . دەبێ زەمینەیێکی چاکی بۆ ئامادە بکرێ و هەر کەسێک لە ژێر سیستمە نوێیەکە دەژی کەسایەتییێکی کۆمەڵایەتی و یاسایی هەبێ بۆ ئەوەی هێدی هێدی پەیوەندیەکان لەگەڵ سیستمە کۆنەکەدا سست ببن . نەک کابراییێک لە خۆیەوە هەڵسێو دروشمی لەناوبردنی خێڵەکی هەڵگرێ ، چەند تفەنگچییێک بەدوای خۆی بخات و بەخودی ئاغاییێک شەڕی چینایەتی بکات و هەوڵبدات سیستمە کۆنەکە کە بەدیدی ئەندامەکانی شتێکی پیرۆزە و ڕەفتار لەگەڵیدا وەکو بەشێک لە کەلتوری خۆیان دەکەن و لە باب و باپیرەوە بە پێی بەهاو ئاکارەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بەرِێوە دەبەن .

ئەوەی بەسەر مللەتی کورد دا هاتوە ، ئەگەر بەسەر هەر مللتێکی تری ئەو دونیایەدا بهاتایە ! ئێستا لە دیرۆکیش شوێنەوارەکانی نەدەمان ، هەر ئەوەندەمان دەزانی : جاران مللەتێک لێرە هەبو !! ویستی کورد بۆ شۆڕش ، نیشانەی ڕەتکردنەوەی دورهێلە و ئەگەر ئەو شۆڕشانە نەبان ، بەرێگاییێک یان بە جۆرێکی تر مللەتی کورد لەناو دەچو ، بۆیەش کورد لەگەڵ شۆڕش وەکو گیان لەگەڵ لەشە و هەر لەبەر ئەوەشە ڕێزێکی پێشمەرج و سەرەکی مانەوە بۆ چەک و شۆڕش دادەنێ . لە هەمو پارچەکانی کوردستان گوریکردنی مەزن لە پێناو ئەو شۆڕشانە دراوە ، مللەتی کورد سامان و خوێنی بەخشیوە ، مشەخت بوە و ئارانی و تەنایی نەبینیوە و هەمیشە بەو بارە گرانە ڕازی بوە و نە دڵ خۆشیەوە کردویەتی ، بەس شۆڕشەکەی سەربگرێ بە هەردو لاوە ئەوانەی لە شارەکان لە ژێر دەستەڵاتی داگیرکەر ژیاون و خەباتی خۆیان کردوە وەک ئەوانەی لە شاخ چەکیان هەڵدەگرت و نوێنەرایەتی ( نا ) یان دەکرد ، هەمو گوریکردن و بەهاداریێک لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕش بێنرخ بوە ، لە ئەنجامدا سەرکردەکان لە خشتە چون و شۆڕشەکە تێکدراوە و مللەت توشی نشوستی بوە . ئەوە سیناریۆی زۆربەی شۆڕشەکانی کورد بوە ، کە هەمیشە خۆی دوبارە کردۆتەوە ، تا ڕۆژی ئەمرۆمان ، تۆبەش ناکات و پەندیش لە جارانی پێشو وەرناگرێ ، هەروەکو دایڤد فرۆمکین لەبەرگی دوای کتێبەکەی - جوناثان راندل - ( أمة فی شقاق ) دا دەڵێ : مللەتی کورد ئەو مللەتە شەرکەرەیە کە فێر بوە هەمو سەرکەوتنەکانی خۆی لە مەیدانی شەر ، لەسەر مێزی مفاوەزات بدۆڕێنێ ، بەبێ ئەوەی پاشەکشە لە کێشەی خۆی بکات یان وازی لێ بێنێ .

وازهێنانی کورد لە شۆڕش ، وەک تۆبەی دارکوتەیە ، شەوان لەبەر ژانی دەنوکەکەی دەڵێ : تۆبە جارێکی تر دار کوە ناکەم . ڕۆژی دوەم سەر لە بەیانی و بەر لە هەر شتێکی تر دارەکەی ژێر خۆی کون دەکات .

باکورەی خەباتی ڕزگاریخوازی مللەتی کورد ، لەبەر چەند هۆییێکی پراکتیکی نێودەوڵەتی و باری هاوسەنگی تەرازوی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و دونیاو خەباتی درێژخایەنی مللەت و حزبەکان و ویستی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری ، ڕاپەڕین لە باشوری کوردستان ڕویدا . ئەو سەرهەڵدانەش بو بە مایەی دڵخۆشی هەمو کوردێکی بە ڕومەت کە ئامانجەکەی ڕزگاربونی مللەتەکەیێتی ، ڕاپەڕین خاڵێکی دیرۆکی و گرنگ بوە و دەتوانم بڵێم :

مەزنترین ڕوداوی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بوە ، کاتێ باسی سەرهەڵدان دەکەم — مەبەستم کۆچکردنەکەشە — کە بەشی تەواوکەر و گرنگی سەرهەڵدانە ، ئەو گۆڕانکاریە نامۆییێکی مەزنی لە نلخی مللەتی کورد لابرد و بارودۆخێکی نوێی هێنایە کایەوە و کوردی توشی جۆرە نامۆییێکی تر کرد .

گۆڕانکاری لە هزری شاخ و یاخیبون Rebel ڕیبیل بە گۆڕینی جل نیە و ئەگەر کاک فلان و کاک فیسار جلی کوردی بە قاتی ڤانهاوزن و کەراڤێتی و ئیڤ سان لۆران گۆڕی ، ئەوە ناگەیێنێ کە هزری ڕیبیلێ و شاخ لە مێشکیدا نەماوە . هەروەک گیانی خێڵەکیش بە دیاردە دەرەکیەکان ناگۆڕێ . ئێستاش و دوای ئەم هەمو ساڵانەی ئازادی سەرکردە کوردەکان ناتوانن بەبیری سەرکردەی سیاسی و شارستانی ڕەفتار بکەن . هەمیشە خۆیان بە مەزنترین سەرۆکی خێڵ دەزانن و هەڵسان دانیشتنی ئاغایانە دەکەن ، وەک نمونەییێکی بەرز و سوپەرمانەکەی ناخیان . بۆیەش کەس بۆ کەس دانایێ و دەستەلات بە دەستکەوتێکی مەتریالی دەزانن و ناتوانن ڕەفتار لەگەڵ لایەنەکەی تر وەکو شەریکێکی خاوەن ماف بکەن . توانا و شیانی دەستەلات بە موڵکی خۆیان دەزانن و کاتێ لەسەر پەیگاکانی دەستەلاتیشن ، ناتوانن وەکهەڤی سەیری هەمو لایەنە سیاسی و شارستانیەکانی تر بکەن .

هەرکەسێ لەگەڵیاندا بێت و پشتگیری هەمو ڕەفتارەکانیان بکات ، " هەموی " بە چاک و خراپەوە ، مافی پێدەدرێ و ئەگەر لایەنیش نەبێت دەیکەن بە لایەن و هەرچی ڕۆژێک لە ڕۆژان گوتبێتی برژانگ لە سەرچاوتان هەیە ، ئەگەر لایەنێکی سیاسی و ئەگەر تاکێکی شارستان و ئەگەر هزرێکی ئازاد ، دەبێ هەبونی لەناو بچێ و بەهەمو شیان و توانای دەستەلات " کە لە بناغەوە موڵکی خۆیان نیە " لەناوی دەبەن ، یانیش هەوڵ دەدەن لە بازنەی دەستەلات دوری بکەنەوە و هەمو مافەکانی لێ وەربگرن .

لە ڕاستیش دا ئەوەی لەسەر حوکمە ، دەبێ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی دەستەلات و سامانی نەتەوەیی بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ ، بەلام ئەوەی لە کوردستان دەیبینین ، سامانی نەتەوەیی بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی و حیزبایەتی و دەستەلاتداران بەکاردێ و کەسیش بۆی نیە پرسیاریان لێبکات ، تەنانەت دامەزراندنی دامودەزگاش دەبێ بە پرۆسەییێکی هەڵبژاردن و پێ قایمکردنی حزبە دەستەلاتدارەکان و دەزگاکانی ئیداری و ڕەوشەنبیریش دەبن بەدوڵ لێدەری دەستەلات و وەزارەتەکان دەبن بە دەزگای بیرۆکراسی و خەلاتکردنی چەند کەسێکی تایبەت و خودێک ( ئاوێنە ) و فەرهەنگێک بۆ ڕەنگدانەوەی ڕەوتی حزبەکە و پەراوێزکردنی وێنەی سەرکردەکەی .

ئەو هۆیانە دەن بە مایەی نامۆبونی هونەرمەند و ڕەخنەگر و دەنگبێژی بە ڕاستی و تەنانەت کەسی ئاساییش لە سیستم و لە خودی خۆشیان و قولپەکانی بەیەکەوە بەستن لەگەڵ کۆمەڵدا سست دەبنەوە و لەجیاتی سود لێوەرگرتن و گەیاندنی پەیامە سەروەرەکە ، دەبن بە سیخوڕ و لە پێناو ئەو نزیکبونەدا هونەرمەند دەبێ بە ڕاپورتنوس و ڕەوشەنبیر و دەبێ بە ئامێرێکی گەیاندنی زانیاری بۆ دەزگاکانی حزب و سیخوڕەکانی سەرکردە ، کە بە شەرەفێکی بەرزیشی دەزانێ بە یەکێک لەوان بژمێردرێ ، پەیامە سەروەرەکەی هونەر و هزر و تۆڕهەڵدەدا .

سەرهەڵدانەکە لە جیاتی ئەوەی ئارامی و تەنایی بخاتە ناو سیستمەکە و گۆڕانکاری دروستکات و سیستمێکی شارستانی و ئیداری بکات بە ئەلتەرناتیڤی سەرکردایەتی شاخ و دەستەلاتێکی شارستانی ، هەمان سەرکردایەتی شاخی هێنایەوە ناو شار و تەنها جل و بەرگیان گۆڕی و مەسەلەی ئەکادیمی و زانستی بەڕێوەبردن

و هەڵسوڕاندنیان پشت گوێ خست و وەك پاداشتێك بۆ خەباتی دێرینی هەڤاڵەکانیان ، هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی دەزگاکانیان خستە ژێر دەستی تێکۆشەرەکان ، لەگەڵ ڕێزم بۆ خەباتی دێرینیان لەوانەیە ئەندام لقێك و مەڵبەندێك لە تاکتیکی شەڕ و چۆنیەتی ڕازیکردنی سەرکردە بزانێ ، یاخود خاوەن مرۆڤ و خێڵ بێت .بەڵام فێری بە وەزارەتی کست و کاڵ و پلان دانان و هەڵسوڕاندنەوە نیە . لە کاتێك دا کە بە دەیان کادری لێهاتو و پسپۆر لەوێ کەوتبون ، کەس گوێی بە کڵاویان نەدەپێوا و دواتر بو بە مایەی دروستبونی کاریزما و سەرکردەی یەکاتا لە بەڕێوەبردنی ئیدارەکان دا و وەکو زەمانی بەعسی لێهات ، ئەگەر حزبی نەبێت ، نەك تەنها دەستەڵات وەرناگررێت ، بەڵکو کاریشت پێ نادرێ — لە هەندێك بارودۆخی تایبەت دا — و ئاویش لەماڵەکەت دەبڕێ و شایەنی هیچ خزمەتگوزارییێك نیت و بەڵکو بە ڕاپۆرتی ( کۆنە تەقریر نوسێك ) ئاوارەش دەکرێی .

لەوانەیە بەیانییێك لەخەو هەڵسی تەلەفۆنەکەت نەماوە و بۆ کەسێکی تریان بەستوە و ئەگەر کاك فلان و کاك فیسار نەبینیت و زو فریات نەکەوێ ، ئاو و ئاو چوی ! هەمو ماقێکی شارستانیت لە مەترسی لەناوچوندایە ، کادیرە پسپۆڕەکان و خاوەن بڕوانامە و ئەکادیمیەکان ، لەو سیستمە نامۆ بون و بۆ ئەوەی چارەیێك لە نامۆیی خۆیان بکەن ، ڕویان کردە دەرەوەی وەڵات و نامۆیی جیۆگرافیان هەڵبژارد ، بۆ ئەوەی نامۆییە ڕاستەقینەکەی خۆیان پێ داپۆشن ، من پێم وا نیە کەس پێی خۆشبێت وەڵاتی ئازادی خۆی بەجێ بهێڵێ و لەبەر دەروازەی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕیز بگرێ بۆ ئەوەی مافی پەنابەری لە وەڵاتێکی تر پێ ببەخشن ، ئەگەر لەناچاری نەبێت .

لەبەر ئەوەی مللەت جاری یەکەم ئەوانەیان بە سندوقی هەڵبژاردن نەهێنابو سەر حوکم ، بەڵکو بە خوێن بۆیانی مۆر کردبو کە ببن بە نوێنەری ، بۆیەش ملەت بە هەمو شت ڕازی بو ، برسیەتی ، ترس ، نائارامی ، چەوساندنەوە ، هەر چییێك بێت ، تەنها داگیرکەر نەیێتەوە . حزبەکانیش زۆر چاك ئەوەیان دەزانی بۆیەش خاڵە گرنگەکەیان بە دەستەوە گرتبو . جاری یەکەم بە دروست نەبونی ڕای گشتی دەستیان پێکرد و هێدی هێدی هاتنە سەر تواندنەوەی حزبە بچوکەکان و بە حزبی کردنی سەندیکا و دام و دەزگا و دائیرەکان ، بۆ ئەوەی هەر خۆیان لەسەر شانۆی دەستەڵات بمینێن و وەکو پاداشتێك بۆ خەباتی خۆیان ، بۆیەش لەوانەیە زۆر کەس پێی سەیر بێت ، بۆ ناوی مەزن و پیرۆزی پێشمەرگە وای لێهات ؟ لە شێستەکانەوە تا کۆتایی هەشتاکان ، کاتێ ناوی پێشمەرگە دەبیسترا موچڕك بە لەشی مرۆڤدا دەهات ، بەڵام لە ئەنجامی ئەو هەمو ڕەفتارە دزێوانە ملەتیان لەخۆ نامۆ کرد و کەوتنە سەنگەری دژی بەرژەوەندیەکانی ملەت .

ئەگەر بە شێوەیێکی دیکە سەیری بکەین ، لەڕوی تێکۆشەریەوە بازرگان و شۆڕشگێڕ هەردوکیان تێ دەکۆشن ، بازرگانەکە ڕەنجی خەباتی خۆی بە سەروەت و سامان وەردەگرێتەوە ، بەڵام شۆڕشگێڕ نابێ بە هیچ جۆرێك چاوەڕوانی پاداشتی خەباتی خۆی بێت ، چونکی خەباتی لە پێناو ئامانجەکانی ملەتی خۆی کردوە و بەرامبەر بەو خەباتەی ، ملەت موچڕکی بەلەشدا دێ و پلەیێکی بەرزی پێدەدات و پەسەنی پاڵەوانی پێ دەبەخشێ ، بەهیچ شێوەیێك نابێ داوای پاداشت بکات ، ئەگینا بە پڕاکتیك جیاوازی نێوان ئەو و بازرگانێکی زەنگین نامێنێ . ئەو شتانە و زۆری تر بون بە زەمینەیێکی چاك بۆ مرۆڤی بۆر و بو بە مەیدانی خۆیان ، پارتی هاندەدەن و یەکییەتی بەرە و شەڕ دەبەن ، هەروەتر تاوەك لە ئەنجامدا شەڕی ماڵ وێرانکەر دروست بو و خۆیان بون بە لێبوکی شانۆ و بازرگتنی شەڕ .

کورد لە خۆیدا میللەتێکی نامۆیە ، چونکی لە بنەڕەتەوە خاکەکەی داگیرکراوە و خاکیش وەکو دایک و سامان و هەبون وایە ، ئەگەر مرۆڤ خاکی نەبێت ، هەبونی نیە و ئەگەر هەبونی نەبێت ، هەمو دونیاشی پێ بدرێ ، هەر هیچی نیە .

داگیرکەرەکان بە تالان کردنی خاکی کورد ، کوردیان لە هەبونی خۆ نامۆ کرد ، کاتێ سنورەکان دامەزران ، یەک خێزانیان کرد بە دو بەشی لەیەک جیاواز ، براێێک کەوتە ئەولای تخوبەکە و براێێک کەوتە لایەکەی تر ، منداڵی ئەو برایە تورکن و منداڵی ئەوەیتریان عێراقی و منداڵی ئەوەی تر ئێرانی و سوری ، ماڵی کورد بو بەچوار بەش و لە هەر بەشێک بە گوێرەی پلەی ستەم ، زۆرداری لێ دەکرێ ، بۆ ئەوەی کەلتوری خۆی پشت گوێ بخات و خۆی لەگەڵ کەلتورێکی بیانو کە هیچ پەیوەندییەکی پێوە نیە ڕابێنێ ، زۆرداری لێ دەکرێ بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی تر ، بە زمان و کەلتورێکی تر . کەچی کورد هەر بە کورد مایەوە ، تەنانەت ئەو کەسانەی زۆر بەو دابەشکردنەوە شەیدان و خۆیان بە عێراقی تر لە عێراقییێک دادەنێن و بە ئێرانی تر لە ئێرانییێک و بەو دوایەشەوە بە تورک تر لە تۆرانییێک ، نایانتوانیوە دابونەریتی کوردەواری خۆیان بزر بکەن . ناسنامەی بە کورد بوون وەکو دروشم لە نێو چاویان نوسراوە ، بۆ هەر کوێ بچێت ئاشکرایە و لە دورەوە هاوار دەکات . نەشیانتوانی لەگەڵ کۆمەڵی عەرەب و ئێرانی و تورکیش بگونجێن ، تەنانەت بە تەواوەتی فێرە زمانەکانیشیان نەبون ، بۆیەش دەبینین لەناو کۆمەڵگاکانیان دا هەمیشە کورد بە دویڤ ( پاشکۆ ) ، لەقەڵەم دەدرێ و هەمیشە بە چاوێکی کەمەوە سەیر دەکرێن .

کەلتوری زاڵ و سەپێندراو ، بەسەر کوردا نەسەپا و میللەتی کوردی نامۆ کرد ، بەڵام ئەو نامۆیی یە بو بە مایەی پاراستن و مانەوەی کەلتور و زمانی کورد و لە بزربون ڕزگاری کرد و هانی دا بۆ ئەوەی کەلتوری خۆی بپارێزێ و بە کەلتوری زۆردار بڵێ : ( نا ) .

# کەسایەتی زاڵ

کۆمەڵێک منداڵ لە کۆڵانێکی شارێکی کوردستان یاری دەکەن .

با فوتبۆڵ بکەین . یەکیان دەڵێ .

ئاخر تۆپمان نیە . ئەوەیتریان پێی دەڵێ .

یەکی تر دەڵێ : باشە با یاری خوێندنگە ( قوتابخانە ) بکەین ، من دەبم بە مامۆستا .

هەموویان وڵامی دەدەنەوە : نابێ ، تۆ دارت نیە !!

وەک چۆن گرنگترین شت لە یاری فوتبۆڵ تۆپەکەیە ، وەک کەرەستەی سەرەکی یاریەکە و گـرنگترین ئامێری قەساب چەقۆیە و گرنگترین ئامێری میکانیـک سـپانەیە و گـرنگترین ئـامێری جوتیـار داس و شـالوکە و ئەوەی نوسەر قەڵەمە ، وەکو دروشمی بناغەیی پیشەکە ، وایـان لێ کـردوە منداڵـەکان دارەکـە بـە گـرنگترین کەرەستەی مامۆستا بزانن ، ئەو کاتە خوێندنگە لە ناهۆشیاریان دا بـە دارەکـەوە پەیوەسـت دەبێـت ، کەچـی پێویست بو بۆرد و گەچ و کتێب و لە خۆبوردویی مامۆستا بێت .

لە منداڵیەوە کوڕ فێردەکرێ چۆن لەسەر دەوروبەر زاڵبێت و دڕایەتی بکـات بـە پرنـسیپی ڕۆژانـە بـۆ ڕەفتارکردن ، لە جیاتی ئەوەی فێربکرێ چـۆن لەگـەڵ هاوڕێیـەکانی ڕەفتـاری کۆمەڵایـەتی و شارسـتانی بکـات ، فێردەکرێ چۆن لەسەریان زاڵبێت و چۆن لێیان بدات ، ئەوەندەش لەترسـی دایـک و بابانـە لەسـەر کوڕەکـەی خۆیان . دەبێ دڕبێ بۆ ئەوەی منداڵی تر لێی بترسێن و مـسۆگەری ئـەوە بکـات کـە کـەس لێـی نـادات . بـەم دوایەش دا پەندی ( باشترە بڵێین هارۆ ، نەک بڵێین ژارۆ ) بە شێوەیێکی بڵاو لە دایک و باوکەکان دەبیـسترێ ، چونکی سیستمێکی دادوەر نیە مافی مرۆڤ وەک کەسایەتییێکی کۆمەڵایەتی بپارێزێ ، ئەوە بێگومـان لـە ئـەنجامی خزینەوەی دایک و بابانە لەناو کۆمەڵەوە .

دیموکراسیەت " بە مەبەستی سوڕانی دەستەڵات " دەبێتە چەمکێکی خرش و پەککەوتە و ئەگەر خـاک و باری بۆ ئامادەنەکرێ ، چونکی نەتوانینی هەڵبژاردن لەبەر نەزانین و نـە بوهوژانـدن ، وەک ئـەوەی مافەکـە نەدرابێ ، ئێمە ناتوانین بە خێڵێکی دواکـەوتو بڵـێین : تـەواو ، لەمـەو دوا دەبـێ بـە دیموکراتیـەت ئاغاکـەتان هەڵبژێرن .

یاخود مافی ئەوەم پێ بدرێ باشترین ماشینی تۆڕنە لە پێشانگاییێک هەڵبژێرم ، بێگومـان وەکـو ئەوەیـە کە مافەکەم پێنەدرابێ ، چونکی بە ئاسایی ، من هیچی لێ نازانم ، تەنانەت نـازانم بـۆ چـیش باشـە ، لەوانەیـە جوانترین و ڕەنگینترین یاخود مەزنترین ئامێر هەڵدەبژێرم ، بەڵام شاگردە تۆڕنەچییێک ئەو کـارە لـەمن باشـتر دەکات و ماشێنە باشەکە هەڵدەبژێرێ . واتا بەخشینی هەڵبژاردنەکە بەها و سودێکی بۆ ئەو هەیـە ، بـەڵام بـۆ من هیچ سود و بەهاییێکی نیە .

پێویستە لە سەرەتاوە سیستمی کۆمەڵایەتی ئەوە دابین بکات هیچ کەسێک بۆە نەبێت لە کەسـێکی تـر بدات و منداڵیش لە سەرەتاوە فێربکرێن چۆن لەگەڵ یەکتری بەئاشتی بژین و دایەلۆگ لە جیاتی دڕایەتی ببێتـە پرنسیپی ڕۆژانە بۆ ڕەفتارکردن و گیانی تەبایی و دانپیانان بەوەیتر کە خۆمان نیە ، یان دژمانـە بـەرپا ببێـت و

بیێتە هەوێنی ، سیستمێکی بەهێزی ژیان ، ئینجا داوای دیموکراتیەت بکرێ ، بەمەبەستی گۆڕینەوەی دەستەڵات و هێنانە کایەی دادوەری ... هتد .

بەڵام چاولێکەری و کۆپی کردنی لیبرالیەتی ڕۆژئاڤا ، بەبێ ئەوەی بە قۆناغەکان تێپەڕ ببین ، یاخود بەلای کەمەوە شرۆڤەیان بکەین ، هیچ واتاییێک بە چەمکەکە نادات ، چونکی دیموکراسیەت ، یان لیبرالیەت بە خۆڕایی شەو و ڕۆژێک نەهاتوە و خەباتێکی درێژی بۆ کراوە و خوێنی لە پێناودا ڕژاوە .

کاتێ دابونەریتی زاڵ بە منداڵی بەسەرماندا دەسەپێ و ناهێڵێ منداڵیەتی خۆمان بە تەواوەتی بەرینە سەر ، نابێ گیانی منداڵیەتی ئازاد بکەین و دەری ببڕین ، نابێ یاری بکەین ، نابێ ڕقمان لە شتی جیددی بێت ، نابێ شتی وا بکەین کە خۆمان دەمانەوێ ، نابێ دەنگی قاقا ی پێکەنینمان لە دڵەوە بەرز بکەین ، دەبێ ڕێز لە خاڵ و مام و کاک بگریت . نەک لەبەر ئەوەی پیاوێکی باشە و جێگای ڕێزی کۆمەڵە ، دەبێ ڕێزی بگری بەڵکو لەبەر ئەوەی خاڵتە . دەبێ وەک پیاو لەناو دیوەخان دانیشی وەکو پیاو ڕەفتار بکەیت ، دەبێ پێنەکەنی ئەگینا بەر شەقت دەدەن ، ئەگور بوی بە سنێل و هەزەکار ، نابێ قژت درێژکەیت و نابێ هەمو جلێک لەبەربکەیت و نابێ عاشق بی و ئەرکی سروشتی خۆت ئەنجامدەیت ، بۆ ئەوەی نەڵێن منداڵی فلان کەسی خوێڕین و نابێ و نابێ تاوەک هەناسەت لێ دەبڕن و دەتکەن بە هەلامەتی ( شبح ) کەسێکی تر کە خۆت نیت ، ئەو مرۆڤە جگە لە نامۆیی ، شاش دەبێ و دواتر خۆشی نازانێ چی دەوێ ، هەمیشە ئەوە دەکات کە خۆی نایەوێ و هەمیشە ئەوە ناکات کە خۆی دەیەوێ ، بۆیە ئەگەر حەزیشی لێبێ ناوێرێ تەنانەت بیریشی لێ بکاتەوە ، بۆ نمونە کراسی ڕەنگی سور یان بریقەدار بیرۆکەیێکی ڕەت کراوەیە ، سواری ماتۆر و پایسکل کارێکی نارەوایە ، ناوێرێ لە شایيان پێبکەنێ و زۆر سەما بکات نەوەک پێی بڵێن کابراییێکی سوکە ، لە تازیەش هەر دەبێ وا دابنیشێ ، سەری لێ دەشێوێ و کەنین و چێژەکەی لەبیر دەکات ، ئەگەرچی لە ناخی ناهۆشیاریدا Subconscious بەند کراوە و ناتوانێ دەریببڕێ و هەروەک پێشتر باسمانکرد ، شاردنەوەی هەستێک ، لەناوچونی هەستەکەناگەیێنێ ، بۆیەش لەناکاوەوە لەناو تازیەی نزیکێک یان خزمێک ، لەسەر شتێکی بچوک قاقای پێکەنین دەمانگرێ و ناتوانین کۆنترۆلی بکەین ، یانیش کاتێ کەسێک دەبینین پێی دەخزێ و بەردەبێتەوە و لەجیاتی ئەوەی غەمی بۆ بخۆین یان لەهانای بچین پێکەنین دەمانگرێ ، لەبەرئەوەی نازانین خۆشی و ناخۆشی لە جێگای خۆیان دەربببڕین ، چونکی فێرنەکراوین و ڕێگەمان پێنەدراوە هەستەکان لە جێگای خۆیان دەربڕین .

زۆرداری و دیکتاتۆریەتی خود دەبێتە سەمبولی ژیانی ئەو منداڵە ، بە زۆرداری کاری پێ دەکرێ و بەزۆرداری پەروەردە دەکرێ ، لە خوێندنگەیش داری مامۆستا بەسەر هەمو پەسەنەکانی تری کەسایەتیەوە زاڵدەبێ ، ئەو مرۆڤە سەیرە لە ئەنجامی ئەو هەمو فشار و پێشاژانە ، دەبێ چ جۆرە مرۆڤێکی لێ دەربچێ ؟!

توشی تازیبونی خود ( انفصام ) دەبێ و بەو خودە تازییەوە دەبێ بە بازرگان و ژمێریار و پێشمەرگە و خایەن و سەرکردە و نوسەر و ... هتد خودە بەندەکەی لێی ناگەرێ ڕۆژێک یان چرکەیەک چێژ لە ئازادی وەرگرێ ، لە پێکەنینی درێژ دەترسێ و ئەگەر جارێک زۆر پێبکەنێ دەڵێ : خوایە خێر بێت ، ئەورۆ زۆر پێکەنین . ئەگەر بەو خودەوە بو بە دکتۆر ! چۆن گیانی خۆمان و خێزانمان دەدەینە دەستی ؟ ئەگەر بو بە سەرکردە ! چۆن دوارۆژی خۆمان دەدەینە دەستی ! بە خودێکی تازی و ڕوحێکی نامۆ دێتە سەر کورسی دوارۆژمان . بەرامبەر بە میللەتی خۆی زۆر دڕەندە و زاڵدەبێ و بەرامبەر بە دوژمنی خۆی ملکەچ دەبێ ، لە کەنگای پێشکەوتنی دونیادا ناوێرێ داوای ئازادی بۆ میللەتی خۆی بکات ، حیسابی دەوروبەر دەکات ، نەوەک دوژمنەکان پێیان خۆش نەبێت

، لەکاتێک دا دەوروبەر هەموی دوژمنە و ئاسایییە داگیرکەر پێی نـاخۆش بێـت چەوسـاوەی بەردەسـتی ئـازاد ببێت . سەرکردەش هەر ئەو منداڵەیە کە بەزۆر لە دانیشتنی دیوەخـان دانـدراوە و قاقـای پێکـەنینی پـێ کـپ کراوە و بە زۆری شتی پێکراوە ، بۆیەش ئەوە دەکات کە خۆی نایەوێ و ئەوە ناکات کە خۆی دەیەوێ .

بۆ ئەوەی مرۆڤـی زاڵ زاڵایـەتی خـۆی دوپـات بکـات و بیـسەلمێنێ ، ژینگـەیێکی زاڵـی دەوێ ، یـانیش ژینگەیێکی بێ یاسا ، ژینگەی زاڵیش مرۆڤی چەوساوە و مازۆخی دەوێ بۆ ئـەوەی زاڵایـەتی خـۆی کـە دیـارترین ئەلیمێنتی کەسایەتێکەێتی بسەلمێنێ . لێرەدا دێینەوە سـەر سـەلمێندراوی بناغـەی دژەکـان : ئەگـەر چەوسـاوە نەبێت ، زاڵم دروست نابێت ، چونکی کەس نیە زوڵمەکەی بەسەردا بڕوێنێ بۆیەش دەتوانم وەک دو پەسـەنی هاوبەستی یەکتری ناویان ببەم کە دو حاڵەتن بەبێ یەکتری ناچنە ڕێوە . ئینجا ئەگەر ستەکار و ستەم لێکـراو بـۆ ماوەیێکی درێژ بەیەکەوە مان ، خوو ڕەوەشتی یەکتری دەگرن ، ستەمەکە ویستی ستەم لێکراو پەیـدا دەکـات و ستەم لێکراویش لە پەناوە لە یەکێکی لەخۆی لاوازتر دەگەڕێت، بۆ ئەوەی دەوری ستەمکار و زاڵی لەسەر ببینێ ، بۆیەش جارناجار لەگەڵخۆمدا دەڵێم باشنەبو حزبـە دەسـتەڵاتدارەکان دوای ڕزگـار بـونی کوردسـتان و لـەکاتی شەڕی کورد کوژی چەکی کیمیاوی و بۆمبی ئەتۆمیان لەبەر دەست نەبو !! .

سیستمە ستەمکارەکان بەم جۆرە دامەزراون و مەبەستم سیستمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە گـشتی ، بـۆ ئەوەی زامنی مانی خۆیان بکەن . چونکی بە ڕەوایـەتی نـەهاتون و ئۆپۆزسـیۆن بـە دوژمـن لـە قەڵـەم دەدەن . هەمیشە ترسی ئەوەیان هەیە لەناو بچن ، چونکی گەیشتن بە دەستەڵات بە دەسکەوتێک یان مـاف وەرگرتنێـک دەزانن لە جیاتی ئەوەی بە ئەرکی بـزانن . بۆیـە دڕایـەتی و سـتەم دەکـەن بـە بناغـەی قـەرقودی ( هەیکـەل ) ڕژێمەکانیان . پۆلیسێک یان جەندرمەیێک یان پاسدارێک دەتوانێ ژیانی یەک شار تاڵ بکات و هەرچی دەیـەوێ دەیکات ، ئەو جۆرە سیستمانە لەسەر لۆجیکی جەنگەڵ دامەزراون و جارێ قۆناغی دەربازبون لـە جەنگەڵـەوە بـۆ ژیاریان نەبڕیوە و بەو جۆرە پێیان وایە ئەگەر هەڤوەڵاتی نەبێتە بەشێک لەوان ، دژی ئەوانە و بە پێی یاساکانیان ڕەوایەتی لەناوبردنی دژ هەمیشە کارێکی مۆڵت پێدراوە ، حەڵاڵ کراوە . لە ئـەنجامی ئـەو دڕایـەتی و زاڵبـونی داری مامۆستا و گوێ ڕاکێشانی باوک و بەهیچ نەزانینی دایەلۆگ بۆ چارەسەری گرفتەکان و بە هەڵە تێگەیشتنی ئیسلام و مارکسیزم و دواتر نامۆ بونی لە کۆمەڵ . ( کەس ، خود ) پڕنسیپی : ( ئەگەر لەگەڵم نەبی ، دژی منی ) ! دەکا بە پرنسیپێکی ڕۆژانە و فێری سیاسەتی ( بەهیچ نەزانین و لەناوبردنی هەرشتێکی تر کە خۆی نیە و سـەر بەو نیە و مولکی ئەو نیە ) دەبێ و ئەو نەخۆشیە ترسناکە لەگەڵ خۆی دەباتە سەر پلەکانی کارکردن و تەنانـەت مەسئولیەتیش ، ئەگەر بۆ نوێژی خوتبە نەیێی و بـە دەف نەبێـژی مـن ئیـسلامم ، تـۆ دژی ئیـسلامی و کـەس مامەڵەت لەگەڵدا ناکات و کە دژی ئیسلام بیت کوشتنت حەڵاڵە ! و ئەگەر کوشتنت لە ڕێگای شەرعەوە حـەڵاڵ کرا ، جێبەجێکردنی ئاسانە و بە دروشمی ( الله اکبر ) بـە ئاسـانی و سـەر بەرزیـەوە لەناوتدەبـەن و کوشـتنت دەبێتە ئەرکێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی دەڵێن : ( بەرازێکمان تۆپاند ) ، و هەروەهاش ئەگەر بەعسی نەبیت پارچە زەویت پێ نادەن و بۆت نیە لەو وەڵاتە بژیت و مەترسی ئەشکەنجە و نەهێشتنت لەسەرە و هەبونت دەبێ بـە دراوێکی بەخشراو و بە سایە و خێر و پیاوەتی ئەوان و دەبێ سوپاسی ئەو سەرکردایەتیە بکەیت کـە بـە سـاغی هێشتیەوە ، ئێستا دەژی ! ئەگەر چانسی ئەوەت هەبێ و ژیای .

ئەگەر یەکێتی نەبیت کارەبات پێ نادەن و نابێ لە شارەکە دانیشی و ئەگەر پارتی نەبیت ئـاردت پـێ نادەن و نابێ لە شارەکانیان بژی ، ئەو ڕاستیەش پشتگوێ دەخەن کە شارەکە مـولکی دانیـشتوانێتی و کەسـێک

بۆی نیە هەڤوەلاتی لە شوێنی زاین و وەراری خۆی هەڵتەکێنێ تەنها بە هاتنی بۆ پایەی دەستەلات . چونکی دەستەلات موڵکی کەس نیە و کەسیش هەتا هەتایە لەسەری دانانیشێ و ئەگەر پرۆسەی فرە حزبی و دانپێنان بە مافی هەبونی ئەوەی تر کە خۆمان نیە بنێین .

هەروەها زۆر بە هەڵە دەچن ئەگەر وای تێبگەن کە هێزی هەر حزبێك بە ژمارەی چەکدارەکانییێتی ، لە ڕاستیدا هێزی ڕاستەقینەی حیزب بە ژمارەی چەکدار نیە بەقەد ئەوەی هێزی حیزب بە ژمارەی جەماوەرە بێ لایەنەکەیە کە پشتگیری ئەو حیزبە دەکات .

هاتنی پارتی و یەکێتی و پەکەکە و ئیسلامی و چەپ و ڕاست و ڕادیکاڵ و ... هتد . بۆ سەر دەستەلات ئەوە ناگەیێنێ کە شارەکە بو بە موڵکیان و هەر کەسێ بیانەوێ مافی ژیانی پێدەدەن و هەرکەسێ خۆیان نەیانویست دور بەدەری بەکەن ، بەبێ ئەوەی هیچ ئیعتبارێکی شارستانی و پێداویستی پاراستنی مافی کۆمەلایەتی و یاسایی هەڤوەلاتی لە حساب بگیرێ .

مافی شارستانی هەڤوەلاتی کە پێوستە هەمو کەسێك هەبێیو پەیوەندی بە هیچ حزب و ڕێکخراوێکەوە نەبێ . ئەڤرو لە کوردستان بێلایەنی بوە بە تاوانێك و سزای هەیە ، ئەوەندەش بوەتە سەرچاوەیێکی مەزنی نامۆیی و نامۆیێکی زۆر قوڵ لەناو خود دروست دەکات و بە تێکرایی سیستمەکە پاڵ بە کەسەکەوە دەنێ بۆ ئەوەی نامۆ ببێ : برۆ کاکە تۆ بەرژەوەندی خۆت نازانی ، تۆ چیت داوە لەو دانیشتنەت . ئەگەر پارتی بای ئێستا حاڵت ئەو حاڵە نەدەبو ، پاشایانە دەژیای . ئەگەر یەکێتی بای ئێستا خۆت و ماڵ و منداڵت باشترین ژیانتان دەبوو کەسیش نەبو خانوەکەت لێ داگیربکات و ئۆتۆمبیلەکەت لێ وەرگرێ .

کابرا بە ناچاری و لەبەر پاراستنی مافە شارستانیەکانی خۆی ، بەخودێکی نامۆوە دەچێتە ناو حزبێك و بەهەمان خودە نامۆیەکەوە هەوڵدەدا خۆی لە دەستەلات نزیك بکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ بە تەواوەتی خۆی لە ئاکارە کۆنەکانی تازی بکات لە پێناو پاراستنی کەسایەتی کۆمەلایەتی خۆی و بۆ ئەوەی لە ژێر پێیان ون نەبێ ، ئینجا کە گەیشتە پلەیێکی مەسئولیەت ، بایی ئەوەندەی ڕێگای پێ بدرێ زیان بە خەڵك و سیستم بگەیێنێ و لە سزادان و تۆڵە نەترسێ ، دەست بە تۆڵەسەندنی خۆی دەکات و هەمو ئاکارەکان تەفرو تونا دەکات . تۆڵە سەندنەکەش مەرج نیە بە فیزیك بکرێ ، بەڵکو جۆری تری هەیە وەك : پارە کۆکردنەوەیێکی ترسناك ، بە ملیۆنەها دۆلار لە بانقەکانی دەرەوە یان کڕینی موڵك و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەت لە هەواو و ئاڤاهی کردنی تەلاری مەزن و ... هتد ، ئەوانە و زۆری تر نیشانەی نامۆ بونێکی قووڵن لەناخی ئەو کابرایە نەخۆشەدا و بەو جۆرە هەوڵیداوە تۆڵە لە مللەت و کۆمەڵ و شۆڕش بستێنێ و پێیوایە ئەوە چارەی نەخۆشیەکانی دەکات ، بەلام بەقەد ئەو پارەی لە سامانی مللەتی کۆکردۆتەوە ، دەبێ لە دکتۆری ناخناس بدات بۆ ئەوەی چارەی گرێیەکانی ناخی بکەن .

سەیر نیە ئەگەر ڕژێمە داپلۆسێنەرەکانی ڕۆژهەلات بەم جۆرە پرنسیپانە کاربکەن ، لەبەر ئەوەی بنەمای دامەزراندنی ڕژێمەکانیان نارەوایە و لەسەر بنەمای تاکڕەوی و سرینەوەی بەرامبەر دامەزراون ، بەلام سەیر ئەوەیە ئەگەر ئەو جۆرە دیاردانە لەناو تاقیکرنەوەیێکی فەریکدا ڕوبدەن و جێگیر ببن ، ئەو تاقیکردنەوەی کە تازە خەریکە وەرار دەکات و خۆی لە سرینەوەی ڕەگەزی دەپارێزێ ، جگە لەمەش ئەوە هەزاران ساڵە سامان و کەلتور و هەبونی دەدزرێ و خاکەکەی تاکو ئێستا کۆڵۆنیال کراوە ، سەیرە ئەگەر دیاردەی وا ببینین ، چونکی هیچی کورد وەکو ئەوانە نیە و نابێ وەکو ئەوانیش بێت .

ئەگەر یـەکیێتی بێـت و ئەگـەر پـارتی و ئەگـەر هـەر حزبێکـی تـر بێـت لـە دەسـتەلات ، ڕەوایـەتیی شۆڕشگێڕی هەیە و بە خەباتی چـەندەها سـاڵی بـێ وچـان هاتۆتـە کایـەوە و کێـشەکەیان دادوەر و شـەرعیە ، پێویست ناکات ئەو کارانە بکەن بۆ ئەوەی لە دەستەلات بمینێن . مللەت ئەوانەی دەوێ ئەگـەر چـی لـە ڕێگـای بۆکسی هەڵبژاردنیشەوە نەهاتبن ، مللەت بە سۆزی خوێن بۆیانی مۆرکردوە کە نوێنەری ڕاسـتەقینەی خـەباتی ڕەوای کوردن ، تەنانەت ئەو کەسانەی لە سـلێمانی ئـاوارە کـراون بـە تۆمـەتی مەیلـدار و لایـەنگری پـارتی و ئەوانەی لە هولێر و دهۆکیش دەرکـراون بـە تۆمـەتی لایـەنگیری یـەکیێتی ، نـەمزانی هیـچیان بـەرەو شـوێنی دەستەلاتی ڕژێم ڕۆشتبن . یان سەریان هەڵگرتوە و بـەرەو هەنـدەران مـشەخت بـون بـۆ ئـەوەی هۆیێـک بـە ئاوارەیی و مشەختی خۆیان لەناو وەلات بدەن ، یانیش لە وەلاتی خۆیان و لەناو مللەتی خۆیـان و لـەژێر سـایەی شۆڕشی خۆیان ئاوارە بون و لە هەبونی خۆیان نامۆ کراون و حزبە دەسـتەلاتدارەکە ڕەوایـەتی تـالان و پـویرەی سامانی دەدات ، دراوسێیەکەی فێردەکات چۆن قولپەکانی بەهەڤرا ژیـان بپـسێنێ و مـاڵی دراوسـێیەکەی تـالان بکات ، نەک تەنها لێقەوماوەکە نامۆ دەکات ، بەڵکو دروسێیەکەشی بەسایەی ئەو بزاڤە نـامۆ دەکـات . ئەگـەر مرۆڤی نامۆ هۆیەکانی نامۆیی خۆی نەزانێ ، هەوڵ دەدا لەبەرێک بۆ نامۆیی خۆی بدۆزێتەوە و زۆربەشیان نـامۆ بونی جیوگرافی هەڵدەبژێرن ، بۆ ئەوەی واتایێک بە نامۆیی خۆیان بدەن و هەرجارێ پەنجەکانی نامۆیی قورگیان دەگرێ ، گوناهەکە دەخەنە مل ئاوارەیی و دوری لە وەلات و نەگونجانیان لەگەڵ کۆمەڵە تازەکە ، لە ڕاسیـشدا وا نیە بە قەد ئەوەی خۆی لە بنەڕەتەوە لە کۆمەڵگای خۆی ڕەڤیوە ، چونکی لەگـەڵی نـەگونجاوە و بۆتـە مایـەی نامۆیێکی قووڵ . ئەگەر لەبەر ئەو هۆیانە نەبێ ، بۆ مرۆڤ خاک و شوێنی بـاب و بـاپیران بـەجێ دێڵـێ و بـەرەو هەندەرانێک مشەخت دەبێ کە هیچ پەیوەندیێکی لەگـەڵ دابـو نەریتەکەیـدا نیـە ، بـەڵکو زۆر بـە سـەختیش دەتوانێ لێی بژێ ، دواتر مندالەکانیشی لە هەردولا دەبنەوە ، نـە پەیوەنـدیان لەگـەڵ کۆمـەڵگا بنەڕەتیەکـەی باوکیان دەمینێ و نە لەگەڵ کۆمەڵگایە نوێیەکە دەگونجێن .

تاکو نوسینی ئەم بەشەی کتێب و دوای سێ ساڵ ئاگر بەست و نزیکەی هەشتا کۆبونـەوەی لێژنـەکانی ئاشتی ، گومان لە نێوانیاندا هەر ماوە و ناوە ناوە لە بلاوکراوەکانیاندا ئەو جۆرە گوتنانـە دەبینـدرێ : کـاروانی چوارەم و پێنجەم و دەیەمی ئاوارەکان خەریکە دەگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان ! یان گۆڕینەوەی بارەگا ، لە دهۆک و سلێمانی ، یان شەڕ وەستاوە و پرۆسێسی ئاشتی بەرە و پێش دەڕوا !! پێکهاتنی تەهران و ئەنقەرە و واشـنتۆن خەریکە بەرپا دەکرێت ، کەسیش نازانێ ناوەڕۆکی ئەو پەیمانانە چین !!

هەرچەندە پێکهاتنی کورد دەبوا لە ماڵی کورد دا بکرایە ئینجا ئەنجامەکانی بەرقەراری ئاشـتی بـۆ ئـەو شوێنانە وەکو هەواڵ بچوایە ، بۆیەش من دژی پەیڤی " بەرەو پێشەوەچونی پرۆسێسی ئاشتیم " چونکی ئاشـتی بەرەو پێش ناچێ ، ئاشتی بە یەکجارەکی و بەبێ دواکەوتن سەقامگیر دەبێ .

# شەڕی دەستەڵات و شۆڕشی ناو شۆڕش

ئەگەر حەزبەکان سەرکەوتنیان لە بەڕێوەبردنی شۆڕشیش هێنابێ ، ئەوە بەپێی پێویست ئەو پارچە ئازادەیان ڕێبەرنەکردوە ، ناشمەوێ بڵێم : نشوستیان هێناوە ، چونکی لە مژارگەری دەردەچم . حزبەکان ڕەوایەتییان لە دەستە و ئەو ڕەوایەتیەش بەخوێن و خەبات دەستیان کەوتوە . ڕەوایەتیی ساڵانی خەبات و خوێنی ملەتیان بەکارهێنا بۆ شەڕی ناوخۆ و ڕژیتنی خوێنی کوڕانی ملەت و شەڕی خۆکوژی ، کە برینێکە لەناو جەرگەی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و زۆر بە سەختی تیمار دەکرێ . کارێکیان کرد کە داگیرکەران بە دەیان ساڵە هێز و سامانی خۆی لە پێناو لێک جیاکردنەوەی ملەت و شۆڕش دەمەزێخێ و نشوستی دەهێنێ . هەمیشە ملەتی کورد هێڵی دوەمی شۆڕش بوە و هەمو شۆڕشەکان بە پشتگیری ملەت بەردەوامیان پێ دراوە ، ئەوان بە دەستی خۆیان و بەبێ تاڵی و مەزاختنی هێزو پارە ، ملەتیان لەخۆ تازی کرد و کەوتنە چەپەری دژ و بون بە حکومەتێکی " ئۆلیگارکی "[17]

بەرژەوەندی حزب بو بەتاکە غەمیان و لە حزبەکەش چەند کەسێک کە جڵەوی کارەکانیان بەدەستەوە یە .

ئەوەش نەبو بەهۆی دروستبونی نامۆیی چونکی حکومەتی ئۆلیگارکی و پەیدابونی کاریزما دوای هەر شۆڕشێک حاڵەتی ئاسایین و دواتر بە شۆڕشی پاکسازی ریفۆرم چارە دەکرێن ، کە جۆری حوکم دەگۆڕێ و باری ملەت بەرەو باشتر دەبات . بەڵام گرفتی مەزن ئەوەیە کە جارێ ملەتەکە بە یەکجارەکی ڕزگاری نەبوە و ئێستاش بارودۆخەکە بەتەواوەتی نەنیشتوە ، بۆیە بیرۆکەی شۆڕشی ناو شۆڕش مەترسی هەیە . جارێ مەترسی هاتنەوەی داگیرگەر لە ئارادایە ، ئەگەر هاتەوەش تەڕ و هشک بەهەڤڕا دەسوتێنێ ، بۆیەش ملەت ئەو هەموەی ئەرێیە .

ڕەوایەتی نوێنەرایەتی ملەت و نەتەوە بۆ خواردنی سامانی ملەت و شەڕی ناوخۆ و بەستنی پرۆتۆکۆلی گومان لێکراو بەبێ پرسی ملەت ئەنجامدراوە . ئەگەرچی بەشێکی مەزنی مانەوەی ملەتی کورد بە سایەی خەباتە چەکدارەکە بوە و پێشمەرگە وەک بەرگرێکی نەبەرد ، پارێزگاری لە هەبون و مانەوەی ملەتی کورد کردوە ، ئەوەش ڕاستییێکە پێم وایە دەبێ هەمیشە بگوترێ . لە هەمانکاتدا شۆڕشی ناو شۆڕش بە ویستێکی گرنگ دەمینێتەوە ، ئەگەر ئێستا بارودۆخێکی گونجاو نەبێت بۆ شۆڕشی ناو شۆڕش ئەوە لەبەر مەترسی هاتنەوەی ڕژێم و تێکدانی تاقیکرنەوەکەیە . جگە لەمەش هەرکەسێ بیر لە شۆڕشی پاکسازی و ڕاستکردنەوە بکات ، دەبێ دژایەتی حزبە دەستەڵاتدارەکان بکات . چونکی ڕێگای هزری وا بە کەس نادرێ ، تەنانەت ئەگەر بەمەبەستی ڕزگاربونی کوردستانیش بێت و بە گیانێکی وەڵات پەروەریش بکرێن . چونکی حزبەکان بەهەمو توانای خۆیان پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن ، دەسکەوتەکانی شۆڕش بەهی خۆیان دەزانن . ئەگەر یەکێک دژایەتی حزبەکانی کرد ، ئەوە دژایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد بەهەمو خەبات و تێکۆشانیەوە و دژایەتی ئەو ڕەوایەتیەی کرد و دژایەتی کردنی ئەو ڕەواتیەش واتای دژایەتی کردنی هەمو خەباتی کوردی هەیە و لەبەر ئەوەی دژایەتی خەباتی ڕزگاری و شۆڕشی کورد واتای خیانەتی هەیە . ئەوسا

---

"[17] حکومەتی کەمایەسییێک کە بەرژەوەندییێک بهەڤڕا دەیانبەستێ ، وەکو حکومەتی بازرگان و ... هتد .

لەناوبردنی زۆر بە ئاسانی ئـەنجام دەدرێ و تۆمـەتێکی ئامـادەی پێـوە دەلکێنـدرێ و بـەدەیان نـاو و نـاتۆرەی ئامادەکراویان بۆی هەیە : خاین ، خۆ فرۆش ، جاسوس ، میت ، ئەمن ، پاسدار ... هتد !! ، دواتـر کەنـدێکی پێ پڕ دەکرێ و زۆر بە ئاسانی دەگوترێ : بەسزای گەل و شۆڕش گەیـشت ! یـانیش لـەناو شـەقامێک تـیرۆر دەکرێ و دێن لە بەهیەکەشی دادەنیشن .

میللەتی کورد هەرچۆنێک قۆناغەکانی پێشکەوتن و هەڤڕکانێی چینایەتی خۆی بڕیبـێ و هەرچـی بەسـەر هاتبێ ، لە ئەنجام دا بە نەتەوە ماوەتەوە و بەشێکی زۆری ئەو مانەوەش ، بە سایەی هێزی شۆڕشـی چـەکداری بوە . ئێستاش کورد لە دێر زەمانەوە بێ وەلاتە ، کەچی ئێستاش باری کۆمەلایەتی لەو نەتەوانـەی دەوروبـەری خۆی کە وەلاتیان هەیە و خاوەن لاشەیێکی دەستورین زۆر لەێش ترە . نازانم عیراقییێک یان ئیرانییێک یان تـورک و سورییێک لەڕوی کەسایەتی کۆمەڵ و مافی هەڤوەلاتی و ئازادی چی بینیوە ؟ ئایا هەبونی دروشم و ناو و نوێنەر لەنەتەوە یەکگرتوەکان بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بە تەڤلیبون بکات و بڵێ وەلاتم هەیە ؟ بێگومان بەس نیـە و ئەگەر کورد بەهۆی داگیرکردنی خاکی خۆی نامۆ ببێت ، نازانم عیراقییێک یان ئیرانییێک چ جـۆرە هۆیـەک بـە نامۆیی خۆی دەدا ، لەکاتێکدا لەوەتی هەستی بەهەبونی خۆی کردوە هەر لەژێر پێیانە و هیچ جۆرە کەسایەتییێکی نیە .

مرۆڤ ویستێکی چاوچنۆکانە و ئەزینی تێدایە . هەربۆیەش یاسـاکان کـە لـە ئـاین و ئایدیۆلۆجیەکانـەوە هاتون و بوون بە یاسای سەرو و خوار و هەمیشە هەوڵیان داوە چاوچنۆکی و ئەزینی مرۆڤ دوا بخـەن و بیانخەنـە ناو قەوارەیێکی پەسندکراو و دادوەر ، بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ ڕێکخەن و بەهەڤرا ژیان ببێتـە پرۆسـەیێکی ئاسانتر . مرۆڤ بۆ ئەوەی خراپە نەکات دەبێ ڕەوشتی هەبێت ، ڕەوشتیش بریتیە لە کۆمـەڵێک بـەها و ئاکـاری ڕێژەیی کە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێن و پابەندی گرێدانی کۆمەلایەتین .

ئەگەر بەوە ئەرێ بین کە ڕەوشت و نارەوشت دو چەمکی پێڤاژن و دژی یەکن و لەبەر ئەوەی بڕوامـان بەوە هەیە کە ڕەوشتکاری باشـترە . کەواتـە نارەوشـتی بەقـەد باشـیەکەی ڕەوەشـتی خراپـە ، لەبـەر ئـەوەی ڕەوەشتیمان پێ باشترە بۆ گوزەرانی باری  ژیان . کەواتـە بێڕەوەشـتی کـارێکی خراپـە و ڕەوەشـت خراپـی لـە بێڕەوەشتی باشترە . چونکی مرۆڤ دەبێ لە پێشتردا ڕەوەشتێکی هەبێ ، ئینجا باس لە باشە و خراپە بکات ، وەکو بارگۆڕینێک .

بۆیە جەخت لەسەر دەکەم چونکی هەوڵدانی ڕوخاندنی نەریتی کۆن شتێکی باش نیە ، ئەگەر ڕەوشتێکی تری ئەلتەرناتیڤمان پێنەبێت ، بەڵکو لابردنی نەریتێکی کۆنی خراپ ، دەبێتە کارێکی زیاندەر ، لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین بەبێ ڕەوشت بژین و هەر چۆنێک بێت دەبێ نەریتێکمان هەر هەبێت . بۆیە ڕوخاندنی ڕەوشـتی کـۆن شتێکی باش نیە ، ئەگەرچی ڕەوشتەکە دواکەوتو و خراپیش بێت ، لەنەبونی هەر باشترە . مرۆڤ دەبێ یەک لـە دوانی هەبێت : ترساندن لە خودا و ڕۆژی ( قیامەت ) و حیساب و سزا .

دوەمیش : ڕادەیێکی بەرزی هۆشیاری ، وا لە مـرۆڤ بکـات خودەکـەی ببێتـە زێرەڤـانی ڕەفتارەکـانی و لەبەر تێگەیشتن و هۆشیاری خۆی خراپە نەکات .

ئاینی ئیسلام ، بۆ میللەتی کورد سەرێکی ئەو هاوکێشەیە بو ، دواتـر کـاتی ئایـدیۆلۆجیای کۆمونیـستی بلاوبۆوە و شۆڕشە سپیەکان لە دژی هەڵگیرسان . وەک بەشێک لە شەڕی ساردی نێوان دو جەمـسەر . میللـەتی کورد لە جیاتی سود لێوەرگرتن لـەو گۆڕانکاریـە فیکریانـە ، دوبـارە زیـانێکی تریـشی پێکـەوت . هەنـدێک لـە

کادیرەکانی حزبە مارکسیەکان ، فڕیان بە مارکسیزمەوە نەبو . هەوڵی زۆریان دەدا بۆ ئەوەی باوەڕی خەڵک بـە ئاینی ئیسلام لەق بکەن . تەنها لە ژێر پەیڤی " ئاین ئەفیونی میللەتانە " و پشتگوێ خستنی هەمو دیدەکانی تری مارکسیزم بۆ دروستبونی کۆمەڵگاکان و تیۆری مارکسی بۆ ئاین و پڕۆژەی بۆ سیاسەت پشتگوێ خرابون . زۆریان دەچونە دێهاتەکانی کوردستان و کاری نا پەسەنیان بەناوی مارکسیزم دەکرد ، لە ڕاستیشدا ئەوانە نوێنەرایەتی ناخی خۆیان دەکرد و مارکسیزم و کۆمونیستیان دەکرد بە چەتر . قورئانیان دەسوتاند ، یاخود مەی یـان لـەناو مزگەوتەکان دەخواردەوە ، پێیان وابو ئاینی ئیسلام لە مێشکی خەڵک بەم جۆرە لەق دەبێ .

من ڕەخنە لەو ڕەفتارانە ناگرم و دڵنیام لەسەر ئاستێکی کەسایەتی کـراون و نـەک بـە بـیرو بۆچـونی ستراتیجی حزبەکان ، هەرچەندە حزبەکان بڕوایان بە ئاین نەبو . بەڵام جۆری دەربڕینـی نـەدەبو بـەو شـێوەیە بکرابا ، چونکی جارێ میللەت بۆ گۆڕانکاری ئەوتۆ ئامادە نەبو ، هەروەک بـۆ شۆڕشـە سـپیەکان ئامـادە نـەبو . بەشێک لە خەڵکەکە زۆر بە توندی لێیان وەدور کەوتن و ئەو ڕەفتارە نامۆیانـەیان ڕەتکردنـەوە و لـە ئەنجامـدا زیاتر بە ئاینەوە نوسان و زەمینە و ڕێگایان بۆ بزوتنـەوەی ڕادیکـالی و فەنـدەمینتالیزمی ئـاین خۆشـکرد ، وەک ڕەنگدانەوە بۆ ئەو بزوتنەوە ڕادیکالیە نابەجێیەی جەمسەرەکەی تر و هۆی دروستبونی ئـەو شـەپۆلەیان هێنایـە کایەوە . دەشتوانین بڵێین : فەندەمینتالیزمی ئیسلام ، لە ئەنجامی فەندەمینتالیزم و ڕادیکالیەتی چەپ دروسـت بو کە لەڕوی پڕاکتیکەوە هیچ جوداییێک لە نێوانیانـدا نیـە . هـەردوکیان هـزری دژ ڕەت دەکەنـەوە و دژایـەتی دەکەن و ڕێگا بە هیچ ئۆپۆزیسیۆنێک نادەن و ناهێڵن جێگا لەناو میللـەت بکاتـەوە ، ، ئەگەرچـی لەبەرژەوەنـدی گشتی دابێت . بەشـێکی تـری خـەڵک بـەدوایان کـەوتن ، وەک شـەپۆلێکی نوێخـواز ، چـونکی زمانیـان زمتنـی شۆڕشێکی ڕەوشەنبیری بو و ژێدەری ئایدیۆلۆجیاییێک بو ، بەڵام دروشم بو بە گۆڕینی بارێکی ناخۆش بـەبارێکی نادیار " هەرچی دەبێ با ببێ ، تەنها کۆتایی بەو بارەم بێ هیچی ترم ناوێ " !

هەر بۆیەش میللەتی کورد نەیتوانی بە سەلامەتی لە قۆناغی دەرەبەگایەتی دەرچێ " فلان ئاغامان ناوێ !! بو بە دروشم و شەڕ و کینی کەسـایەتی کۆتـایی پـێ هێنـا ، نـەک بـە ڕەتکردنـەوەی سیـستمی ئاغایـەتی و دەرەبەگایەتی . هیچ لە بویەر نەگۆڕا ئاغاییێک بە مامۆستاییێک گۆڕا ، کە لە ڕاستیدا مامۆستا نەبو ، هەر ئاغاکە بو بەڵام بەناوێکی تـر و ڕەنـگ و ڕوێکـی تـر ، هـەمان جلـی ئاغـای لەبـەرەو هـەمان ڕەفتـار دەکـات . زۆر لـە خەڵکەکەش بەو دروشمانە هەڵخەڵەتان و لە خشتەبران ، بەها و ئاکار و نـەریتی ئیـسلامیان دۆڕانـد و چـیتر لـە ترسی خودا پاشەکشەیان لە خراپە نەکرد و نەگەیشتنە ئـەو ڕادە هۆشـیاریەی کـە لەبـەر ویـژدان و هۆشـیاری خۆیان خراپە نەکەن ، چونکی هۆشیاری بە شۆڕشگێڕایەتی شەو و ڕۆژێک ناکرێ ، دەبێ زەمینەی بۆ ئامادە بکرێ و خەڵک بە ڕاستی قۆناغەکان ببڕێ و پێی بگات .

ئـەو وەرگەڕانانـە مرۆڤـی زۆر سـەیریان دروسـت کـرد ، کـە لـە هـیچ فەرهـەنگێکی مرۆڤناسـی و ئەنترۆپۆلۆجی دا ناوێکیان بـۆ نادۆزرێتـەوە . شـتە چـاکەکان ئیـسلامیان تێهەڵـدا و شـتە باشـەکانی مارکـسیزم فێرنەبون ، لە ئەنجامدا مرۆڤێکی بۆر پەیدا بو و فەلسەفەی چاخی بۆر بو بە فەلـسەفەی جێگـۆڕ . ئـەو مرۆڤـە بۆرە ، نەک تەنها لە کوردستان دا پەیدا بو ، بەڵکو لەزۆربەی وەڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەری هەڵدا و بـو بـە ئافاتێک کە زۆر بە ساناهی لەناو ناچێ . ئەو مرۆڤە بۆرە دەستکردی شـەڕی ئایـدیۆلۆجی و بـەرماوەی خڵـت و دڕدەمی زەلکاوە سیاسیەکانە . ئەو مرۆڤە پێوەرەکانی گۆڕی و ڕەش و سپی لەیەک نزیکبونەوە و لـە ئەنجامـدا

ئەو جۆرە بۆرە ترسناکە دروست بو کە هیچ بەها و ئاکارێکی نیە و لە هیچیش ناگەڕێتەوە ، نە ئاین دەیترسێنێ و نە هۆشیاریەکەی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە لە خراپە بیگێڕیتەوە .

بەدرۆ دەڵێ زیرەکی و بە ساختەچیاتی دەڵێ وریایی . لەکاری ڕۆژنامەگەریم دا زۆر توشی نمونەی وا هاتوم ، ژنەکەی پێی گوتوە : تۆ پیاو نیت دزیشت پێ ناکرێ . دو زامانی لەسەر خەڵکی تر بکات بۆ ئەوەی ناوی بە زیرەك و وریا ببرێت ، ئەوانەش نیشانەی ئاشکرای ڕوخانی بەها و ئاکارن و نەمانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵ ، کە بنەماییکی سەرەکی نامۆییە .

ئەو خودە بۆرانە هەر لە زیاد بوندان ، چونکی ڕاپەڕینیش بەرگری لە شەپۆڵەکە نەکرد بەڵکو خۆیان بە خێرایی گەیاندە سەروی پلە بەرزەکان و وەکو مۆرانە خەریکە تەڕ و هشك بەیەکەوە لوش دەدەن . بەهەڵە ناچم ئەگەر بڵێم : ئەوانە بونەتە تەوژمێکی تایبەت ، چونکی مرۆڤی خاوەن ئاکار لە ناویاندا جێگەی نابێتەوە ، یان دەبێ برەڤێ ، یانیش ناوی خودای لێ بێنێ و دەست بە درۆ و ساختە و قوڵبڕین بکات ، بۆ ئەوەی پلەیێك وەرگرێ و خۆی لە هەڕشاندن بپارێزێ .

ئەو بۆرانە هەمو ژینگەییێك دەکەن بە ژینگەییێکی وێران و خاکێکی سوتاو ، بۆ ئەوەی جێگای کەسی تر نەبێتەوە و جێگاکانیان لەق نەبێ . هەرکەسێ بیرێکی ڕاستی هەبێ ، یان هزرێکی نوێ و دیدی پێشڤەچون ، چاککردنەوە ، ئاڤەدانی ، دەماودەست بە تۆمەتی ترەوە لەناوی دەبەن . نەوەك هزرە نوێیەکە ببێتە جێگای سەرەنجی سەرکردەکان و کابرا جێگاییێکی پێ بگرێ . ئەوانە لە سیستمێکی ڕاسیت و دروست دا نامۆن و مرۆڤی ڕاست بە پێوەرە ناسراوەکان ، لەناو سیستمی گەنیوی ئەو بۆرانەدا نامۆیە . هەر ئەوانەن ناهێڵن هیچ تاقیکردنەوەییێکی ئازاد سەرکەوێ و هەر ئەوانەن چاوی سەرکردەکان دەپۆشن . بۆ ئەوەی بە تاکە ڕاوێژکاری سەرکردە بمێنن و مسۆگەر بکەن کە هیچ هزرێکی ڕۆشن و پێشکەوتو نەگاتە سەرکردەکان و وەکو بازنەییێکی داخراو دەوروبەریان گرتوە و لە ژێرەوە بەرژەوەندی چینەکەی خۆیان و کارەکانیان بەڕێوەدەبەن . هەر ئەوانەن دەرگای سەرکردە لەسەر کەسێك دەکەنەوە و دایدەخەن . ئەوان چاك دەزانن کەی و چۆن و لە کوێ شت بە سەرکردە بڵێن ، دەڵێ ئا یان دەڵێ نا . ئەو دەوروبەرە گەنیوەیە ناهێڵێ ڕۆژنامەنوسی ئازاد ببێ ، بەناوی پاراستنی بەرژەوەندی حزب و سەرکردە و بۆ ئەوەی سەرکردە سەرچاوەی تر بۆ زانیاری خۆی پەیدا نەکات و بە ڕاستەوخۆ لە ڕۆژنامە و گۆڤار نەیانخوێنێتەوە . هەر ئەوانەشن مەزنترین سەرکردە و ئیمپراتۆریەت خرش دەکەن و لەناو دەبەن .

ئازادی میدیا بە زیادبونی ژمارەی چاپکراو نیە . هەروەك ئازادی ڕۆژنامەگەریش بەوە نیە ڕەخنە لە دوژمنیان بگری و چەپڵە بۆ هەڤاڵیان لێدەی . وەك ئەوەی ڕوسێکی سۆڤیەت و ئەمریکییێك لەدوای شەڕی جیهانی دوەم یەکتریان بینی ، ئەمێریکیەکە بە ڕوسەکە دەڵێ : ئێمە دیموکراسیمان هەیە ، من دەتوانم بچمە بەردەم سەرۆك ڕۆزفیڵد و بڵێم : بمرێ ڕۆزفیڵد .

ڕوسەکە بیرێکی لێکردەوە و پێی گوت : ئینجا ئەوە چیە ! منیش دەتوانم بچمە بەردەمی ستالین و بڵێم بمرێ ڕۆزفیڵد .

دیموکراتیەتەکەمان خەریکە وای لێدێ و ڕۆژ دوای ڕۆژ تەسکتری دەکەنەوە ، داخستنی ڕۆژنامەیێك یان دادگایی کردنی ڕۆژنامەنوسێك چارەی گرفتەکە ناکات ، هەروەك بە حزبیکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش گرفتەکە چارە ناکات . چونکی ڕۆژێك دێ و ملەت چاوی دەکرێتەوە و دەنگی نوێنەری خۆی داوا دەکات و

ڕۆژنامەی بێلایەن و ئازاد پەیدا دەبن . زۆر نمونەی وەکو تورکیا و عێراق و دەوڵەتەکانی تری تۆتالیتاریمان لە پێشە . چارە لەوەدا نیە بە خەڵك بگوترێ نە ئاخڤن ! باسی چەوتیەکانمان نەکەن ! چارە ئەوەیە نەهێڵن چەوتی بمێنێ و بە پێی توانا لەناویان بەرن . ئەگەر کەس نەبێ باسیان لێوەبکات و ڕەخنەیان لێبگرێ ، چۆن دەزانن چەوتی و خراپکەرەکان لە کوێن و چۆن دەتوانن لەناویان بەرن . کەسانی دەوروبەری سەرکردە بەهاری بۆ دەهێننە چۆکان و دونیای بۆ دەکەن بە بەهەشت و گێولی بەو شتانەی کە سودی بۆیان نیە تێکنادەن !! ڕاستتر ئەوەیە مرۆڤی ڕەخنەگر بێنن و داوایان لێبکەن کە ڕەخنە بگرن ، نەك زمانیان ببڕن .

زۆرجاریش لە گوتنی کاربەدەستاندا دەبیستری : ئێمە تاقیکردنەوەیێکی ساوامان هەیە ، تەنها دەتوانین ڕێگا بە ڕەخنەی ئاڤاکەر بدەین ، ڕەخنەی تێکدەرمان ناوێ ، یاخود داوا دەکەن ئەوەی ڕەخنە دەگرێ دەبێ چارەشی پێبێ !!

من لەگەڵ ئەوەدا نیم ، ڕەخنە هەموی ڕەخنەیە باش و خراپی نیە و ئەگەر کابراییێکی ڕۆژنامەنوس دیاردەییێکی دزێوی لە شوێنێك دیت ، نابێ چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێ چارەی بۆ بدۆزێتەوە ، ڕەخنەکەی وەردەگیرێ و دەدرێتە پسپۆڕی ئەو بوارە بۆ ئەوەی ڕێچاری بۆ بدۆزنەوە ، بۆ نمونە : من هیچ لە کارەبا و کێبڵ نازانم ، بەڵام هەمو ڕۆژ کارەبا بەکاردێنم وەکو هەڤوەڵاتی بۆم هەیە گلەییلەوە بکەم کە کارەبام نیە یان کەمە . بەڵام گرفتی من نیە چۆن چارەدەکرێ ، هەروەها ئەگەر هیچیش لە ئاودان نەزانم ، بۆم هەیە وەکو هەڤوەڵاتییێکی کە ڕۆژانە ئاو بەکاردێنێ گلەیی بکەم و ڕەخنەش لە بەڕێوبەرایەتی ئاودان بکەم بەڵام نابێ کەس چاوەڕوانی ئەوەم لێبکات چارە بۆ ئاو و کارەبای کوردستان بدۆزمەوە . ئەوە کاری حکومەتە ( تاقیکردنەوەکە ) ، کە بە " ساوا " نەماوە . تەمەنی ١٢ ساڵە و منداڵی تەمەن ١٢ ساڵی لە کوردستان بەرپرسیاریەتی خێزانێك بە ئەستۆوە دەگرێ و بە خێوی دەکات .

# ژن و نامۆیی له كۆمه‌ڵگا

برِوام به‌وه‌ تونده‌ كـه‌ هـیچ كۆمـه‌ڵگایێك پێـشناكه‌وێت ئه‌گـه‌ر كه‌سـێكی مـافخوراوی تێـدا هـه‌بێت . نه‌خاسمه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌و كه‌سه‌ ئه‌لیمێنتێكی سه‌ره‌كی ژیان و به‌رده‌وامیه‌كه‌ی بێت و سـتونی بناغـه‌یی دامه‌زرانـدنی كۆمه‌ڵ بێت .

په‌یوه‌ندی نێوان پیاو و ژن په‌یوه‌ندیێكی ئاڵۆزه‌ و باری نه‌گونجان و گرتنه‌ ده‌ستی جڵـه‌وی ده‌سـته‌ڵات و پێداویست كه‌ ئه‌لیمێنتێكی گرنگی ئه‌و په‌یوه‌ندیه‌یه‌ ، كارتێكردنێكی ڕاسته‌وخۆی كردوّته‌ سه‌ر جۆری بـه‌ـڤرِاژیان . له‌سه‌ره‌تاكانی ده‌ستپێكردنی مرۆڤایه‌تی و له‌كاتی دروستبونی خێزان و پێكهـاتنی ئـه‌و په‌یوه‌ندیـه‌ هـه‌ڤرِكانێكی نهێنی له‌ نێوانیاندا هه‌یه‌ و خـۆی بـه‌ دایـك سـالاری و بـاوك سـالاری و كۆیلـه‌كرن و بـه‌كارهێنان ده‌ربرِیـوه‌ ، ئه‌گه‌رچی خۆرِسك و پێداویست كاریان كردوّته‌ سه‌ر ئه‌و په‌یوه‌ندیه‌ و ئاڵۆزتریشیان لێكـردوه‌ ، هه‌رچـه‌نده‌ لـه‌ كۆمه‌ڵگایێك بۆ كۆمـه‌ڵگایێكی تـر بـه‌گوێره‌ی پێداویـست و بویـه‌ری ئـه‌و كۆمه‌ڵگایـه‌ گـۆرِانی بنـه‌رِه‌تی به‌سـه‌ر په‌یوه‌ندیه‌كه‌دا هاتوه‌ .

وه‌ك بارێكی گونجاو له‌گه‌ڵ ئه‌ركه‌ سروشـتیه‌كه‌ی . له‌شـی مـێ لـه‌رِوی بایۆلۆجیـه‌وه‌ جیـاوازی هه‌یـه‌ ، ئاڤزبون ( سك پری ) ئه‌ركێكی سه‌ره‌كی مێیه‌ ، ئه‌و ئه‌رك و ماندوبونه‌ وای لێكردوه‌ دوای زاییـنیش بۆ مـاوه‌یێكی نادیار به‌ گوێره‌ی ژینگه‌كه‌ ئاگای له‌ زایراوه‌كه‌ بێت و هیچ كـاری تـری قـورس نـه‌كات . بـۆ ئـه‌م مه‌به‌سـته‌ش له‌شێكی ناسكتر و گه‌رمتری هه‌یه‌ ، له‌كاتێكدا نێر هه‌مو ئه‌ركه‌كانی تر به‌ ئه‌ستۆوه‌ ده‌گرێ و خـواردن و شـوێنی ته‌نا بۆ مێ و بێچوه‌كه‌ی دابین ده‌كات . بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش ، له‌شێكی زڤر و مودار و ڕه‌ڤتری هه‌یه‌ ، بۆ ئـه‌وه‌ی بتوانێ مێ و بێچوه‌كه‌ی بپارێزێ و به‌رگری سه‌ختایه‌تی ژینگه‌ بكات .

ئه‌گه‌ر ژن به‌كاری ئاگاداری منداڵ و به‌خێوكردنیان هه‌ڵـسابێت ، جگـه‌ لـه‌ ئاماده‌یـه‌ بایۆلۆجیه‌كـه‌ كـه‌ به‌سروشت ئه‌ركی ئاڤزبون و زایینی پێسپێردراوه‌ و كه‌سێك به‌زۆر ئه‌و ئه‌ركه‌ی پێنه‌سپاردوه‌ . به‌ڵكو خۆشی بـه‌ خۆی نه‌سپاردوه‌ و ده‌سته‌ڵاتی له‌وه‌دا نه‌بوه‌ . ئه‌و ئه‌ركه‌ش له‌جیاتی ئه‌وه‌ی پا یـه‌یێكی بـه‌رزتری پـێ ببه‌خـشێ ، له‌زۆر جێگادا بوّته‌ مایه‌ی چه‌وساندنه‌وه‌ی له‌ژێر یاساكانی كۆمه‌ڵگای پیاوسالاری . له‌كاتێكدا پیاو كاره‌ قورسه‌كانی به‌گوێره‌ی پێداویستی ژینگه‌ و كۆمه‌ڵگا كردوه‌ ، زۆر جاریش ته‌نگكردنی بازنه‌ی ئازادی له‌لایـه‌ن پیـاوه‌وه‌ بوه‌تـه‌ مایه‌ی ڕاپه‌رِینی ژن له‌سه‌ر دابونه‌ریت و خۆی له‌ پێناو ئازادیێكی خاپینۆك بخاته‌ ژێر جۆرێكی تری چه‌وسـاندنه‌وه‌ وه‌ك مرۆڤێك . به‌هه‌ر حاڵ تا ئێستا نه‌یتوانیوه‌ خۆی له‌ ئه‌ركی ئاڤزبون ڕزگار بكات ، بۆیه‌ش خۆی ده‌خاتـه‌ ژێـر دو ئه‌رك ،ئه‌ركی ئاڤزبون و به‌خێوكردنی منداڵ ، له‌گه‌ڵ ئه‌ركی تر كه‌ به‌ناوی سه‌ربه‌خۆی ئابوری و ئـازاد بـون له‌ ده‌سته‌ڵاتی پیاو .

ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر به‌ خێرایش هێڤكه‌ینه‌ كۆمه‌ڵگا لیبرالیه‌كانیش كه‌ تیوری مافی ژنیان داوه‌ و پشكداری له‌ هه‌مو پرۆسێسێكی ژیان ده‌كه‌ن و یاساكانیان له‌سه‌ر بنه‌مای یه‌كسانی داناوه‌ ، جیاوازی نێوان ژن و پیاو به‌ ئاشكرا خویا ده‌كات و یه‌كسانیه‌كه‌ش ئه‌ركی زیاتر ده‌خاته‌ سه‌ر شانی ژن و له‌ ئه‌نجامـدا كارده‌كاتـه‌ سـه‌ر خێـزان . ژن له‌به‌ر ڕێپێدانه‌ فراوانه‌كه‌ی یاساكانی باری كه‌سایه‌تی و ویستی بۆ سه‌ربه‌خۆی ئابوری وایلێده‌كه‌ن وه‌كو پیاو یـان قورستر كار بكات ، هێشتانیش هه‌ر پێرِاناگات هه‌مو پێداویسته‌كانی ژیان دابـین بكـات ، كـاتی ئـه‌وه‌ی نامێنـێ ته‌نانه‌ت سۆزه‌ سروشتیه‌كه‌ی خۆشی به‌ منداڵ ببه‌خشێ و منداڵه‌كان له‌به‌ر كاركردنی دایـك — له‌سـه‌ر بنـه‌مای

یەکسانی — لە باخچەی ساواو منداڵان مەزن دەبن و هیچ سۆز و تینێکی دایکایەتی و خێزانی نابینن ، دایک دوای کاتژمێری پێنجی ئێوارە لەکار دێتەوە و لەبەر گوشاری کار و ماندوبونەکەی تەنها کاتێکی کورتی دەبێ لەگەڵ منداڵەکەی خۆی بباتە سەر و بێگومان ئەوەندەش بەشی ناکات ، ئەوەش ئەگەر توانی خێزانێکی هەبێت و گوری بە ژیانی دەرەوە بدات ، ناوێرێ ئاڤز بێ نەوەک لەبەر پشودانی زاین لەکار دەری بکەن و ناوێرێ شیر بدات نەوەک مەمکەکانی سۆڕ ببن و بەو پیڤانە نمونەیە نەمینێ کە خۆی لە بنەڕەتەوە لەبەر ڕاکێشانی پیاو داینـاوە ، یاخود پیاو مەرج و قەوارەکانی بۆ داناوە بە گوێرە ویست و ڤینی خۆی لەژێر سیستمێکی پیاو سالاری مۆدرن . دەبێ کار بکات و بەشداری پیاو لەباری ئابوری بکات و جوانی لەشیخۆی بپارێزێ و منداڵیش بەخێو کات و بێتە خاوەن خێزانیش .

ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزەی نێوان پیاو و ژن ، هەمیشە بە گوێرەی ژینگە و باری ئایدیۆلۆجی گۆڕانی بەسەردا هاتوە و بە مەبەستی لەهەڤ نزیکبون و بەهڤڕاژیان . ژن هەمیش ڕازانـدنی بیرۆکەی ڕاکێشانی پیاو بەکاردێنێ ، هەمو جۆرە وروژانێک بەکاردێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ پیاوی هەڵبژێردراو بگاتە ئامانج ، تەنانەت لەناو ئەو ئایدیۆلۆجی و سیستمانەی کە پیاو سالاریش دەسەپێنن . بۆ نمونە ، ژن لە خێڵە ئەفریقیەکان لوت کوندەکا و بازنە لەملدەکات و پارچە دار دەخاتە ناو کوێی و لوتی خۆی و زۆر شتی تر دەکات بۆ ئـەوەی پیاو ڕابکێشێ ، چونکە دەزانێ پیاو بەو جۆرە شتانە ڕادەکێشرێ . هەروەها بە گوێرەی دابونەریتی هەر خێڵێک و کۆمەڵگایێک جۆری وروژانی تایبەتی هەیە و ژینگە و پێداویستەکانی ژیان ڕۆڵی تایبەت دەبینن . لە سەدەی هەڤدە بە تایبەت لە فرەنسا بۆ ماوەییێک ژن پەراسوی کۆتایی خۆی بە نەشتەرگەری دەردەهێنا بۆ ئەوەی ناو قەدی باریکتری لێبێ و بتوانێ جلە کلۆشەکانی خانمی ئەوسا لەبەر بکات .

ئێستاش هەر هەمان ڕەفتار بە شێوەیێکی تر خۆی دەنوێنێ ، کە باشترین ئەندازیاری جل و پرچی ژنـان پیاون و بە گوێرەی هەست و ڤینی ڕاکێشانی سێکسی ، ئەندازە و قەوارەی بۆ دەکێشن .

زۆربەی کۆمەڵگاکان پیاو ڕۆڵی دەستەڵاتداری بینیوە و ژن بوەتە دویڤ ، هەمو یاسا و ئایدیۆلۆجیەکـەی بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی دامەزراندوە ، بگرە لە ئەفسانەی ئـادەم و حـەواوە و تـاوەک دەگاتـە ڕۆژگـاری ئەمرۆمان ، نێر لە منداڵیەوە هەوڵی داوە بە گوێرەی چەند یاسایێک داب ونەریت ەسەر منداڵی مێدا بسەپێنێ و فێربیکات چۆن بە مرۆڤایەتییێکی کەمەندام ئەرێ بێت . یان وەکو نێرێکی خەسێندراو ڕەتاری لەگەڵدا بکـات و ئەویش فێرکات چۆن خۆی بەو شێوەیە ببینێ و بەرگری لە چەوساندنەوەی خۆی بکات ، وەک بڵێی مـەرجی بـۆ دادەنێ بۆ ئەوەی بەیەکەوە بژیێن . بەدەرەوەی ئەو مەرجانە ، ژن ئەو ناوەی نامێنێ و بە جۆرەها ڕێگا دژایەتی لەگەڵ دەکرێ ، لە زەمین بە یاساکانی دابونەریت و لە دواڕۆژیش بە ئازاردانی خودا .

ژن ئەلیمێنتی سەرەکی پاراستنی نەژادی مرۆڤە و ئەو کۆنترۆڵی چۆنیەتی مانەوەی ڕەگەز دەکـات و بـۆ ئەم مەبەستەش و وەکو هەر مێیێکی تری زیندەوەرەکان ، هەمیشە باشترین و تەندروسترین نێر بـۆ پرۆسـەی جوتبون هەڵدەبژێرێ ، ئەگەرچی ئەو کارە لە مەودای ئاگاداری و هۆشیاری ئەویشدا نـەبێت و خـۆی کـۆنترۆڵی بەسەردا نەبێت ، سروشت و خۆرسک بەگوێرەی کۆمەڵێک هەسـت و سـۆز و ویـستی تێگـەیراو — بـەگوێرەی ژینگەکە — هانیدەدا بۆ ئەوەی نێرە گونجاوەکە هەڵبژێرێت ، هەروەک خۆرسک کۆسپ لەبەر سـپێرم دادەنـێ بۆ ئەوەی مسۆگەری ئەوە بکات کە بەهێزترین و ساخلەمترین سپێرم دەگاتە هێلکەکە .

وەك مایەیێکی مانەوە و بەردەوامبونی ڕەگەز ، خودا / سروشت ئەو سەروەریە مەزنەیان بەمێ بەخشیوە ، بۆ نمونە زۆربەی باڵندە و هۆڤەکان ، مێ بەسەر کۆمەڵانی نێرەکاندا بەدوای ساغترین و تەندروسترین نێردا دەگەڕێ ، بۆ ئەوەی ببێتە باوکی بێچوەکانی ، نێرەکانیش لەهەمانکاتدا ، لە باڵندەکان خۆیان پف دەکەن و هێزی خوێندن و دەنگ خۆشی دەڕازێنن و ڕەنگە جوانەکانی خۆیان نیشاندەدەن وەك نیشانەیێکی تەندروستی و ساغی ، ئەو فستیڤاڵەش بۆ مێ لەکاتی زاوزێ دەکرێ ، بۆ ئەوەی یەکێك هەڵبژێرێ و ئەرکی بەباوکبونی پێ ببەخشێ . شەڕی خوێناوی لە نێوان زۆر لە هۆڤ و ئاژەڵەکانیشدا دروستدەبێ و دەگاتە ڕادەی کوشتن ، بەتایبەت لە نێوان نێرەکاندا ، لاوازەکە دەکوژرێ ، یان دەڕەڤێ و هێزدارە تەندروست و ساغەکە مێیەکە دەباتەوە و دەبێتە مسۆگەری نەوەیێکی باشتر و تەندروستتر ، کە بۆ مانەوە و خۆڕسکی و سروشت ڕێچکە هەرەکیەکەیە و بەسەر هەمو شتێکدا زاڵە .

بەمەبەستی بەردەوامی نەژاد ، مێ و نێر پەیوەندیێکی گیانەکییان لە نێواندا هەیە و بەبێ هەڤد و ناژین ، مێ بناغەی مانەوە دەپارێزێ کە سەروەرترین ئەرکە لەسەر مرۆڤ وەکو هەمو هوڤەکانی تر بە خۆڕسك و بەبێ ئەوەی هۆشیاریان لێی هەبێت پاراستنی ئەو پرۆسێسە گرنگە دەکەن و جۆرێك خۆشی لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە وەردەگرن ، ئەگینا مرۆڤی ناهۆشیار ، بەبێ خۆشی وەرگرتن پرۆسەی جوتبونی نەدەکرد و لەوانەیە ڕەگەزەکە لەناو چوبایە .

ئەگەرچی ئەو کارە لی مرۆڤ وەك پرۆسێسێکی ئاگامەند ئەنجام دەدرێ و خول دەبینێ . بەڵام هەر خۆڕسکە ئاژەڵیەکەی تێدا خویادەکرێ و ناتوانرێ لەمەودای بچێتە دەرەوە ، مێیەکە بە گوێرەی پێداویستەکانی ژینگە نێر هەڵدەبژێرێ . لە ژینگەیێکی پێشکەوتو و ژیار ، نێرێکی وریای مێشك تیژ دەبێتە ئامانجی هەڵبژاردنەکە و لە ژینگەیێکی سەرمایەداری نێرێکی خاوەن سامان دەبێتە مایەی هەڵبژاردن و لە ژینگەیێکی ئولدار و ، پیاوێکی خاوەن باوەڕ هەڵەبژێرێ و لە ژینگەیێکی بەرەڵاو بێ یاسا نێرێکی بەهێزی زاڵ دەبێتە مایەی هەڵبژاردن ، بۆ ئەوەی توانای پاراستنی مێیەکە و بێچوەکانی و دوا ڕۆژی خێزانەکەی هەبێت . هەستی ژن بەو ویستە توندە ، کە لەبەر هۆشیاری و هەستیاری مرۆڤ جۆرەها ناوی بۆ دانراوە ، وەکو ڤیان و سۆز و ... هتد ، ئەو هەستە شاراوەیە لەسەر هەمو شتێکی تر زاڵدەبێت و لەپێناو نەوەیێکی باشتر نێرێکی گونجاو لەڕوی خاڵە لاوازەکانی خۆیەوە هەڵدەبژێرێ ، یاخود لە نێردا بەدوای ئەو شتە بەهێزانە دەگەڕێ کە لەناوخۆیدا لاوازن و پێچەوانەش ، بۆ ئەوەی خانەیێکی تەواو " یونتێکی پێرفێکت " ، بەکەمترین خاڵی لاوازیەوە دروستببێ .

هاتنی ئایدیۆلۆجی و ئاینەکان ژنیان لە قۆناغی بەندە سەرخستۆتە قۆناغێکی بەرز تر . بەڵام هەمیشە ژنیان وەکو بەندەیێکی بێنرخ بینیوە و تەنها بۆ نمونە ژنی عەرەب لە پێش هاتنی ئیسلامدا بە شێوەیێکی زۆر توند چەوسێندراوەتەوە ، منداڵی نوێ دوای لەدایکبون زیندەبەچاڵکراوە ( واد البنات ) و ئەگەر چانسی ژیانی پێدرابێ ، وەکو جاریە و کۆیلە ڕەفتاری لەگەڵدا کراوە و هەمیشە جێگای شورەیی و کەمکردنەوە و سوکایەتی بوە ، بۆیەش هاتنی ئیسلام بۆ جەزیرەی عەرەبی ، سەرهەڵدان و سەرکەوتنێکی مەزن بو بۆ ژنی عەرەب . بەهاتنی ئیسلام ژنی عەرەب مافی زۆری وەرگرت ، کاتێ ئیسلام کۆتایی بە زۆر دیاردەی نامرۆڤانەی هێنا کە عەرەب لە پێش ئیسلام دا لەگەڵ ژن دەیانکرد " واذا النفوس زوجت * واذا الموؤدة سئلت * بأي ذنب قتلت . "٤٦ یانیش " ولا تقتلو اولادکم خشية املاق . " ٤٧ لەکاتێکدا کە هاتنی ئیسلام بۆ ئەو میللەتە ناعەرەبانەی چونەتە ناو ئیسلام لەوانەیە بوبێتە مایەی لە دەستدانی زۆر لە مافەکانیان کە پێش ئیسلامیش هەیانبوە و مەرج

نیە وەکو عەرەب ڕەفتاریان لەگەڵ ژن کردبوبێ ، باشترین نمونەش ژنی کوردە ، ئەو ڕەوەشت و تیتاڵانەی لە دێرەوە لەناو کورد دا ماونەتەوە و ئێستاش ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ژن لەگەڵ پیاو شانبەشان کاری ڕۆژانەی کردوە و ڕۆڵی گرنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشدا بینیوە . پێش هاتنی ئیسلامیش ئەوانە مافی خۆیان بەجۆرێک یان جۆرێکی تر هەبوە و کچیان زیندەبەچاڵ نەکردوە ، بەڵکو زیندەبەچاڵ ڕەوەشتێکی تایبەت بوە بە عەرەب .

کچ لە ئەنجامی فەرهەنگی زاڵەوە فێردەکرێ حەز لەو نمونە زاڵە بکات وببێ بە ماسۆخیزمێکی گوهدار بۆ پەسەنی زالایەتی و ئەو نمونەیە دەبێت بە جێگای ڕێز و حەزی دوارۆژی و چۆن بتوانێ خۆی ڕابێنێ و ببێ بە نێرێکی خەسێندراو یان نێرێکی کەمەندام . چونکی بەها و ئاکارەکانی کۆمەڵ ڕێگا بەو جۆرە مژارگەری و هەڵسەنگاندنە دەدەن ، وای لێدێ ئەگەر پیاوەکەی زاڵ و دڕ نەبێت حەزی لێناکات ، بەوەش دەبێتە ئەلەمێنتێکی گرنگی پێشنەکەوتنی کۆمەڵگا و مانەوەی بەو جۆرە دواکەوتنە ، یانیش دەبێتە مایەی کێشرانی بەرەو پیاوی زاڵ کە لە بنەڕەتەوە لە ئیسلامەوە بۆمان ماوەتەوە و لە عەرەبەوە چۆتە ناو ئیسلام ، بۆ نمونە : خۆ پۆشتن و خۆشاردنەوەی ژن لەپیاو " لا یجتمع رجل وامرأة الا وثالثهما الشیطان " ٤٨ یان " الرجال قوامون علی النساء بما فضل الله بعضهم علی بعض وبما انفقوا من اموالهم ، فالصالحات قانتات حافظات للغیب بما حفظ الله والتی تخافون نشوزهن ، فعظوهن واهجروهن فی المضاجع واضربوهن ، فأن اطعنکم ، فلا تبغوا علیهن سبیلا ان الله کان علیا کبیرا . " ٤٩ لە کاتێکدا دابونەریتی کوردەواری مافێکی تری بە ژن بەخشیوە و هەمیشە شان بەشان لەگەڵ پیاودا کاری کردوە و بەهیچ جۆرێک کەمنەکراوەتەوە و لەپیاوی بێگانە نەشاردراوەتەوە و بە عەورەت و شورەیی نەناسراوە . بەڵکو زیاتر بە مایەی شەرەف و سۆز ناسراوەتەوە ، ئێستاش لە گوندەکانی کوردستان زۆر ئاساییە ئەگەر پیاوی ماڵەکەش لەماڵ نەبێت ، ژن دەرگا لە میوان و ڕێڤنگ / ڕێبوار دەکاتەوە و خزمەتیان دەکات و نانیان دەداتێ و جێگایان بۆ ڕادەخات و ولاخەکانیان دەباتی گوڤ .

کۆمەڵگای کوردەواریش هەمیشە بەپاکی ماوەتەوە و بە دەگمەن ڕوداوێکی دامەنپیسی دەبیسترێ و مەرجیش نیە هەرکاتێ پیاوێک و ژنێک کۆببنەوە سێهەمیان شەیتان دەبێت ! دوای ئەو هەمو ساڵانە و لە ئەنجامی کارتێکردنی ئاین لەلایێکەوە و پێڤاژەکانی تریش لەلایێکی ترەوە ، ژن وەکو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگا پێڤاژانە دەبن بە نوێنەری نامۆیێکی جیاواز کە هەلومەرجی نامۆییەکانی تر لەسەری کۆپ نابن ، چونکی زیاتر چەوساوەتەوە و ڕێگای دەربڕینی ئەو چەوسانەوەیەی نیە و هەروەک پیچشتر ئاماژەم پێیکرد ، لەبەر ئەو چەوسانەوە ئەستور و کەڤنارە ، وای لێهاتوە بەرگری لەبەنکەری خۆی کە دابونەریت و ئایدیۆلۆجیاکانە بکات و کەڵبەکانی فاقەکە لەسەر مافەکانی خۆی توندتر بکات . هەر ژنێک هەوڵی شکاندنی ئەو سنورانە بدات ، زۆربەی ژنەکان – ئەوانەی توانای شکاندنی بەندەکانیان نیە – بەناوی ئەو ڕەوایەتیە چەوسێنەرەوە دژایەتی مافی ژنانی تر دەکەن . ژنی ڕۆژهەلات ئەگەر بتوانێ ، دوای خەباتێکی زۆر لەژێر زەبری ( حجاب ) ڕزگاری ببێت ئەوا دەبێ لە ماڵوە بێتە بەندە ، زۆربەشیان کارکردن هەڵدەبژێرن نەک لەبەر ئەوەی کە پێویستیان بە پارەکەیە ، بەڵکو بۆ ئەوەی مەودای ئازادی جولانەوە و چونەدەرەوەیان زیاتری لێبێت ، دەتوانن خشل لەبەرکەن و مکیاج بکەن و جلی دەرەوە لەبەر بکەن و نەبێتە جێگای پرسیار لەبراو باوک و دوای مێردکردن ، لەماڵی خەزورانی . " تەنها لە ١٥ ٪ ی خەسوەکان لە بوکەکانیان ڕازین و ئەوانەی ڕازیشن ٢ ٪ گرفتیان لەگەڵ منداڵەکان و بوکەکانیان نەبوە ، هەمیشە خەسو ڕۆڵی کەسایەتی بەرز لە بەشودنی کچەکاندا دەبینێ ، ٨٩ ٪ ی

پیاوەکان ئەگەر دایکیان لە بوکەکە ڕازیبو ، ئەوانیش ڕازین . "٥٠ بوك ماوەی زیاتر لەگەڵ خەسوی خۆی دەباتە سەر لەوەی لەگەڵ مێردەکەی ، بۆیەش پێویستە بوك زیاتر دڵی خەسوەکە ڕاگرێ لەوەی مێردی خۆی .

ژن لە کۆمەڵگاکانمان نەك هەر ناتوانێ سۆزی خۆی بۆ پیاوێك دەربرێ ، بەڵکو ناتوانێ ئەو کارە لەگەڵ مێردە ڕەواکەی خۆشی بکات . ئەگەر بوك لەماڵی خەسو و خەزور دابنیشێ ، ناتوانێ دەست لە ملی مێردی بکات ، یاخود پەیڤێکی ئەڤین دەربرێ ، ئەوەیان بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی بوك پێویست نیە بەقەدەر ئەوەی نواندنی گوهداری و بەندایەتی پێویستە .

خەسوەکە کە وەکو خۆی ژنە هەوڵی نەهێشتنی ئەو شتە دەدات و دەست بەوە دەکات باسی بوکەکەی خۆی لە هەمو شوێنێك بکات ، بۆ ئەوەی ڕەوایەتی ئەو کارەی لێوەربگرێتەوە و هەمیشە بوك لەوە بەرپرسە " کوڕەکەی ئێمەی لەدەست دەرهێناین . "٥١ تاوانێکە زۆربەی بوکەکان بەرەو ڕوی بونەتەوە . ئەگەر هەوڵبدات بە مێردەکەیەوە بنوسێ و خۆی لە گیانی نزیك بکاتەوە . ئەو تاوانەی پێوە دەنوسرێ و ئەگەر دڵی ماڵی خەزوری ڕاگرت ، مێردەکەی لەڕوی سۆز و هەڤگیانی لێی دور دەکەوێتەوە . بۆیەش ڕاگرتنی ئەو تەرازویە چالاکی و زیرەکییێکی زۆری دەوێ و هەمو ژنێك پێی ناکرێ .

بەخشین و لەخۆبوردویی و دواخستنی ئەز وەکو ئەرکێکی پیرۆز هەمیشە لە بوکەکەوە پێشکەش دەکرێ . بەلام کاتێ دێتەسەر مافێکی ڕەوای وەکو ژیانێکی تەنیا و تەنا لەگەڵ مێردەکەی . ئەوە لەلایەن خوشك و دایکی مێردەکەیەوە هاندەدرێ بۆ ئەوەی لێیبدات ، یان بەجێی بهێڵێ ، یاخود ژنی بەسەر بهێنێ . ئەو جۆرە تۆقاندنە دەبێتە هۆی نامۆیی ژن و بەهەمو توانی خۆی هەوڵدەدا لە ماڵەکە جیاواز ببێت و بەرەو هەندەران بڕوا ، هەر لەبەر خەونە پەمبەکان و هەر لەبەر چارەسەری نامۆیی خۆی و ڕەتکردنەوەی سیستمێکی نا یاسا .

زۆربەی ئەوانەی ڕێگای هاندەرانیان گرتوە ، ژنەکە بوەتە هاندەری بنەڕەتی مژارەکە و ئەو ئەو مێردەکەی هانداوە بۆ دەرچون لە سیستمێکی نا یاسا بەرەو سیستمێکی نادیار . دیارە نامۆیی پیاویش ڕۆڵێکی زۆر دەبینێ بۆ ئەوەی بە پێشنیاری ژنەکە ئەرێ بێت و لە سیسمێکی دادوەرتر بگەڕێ ، چونکی خۆشی لەو سیستمە نامۆیە و بە نادادیەکەی ئەرێ نیە . بەلام بەندی زاڵبونی دابونەریتەو بەندایەتیەکەی ڕێگای گۆڕانکاری پێنادات . کەسێك ناتوانێ لە کوردستان دەستی ژنەکەی خۆی بگرێ یان لە شوێنێکی گشتی قوڵ تێك هەڵکێشن .

بیرکردن لە مشەختبون لەخۆیدا یاخیبونێکە لە دابونەریت و کۆمەڵگا . مەبەستیش لێرەدا نامۆیی هەردو لایە لە وەلاتی خۆیان ، بەرلەوەی نیازی مشەختبونیشیان هەبێت و ڕەڤینەکە دەکەن بە دژەکردارێك بۆ نایاسایەتی و نادادوەری کۆمەڵ .

## کۆتایی

# چاڵی نێرگز

تەڤگری مرۆڤ لەگەڵ ناخی خۆی ، دەبێتە هۆی تازیبونی لە کۆمەڵ ، هەروەک تەڤلیبونی لەگەڵ کۆمەڵدا دەبێتە هۆی سەرەکی تازیبونی مرۆڤ لەخودی خۆی ، بۆیەش تەڤلیبونی خود لەگەڵ کۆمەڵگاییکی ناداد نامۆی خود پەیدا دەکات و هەرکاتێ لەگەڵ خودی خۆی یەکیان گرت ، لە کۆمەڵگا دوردەکەوێتەوە و نامۆیی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت ، سیستمێکی فەریکی بەو شێوەیەی ئێستا لە کوردستان دەیبینین . دەبێ هەوڵی چاک کردنەوەی بۆ بدرێ و کاری زۆری بۆ بکرێ ، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ڕێڤارێکی ڤاری . بەڵام ئەگەر گەیشتە ڕادەی چاکنەبونەوە " دەست لێ شوشتن " یان حزبەکان ڕێگایان لە چاک کردنەوە گرت ، ئەو کاتە دەبێ دژایەتی سیستمەکە بکرێ بۆ ئەوەی ڕادەی نامۆیی لای کەس / خود کەمتر ببێتەوە ، چونکی لە شوێنی وادا کە هیچی بەسەر هیچەوە نەمابێ . ناتوانی داوا لە هەڤوەڵاتی بکەیت قوربانی بدات و خودی خۆی دوابخات ، لە کاتێکدا چەمکی بەهەڤراژیان بەیەکسانی هیچ بەهاییکی نەماوە .

ئەگەر پێمان بکرێ کۆمەڵەکەمان چاک بکەینەوە ، ئەوە یاسا دەبێتە سەروەر و ڕەگەکانی نامۆیی لەپێناو خودێکی گشتی دەبڕێ و ئەگەر بارودۆخ گەیشتە ڕادەی چاکنەبونەوە ، ئەوە بێگومان دەبێ خەڵک بەرەو نامۆیی هانبدرێ و بە هەمو جۆرێک لە سیستم تازی ببن بۆ ئەوەی ڕوخانی ببێتە شتێکی حەتمی و بەپەلە . چونکە بەهەمو ڕوێکەوە خەڵک هەر لێی نامۆیە . بۆیە دەبێ خەڵک لەناوی ببات و لە سیستمێکی باشتر بگەڕێت بۆ ئەوەی بیکاتە ئەلتەرناتیف و سەروەر و دواڕۆژی خۆی بداتە دەست بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی هەموو تاکێک بەوەکهەڤی بپارێزێت . چونکی بەرژەوەندی گشتی لەبەرژەوەندی کەسایەتی و حزبایەتی لە پێشترە و دەبێ پویتەی سەرەکی پێبدرێ . دەبێ خۆم و حزبەکان و کەسایەتی و تاکڕەوی بکەمە گوری سیستم و سیستمیش بکەمە گوری بەرژەوەندی گشتی و بەرەوەندی گشتیش بکەمە گوری بەرژەوەندی نەتەوایەتی ، دەبێ هەمو کەسێکیش ئامادەبێت ئەو کارە بکات و سیستم بکاتە گوری بەرژەوەندی نەتەوە ، بۆ ئەوەی بتواندرێ داوا لەخەڵک بکرێ بکرێ چیتر لەترافیکی سور نەدەن و چیتر شارەکە پیس نەکەن و گەڕەک و وەڵات بەماڵی خۆیان بزانن . ئەگەر ملیۆن کەس شارەکە پیس بکەن لەبەر ئەوەی شارەکەن نامۆن و شارەکە بەماڵی خۆیان نازانن . ئایا چەند ئوتۆمبێلی شارەوانیمان دەوێ و چەند پاککەر و چەند پۆلیسمان دەوێ بۆ ئەوەی یاسا سەقامگیر بێت ؟ دەبێ هەر هەڤوەڵاتییێک دو پۆلیسی لەسەر بێ بۆ ئەوەی خراپە نەکات و ئوتومبێلێکی شارەوانی و چەند پاککەرێک بە دوایەوە بگەڕێن بۆ ئەوەی گلێشەکەی پاک بکەنەوە ، واتا سێ ملیۆن پۆلیسمان دەوێ و ملیۆنێک ئوتومبێلی گلێش و دە ملیۆن پاکەر بۆ ئەوەی یاسا و تەنایی و پاکی و ئارامی بخەنە ناو شارێکی یەک ملیۆنی !!

جگە لەڕەفتارە دزێوەکانی تر کە خودە نامۆیەکە هەوڵدەدا بەدزی بیانکات بۆ ئەوەی تۆڵە لە سیستم وەرگرێ و مەحاڵە پاسەوانی هەبێت . بۆ گوتنی ئەو هەمو حاڵەتانەش کتێبێکی ملیۆن لاپەڕەییم دەوێ بۆ ئەوەی بتوانم بیانژمێرم ، وردکەداری دارتاشەکان دەکڕێتەوە و لەناو تۆڕچا تێکەڵی دەکات و باتری لە ( ..... ) ! مریشک دانێ

بۆ ئەوەی بەمریشکی هێلکەدار بیفرۆشێ و پەتاتـەی کـولاّو لـەناو تەنەکـەی ڕون دەکـات و گـەچ لـەناو دەرزی ئەمپسلین دەکات و تف دەکاتە ناو تانکی مەزنی ئاوخواردنەوە و میزدەکاتە ناو کانیاو و هەوڵدەدا هەرچی خراپە بیکات ، بەس تۆڵە لـە سیـستم وەرگـرێ . ئـەو هـەمو شـتانەمان چـۆن پـێ چـاکدەکرێ ؟ ئەگـەر چارەسـەری نامۆیەکەی نەکەین و دەردەکە لە بناغەوە بنبڕ نەکەین .

ئەگەر مرۆڤەکان نامۆ نەبن ، ئەوە یەک ئوتـومبێلی شـارەوانی بـۆ هـەمو گەڕەکەکـە بەسـە و یـەک پۆلیس بەشی هەمو شارەکە دەکات ، چونکی کەس پۆلیسی ناوێ بۆ ئەوەی زیـان لـە ماڵەکـەی خـۆی نـەدات و کەسی ناوێ گلیشی ماڵەکەی بۆ هەڵگرێ ، چونکی بە هی خۆی دەزانێ و خۆشی لەبـەردەم خـۆی بـە بەرپرسـیار دادەنێ ، دەبێ هەمو خەڵک خۆیان بەو جۆرە بەرپرسیاریە بەرامبەر گەڕەک و وەڵات بزانن و هەرکەس خۆی بە خـاوەنی شـارەکە دابنـێ و کـەس نەیـەوێ تۆڵـە لـە سیـستم وەرگـرێ ، وەک لـە وەڵاتـانی دەرەوە دەبیـنین . بەیەرئەوەی خەڵک لە سیستمەکە نامۆ نیە و کەس نایەوێ تۆڵەی لێوەرگرێ بۆیەش کەس شارەکە پیس ناکـات و کەس تێکدانی گشتی ناکاتە پیشەی خۆی .

بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی تەواو بێنینە کایەوە ، دەبێ سیـستم ڕاسـتبکەینەوە و یەکـسانی دادوەری کۆمـەڵگا دابمەزرێنین و یەکسانی هەل بۆ هەمو کەسێک برەخسێنین . ئینجا دەبێ لەپێناو ئەو سیستمە دادوەرە لـەخودی خۆمان تازی ببین و لەگەڵ کۆمەڵ یەکبگرین ، بۆ ئەوەی خودێکی مەزن دروستکەین کە ناوی خودی کۆمەڵە . ئەو یەکگرتنەمان ، پێویستە بە هەڵبژاردن و بڕیاری خۆمان بێت . نەک بە سوخرەو زۆرە ملێ . بۆ ئەو مەبەسـتەش خاکێکی چاکمان دەوێ و دەبێ لە منداڵەوە دەستپێ بکەین و نمونەی بەرزیان بۆ دروستکەین وەک پاڵەوانێک بـۆ کەسایەتیەکەیان ، بۆ ئەوەی لـە دواڕۆژدا دەوری Ego و سـوپەرمانیان بـۆ ببینـێ و خـودی بـالاّو خـودی نـزم لەناخیدا نزیک بکاتەوە ، نابێ ئەو پاڵەوانە شتێکی ئەفسانەیی و دور بێت لە ڕاستی . هـەروەها دەبـێ نـەهێڵین منداڵ ئەو پاڵوانــە لــە ئــەنجامی ڕەنگدانــەوەی بـارودۆخ و وەدەردانـی خڵتـی کۆمەڵایـەتی هەڵبـژێرێ ، دەبـێ سوپەرمانەکەی مرۆڤێکی خێرخواز و هاریکار و زیرەک و ئازاد و مۆدرن بێت ، هەمیشە پشتی ڕەوایـەتی دژ بـە ناڕەوایی بگرێت و دڵسۆزبێت بۆ برادەر و خێزان و وەڵات و نەژاد و نەتەوەی خۆی و پشتگیری مافی ڕەوای هەر مرۆڤێک بگرێت ، دژ بە ستەم ڕابوەستێت و بەندایەتی و کۆیلایەتی نەک نەک تـەنها بـۆ خـۆی ئـەرێ نـەبێ ، بەڵکو بۆ هەمو مرۆڤایەتی . زانابێت و مێـشکی بـۆ هـەمو پێـشکەوتنێکی دونیـا کراوەبێـت و گیـانی پێکـەنین و گیانسوکی تێدابێت ، هەمیشە بەباری خۆی بەختەوەربێت و هەوڵی چارەسەرکردن و بەرەو پێشەوەچون بدات . ئەو کەسایەتیە دەکرێ بخرێتە ناو پەیڕەوی خوێندنگاکان و دەکرێ وەک پاڵەوانێکی بویەری بێتە پاڵەوانی فلیمی کارتۆن و پرۆگرامەکانی تری تایبەت بە پەروەردە ، بۆ ئـەوەی منـداڵی کـورد بـەوە چـاوی بکرێتـەوە و بیکاتـە سوپەرمانی خۆی و هەوڵبدات چاولێکەری لێبکات و جارێکی تر کاتێ لە کۆڵان یاری دەکەن ، یەکێک خۆی نەکا بـە یەکییێتی و ئەوەی تر پارتی و شەڕە تفەنگ بکەن بە یاری ڕۆژانەی خۆیان و بناغەی شەڕی خۆکوژی دانەمـەزرێنن . قەدەغەکردنی چەک چارەسەرکردنەکە نیە ، بەڵکو قەدەغەکردنی دارلاستیک گرنگترە ، منداڵ فێـری ببـێ و شتی تر لەجیاتی دارلاستیک بەکاربێنێ ، ئەگەر ئەو منداڵە بەو شێوە ڕاستە مەزن بو ، پێویست ناکات بە مەزنی پێی بڵێی : نابێ چەک هەڵگری مەفرەزەی ئاسایش دەتگرێ !!

ئەگەرچی ئەورۆ بارودۆخی کوردستان جێگای دڵخۆشی هەمو کوردێکی بەشەرەفە و ئەو پایـەی خـەباتی گەلی کـورد پێیگەیـشتوە پلـەیێکی بـەرزە کـە بـە خـوێنی شـەهیدان و خـەباتی بێوچـانی ملـەت و پێـشمەرگە

نەبەردەکان پێی گەیشتوە . بەڵام جێگای پشتڕاستی نیە ، لەبەر ئەوەی سیاسەت گەمەیێکی گەنیوە و نازانی کەی هەڤساری بەرژەوەندیەکان بەدژی تۆ دەسورێتەوە و سەرلەنوێ هەموی هەڵدەوەشێنێتەوە . دەبێ بزانین چۆن بیپارێزین و توندتر و زەنگینتری بکەین ، چونکی بارودۆخی دونیا و دوای ئەو هەمو خەباتە درێژخایەنە ، ڕێگای ئەوەمان پێنادات جارێکی تریش بڵێین : نەمانزانی .

دەبێ بەر لە هەمو شتێک مێشکی شوڕش و شاخ بگۆڕدرێ ، سەرەک وەزیران و فەڕاشی بەردەرگا و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و پاککەرەوەیێک و بێلایەنێک و هەر کەسێکی دیکە بەرامبەر بە یاسا یەکسان و بەرپرسبن . مێشکی شاخ هەرچەندە زۆر بەقەدر و حورمەتە و بیرەوەریمان لەگەڵیدا هەیە و لەوانەیە جۆرێکی ژیان بێت بۆ هەندێک کەس . بەڵام وەک چۆن جاران تفەنگ هەڵگرتن پیرۆز بو ، ئێستا لەناوبردنی تفەنگ و چون بەرەو شارستانیەت پیرۆزە و جۆرێکی گرنگی خەیاتە .

دەبێ بەر لەهەمو شتێک چەک فڕەبدرێ ، چەکمان ناوێ ، چەنکی بری کوردایەتی لەدەست دەوڵەتە ئەقلیمیەکاندا نەماوە و جگە لەمەش من ئێستا هیچ هۆیێک بۆ هەبونی چەکدار نابینم ، جگە لە کوردکوژی ، چەکمان بۆ چیە ؟ شەڕی دوژمنانی کورد بەو چەکە سوکە ناکرێ و هەروەها شەڕی ڕۆژئاڤاشی پێناکرێ ئەگەر خاونەخاوستە پشتی کوردیان بەردا ! ئەی ئەو چەکەمان بۆ چیە ئەگەر بۆ کورد کوشتن نەبێت ؟ تاوەک چەک دانەندرێ ، مەترسی شەڕی ناوخۆ هەردەبێ . لەژێر لولەی تفەنگ دەستەڵاتی سێیەم و چوارەم هیچ دەورێکیان نابێ و هەمیشە بارەکە جێگای نیگەرانیە ، هەروەک مارکس دەڵێ : چەکی ڕەخنە بەهەر حاڵ ناتوانێ بەرامبەر بە ڕەخنەی چەک بوەستێ .بەڵام ئەگەر چەک نەما هیچ ترسێک نامینێ ئەوکاتە با یەکێتی و پارتی شەڕ بکەن ، ترسێکی نیە با شەڕی دەست لەناو تانئاڤاهی پەرلەماندا بکەن و بە شێوەیێکی شارستانی تر شەڕی خۆیان بکەن و هەڤڕکانێ لەسەر خزمەتگوزاری و هەڤڕکانێ لەسەر دڵسۆزی خۆیان بۆ کێشەی کورد بکەن و مللەت لە جیاتی ئەوەی دەستی بە خوێنی براکوشتن گڵاو بێ ، با چاوی بە ئارامی و تەناهی و دواڕۆژێکی گەش شاد بێ .

هەر حزبێک چەند پۆلیسێکی چەکداری هەبێ و ئەو هەمو خەڵکە بنێرنەوە ماڵی خۆیان و هەوڵ بدەن کار و بزنس دروست بکەن و نان و ئارامی بدەن بە خەڵک و کوردستان بکەن بە گۆڕەپانێکی نمونەیی بۆ دەوروبەر و بۆ دونیا ، من چی لە چاککردنەوەی شۆستە و شەقام بکەم کاتێ ئارامی و ئاسایشی کەسایەتی و نانم نەبێت ؟

بەر لە هەمو شتێک دەبێ چەک نەمێنێ و پێشم باشە ڕۆژێکی نیشتیمانی بۆ دابنرێ و ببێتە پشودانێکی ڕەسمی ( ڕۆژی چەکدانان ) یان ( ڕۆژی گوڵ ) یان ( ڕۆژی نێرگز ) و با هەمو تفەنگەکان لە چاڵی نێرگز دابخەون ، وەک چۆن میدیەکان مردوی خۆیان بە نێرگز دەناشت ، بزانن چۆن دەنگدانێکی لە دونیای پێشکەوتن و ژیاردا دەبێ ، تەنانەت شەڕی فەندەمینتاڵ و تیرۆریستەکانیش بەبێ چەک باشتر دەکرێ . با چەک تەنها چەکی حکومەت بێت و پارتی و یەکێتی هەریەکە چەند پۆلیسێکی هەبێت بۆ ئەوەی سەرکردایەتیەکانیان بپارێزێ ، چەنکی بەهێزیان ناکات و چەکدار ناتوانێ لە دوژمنەکان بیانپارێزێ ، پەیوەری هێزی حزبەکان بە ژمارەی چەکدار نیە ، بەڵکو بە ژمارەی جەماوەرە بێ لایەنەکەیە کە پشتگیری سیاسەتی حزبەکە دەکەن .

دەبێ مافەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنەوە ، مەزنترین مافیش مافی شەرعیەتی شوڕشە و دەبێ جارێکیتر بگەڕێتەوە دەست مللەت و چیتر بەناوی ئەو ڕەوایەتیە ڕەفتاری نامۆ ڕونەدەن و مللەت نەچەوسێتەوە ، چونکی ئەو مافە بەخوێنی کوڕانی ئەو مللەتە بەدەست حزبەکان کەوتوە .

دەبێ دەزگاکانی یاسایی و دادوەری بێلایەن بن و دەستەلاتیان لەسەروی هەمو کەسێك بێت ، ئەوەندەش تەنها بەچەکدانان دێتە کایەوە و کەسایەتی یاسایی و مەدەنی بۆ هەمو هەڤوەلاتییێکی کوردستان دروستبکرێ بەبێ ڕەچاوی بۆچون و لایەنگیری و هزر و ئاین ، هەمو کوسێك بۆی هەبێت هەمو شتێك بکات بەگوێرەی یاسا . هەمو کەسێك لەسەر خاکی کوردستان سەروەر بێت و ناوی سەروەری پێبدرێ وەك پێشگرێکی پەتی کوردی لەجیاتی کاك مام و سەیدا و مامۆستا و ئاغا و استاذ . ئەوانە ناولێنانی دوژمنن و گیانی بەندایەتیمان لەناودا توند دەکەن . هەڤوەلاتی بەمافی هەڤوەلاتیەتی خۆی پارێزراو بێت نەك بەسایەی نزیکبونەوەی لە حزبێك یان خێڵێك .

سامانی مللەت لە داهاتەکانی گومرگ و لەوانەیە لەدوارۆژ بەرهەمهێنان و گازو هەر سامانێکی تری نەتەوە ، بەدادوەری بەپێی پێویست بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت و بەگوێرەی پێداویستی بمەزێخرێ ! نەك بەگوێرەی حزب و سەرکردەکان .

حزبەکان دوبارە بە خۆیاندا بچنەوە و هیچنەبێ بە گوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامەکانی خۆیان کاربکەن و ئەو کەسانەی دەیانەوێ خەلاتیان بکەن ، با خەلاتکردنەکە لەسەر حیسابی دەزگاکانی حکومەت نەبێت ، ئەگەر ئەو هەمو شتە کرا ئینجا دەکرێ بە هەڤوەلاتی بڵێی : خودەکەی خۆت لەپێناو کۆمەڵ دوا بخەو قوربانی لەپێناو کەسانی تر بدە و پەیڕەوی ژیانێکی بە کۆمەڵ بکە . چونکی ئازادی کەس / تاك بەرەڵای نیە ، بەڵکو ئازادی ڕاستەقینە لە لێبوردن و ملکەچی بۆ یاسا و بڕیارەکانی کۆمەڵە . ئەگەر ئەو هەموانە کران ، نامۆیی کورد بەو شێوەیەی ئێستا هەیە نامێنێ و دەکەوێتە ناو جۆرە نامۆیێکی تری پێشکەوتوتر کە پێویستە بەو قۆناغەدا بچێت چونکی هەر قۆناغێك بدەر و ژێدەری خۆی هەیە و بەگوێرەی بویەر جۆری نامۆییەکەش گۆڕانکاری بەسەردا دێ . با کۆتایی بەو میتۆلۆژیایە بێنین و وەکو مللەتانی دونیا بۆ یەك جار هەنگاوی بەرەو پێش باوێین ، لەجیاتی هەنگاوە بەرەو دواوە هەمیشەیەکانمان .

# Acknowledgement

This book has been awarded the "premieres community fund of South Australia" .

I acknowledge the support of the North East Community Assistance Project INC . (NECAP).
The Enfield Community Health Service (Gilles Plains Campus)

**Ghiath Naqishbandi**
**2002**

# سوپاس و پێزانین

بۆ بەڕێزان عەبدولا ئیبراهیمی بۆ پێداچونەوەی زمانەوانی و شێرکۆ کرمانج بۆ کارەکانی کۆمپیوتەر و ئەحمەد جاف بۆ هەڵەبڕی . دەزگای ( NECAP ) و ( The Enfield Community Health Service - Gilles Plains Campus ) دڵنیاشم بەبێ هاوکارییان کتێبەکە بەمشێوەیە دەرنەدەچو ، هەریەکیان بەشی خۆی بە تەواوەتی ئەنجامداوە و هەر هەڵەیەك و کەم و کوڕییەکی تر لەناو ئەو کتێبەدا تەنها لە ئەستۆی مندایە .

غیاث الدین نقشبندی

# فەرهەنگۆك

ئاڤاهی : بناء

ئول : ئاين

باهێلە : كەمتەرخەم ( مهمل )

بویەر : واقع

بیانی : بێگانە

تازی : ( انسلاخ ) ، تازی بونی گۆشت لە هێسك

تەڤلیبون : سەربە ( انتماء )

تەنایی : ( طمأنينة ) ، تەنا ، ( مطمأن ) ڕاحەت

تیڤل : توێكڵ

ڤاژی : بەرەواژ

خاپێنەر : هەڵخەڵەتێنەر ( مخادع )

خرش : بێ بەرهەم ، ناوك بەتاڵ ، بێكەڵك ، دارێكی خرش ، گوێزی خرش

خویا : ناسراو ، recognizable

دراو : دانی بێ بەرامبەر ، لەجیاتی خزمەتگوزاری گشتی ( عطاء )

دویڤ : ملحق ، كوری ، كلك ، پاشكۆ

ژڤان : چاوەڕێ ، مەوعد

ژیار : شارستانیەت ( حضارة )

سنێل : پاش هەرزەكاری ( مراهق )

پەسەن : ( وصف )

پێڤاژ : تناقض Contradiction

پێرفێكت : كامل

پویتە : گرنگیدان ( أهتمام )

پویرە : تالانكراو ( سبی )

گێول : زەوق (مەزاج )

گوڤ : تەویلە

گوری : قوربان ، ئەزگوری ، بەقوربان ، گوریكردن : قوربانیدان

گوك : تۆپێكی ناو پڕ

قەرقود : هەیكەل

کرێت : قبیح ، ( ناشرین )

کوژی : ڕۆخی دەرەوەی قوڕنە ، گۆشە

لەز : خێرا (سریع )

لێبوک : ( مهرج )

مەزاختن : مەسرەفکردن ( صرف )

مشەختی : هجرە

هەڤسار : ڕێشمە ، سەری ولاخی پێ ڕادەکێشرێ

هەڤڕک : ( منافس ) ، هەڤڕکانێ : منافسة

هەدام : ( ملامح ) Figure ، Appearance لێکهاتنی دەموچاو

هەلامەت : ( شبح )

هەوبون : تەواوبون

هێڤکردن ، دێ هێڤکەمێ : با بزانم چۆن دەبێت ، بابڕوانمە کارەکە

وەرار : گەشەکردن ( نمو )

ڕێڤار : ڕێڕەوی کاروانێک ، پرۆسێسێکی ئایدیۆلۆجی ( سیرورة )

ڕێڤنگ : ڕێبوار

ڕێپێک : منتظم

ڕپن : بەپیت ( خصوبة )

# ژێدەر و سەرچاوەکان


١ – د. عبدالملک مرتاض ، **فی نظریة الروایة** ، بحث فی تقنیات السرد ، عالم المعرفة ، الکویت . ل ١٠٧

٢ – د . عبدالعزیز حمودة ، **المرایا المحدبة** ، من البنویة الی التفکیک ، عالم المعرفة ، الکویت . ل١٨٥

٣ – هەمان سەرچاوە . ل ١٨٥

٤ – فلسفة بول ریکور ، **الوجود والزمان والسرد** ، ترجمة وتقدیم : سعید الغانمي ، المرکز الثقافی العربي – بیروت . ل ١٣

٥ – هەمان سەرچاوە . ل ١٢٥

٦ – والتر کوفمان ، مقدمة – **الأغتراب** – ریتشارد شاخت . ترجمة : کامل یوسف حسین – المؤسسة العربیة للدراسات و النشر – بیروت . ل ٩

٧ – هەمان سەرچاوە . ل ٦٠

٨ – هەمان سەرچاوە . ل ٨

٩ – هەمان سەرچاوە . ل ٨

١٠ – هەمان سەرچاوە . ل ٨

١١ – م . زروزنتال ، ب . یودین ، **الموسوعة الفلسفیة** ، ترجمة : سمیر کرم ، دار الطلیعة ، ١٩٨٥ . ل ٢١٣

١٢ – هەمان سەرچاوە . ل ٨,٩

١٣ – ول دیورانت ، **قصة الفلسفة** ، ترجمة : د . فتح الله محمد المشعشع الطبعة السادسة – مکتبة المعارف ، بیروت . ل ٧

١٤ – هەمان سەرچاوە . ل ٧

١٥ – راسل جاکوبي ، **نهایة الیوتوبیا** ، ترجمة : فاروق عبدالقادر ، عالم المعرفة . ٢٦٩ ، الکویت . ل ٢٠٦

١٦ – ریتشارد شاخت ، **الأغتراب** ، ترجمة : کامل یوسف حسین ، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر – بیروت . ل ٢٠٥

١٧ - هەمان سەرچاوە . ل ٢٦٩

١٨ – الأصحاح الرابع ، **الکتاب المقدس** ، العهد القدیم ، دار الکتاب المقدس – مصر

١٩ – حدیث مسند صحیح ، رواه البخاری و الترمزي

٢٠ – د . فؤاد زکریا ، **سبیونوزا** ، دار التنویر للطباعة و النشر – بیروت . ل ١٣١

٢١ – سورة الأخلاص ، **القرآن الکریم** ، ایة ٣

٢٢ – عدنان حقي ، **التصوف و الصوفیة** ، بحث تحلیلي ، من منشورات وزارة الأوقاف الأردنیة . ل ٨٥

٢٣ - هەمان سەرچاوە . ل ٨٥

٢٤ – ابن العربي محي الدین أبي عبدالله ، **رسائل ابن العربي** ، دار المدی للثقافة و النشر ، ٢٠٠١

٢٥ – م . روزنتال ، ب . يودين ، **الموسوعة الفلسفية** ، ترجمة : سمير كرم ، دار الطليعة – بيروت – الطبعة الخامسة ، ١٩٨٥ . ل ٢٧٩

٢٦ – حديث صحيح متفق عليه

٢٧ - م . روزنتال ، ب . يودين ، **الموسوعة الفلسفية** ، ترجمة : سمير كرم ، دار الطليعة – بيروت – الطبعة الخامسة ، ١٩٨٥ . ل٩٩, ١٠٠

٢٨ – ماركس ، أنجلس ، **بيان الحزب الشيوعي** ، ١٨٤٨ ، دار التقدم ، موسكو

٢٩ – راسل جاكوبي ، **نهاية اليوتوبيا** / السياسة و الثقافة فى زمن اللامبالاة . ترجمة : فاروق عبد القادر ، عالم المعرفة – الكويت ل ١٢

٣٠ – فرانسيس فوكوياما ، **نهاية التاريخ** ، ترجمة : د . حسين الشيخ – دار العلوم العربية – بيروت . ل ٤٩

٣١ – هەمان سەرچاوە . ل ٢٧

٣٢ – كارل ماركس ، **رأس المال** ، المجلد الأول ، نقد الأقتصاد السياسي ، ترجمة : فالح عبد الجبار ، د . غانم حمدون ، د . فهد كم نقش – دار التقدم – موسكو . ل ٥

-٣٣ فرانسيس فوكوياما ، **نهاية التاريخ** ، ترجمة : د . حسين الشيخ – دار العلوم العربية – بيروت ، لبنان . ل ٧٩

٣٤ - م . روزنتال ، ب . يودين ، **الموسوعة الفلسفية** ، ترجمة سمير كرم ، دار الطليعة – بيروت – ل ٢٧

٣٥ - ريتشارد شاخت ، **الأغتراب** ، ترجمة : كامل يوسف حسين ، المؤسسة العربية للدراسات و النشر – بيروت .

٣٦ – هەمان سەرچاوە . ل ١٣٤

٣٧ – هەمان سەرچاوە . ل ١٣٧

٣٨ - هەمان سەرچاوە . ل ١٣

٣٩ – صامويل هنتنكتن ، **صدام الحضارات** ، ترجمة : طلعت الشايب . ل ٧٧ Simon & Schuster

٤٠ - م . روزنتال ، ب . يودين ، **الموسوعة الفلسفية** ، ترجمة سمير كرم ، دار الطليعة – بيروت – ل ٢٧٦

٤١ - راسل جاكوبي ، **نهاية اليوتوبيا** / السياسة و الثقافة فى زمن اللامبالاة ، ترجمة فاروق عبد القادر ، سلسلة عالم المعرفة .٢٦٩ ، الكويت . ل ٤١

٤٢ – هەمان سەرچاوە . ل ٢١٢

٤٣ - صامويل هنتنكتن ، **صدام الحضارات** ، ترجمة : طلعت الشايب . ل ٦٩ Simon & Schuster

٤٤ – هەمان سەرچاوە . ل ٢١٢

٤٥ - ريتشارد شاخت ، **الأغتراب** ، ترجمة : كامل يوسف حسين ، المؤسسة العربية للدراسات و النشر – بيروت . ل ١٩١

٤٦ – سورة التكوير ، **القرآن الكريم** ، آية ٦ , ٧ , ٨

٤٧ – سورة الأسراء ، **القرآن الكريم** ، آية ٣١

٤٨ – حدیث نبوي ، البخاري ، الجامع الصحیح

٤٩ – سورة النساء ، **القرآن الكریم** ، آیة ٣١

٥٠ – ڕیفراندۆمێکی بڵاونەکراوە بۆ ڕۆژنامەی " کوردستانی نوێ " لە ساڵی ١٩٩٣ ئامادەکراوە

٥١ – هەمان سەرچاوە

تکایە تێبینیەکانت بۆ سەر ئەو ئیمەیلە بنێرە :

**Ghiath – naqishbandi @ hotmail. Com**